هێڵە گشتییەکانی حوکمڕانی لەئیسلامدا

نووسینی:

حسن علی بۆسکێنی

سلمان کۆچەری

مامۆستا محمد عزیز لۆتەری پێداچونەوەی بۆ کردوەو پێشەکی وپەڕاوێزەکانی بۆنوسیوە .

هێڵە گشتیەکانی حوکمڕانی لە ئیسلامدا:

ا- ڕێخۆشکردن:

بنەما شەرعی ویاساییەکانی جیهانبینی پەیامبەر ﷺ بۆبنیاتنانی کۆمەڵگا و سەروەری دەوڵەتی داد .

{ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا }[سُورَةُ الأَحۡزَابِ: ٢١]

{ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ }

[سُورَةُ آلِ عِمۡرَانَ: ٣١]

به پێنوسی:محمد عزیز لۆتەری.

پێشەکی

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين ، وعلى آله وصحبه، ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، أما بعد.

مادام ڕستەی دووەمی شایەتمان کە کلیلی هاتنە نێوئیسلام وگەورەترین پایەی ئیسلامەتیە شایەتی دانە بەوەی کە: تەنیا محمد ﷺ لەنێو نێردراوان وپەیامبەرانی ڕەوانەکراو سەرمەشق و پێشەوای ئوممەتی ئیسلامە، وەئیسلامیش بە واتا فراوانەکەی دین و پەیڕەوی هەموو پەیامبەرانە، وەجگە لە ئیسلام کەدینی هەموو پەیامبەرانە هیچ دینێکی دیکە پەسند نیە لای پەروەردگاری جیهانیان، وە موحەممەد وەک فەرمودەی دروست دەفەرموێ ئەو بلۆک و خشتەیە کە بینا و کۆشکی هەموو پەیامبەرانی تەواو کرد، وە لە شەوی میعراج ئیمام و پێشنوێژی بە هەمویان کرد، بۆیە دەبێ بە وردی ورد و درشتی هەر بیست وسێ ساڵی سەردەمی پێغەمبەرێتی محمد ﷺ بزانین، تا لەهەموو بارودۆخەکاندا تاکە سەرمەشقمان بێ و

هەردەم پەیڕەو لە ئەو بکەین و بە شوێن دابەشکردنی ئەودا بڕۆین لەهەموو گەورە و بچوکێکی ژیانماندا.

چونکە دار الاسلام و ماڵی ئیمان ئەو پێشەوایە دروستی کردوە وماموّستای بووە و ئەو درەختی بڕوادارى چاندووە. بۆیە دەبێ مسوڵمان بەتاک وکۆمەڵگاوە، بە خێزان و بنەماڵە و خێڵەوە، بە گوند و شار و دەوڵەتەوە، بەفەرمانبەر و کرێکار و جوتیار و دەسەڵاتدار و هەموچین و توێژەکانەوە، بە حزب و باڵ و دادگا وپەرلەمانتار و ئەنجومەنی وەزیران وهەموو دەسەڵاتە مەدەنی و سەربازیەکانەوە، هەرهەموومان پەیڕەوی بارودۆخەکانی دار و ماڵی ئیسلام و ئیمان لە ئاڵوگۆڕ و بارودۆخەکانی ژیانی ئەو سەروەر و پێشەوایەدا ﷺ ببینین و پەیڕەوی لێ بکەین و سەرمەشقی خۆمان لە بارودۆخێک لە بارودۆخەکانی وقۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیانی ئەودا ببینینەوە و شەهادە دانەکەمان بە محمد رسول الله ﷺ بەڕاست بسەلمێنین، بەم پەیڕەوی لێ کردنە، چونکە کەخۆمان لەهیچ شوێنێکی ژیانی ئەوسەروەرە ﷺ نەدیتەوە واتە: خۆمان لەوە بە گەورەتر زانی کە پەیڕەوی لێ بکەین، ئەو کاتە شەهادەی محمد رسول الله یەکەمان ڕاست نیە و درۆمان لەگەڵ ئەوشەهادە کردووە.

شێواز و چەشنەکان و قۆناغەکانی دارالاسلام لە ژیانی سەرمەشقی ئیسلام ﷺ بەم قۆناغانەداتێپەڕیووە:

١-مالّی ئیسلام و ئیمان لە ژیانی محمدی ڕابەر و سەرمەشق ﷺ، تاکە بڕوادارێک بوو لە ئەشکەوتێکی لاپەڕ گۆشەگیربوو، ئەو لەوە دڵنیایە کە ئەم بونەوەر و گەردوونە یەک بەدیهێنەر و یەک پارێزەر و بەڕێوەبەری هەیە، بەڵام نازانێ چۆن لەو بەدیهێنەرە نزیک بێتەوە، چی بکا تا لێ ی ڕازی بێ؟چۆن خۆشەویستی بۆدەربڕێ ولای خەڵک خۆشەویستی بکا؟ ناتوانێ کەس بەم بۆچوونەی خۆی پابەندبکات، تەنانەت خێزان و کچەکان و خزمەکانیشی کە زۆریش بە تەنگ ئایندەیانەوە بوو و خۆشیدەویستن، بۆیە لێیان دووردەکەوێتەوە، چونکە لەو شێوە ژیانە ڕازی نیە کە ئەو خەڵکەی لە سەرە.

ئەوەیە کە الله دەفەرموێ تۆ نەشارەزا بووی ئەی محمد نەت دەزانی پەیام و شەریعەت و ئیمان چیە، بەڵام ئێمە بەم قورئانە ڕێنماییمان کردی.

وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَىٰ (الضحى/ ٧)

ئەی سەرگەردان نەبوویت و نەتدەزانی چی بکەیت، هیدایەتی دایت و ڕێنموونیی کردیت؟!

باشە ئەوەهەرلەدوازدە ساڵیەوە لای بوحەیڕا ئیماندار بوو و باوەڕی بە لات ومەنات و پەرستراوەکانی نەفامی نەبوو.

لەم شێوەدا پێشەنگمانﷺ ژیانی لە سەربردەی قۆناغی ئیبراهیم -علیه السلام- دەچێ کە وێڵە بۆ دۆزینەوەی دینی حەق.

٢-ئەوجار هەرلە ژیانی محمددا ﷺ ئیمان و دار الاسلام ماڵێکی تاقانەی لە مەککە هەبوو کە محمدﷺ وخێزانی و کچەکانی و دوو غولامەکەی زەیدو عەلی بوون، یەکەم ماڵێک کە نوێژ و پەرستشیان کرد و قورئانیان خوێند.

لەم شێوەشدا سەرگوزەشتەی ژیانی ئادەم وحەوامان دێتە پێش چاو-علیهما السلام-.

٣-پاشان ماڵی ئیسلام وئیمان گەورەتر بوو، ماڵی ئەرقەم بارەگای نهێنیان بوو و چەند ماڵێک لە مەککە هەبوون و کتێبیان هەبوو دەیانخوێند.

لەم شێوەشدا ماڵی پەیامبەر لوت -علیه السلام- مان پیشان دەدا.

٤-لە شێوەی چوارەم دا پێغەمبەر ﷺ لەکاتی حەجدا کە عەرەبەکان دەهاتن بۆ حەج تیرە تیرە و وکۆمەڵ کۆمەڵ سەروەرمان ﷺ دەچووە لایان وبانگی دەکردن بۆ ئەودینە، وەبنەما و ڕێسا گشتیەکانی بۆ ڕوون دەکردنەوە وداوای دەکرد کە دینەکەی لە خۆ بگرن تا ببێتە هۆی سەرفرازیان.

لەم وێنەدا شێوەی پەیامبەرهود -علیه السلام- مان پیشان دەدا لە بانگەوازیدا.

٥-لە شێوەی پێنجەم ماڵی ئیسلام کۆمەڵێک خێزانی ئاوارە کە لە پێناوی سەلامەت بوونی دینەکەیان بوونە جالیەکی دووروڵات و تاراوگە لە حەبەشە، کە جەعفەر

پێشەنگیان بوو و بۆدەیان ساڵ -لانی کەم لەساڵی دەیەمی پەیامبەرێتی تاساڵی شەشی کۆچی -، لەم شێوەشدا وێنەی سەرگوزەشتەی یارانی ئەشکەوتمان نیشان دەدا کە بۆ پاراستنی دینەکەیان ئاوارەییان هەڵبژارد.

٦- لە وانەی شەشەمدا مسوڵمانەکان هاوڕێ لەگەڵ تیرە وبنەماڵەی هاشمییەکان گەمارۆ دراون لە شیوی ئەبوتالیب کە بە مسوڵمان وبێ باوەڕیانەوە گەمارۆدرا بوون، ئەمە نمونەی ئۆپۆزسیۆنی ئێستا کە ئیسلامی وچەپ و ڕاستەکان لە بۆتەی دژایەتی حکومەتی دارالندوەکەی ئەبوجەهل کە ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمڕۆ دەگەیەنێ، لە پێناو مانەوەیان یەک دەگرن وەک چۆن محمد ﷺ و یارانی لەگەڵ هاوبەشدانەرانی بەنوهاشم هەمان چارەنوسیان هەبوو تەنیا لەپێناو مانەوەی مسوڵمانان.

٧- لەشێوەی هەشتەم، ئیسلام پشتیوانەکەی وسەرۆک و دەمڕاستی بنەماڵەی هاشم کافرە هاوپەیمانەکانی مسوڵمانانی لەدەست داوە، هەروەها خەدیجە ودایک و دڵنەواکەری مسوڵمانانیش کۆچی کردوە، کافرەهاوپەیمانەکان لە دوای دەرچونیان لە گەمارۆو مردنی پێشەواکەیان کە ئەبوتالیبە، وەک جاران بەگەرموگوڕی ناچنە ژێر باری پاراستنی بانگەوازی ئیسلامی.

بۆیە پەیامبەر ﷺ لەگەڵ خزمەتکارەکەی زەیدی کوڕی حاریسە بەرەو نزیکترین شار لە مەککە ڕۆیشتن کە تائیف بوو، بانگی پێشەوا و سەرۆک خێڵەکانی

ئەوشارەی کرد و بنەماکانی بۆ ڕوونکردنەوە، بەڵام زۆرلە سەرانی قوڕەیش خراپتر وڵامیان دایەوە و منداڵە وردەی شاریان بە دووخست و پێشەوای مرۆڤایەتیان بەردەباران کرد، تالەبەربەردەبارانیان خۆی هاویشتە ناوباغێکی کەنارشار و سکاڵای بێ هێزی خۆی بردە لای پەروەردگاری جیهانیان و داوای سۆز و میهرەبانی و ڕەحمەت و ڕێنمایی ئەوی بۆ خۆی وگەلەکەی کرد.

کەواتە پارت ودەستە و بانگخوازانی ئیسلام و ئیمان دەبێ هەمیشە میهرەبان و بەئومێد بن، وەریان نەڕوخێ و ڕەشبین نەبن، کە دەرگاکان داخران لە ڕوویان، دەرفەتی نوێ بدۆزنەوە وتاقی بکەنەوە، ئەوە پەیامبەرە ﷺ سبەینە و ئێوارە وەحی بۆدێ، کەچی بە جبیریل نافەرموێ: بڕۆ بەپەروەردگاربڵێ کارەکە بە بنبەست گەیشتووە و گەمارۆدراوین وئەوکە ناتوانێ دینەکەی سەرخا بۆ پەیامبەران دەنێرێ؟ ئەوەتا ڕێی حەبەشە و مەکە وتائیف وهەموولایەکمان تاقیکردەوە و هەموو داخراون!؟، دیارە ئەم پرۆژە نەزۆکە و سەرکەوتوونابێ و ،،،،،هتد، ئەم جۆرە قسانە بەڵگەن لەسەربێزاری و بێئومێدی و بێمتمانەیی کە پەیامبەرﷺزۆر دوور بوو لە وانە.

ئەو ئازار و ئەشکەنجەی توشی یاوەران و شوێنکەوتوەکانی دینی نوێ دەبێتەوە، هەموو وەک یەک نیە، هەندێ تیایدا شەهیدبوون وهەندێ کوێر و ئیفلیج بوون و

هەندێ ماڵ و خێزانیان لێ هەڵوەشایەوە، بەڵام کەس خۆی لە کەس نابەستێ و ناڵێ بۆ ئەوەی لە من دەکرێ بەسەر فلانکەسیش نایە؟

پەیامبەر ﷺ بەلای یاسر و خێزانەکەیدا دەڕوا و ناتوانێ هیچیان بۆ بکات لە دوعا زیاتر، سەعدی کوڕی عوبادە کە شەو پەیمانی سەرخستنی ئیسلام دەدا بە پەیامبەر ﷺ، کەچی بەیانی بە قۆڵ بەستراوی دێنرێتە مەکە و مسوڵمانان ناتوانن هیچ بەرگری لێ بکەن.

ئەم نمونانە هەموو وانەن کە لە ژیانی ئوممەتی ئیسلامیدا دوبارە بوونەوە و دووبارەش دەبنەوە لە مەولا، ئەوانە سەرمەشقمانن، بۆیە گرنگە بزانین چۆن لەگەڵ بارودۆخەکان هەڵسوکەوتیان کرد.

لەم نمونەشدا وێنەی سااڵح پێغەمبەر-علیه السلام- مان پیشان دەدا لە بە تەنگەوەبوونی بۆ باوەڕهێنانی گەلەکەی.

٩-لەشێوەی نۆیەم ئیسلام و بزاڤ و ماڵی ئیسلام چەند کەسێکن لە مەدینە ئیمانیان هێناوە و موسعەبی کوڕی عومەیر دانراوە بە مامۆستایان و دوازدە نەقیبیان هەیە و نێردەکەیان بە پەیامبەر ﷺ شادبوون و پەیمانی عەقەبەیان بەستوە و بڕیاری پاراستنی ئیسلامیان بە سەروماڵ داوە، وەک بزاڤێکی چالاک خەریکی بانگەوازن بۆ دینەکەیان بەبێ هەڵکێشانی شمشێر، نوێژی بەکۆمەڵی جومعە دەکەن و کۆڕ و

کۆبونەوەیان هەیە بۆ بانگەشەکردن و ڕانواندنی دینەکەیان لای پیاوماقوڵ و سەرۆک خێڵەکان بۆ دینەکەیان، هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی ئاشتی و دوورلە جەنگ.

هەرلەسەرئەو شێوە دەوسیەکان وغەفاریەکان و چەند تیرەیەکی دیکەش لە نێو ڕەشماڵ نشین وخێڵەکانیان و گوندەکانیان بە هۆی بە دیدارشادبوونی ئەو سەرۆک خێڵانە لەگەڵ پێشەنگی مامۆستایان ﷺ لەکاتی حەجدا مسوڵمان بووبوون و بووبوونە -دارالاسلام- یەکی بچکۆلە لەوسەردەمەدا.

لەم شێوەشدا کە پێغەمبەر ﷺ بەتەنیا لە نێودەستی ناحەزانیەتی و یاوەرانی لێ دوورن نمونەی ئیسحاق و یەعقوبمان نیشان دەدا لەدووری خۆشەویستانی.

١٠-لە وێنەی دەیەمدا ئیسلام ستونێکە کە بناغەی سەرزەوی لەماڵی ئوم هانی و لای کەعبەیە و سەرەکەی دیکەی لای عەرشی ڕەحمانە، ئەوەی بەشداری ئەم گەشتەیە محمد و جبریلن -علیهما السلام- .

سەرەتا محمدی پێشەوای پێغەمبەران ﷺ لەمەکەوە گەیشتۆتە ئەقسا و لەوێوە میعراجی پێ کراوە وبڵند بۆتەوە بۆ ئاسمانەکان و لەهەر ئاسمانێ پەیامبەران و فریشتە و دیمەنەکانی جیهانی غەیبی نیشاندراون، پێغەمبەران و فریشتەکان و خەڵکانی نێو دۆزەخ و خەڵکانی نێو بەهەشتی دیون و گفتوگۆی لەگەڵ پەیامبەران و فریشتەکان کردوە و وەڵامی سەلامیان داوەتەوە و ئەم وەڵامی سەلامدانەوەیە واتە

داننانی ئەو پەیامبەر و ئوممەتانەیە بە محمدﷺ و ئوممەتەکەی، هەموویان بەڕوویدا پێکەنین جگە لەمالیکی خەزێنەداری دۆزەخ کە انشا الله جەهەنەم و دۆزەخیش بەڕوی خۆی وئوممەتەکەیدا پێناکەنێ.

لەم گەشتە ڕوحانیەدا پێنج فەڕزەی نوێژ فەڕز کرا و کۆتایی هەموو نوێژێک بەدانیشتنی تحیاتە کە دایەلۆک وگفتوگۆیەکە لەنێوان الله لەگەڵ محمدی پەیامبەری مرۆڤایەتیﷺ لەلای سیدرەی مونتەها ولەسەر و عەرشەوە ئەم دیدار و گفتوگۆیە ڕوویداوە.

ئەم گەشتە ڕووحانیە بچوک کراوە و چڕکراوەی گەشتی ئادەم و حەوا بوو -علیهما السلام- لە فیردەوسەوە بۆ زەوی و نوێ بوونەوەی بەڵێن و پەیمانی دیداری نێوان مرۆڤ و نیشتمانی ڕاستەقینەمان بوو، گەشتێک بوو بەزەمەندا و بازدان بوو بەسەر لەمپەرە مادیەکاندا، پەیامێک بوو کە بە محمدی خەمباری فەرموو: ئەی محمد ﷺخەمبار مەبە کە پەیامەکەت دوای دە ساڵ هاتن لە چەند کەسێکی کەم لەو شارەدا تێناپەڕێ، گومانت لەوە نەبێ کە تۆ خاوەن پایە و مەقامی تۆ پێشەنگ و پێشەوای گشت پەیامبەرانی، تۆ ئەو پەتەی کە کەعبەی ئیبراهیم لە مەکە و قودس وبیت العزەی ئادەم و بیت المعموری ئاسمانی حەوتەم و سیدرە المنتهی وجەنەت بەیەکدی دەگەیەنی، ئەوەتا ئیبراهیم نەیتوانیوە لە حەوتەم تێپەڕێ، جبریل نەیتوانی

گەشتەکەت لەگەڵ تەواو بکا، کەواتە: تۆ هەر چەندە لەنێو مرۆڤەکان بێدەسەڵات بی تۆ لە مەلەکوتی ئاسماندا خاوەن ڕێزی وپایەداری.

ئالێرەدا وێنەی دیدار و لیقای موسای کەلیم -علیه السلام- لەگەڵ خوای پەروەردگارمان نیشاندەدا لە کێوی تو، بگرە موساش تێدەپەڕێنێ و موسی شاگردێتی پەیامبەردەکات لەگەشتەکەی.

١١-ماڵی ئیسلام لە خاڵی یەکەم لە ئەشکەوتی حەڕا دەستپێکرد لەخاڵی یازدەهەم دووبارە گەڕایەوە نێوئەشکەوت وغاری سەور، لەخاڵی نۆیەم باسمان کرد کە ئیسلام لە مەدینە بڵاوببۆوە، قوڕەیش دەیانزانی کە چوونی پەیامبەرﷺ بۆ مەدینە کۆتایی هەژموونی ئەوانە، پەیامبەرﷺ هەموو یاوەرانی بەڕێکردبوو وتەنیا خۆی وەک گرێنتیدان بە قوڕەیش لەنێویاندا مابوو، تا یاوەرانی بەسەلامەتی دەرچن، لە ئەنجومەنی ئاسایشی قوڕەیش لەماڵی لێدوان و نەدوە بڕیاریاندا ئەو شەوە لەت وپەتی بکەن، نەخشەی پاکتاوکردنی پێغەمبەرﷺ و قورئان و ئیسلامیان دانا و زۆردڵنیاش بوون کە سەردەگرێ، بەڵام خودا نەخشەڕێگەی سەرکەوتنی دینەکەیی و پێغەمبەرەکەی ﷺ بڕیاردا، هەرئەو شەوە پەیامبەر ﷺ گیانفیدایەکی لەجێی خۆی دانا کەعەلی بوو و لەگەڵ گیانفیدایەکی دیکە کۆچی کرد کە ئەبوبکر بوو، ئیسلام و وەحی لە مەکەدا لە ئەشکەوتی حەڕاوە دەرکەوت، بۆ مەدینەش لە

منداڵدانی غاری سور لە دایک بوو، ئەوپەیامەی لەدووئەشکەوتەوە هات، بەرنامە و نەخشەی هەموو کۆشک و تەلارەکانی لەناو برد و نەخشەڕێگای خۆی چەسپاند.

ئالێرەشدا وێنەی یونسان -علیه السلام- پیشاندەدا لەنێوهەناوی نەهەنگدا بڕیاری سەرکەوتنی پەیامەکەی پێدەدرێ.

١٢-لە وێنەی دوازدە، پەیامبەرﷺ و یاوەرانی زۆر لەمێژبوو تامەزرۆی بەیەک گەیشتنن و هەموویان بوونە وەستاو کرێکار و خەریکی دروستکردنی ئەو مزگەوتە زانکۆیە سادە و ساکارەن کە بۆ پازدە سەدەیە ڕۆشنایی دەدات بە جیهان، وە خەمی گەورەیان چۆنێتی کۆبوونەوەیانە بۆ ئەونوێژەی کە گەشتی ڕوحی ئیسراومیعڕاجیان بیردێنێتەوە و میعراجی ڕوح و لاشەیانە بۆ لای عەرش، بەم شێوە بە خەونی هاوەڵێك بانگی محمدی دادەمەزرێ.

لەم وێنەشدا پێغەمبەرمان ﷺ نمونەی باوانیان ئیسماعیل و ئیبراهیمن -علیهما السلام- لە بنیاتنانی ماڵی پەرستش و زانستدا.

لە ئیسلامدا هەموو شتێک سادەیە، پەیامبەر ﷺ لەگەڵ وەحی عەقڵ و بیر وهۆش و نەخشەدانان و چەواشەکردنی دوژمن بەکاردێنێ وعەقڵ ونەقڵ ئەو دوو پێیەن کەپەیامی ئیسلامەتی پێیان دەڕوا، ئەمەش وڵامە بۆ ئەوکەسانەی کە وادەزانن عەقڵ و وەحی لێک جیان.

هەروەها مزگەوتەکەی بە خشتی زێڕینی بەهەشت نیە، بەبەرد و خشت و قوڕ و قەدە دارخورمایە و مینبەرەکەی زێڕکەفت و ڕازاوە نیە و لەداڕێکی لێڕەوار و بەدەستی دارتاشێک تاشراوە، پەیامێکی سادەیە لە بنەما و لەچەسپاندنیشدا، بەشتە سادەکانی ئەم جیهانە ژیانێکی یۆتۆپیای فریشتەیی و قیامەتی و کۆمەڵگایەکی دڵ و دەروون ساغ بنیات دەنێ..

١٣-لەشێوەی سێزدە دا، ئیسلام و جولەکە و هاوبەشدانەر لە مەدینە هەن، مسوڵمان و جولەکە حکومەتی دەستوری بنکە فراوان پێک دێنن، ئەمە ماڵ و داری تێکەڵە و جزیە و سەرانە لەکەس وەرناگیرێ -چونکە جزیە تا ساڵی دەیەمی کۆچی ودابەزینی سوڕەتی تەوبە بڕیاری لەسەرنەدراوە-، هاوڵاتیان هەموویان مافیان هەیە و ئەرکیان لەسەرشانە.

ئالێرەش وێنەی پێغەمبەرهاڕونمان -علیه السلام- پیشان دەدا لە چاودێری و پێشەنگیدا.

لەگەڵ ئەوەی قورئان پڕە لە باسکردنی فێڵ وتەڵەکە و چەواشەکاریەکانی کوڕانی ئیسرائیل لە سەردەمی موسا و داود و سلێمان -علیهم السلام-، بەڵام ئەمە واناکا کە ئیسلام بواڕێکی دیکە نەدا بە ڕۆڵەکانیان، بواریان دەداتێ، هەوڵ دەدا کە وایان لێبکات ئەو ڕابردووەیان بسڕنەوە و ببنە خشتێک لە دیواری دەوڵەتی ئیمان و بۆ ئەمەش چاوپۆشی لە زۆر بەدکاریان دەکات و کە کەسێکی وەک ئیبن ئەشرەف

لاڕێیی دەکات هەموو تیرەکەی سزا نادات و تەنیا ئەو سزا دەدات، وە کاتێ تیرەیەک ناپاکی دەکەن ناپاکیەکە بە سەرهەموو جولەکەکاندا گشتگیر ناکرێ.

١٤-لەشێوەی چواردە، کاروباری ناوخۆی بە تۆکمەیی ڕێکخست، بانگەوازی ئیسلام بە شێوەیەکی سەرسامکەر پەرەی سەند، دینە نوێکە لە مەدینە زۆر بڵاو بۆوە، گرێبەستی برایەتی لە نێوان موهاجیر و یارمەتیدەران گرێدرا، لەم ماوەدا قوتابخانەی ڕۆژوو فەرزکرا، ڕوگەی مسوڵمانان لە قودسی ڕوگەی هاوبەش لەگەڵ دینەکانی دیکە گۆڕا بۆ قیبلە و ڕووگەی ماڵی ئیبراهیم و هاجەر و ئیسماعیلی باوکی نەتەوەی عەرەب وەک بەرجەستەبوونی دین و نەتەوە لە قاڵبێکی تۆکمەدا، بەڵام ئەم ڕووگە جیاکردنەوە واینەکرد پەیامبەرﷺ لە هاوپەیمانی لەگەڵ جولەکە و دەستوری هاوبەش بکشێتەوە.

هەر لەم قۆناغە گەنجانی مسوڵمان ئەزمونی سەربازیان بە هۆی بەشداریان لە سریە و کەتیبەکاندا و ڕووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ قوڕەیش زۆر گەشەی کرد.

ئەم پەرەسەندنانە وایکرد کە مسوڵمانان لە بەدر سەربکەون، وە هەژموونیان لە نێوحکومەتە بنکە فراوانەکەدا زۆر زیادببێ، وە هیچ هیوایەک بۆ تابوری پێنجەم و دووڕوەکان و جولەکەکان و ئەوانەی بە تەمای ئەوە بوون ئیسلام تووشی نسکۆبێ بەرامبەر دووژمنانی نەمێنێ .

ئالێرەدا وێنەی داود پێغەمبەرمان-علیه السلام- نیشان دەدات کە جالووتی کوشت ودەسەڵاتی پەیداکرد.

١٥-لەم قۆناغە ئیسلام حکومەتە بنکە فراوانەکەی تووشی لەت بوون بووە، قەینوقاع و هاوپەیمانە دوڕوەکانیان بە سەرکێشی عبدالله ئوبەی، حکومەتی دەستووریان شلۆق کردووە، ئیسلام ئەم حاڵەی چۆن چارەکرد؟

بڕیاری بە دەرنانی گەورەترین خێڵی جولەکە لە مەدینە و پساندنی ئەو پەیوەندیە هاوپەیمانیە دینیەی نێوان جولەکەکان و هاوپەیمانیان لەگەڵ خەزرجیەکان زۆر زەحمەت بوو، بۆ هەڵوەشانەوەی سەرتاپای دەستورەکە هەڕەشەبوو، بەڵام هەنگاوێک بوو بەرەو ئاڕاستەی دروست تا ببێتە تەمبێ کردنێک بۆ جولەکە و دوڕوەکان و لەسەر سنووری خۆی بیان وەستێنێ.

بەرەی ئیمان و پێشەنگەکەی ﷺ نە لە بەرامبەرسەرکەوتنە کاتیەکان لە خۆبایی دەبن و لووتبەرزی ڕوویان تێ دەکات، نە لە بەرامبەر کارەساتەکانیش ڕەشبین و بێئومێد دەبن و وەریان دەڕوخێ.

ئالێرەش نمونەی لێزانی لوقمانمان پیشان دەدا لەچارەی قەیرانەکاندا.

١٦-لە شێوەی داری شازدە بەهۆی سەرپێچی تیرهاوێژەکان لە جەنگی ئوحد لە فەرمانی پەیامبەر ﷺ وایکرد کە مسوڵمانان قوربانی باش بدەن، تەنانەت ژیانی

پەیامبەرەکەیانﷺ بکەوێتە مەترسیەوە، کە ئەمەش چەندین حیکمەتی سەرسامکاری تێدایە.

بوونی ئەوجۆرە گۆشانە لە ژیانی سەرمەشقی مرۆڤایەتیﷺ و کۆمەڵی ئیماندار زۆر پێویستە، تاکو بێتە ئامۆژگاری و سەرمەشق لە ژیانی هەزارسااڵەی ئوممەتەکەی، چونکە ژیانی ئوممەتی هەمووی هەر سەرکەوتن نابێ، بارودۆخی ژێرکەوتنیش هەر دەبێ، وە لەو بارودۆخەشدا ئوممەت پێویستی بە سەرمەشقی کرداری هەیە، هەروەها بۆ ئەوەی بزانرێ کە سەرپێچی فرمان و سوننەت وڕێوشوێنەکانی پەیامبەرﷺ لە ژیاندا و دوای وەفاتیشی دەبێتە هۆی نسکۆ و داڕمان.

کەواتە: کارەساتی ئوحد دەرەنجامی سەرپێچی بوو لە فەرمانی سەرمەشق و ڕێنماییکارﷺ، کارەساتی بیری مەعونەش هەر کارەساتی ئوحد وایکرد کە دوژمنانی ئیسلام بوێر بن و لەناوە و دەرەوەی مەدینە دەستدرێژی بکەنە سەرمسوڵمانان، وە لە نێومەدینەش وای لە جولەکەکانی بەنونەزیر کرد کە هەوڵی تیرۆر کردنی پێغەمبەرﷺ بدەن، چونکە پێیان وابوو کە ئیسلام لە دوا هەناسەی ژیانیدایە.

ئەگەر نەخشەی ئوممەتی ئیسلامی گەورە بکەی و سەیری مێژووەکەی بکەی دەبینی کە زۆر جاران ئوممەت گەیشتۆتە لێواری لە ناو چوون، وە ئوممەتانی دیکە بەربوونە گیانی و دەستدرێژیان کردۆتە سەر وەک چۆن برسیە زۆرخۆرەکان دەست بۆ خوانی پێش خۆیان دریژدەکەن، لە ڕۆژانی خاچپەرستان و

لە سەردەمی مەغۆل و تەیمور و لە سەردەمی ئیستعماری نوێدا، بەڵام هەموو جار مسوڵمانان بە شوێنکەوتنی پێشەوا و سەرمەشقەکەیانﷺ نەوەکانی بەنونەزیر و قوڕەیش و مونافیقەکانیان بێئومێد کردووە و خەون و خۆزگەکانیان لە بار بردوون و سەر لەنوێ ئیسلام بوژاوەتەوە هەروەک چۆن لە دوای کارەساتی پیلانگێڕی داری نەدوە و ئوحد و مەعونە لە ژیانی ڕێبەری یەکەم دا ﷺ دووبارە هەستایەوە.

لەم دیمەنەش دا نمونەی عیسا پێغەمبەری -علیه السلام- پیشان داین لە ڕووبەڕوو بوونەوەی پیلانەکاندا.

١٧-لە دەوڵەت و دار الاسلامی حەقدەهەمدا، پەیامبەرﷺ لاوازی مسوڵمانان و زۆری دوژمنانی دەرەوە و ناوەوەی مەدینەی نەکردە پاساو تا خۆی لە دەرکردنی بنەماڵەی نەزیریەکان ببوێرێ، بەڵکو پێش دەرکردنی ئەوان کەعبی کوڕی ئەشرەف و ئەبوڕافعی لەنێو قەڵای نزیک خەیبەر کوشتن و پاشان نەزیریشی لەمەدینە بەدەرنان، بێگومان دوای ئەو ئۆپراسیۆنە ئەوەی چاوەڕێ کراو بوو توندبوونی گەمارۆ و دوژمنایەتی قوڕەیش و خەیبەر بوو کە لە باشور و باکوری مەدینە بوون، وە لەو سەردەمەدا ئیسلام هیچ هاوپەیمانی نەبوون، ڕۆم و فارس هەر دوو لە جولەکە و قوڕەیشەکان نزیکتر بوون، ئەوەی کە مسوڵمانان پشتیان پێ بەهێز بوو ئیمانەکەیان بوو، بزوتنەوە و دین و جیهانبینیەکی نوێ بوون کە لە دوای تێپەڕینی هەژدە ساڵی پێغەمبەرێتی لە شارێکدا گەمارۆ درابوون، قوڕەیش و خەیبەر لەگەڵ فەدەک و

غەتفان و چەندین تیرە و خێڵی دیکە لە دەرەوەی مەدینە لەگەڵ دووڕووەکان و بنەماڵەی قوڕەیزەی جولەکە هاوپەیمانیان بەست بۆ ڕیشەکێشکردنی مسوڵمانان و لە ناو بردنی ئیسلام، مسوڵمانان تەنیا بواری تاکتیکیی ناوچەیی و نێوخۆییان لە بەردەم مابوو.

ئەگەربەلێکدانەوەی هێز و توانای مرۆڤی ئاسایی لێکبدرێتەوە و پشت بە خوێندنەوە و پێشبینی مرۆڤەکان ببەسترێ، دەرەنجامی ئەو زانینانە هەمووی دەڵێ کە ئیسلام کۆتایی پێدێ، بەڵام دەبینی کە پەیامبەرﷺ و یاوەرانی دەستیان بە هۆکارەکانەوە گرت و خەندەقیان هەڵکەند، لە کاتێکدا کە زۆر برسی و ماندوو و شەکەت بوون، لە هەموو لایەک گەمارۆ درابوون و هەڕەشەی بنەبڕکردن و جینۆساید کردنیان لەسەربوو، برسی و تینوو بوون و خەو و پشوویان نەمابوو، بەڵام بە هۆی ئەو پشت بەستن و یەقینەی هەیانبوو یارمەتی ئیلاهیی بە دەمیانەوە هات.

خودا ڕەشەبایەکی نارده سەر دوژمنەکانیان و هەمووی پێچانەوە، پێویستی نەکرد کە مسوڵمانان جەنگ بکەن.

ئەمەش نمونەی پێغەمبەرسولەیمانمان -علیه السلام- پیشاندەدا کە قوربانی بە ئەسپەکاندا و بە بەرفرمانبوونی (با) قەرەبوو کرایەوە.

١٨-لە شێوەی هەژدەهەمی کابینەی ئیسلام، هەر لە دوای کۆتایی هاتنی گەمارۆی جەنگی خەندەق و تێکشکانی ئەحزاب، پێشەوای ناوازەمان ﷺ هەلی بە فیڕۆ نەدا و دوای پێنج ساڵ ئارامگرتن و نەرمی نواندن و لێبووردەیی لەگەڵ جولەکەکان، هەر ئەو ڕۆژە بۆ نوێژی عەسر گەمارۆی بنەماڵەی قوڕەیزەیدا تاکو لانەی پیلانگێڕان لە نێو مەدینەدا بە یەکجاری کۆتایی پێبێنێ، بەم شێوە بۆیەکەم جار دوای هەژدە ساڵ لە هاتنی ئیسلام شارەکە بە تەواوی بووە شاری ئیسلام وئیسلام و پەیامەکەی بوونە خاوەن شار.

١٩-ئیسلام لە شێوەی نۆزدەهەم دا، ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی خێزانی لەو ڕوداوە کۆمەڵایەتیانەی کە بوونە هۆی دابەزینی زۆرێک لەئایەتەکان من لەنێوئەو ڕووداوانەی کەزۆرن ئەم ڕوداوە بە نمونە هەڵدەبژێرم چونکە لە نێو خودی خانەوادە نمونەییە بەختەوەرەکە ڕووی داوە، ڕوداوی لەو شێوە زۆرن کە ناوی سورەتەکەش بەناوی ئەو خانمانەوە کراوە، وەک حوکمی (زیهار) لەسورەتی (المجادله) و حوکمی کۆچی ژنان لە سورەتی (الممتحنه) .

لەم ڕووداوە، کاتێ دووڕوەکان هەموو کارتەکانیان سووتا، سێ خێڵ و بنەماڵەکەی جولەکە لە مەدینە نەمان، شاری مەدینە بووە شارێکی مسوڵمانان، قوڕەیش لووتی شکا، کەوتنە بڵاوکردنەوەی قسەی نەشیاو و بوختان.

سەیرکەن مسوڵمانان فەرمانڕەوای شارەکەن، دەزانن ئەو دووڕوانە هاوکاری جولەکە و قوڕەیش بوون، ئێستاش بوختان بۆ دایکی بڕواداران هەڵدەبەستن کە پاکترین ژنی سەر زەویە و خێزانی بەڕێزترین پەیامبەر ﷺ و کچی خۆشەویسترین و ڕاستگۆترین وەزیری پەیامبەرە ﷺ کە ئەبوبەکرە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئیسلام کێشەکەی بە زەبروزەنگ وهەڕەشە چارە نەکرد، حیکمەتی ئیلاهی وابوو بۆ تاقی کردنەوەی ئارامی پەیامبەر ﷺ و مسوڵمانان وەحی دواکەوێ، تا پێشەوامان ﷺ لەم مەیدانەشدا کاریزمایی و لێوەشاوەیی و شایستەیی خۆی بسەلمێنێ، تا لەم بوارەش بۆ مرۆڤایەتی ببێتە سەرمەشق و مامۆستا.

زۆرجاری دیکەش بۆ زۆر پرسی زانستی و یاسایی و مێژوویی وەحی دوادەکەوت، ئەم وەحی دواکەوتنانەش هەموو بۆ تۆکمەکردنی کەسایەتی پێشەوا و سەرمەشقی مرۆڤایەتی بوو، هەروەها بۆ ئەوەش بوو کە ئەم دینە چارەسەرێکی واقعی و شیاو بۆ کێشەکان بێنێ و چارەکانی موعجیزە ئامێزنەبن، چونکە دینێکە بۆگشت مرۆڤایەتی و بۆ هەزاران ساڵ، دەبێ پەیامبەرەکەی سەرمەشقیەك بداتە مرۆڤایەتی لەهەموو بوارەکان کە بەکەڵکی مرۆڤایەتی بێ دوای نەمانی وەحی.

بەڵێ ئەم وانە یاسایی و کۆمەڵایەتیانە لە نێو ژیاننامەکەیدا یەکجار زۆرن، لە تەفسیر و فەرمودە و فقە، پڕە لە ڕوداوی ناوازەی لەوجۆرە، هەمووی بۆ ئەوە بوو تا

مامۆستا کاملە کە ﷺ هەموو وانەکان بەتەواوی بە تیۆری و کرداری بە قوتابیەکانی بڵێتەوە پێش ئەوەی کۆچ بکا.

نمونەی ئەم چیرۆکەش نمونەی چیرۆکەکەی مەریەمە کە چۆن تۆمەتیان بۆ هەڵبەست و چۆن بە ئارامە و بە هێواشی ئەم بوتانانەی پوچەڵ کردەوە .

٢٠- لەسااڵی شەشەمی کۆچی، پەیامبەری پێشەوا ﷺ کە هەمیشە گەشبین بوو خێر و سەرفرازی بۆ گەلەکەی و شارەکەی و خێڵەکەی کە قوڕەیشە دەویست، بەهەستی ئیماندارێک پێیوابوو کە ئەوان لەو نۆزدە ساڵە موعجیزە و بەڵگەی زۆریان دیتون و بەڵکو دڵیان نەرم بووبێ بۆ ئیسلام، لەو ماوەشدا خەونێکی مژدەدەری دیت کە عەمرە دەکات، هەر بۆیە بە نیازی عەمرە بە هەزار و پێنسەد کەسەوە ڕێی گرتەبەر، هەروەها ڕێوشوێنی عەمرە و حەج لە قورئان دابەزیبوو کە فەرمانێکیش دابەزی دەبێ ئیمانداران و لەسەروشیانەوە پێشەنگەکەیان ﷺ جێبەجێی بکات و لادانی بەربەستەکانیش خودا ئاسانی دەکات.

لەم عەمرەدا کە نەگەیشتە مەکە بەڵام بووە خەڵاتێک بۆ ئومەتەکەی بۆ هەزاران ساڵ هەرعەمرەکار و حاجیەک کە ڕێی لێگیرا و نەیانهێشت حەج بکات با لەو شوێنە ڕێی پێدەگیرێ سەری بتاشێ و قوربانی سەربڕێ، وەک ئەوەی عەمرەکەی کردبێ.

وە هەرلەم عەمرەدا ئوم سەلەمەی خێزانی کێشەیەکی گەورەی بۆ پەیامبەرﷺ چارەکرد کەئەویش بووە بەشێک لەوەحی وشەرع هەتا ئیسلام مابێ.

هەرلەوعەمرە پێکهاتنی حودەیبیەکی کرد لەگەڵ قوڕەیش کە چەندان ڕێسا و بناغە و بنچینەی سیاسی وفکری وشەرعی و سەربازی و یاسایی و قەزایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی نەمری بۆهەموو مرۆڤایەتی تێدان لە شەڕو لەئاشتیدا.

ئەمەفەتح وسەرکەوتنێک بووکە پەیامبەرﷺ بێ ڕشتنی یەک دڵۆپەخوێن بەدەستی هێناوە لەبەرامبەر تیروتانە و توانجی دۆستانی و پیلان و چەواشەکارانی دوژمن ئارامیگرت، بەڵێ فەتحێک بوو لە بەدر کەمتر نەبوو، ئەمە لە کاتێکدا زۆرینەی سەحابە پێیانوابوو کە ئەم پێکهاتنە بەزینێکە وەک بەزینی ئوحود ومەعونە.

لێرەشدا پەیامبەرﷺ نمونەی پەیامبەر ئیدریسی -علیه السلام - پیشاندا لە نەخشە دووربینەکانی.

٢١-ئیسلام لەقۆناغی بیست ویەکدا ڕەسولی ئەکرەم ﷺ ئەو ڕێککەوتن وئاگربەستەی لەگەڵ قوڕەیش قۆستەوە، شەو و ڕۆژی خستە سەریەک تاکو بازدانێکی گەورە لە بانگەواز و بڵاوکردنەوەی ئەم دینە نوێیەبکات، کە دینێکە بۆ هەموو جیهان نێردراوە و کەچی وابۆ بیست ساڵە هاتووە و تەنیا لە یەک شاردا بڵاو بۆتەوە، ئەوەتا شەریعەت و پڕەنسیپ و بنەما و دەقەکانی خەریکە تەواو دەبن،

کەچی ئەم ڕاستە شەقامە تا ئێستا هەرلە یەک شاردا گەمارۆ دراوە، هەر بۆیە پەیامبەر ﷺ هەر دوای بەستنی ئاگربەستەکە نامە و پەیامی نارد بۆ هەموو پاشا و ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم و فارس و حەبەشە و میسر و شام و عەمان و یەمەن و بەحرین کە ئەو کاتە ئەمانە دەسەڵاتدارانی جیهان بوون، هەروەها لە نێوخۆش هاوپەیمانی لەگەڵ خوزاعە کرد کە لایەنێکی لاواز بوو، وە ناکۆکی لەگەڵ قوڕەیش و بەنی بەکری هاوپەیمانی هەبوو، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە تەمەنی ئاگربەستەکە کەمتر لە دەساڵ بکێشێ، چونکە دەیزانی کە قوڕەیش و بەکریەکان خۆیان پێناگیرێ و ئاگربەستەکە دەشکێنن وهێرش دەکەنە سەر خوزاعە.

هەر لە دوای گەڕانەوەشی لەم ئاگربەستە ڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر خەیبەر و فدک و (وادی قوڕا)دۆڵی گوندەکان، کە لانەی پیلانگێڕی و چاوەشەکاری و کۆکردنەوەی گەلەکۆمەکی دژی مسوڵمانان بوون، بۆیە پێش شکاندنی قوڕەیشیەکان بۆ ئاگربەستەکە ئەم بەرەی تێکشکاند و تا سەر سنوری شام ئەو وڵاتە هەمووی کەوتە دەستی دەوڵەتی مەدینە و بووە میرنشینێکی چالاک لە باکوری حجاز.

وە بۆساڵی دواتریش کە ساڵی حەوتی کۆچی بوو، عەمرەی قەزای بەجێهێنا وهێز و توانا و ڕێکخراوی یاوەرانی پیشانی قوڕەیشەکان داو هێندەی دیکە وەرەی ڕوخاندن و وایکرد کە کەسانی وەک خالیدی کوڕی وەلید وعەمری کوڕی عاص مسوڵمان بن.

٢٢-لەشێوەی بیست ودوودا ئیسلام مەفرەزەیەکە کە لە بەر مەرجی قوڕەیش پێشەنگی ئیسلام ناتوانێ ئەبوبەسیر لە باوەش بگرێ و بە فرمانی ئەو ماڵێکی پارتیزانی بۆخۆی وهەواڵانی لەو چۆڵەوانیە پێک هێناوە.

مەرجە گرانەکانی قوڕەیش وای لە مسوڵمانەچەوساوە و ژێردەستەکانی مەککە کرد کە دوورکەونەوە لە مەکە و مەدینە و لە لاپەڕێک ماڵێکی بچکۆڵانە بۆ ئیسلام پێکبێنن، ئەمەش تاکو بۆ هەموو سەردەمەکان ببنە پێشەنگ کە جاری وایە پێویست دەکا لەگەڵ بوونی دەوڵەت وخیلافەی ئیسلامیش کۆمەڵێک مسوڵمان ناچار دەبن کە بگەڕێنەوە قۆناغە سەرەتاکانی ئیسلام وماڵێکی سەرەتایی بۆئیسلام بنیات نێن لەتەنیشت ماڵە گەورەکەی ئیسلام کە هیچ پەیوەندیەکیان نەبێ.

ئەم کۆمەڵە پارتیزانیەی ئەبووبەسیر لەکەناری دەریا پێکی هێنا و پێغەمبەریش ﷺ نکوڵی نەکرد پێشەنگە بۆهەموو ئەودەستە و تاقم و سریە پارتیزانانەی کە لێرە و لەوێ لەگەڵ بوون یان نەبوونی خلافە و دەوڵەتی ئیسلامی دروست دەبن، بەو مەرجەی جەنگ لەگەڵ وڵاتی ئیسلام نەکەن.

دەبێ مسوڵمانان بزانن کە جاری وایە دەوڵەتی ئیسلامی و خەلیفە و کۆمەڵەیەکی ئیسلامی لە قۆناغی ئۆپۆزسیۆنیدابێ یان دەسەڵات، بەرژەوەندی قەوارەکە و بانگەواز وادەخوازێ کەهەندێ کەسی وەک ئەبوبەسیر و ئەبوجەندەل بە

بەرچاوی پەیامبەرﷺ و هەزاران مسوڵمانەوە دەرکرێن و زنجیرکرێن و ئیسلامیش نەتوانێ جگە لە دوعا و نزا هیچیان بۆ بکا.

٢٣-لەشێوەی بیست وسێ ئیسلام سوپایەکی سێ هەزار کەسیە ودەچێتە جەنگێک لەگەڵ وڵاتێک کە نیوەی گۆی زەوی لە ژێردەستدایە، سێ فەرماندە بۆ ئەوسوپایە دیاری کراون.

پەیامبەر ﷺ سریە وسوپای زۆری بۆ تەمێ کردنی دوژمنانی بەڕێکردوون لەماوەی ئەو حەوت ساڵە.

بەڵام من ئەم نمونەم هەڵبژارد چونکە گەورەترین سریەیە کە پێغەمبەر ﷺ بەڕێیکردبێ، وە سێ کەس لە خۆشەویسترین کەسەکانی کردە فەرماندە و دڵنیاش بوو کەهەموویان شەهید دەبن و ڕووبەڕوو بوونەوە ڕوو دەدات، وە خالید کە چەند ڕۆژ بوو مسوڵمان بوو بوو لەگەڵ ئەو سوپایە ناردی کە ئەوە یەکەم جار بوو خالد شمشر بۆئیسلام لە کێلان دەرکێشێ.

هەموو سریەکانی تر کەدەنێردران بۆ قوڕەیش ونەجدوجولەکەکان بوون، بەڵام ئەمەتاکە سریەیە کە لەژیانی پێغەمبەر ﷺ نێردرابێ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕۆم.

بێگومان هەریەکەیەکی ئیداری و کارگێڕی و بەڕێوەبردن جا سەربازی بووبێ یان کۆمەڵایەتی و سیاسی و بازرگانی و بانگەوازی، کە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ بووبێ وئەوئاڕاستەی کردبێ و لە کارەکانیان ڕازی بووبێ و نکوڵی لێنەکردبن،

هەموو‌ئەو‌یەکانە وەک (دار الاسلام) یەکی بچوکن، لەتەنیشت ماڵە گەورەکەی ئیسلام، وە هەتا ئیسلامیش بمێنێ مسوڵمانان لە هەموو جیهان دەتوانن بە پێی بارودۆخی نزیک لەو نمونانە ئەو یەکانە بۆخۆیان بکەنە پێشەنگ وئەم یەکە ئیماندارانەی یاوەرەکان وەک لەفەرمودەدا هاتووە :اصحابي كالنجوم بايهم اقتديتم اهتديتم، واتە: یاوەرانی من وەک ئەستێرەن لە تاریکەشەودا شوێن هەر کامێکیان بکەون ڕێنمایی کراو دەبن.

سەرکردەکانی ئەم جەنگە سێ خشتی بناغەی دەوڵەتی ئیمان بوون، عائشە لە ئەسەرێکدا دەڵێ: ئەگەر زەیدی کوڕی حاریسە لەژیاندا بوایە دەبووە یەکەم خەلیفە، زەید ئەمینداری پەیامبەرﷺبوو بۆ هەموو کارە قورسەکان، لەگەڵی بوو لە هەموو گەشتەکانی بانگەواز لەمەکەوتائیف، لە کاتی کۆچدا هێنانی کچەکان وسەودەی خێزانی بەوسپاردبوو، لەکاتی کۆچی زەینەبی کچی، زەیدی نارد تا لە گەڵی بێ، سەرکردایەتی زۆرسریە و ئۆپراسیۆنی گرنگی بە زەید دەسپارد، لەگەڵ ئەوەی ئیسلام وپەیامبەرەکەی ﷺ پێویستی زۆریان بە لە ژیاندامانی زەیدی سەرکردەی ساتە سەختەکان وجەعفەری سەرکێشی جالیەی مسوڵمانان لەحەبەشە بۆدەیان ساڵ وئامۆزای پەیامبەر علیه السلام وعبدالله ی کوڕی ڕەواحەی نەقیب وپێشەنگ وشاعیروئەدیبی ئیسلام بوو، بەڵام سەرمەشقی شەهادەتیش پێویستی بەوان بوو، بۆیە کرانە سەرمەشقی شەهادەت.

٢٤- شێوەی بیست وچواری کابینەی ئیسلام کاتێ قوڕەیش پێکهاتن وئاگربەستەکەی خۆیان لەگەڵ مسوڵمانان پێشێل دەکەن وهێرش دەکەنە سەر خوزاعە، پێغەمبەرﷺ نەیهێشت ئەم هەلە لەدەست بچێ وفەتحی مەککەی کرد، بەفەتحی مەککە و کەوتنە دەستی قیبلەی مسوڵمانان و ماڵی ئیبراهیم و ئیسماعیل -علیهما السلام-، ئیسلام بووە هێزێکی ناوچەیی، لەفەتحی مەکەدا چەندین وانەی لێبوردن و ڕەوشت بەرزی و میهرەبانی پێشەوای ئیسلام لە ئاشتی و جەنگدا دەرکەوت، پێغەمبەر ﷺ هەموو ئەو دوژمنە سەرسەختانەی کە دەریانکرد ولێیاندا و شاربەدەریان کرد، بەڵام ئەو لێبوردنی بۆ دەرکردن وتۆڵەی لێ نەکردنەوە.

لەم وێنەیەدا پێغەمبەرﷺ وێنەی یوسف -علیه السلام- ی پێشکەش کرد لە لێبوردەیی و چاوپۆشیدا.

وە لەم فەتحەدا ڕووداوی حاتەبی کوڕی ئەبوبەلتەعە ڕوویدا کە دەنگوباس وهەواڵی فەتح کردنەکەی دابووە کافرەکانی قوڕەیش، بەڵام پەیامبەرﷺ تەنیا داوای ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکەی لێکرد، ئەویش ڕوونی کردەوە و نە سزادرا و نە تۆمەتی ناپاکی درایە پاڵ.

لە دوای ئازادبوونی مەککە تائیفیش ئازاد کرا و بەم شێوە دوای بیست و یەك ساڵ لەهاتنی ئیسلام هەموو ناوچە و ویلایەتی حجاز بوو بە مووڵکی ئیسلام .

٢٥-لە شێوەی (دار الاسلام) ی بیست و پێنج لە کاتی دابەشکردنی دەسکەوتی هەوازنەکان، کۆمەڵێک لەو سەرۆک خێڵانەی نەجد وحجاز و مەککە و تائیف ئامادەی جەنگەکە بوون، لەکاتی گەرمەی شەڕ لە وانە بوون کە پشتیان هەڵکرد، ئەنسارە پشتیوانەکان کە لە خۆشی و ناخۆشی هەموو کاتێ دڵسۆز و پشتیوانی ئیسلام بوون لەبەرەی پێشەوە بوون، کاتێ دەسکەوتێکی زۆرکەوتە ژێردەستی پێغەمبەرﷺ، ئەو دەیزانی کە ئەوهەموو ناوچە و شار و شارۆچکانە کە لە چەند ڕۆژێکی کەم هاتوونە نێوئیسلام، لە کاتێکدا بە بیست و یەك ساڵ چەند هەزارکەسێکی دڵسۆزی پێکەوە ناوە، بۆیە ئێستا کە بیەوێ ئەو خەڵکە و دەیان ناوچە بپارێزێ و لێیهەڵنەگەڕێنەوە دەبێ ئەو چەند هەزار یارە دڵسۆزەی هەیەتی بخاتە مەترسیەوە و دوورنیە ئەزمونی تاڵی مەعونە و ڕەجیع دووبارە بێتەوە، بۆیە پێغەمبەری لێزان و حەکیمﷺ هات بەو دەسکەوتانە دڵی سەرۆک خێڵ و کەسە بە ناوبانگ و دەسەڵاتدارەکانی ڕازی کرد و هیچ لەو دەسکەوتەی نەدایە ئەنسارە پشتیوانەکان، تاکو ئەم شار و ناوچانە متمانە بە ئیسلام بکەن وهەڵنەگەڕێنەوە و پێویست نەبێ ئەنسارەکان لەو ناوچانە بە جێبێڵێ، بەڵام ئەم بڕیارە لەسەردڵی ئەنسارەکان زەحمەت بوو، چۆن ئەنفال لەسوڕەتی ئەنفال بەدەقی ئایەت، بەپێی دەستوور بەشکراوە، مافی موجاهیدانە، ئەی بۆ هەموو درایەکەسانی دیکە؟ ئایا ئەمە پێشێلکردنی دەستورنیە؟

پێغەمبەر ﷺ بە گۆتارێکی گەرموگوڕ سەرەتا سەرکۆنەشی کردن، فەرمووی: ئەنسارینە ئەوەچیتانە؟ گومڕا و سەرلێشێواو و پەرتەوازە نەبوون بە هۆی منەوە بوونە برای یەکدی و ڕێنمایی کراو وکۆک وتەبا؟؟

گووتیان: بەڵێ وابوو، هەر تۆ خاوەن منەت و چاکەی بە سەرمانەوە.

ئەوجار کە زانی هەر سەربازە دڵسۆزەکەی جارانن و دنیا و دەسکەوت نەیهەژاندوون، فەرمووی: خۆ دەتانتوانی پێمبڵێن: ئەی تۆش دەرکراو و بە درۆخراوە و بێ کەس و بێ شوێن نەبووی کە ئێمە باوەڕمان پێکردی وجێمان کردیەوە و بووینە پشتیوانت؟

ئەوجار ئەنسارەکان بە گریانەوە گووتیان: خودا و پەیامبەرەکەی خاوەن چاکە و منەتن بە سەرمانەوە، بۆیە پەیامبەرﷺ دوعای بۆ خۆیان و کوڕ و نەوەکانیان کرد، کە بکەونە نێو میهرەبانی وبەزەیی خودا .

پەیامبەرمان ﷺ بە هەستی دووربینی زانی کە ئەم قورئانە کە دەستورێکە شەش هەزاربەند و بڕگەیە، ئەگەر چاوپۆشی لەچەسپاندنی دە دوازدە بڕگە بکرێ تاکو کۆمەڵگا ی تازە مسوڵمان بوو ڕام ببن و یاخی نەبن وچارەنووسی هەر شەش هەزار بڕگەکەی دەستوورەکە نەخەنە مەترسیەوە، ئیمامی ئومەت، پێشەوای دادپەروەر ئەم مۆڵەتەی بۆهەیە، ئەم کارە کە پێشەوای دین کە قورئانی بۆهاتووە نەیکا کەس ناتوانێ بیکا، بۆیە ئەم ڕێسا و چەسپاندنە کە لەم سەردەمە پێیدەڵێن تیۆر و گریمانەی

سەروەری، لە پێناوی سەروەریدا بەشێک لە دەستوور هەڵدەپەسێردرێ، هەروەک ئەم سونەتە پیرۆزە وهەروا کردەوەی عومەر کە لە سااڵی برسێتی دەستبڕینی ڕاگرت و لە سەر سنووری ڕۆم جەڵدەلێدانی زیناکاری ڕاگرت، تا مسوڵمانی ئیمان لاواز شەیتان فریوی نەدا و لە ترسی جەلدە لێدان هەڵبێ بۆنێو ڕۆمەکان.

٢٦-لەشێوەی (دارالاسلام) ی بیست وشەش، هەندێک جاران لە جەنگە یەکلاکەرەوەکان پێغەمبەرﷺ بۆ خۆی سەرکردایەتی سوپای دەکرد و نوێنەرێکی خۆی لە سەر مەدینە و بۆ پێشنوێژی دادەنا، لەو جەنگانەی کە پێغەمبەرﷺ تێیاندا دەرکەوت جەنگی تەبووک بوو، کە کۆتا جەنگی مسوڵمانان بوو، ئەم جەنگە بەوە جیا دەکرێتەوە کە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕۆم بوو، وە گەورەترین ژمارەی سوپای ئیسلامی بوو، کە دەهەزاربوو، لە دوای گەڕانەوەی بۆ مەدینە کە هاتەوە مزگەوتی زیڕاڕی دووڕوەکانی ڕووخاند، وەک پێشەوایەک عەلی لە شوێنی خۆی دانابوو، بەاڵم هیچ سەرکۆنەی نەکرد کە بڵێ بۆچی هێشتویەتی دووڕوەکان پەرتەوازەیی بنێنەوە.

بەکورتی کە لە نێو شاردا بوایە یان سەرکردەی لەشکر، پێغەمبەرﷺ جوانترین نمونەی سەرکردایەتی و سەرمەشقی پێشکەش بە شوێنکەوتوانی دەکرد.

٢٧-لە شێوەی بیست وحەوتدا ئیسلام چەند ڕێسایەکمان دەداتێ و پێماندەڵێ کە بوونەوەر و دیاردەکان و بەهرەکان لە بونەوەردا بە دادگەری دابەشکراون، ئەگەر

کردەوەی کەس و چینوتوێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەم تەرازوە تێکنەدا.

پێماندەڵێ ئەگەر دەوڵەمەندانی کۆمەڵگا چاوی سۆز و ویژدان و بەزەیی و هاوکاریان لە هەژارانی کۆمەڵگابێ، ئەوە چاوەکانی ئاسمانیش بە هەمان شێوە دەڕوانێ پێدەشت و بان و کێڵگەکانی زەوی و تێر ئاویان دەکەن، ئەگەر هەژاران بەدڵ و دەروونێکی باش و دوور لە چاوچنۆکی و ئیرەیی و ڕژدی و حەسودی سەیری دەوڵەمەندان بکەن، ئەوە زەوی و کێڵگە و باخچەکانیش بە هەمان شێوە پێشوازی لە باران و خێراوی ڕووبارەکان دەکەن و بەڕەنگی ئاڵاو واڵاوە بەدەم بارانی ئاسمان و ڕووبارەکانەوە پێدەکەنن وەدەبوژێنەوە.

کاتێ کۆمەڵگا داوێنپاک و بەتەنگ یەکترەوە بوون و دەستباریان لەگەڵ یەکدیگرت و نەهێڵرا کەس لە هیچ ڕوویەکەوە پێویستیەکی ناچارکەری هەبێ، نە لە ڕووی لاشەیی وئابووری و نە لە ڕووی ڕوحی ونە لە ڕووی زانستی ونە لە ڕووی کۆمەڵایەتی، ئەوکاتە ئەوان ڕانوێنراون و ئەوەی لە سروشتە لە دیاردەکانی بوونەوەر ئاوێنەی کردەوەکانیانە، ئەو ئاوێنەش وێنەیەکی پڕ داد و بەزەیی و بەخشندەییان پیشاندەدا و دنیایان پێش بەهەشت بۆ دەبێتە بەهەشت.

چاکە و بنەماکانی شەرع و عەدالەت بە هەموو لایەکان دەکرێ، چینێک لە ڕووی فکر و زانست پێویستی بە چینێکی دیکەیە، بەرامبەر بە مەش ئەو چینە پێویستی ئابووری بە چینەکەی دیکەیە.

هەیە لە زانست دەوڵەمەندە، هەیە لە ڕوحانیەت، هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتی، هەشە لە چەند ڕوویەک لەمانە، شەرع بۆهەموو ئەمانە هێڵی گشتی تۆکمەی کێشاون، ئەوەی ڕەزیل بێ بۆ بەخشینی زانستەکەی بەڕێشمەی ئاگرین لغاو دەکرێ، ئەوەی لە ڕووی ئابووری ڕەزیل بێ ئەوە بەزێڕەکانی داخ دەکرێ، ئەوەی لە ڕووی ڕووحی چرووک بێ ئەوە ئاگری دۆزەخی پێخۆشدەکرێ، ئەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی خاوەن کچ و ژن بێ و بتوانێ چەند ماڵ ئاوەدان بکات و نەیکات، ئەوە با چاوەڕێی ئاشووب و فیتنەی گەورە بکات و ئاشووبی گەورەش هەر زینا و داوێنپیسی و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیە کە هەم لە دنیا چەندان دەرد و بەڵا و مەینەتی دێنێ و چارەنوسی ئاخیرەتیشی نێو تەنووری دۆزەخ و بە ئەندام هەڵواسرانە.

هەموو ئەوانە دەیانتوانی بەوەی پێیاندراوە لە پێشەنگانی خەڵکی بەهەشت بن، کەچی بە بەهرەکانیان بوونە دۆزەخی.

نوێژی باران و چوون بۆ حەج و بۆ جیهاد، دەبێ سەدەقە و دانەوەی مافە مادی وکۆمەڵایەتی و زانستی و ڕوحیەکانی پێشکەوێ، نوێژی خۆر و مانگگیرانیش هەروا، چونکە ئەوانە هۆشدارین بەوەی کە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی خەڵک تێک

چووە بۆیە ئاوێنەی دیاردەکانی بونەوەریش وێنەکە بەو شێوە نیشان دەدەن، بێ بارانی و گرانی و خۆر و مانگ گیران دەردەخەن، بۆیە بۆ خۆر و مانگگیران فەرموودەکە بە ئەدەبەوە باسی زینا لەگەڵ کەسانی نامەحرەم لەخوشک ودایک وپوورو،،،،هتد دەکا.

شەش پایەکانی ئیمان و پێنج پایەکانی ئیسلام و دووپایەکانی ئیحسان، هەموویان بۆ هاوسەنگکردن و هەموارکردن و تەندروستکردنی لایەنێک یان چەند لایەنێکی تاکەکان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین و پابەندبوون پێیانەوەدەبێ ڕووکەشانە نەبێ و بزانرێ بۆ چی مەبەستێک ئەم ڕێوڕەسم و پەرستشانە دانراون، کاتێ دەبینی ڕیزەکانی نوێژ و وەستانی عەرەفات ڕوحی نەهێشتنی جیاوازی نەتەوەیی و چینایەتی و ڕەگەز و زمان و فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو بنەبڕدەکا، کەواتە ئەوەی چوو بۆ ئەو دوو پەرستشە و لەو دوو مەبەستەی جێبەجێ نەکرد ئەوە نە نوێژی بە کۆمەڵی کردوە و نە حەج.

ناسینی ڕوح و مەبەستەکانی بنەماکانی دین چارەسەر و دەرمانخانەی دنیا و قیامەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە.

٢٨-لە نمونەی بیست وهەشتی ماڵی ئیسلام، جیهان لە وێنا کردنی ئیسلام زیندانێکی گەڕۆکە بۆ سێ یاوەر و هاوڕێ کە لە جەنگێک دواکەوتوون کە پێغەمبەرەکەیانﷺ داوای نەفیری گشتی لێکردبوون و ئەوان نەچوون، سەدان

کەسی دووڕوو بە سوێندی درۆ خۆیان پەڕاندۆتەوە، کەچی ئەم سێ کەسە ڕاستگۆیە بە هۆی ڕاستییەژی خۆیان لە لایەن گەڕەک و مزگەوت و تیرە و بنەماڵە دەنگیان لێوەرگیراوە، ژنەکانیان نێردراوەتەوە ماڵی باوکیان، وایان لێهاتووە کەس نایاندوێنێ و کەس کارێکیان بۆ ڕاناپەڕێنێ، شا و سەرکردەکانی کافرەکان بەم دەنگدابڕینەیان زانیوە و ئەم سێ کەسە بانگی لای خۆیان دەکەن.

ئەم هەموو مەینەتە بۆ ئەم سێ کەسە بۆچی؟ چونکە ئیسلام دینێکە بۆ هەزاران ساڵ و دەیان سەدە، دەبێ لە ژیانی پێغەمبەرەکەی و یاوەرانی هەموو نمونەکانی بۆ هەموو چین و توێژێک تێدابێ، ئەوە حوکمی دزی و بوختان و زینامان زانی، ئەی سزای سەرپێچی سەربازی؟

وە ئەمە وانەیەکە کە سەربازەکان هەڵدەنێ لەسەر ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و ئارامگری لە کاتی سەپاندنی سزادا، وە پێشماندەڵێ کە سەربازی گوێڕایەڵ و دڵسۆز کەمتر تووشی ئەوسزایە دەبنەوە و دەگمەنن، چونکە ئەگەر کورتانی وشترەکەشیان هەڵگرتبێ وەک ئەبوزەڕ هەر بە پێشەواکەیان دەگەن، بەڵام ئەو کەمە ناوازە کە تووشی ئەو بارودۆخەدەبن دەبێ وانەیەک هەبێ لە ژیانی پێشەوای مرۆڤایەتی و لە نێو قورئانی کەتەلۆکی مرۆڤایەتیش چەند ئایەتێک کە ئەو بابەتە چارەسەر بکەن، ئابەم شێوە دوای چەند مانگ لەم دەنگدابڕانە ئایەتی تۆبە وەرگیرانیان بۆ هات و

لێبوردنی ئیلاهیان بۆ دەرچوو و خێر و بەخشینی گەورەیان بەم بۆنەیەوە کرد و خەڵکی دەستە دەستە پیرۆزبایی لێکردن.

خۆ لەگەڵ ئەم سێ کەسە سەدان کەسی دەغەڵ و دووڕووش هەبوون کە لەو جەنگە دوا کەوتبوون، بەڵام هاتن سوێندی بە درۆیان خوارد و پاساوی بە درۆیان هێنایەوە و کەسیان سزا نەدران لە دنیا، ئەمانە کەسانی زۆرینەن لە سەرپێچیکار و یاخی لە دەستوور کە بەرژەوەندیپەرست وهەلپەرست و درۆزنن، سزادانی هەموویان وادەکا ئەو دووڕوانە ببنە بەرە دژی مسوڵمانان کە ئەمەش دەیانکاتە قەوارە، بەڵام کە پشتگوێ بخرێن ئەوانە هەمیشە لە بەر بەرژەوەندی پەرستی لەگەڵ یەک ناکۆکن و نابنە بەرەی دژ بە ئیسلام.

ئەم سێ کەسانە نمونەی ئەیوب -علیه السلام- پێشکەش دەکەن و ئارامی و خۆگری لەسەر بەڵا و مەینەت زۆرلە نەخۆشی زەحمەتترە.

٢٩- لە کۆتا وێنەی ماڵی ئیسلامدا تەواوترین وێنەی ئیسلام و لووتکە و چڵەپۆپەی ئیسلامە، جیهادی هێرش کردن و جیهادی -فەتح وتەلەب- لەم قۆناغەدا دەبێتە ئەرک، ئەوەیە فەرموودەکە دەفەرمووێ: جیهاد لووتکەی هەرە بەرزی ئیسلامە، واتە تا نەگاتە ئەو قۆناغە ئەم جۆرە جیهادە نابێتە ئەرک.

ئەم سەرکەوتن و ئارامگرتن و کۆمەڵگا تۆکمەییە لە نمونەکانی پێشوو باسمان کرد چەندین سەرکەوتنی گەورەی لەگەڵ خۆهێنان، ئیسلام گەیشتە عەمان و یەمەن و بەحرێن و نەجد و ئیحسا و تەبوک و سەر سنوری شام .

تەواوی دورگەی عەرەبی کۆنترۆڵ کراوە و نە قوڕەیش و نە جولەکە و هاوپەیمانانیان نەماون و ئیسلام حاکم و فەرمانڕەوای ناوچەکەیە و پەیامی بە جیهانی بوونی گەیاندۆتە پاشا و سوڵتانەکانی جیهان و هەموو لایەنە پەرستش و سەودا و بنەما یاساییەکان تەواو بوون و بەئایەتی: الیوم اکملت لکم دینکم، دینی کامڵ و تەواو لە پڕەنسیپ و پڕاکتیزەکردن هاتووە.

نێردە و وەفدی تیرە وخێڵە عەرەبەکان و کەمینە دینیەکانی جولەکە و مەسیحی نەجران و پاشاکانی ناوچەکە پۆل پۆل دێن و ئیسلام زۆر بە خێرایی ئاسۆکانی فراوان دەبن، لە گوتاری حەجی ماڵئاوایی هەرچی دیاردەی هاوبەش پەرستی و وێنە و پەیکەرپەرستیە لابراوە و ژمارەی یاوەران بۆیەکەم جار سەدهەزاری تێپەڕاندووە و وتارە بە ناوبانگەکەی حەجی ماڵئاوایی ڕێسا گشتیەکانی دینەکەی زیاتر بە جیهانی کردوە، پێشەوامانﷺ بەگوێی هەمووانی داداوە کە ئیسلام پەیامێکی جیهانیە، بنەما و ڕێساکانی بۆ سوڵتان و ئیمپراتۆرەکان ڕوون کرانەوە، اللە بنیاتی یاسایی و شەرعی و بیروباوەڕی عەقیدەیی تەواوکرد، ئەمە کۆتا نمونەی

شێوەی کاملّە بۆ -دارالاسلام- و فەرمانڕەوایی و حوکمڕانی و پەرستش و سەوداو مامەڵە و ئاڵوگۆڕەکانی ئابوری و دیاردە کۆمەڵایەتی و هزری و ڕۆشنبیریەکانی.

لەم بیست ونۆ وێنەیە تەنیا کۆتا دیمەنیان ئیسلامی تەواوە و کاملّە، پێغەمبەرایەتی و پەیام وشەرع لە نمونەی بیست م نۆ تەواوبووە، لە نمونەکانی پێش ئەو -دارالاسلام- و شەریعەت و یاساکان و پێغەمبەرێتی جارێ ناتەواون، کاملّ نین، بەڵام ئایا دەبێ مسوڵمان هەرلەسەرئەو دوا نمونەی یبیست و نۆ ڕاوەستێ بە لەوەکەمتر ڕازی نەبێ؟

مێژوو و ئێستا و ڕەوتی کرداری ئیسلام پێماندەڵێ، کە دەیان جار ئیسلام و دەڵەت وحوکمەی گەڕاوەتەوە ماڵی ئەرقەم و ئەشکەوتی حەڕا و خۆی لە ماڵی خەدیجەکان داپۆشیوە و لە شیوی ئەبوتالیب چۆتە پەنای ئەبوتالیبە موشریکەکان و جارجارەش حکومەتی دەستووری لەگەڵ جولەکە و جگە لەوانیش پێکهێناوە و شانبەشان جوولەکە و گاورەکان شەڕی مەغۆل و سۆفیەتیان کردوە و،،،هتد.

هەروا پەیامبەریش ﷺ هەواڵی ئەوەی پێداوین کە ئیسلام نامۆ دەبێتەوە و وەک مار دەچێتەوە کونەکەی خۆی و دەسەڵاتی نامێنێ و دەبێتە دەستە و تائیفە و کەمینە و،،،هتد.

کەواتە ئەو پارت ودامەزراوە و بانگەوازانەی دەچنە نێوڕەوتی سیاسەت و باوەڕبە دەست بەدەست کردنی دەسەڵات دێنن، لە سەرئەم نەخشە ڕێگایە، کە حاکم بوون

ئەوە پێشەنگیان حوکمی هاوپەیمانی جولەکە و پێغەمبەرە ﷺ، کە سەرنەکەوتن و لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی جیاواز لە خۆیان بوون ئەوە لە دۆڵی ئەبوتاڵیبن، وە کە لە تاراوگە بوون ئەوە لەگەڵ جەعفەرن، وە کە لە شەڕی پارتیزانی دابوون لەگەڵ ئەبووبەسیرن،،،هتد.

بەکارهێنانی فۆڕم و شێوە بەڕێوە بردنەکانی دیموکڕاتی و لیبڕاڵی و سەرمایەداری و دەرەبەگایەتی و پارێزکاری و سۆشیالیزمی و کۆمۆنیزمیش لەم چوارچێوەدایە، پێویستە وەک چۆن کە پێشەواکەمانﷺ و یاوەرانی دەیانزانی کە دەمارگیری بنەماڵەی هاشمیە هاوبەشی دانەرەکان بۆ پێغەمبەرﷺ و یارانی بۆ قیامەت هیچ سودێکی نیە کە ئیمان نەهێنن، بەڵام لەڕووی دنیایی نابێ هەڵسوکەوت ونەیاری مسوڵمان لەگەڵ ئەو ناوەندە کافرە وهاوبەشی دانەرەی کە ئازادیت دەداتێ بۆبانگەواز، وەک ئەبوتالیب بەرگریت لێ دەکا، نابێ وەک ئەبو جەهل وئەبولەهەب و ئەو ڕژێمە نەیارانە و دەوڵەتە دژانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەی، کە هەموو ئازادیەکی بانگەواز کردن و چالاکیەکی دینی دەخنکێنن و هیچ بواری نادەنێ، ئەوەتا پێغەمبەرﷺ تا دوا هەناسەی ئەبوتالیب، بانگی دەکا بۆ ئیسلامەتی، ئەبودوغنە کە لە دوای مردنی ئەبوتالیب پەنای داوە، لەبەدر دەفەرموێ کە ئەبودوغنە زیندوو بوایە و داوای ئازادکردنی ئەم دیلانەی بکردایە هەموویانم بۆ ئازاد دەکردن.

لەم سەردەمەشدا ئەو ڕژێم و شێوە بەڕێوەبەری و سیستەمانەی باسمان کردن، کە بە کەڵکی هەریەکێک لەو شێوانە هاتن با مسوڵمانیش بۆی دڵسۆزبن، بەڵام دڵسۆزیەکەیان لێ نەبێتە بیروباوەڕ و بنەما، دڵسۆزبن بۆ دیموکراتیەت و لیبڕاڵی وەک چۆن ڕێبوارێک دڵسۆزە و بەتەنگ ئەو پێڵاوانەوەیە کە لە پێیاندەکا و دڵسۆزە بۆ ئەوگوێدرێژەی سواری دەبێ، چونکە بێ ئەوان ناتوانێ ڕێ بکا و شەو لەو بیابانە گورگ دەیخوات، کە لە نێو جەرگەی نەفامی و ستەمی مەکە دورگەیەکی دەمارگیری تیرەگەری دەبێتە هۆی پاراستن و مانەوە و قۆناغ تێپەڕاندنی پەیامبەر ﷺ و ئیسلام و شوێنکەوتوانی، کە ئەبوتالیب دەمرێ بۆی خەمباردەبن.

کۆمەڵێکی دیکە لە ژێرباڵی نەجاشییەکی مەسیحی دەحەوێنەوە و کاتێ نەجاشی توشی شەڕدەبێ خەمبار دەبن و دوعای سەرکەوتنی بۆ دەکەن، لەمڕۆشدا بەهەمان شێوە مسوڵمانانێک لە ئەوروپا و ئەمریکا و ئوسترالیا لە ژێر باڵی چەند پرەنسیپ و یاسایەک حەواونەوە، یان لە وڵاتەکانی خۆیان چەند یەکەیەکی ئیداری و بەڕێوەبردن هەیە و وڵاتەکان وەک شیوی ئەبوتالیبیان لێ هاتۆتەوە.

کاتێ یەکێ لە یاوەران دەچێتە حیرە و دەبینێ زەردەشتیە مەجوسەکان کڕنوش بۆ مزربانەکانیان دەبەن، ئەو هەر چەندە قورئانیشی خوێندۆتەوە کە سوجدە بۆ جگە لە زاتی اللە نابێ، بەڵام پاڵنەری لاسایی کردنەوە ئەم ڕاستیەی لە بیردەباتەوە ودێ سوجدە بۆ پەیامبەر ﷺدەبا.

پەیامبەری مامۆستای مامۆستایان ﷺ بە سەریدا ناشیرێنێ وکافری ناکا و نالێ تەڵاقت کەوت و لە ئیسلام دەرچووی، بەڵکو تەنیا بنەما قورئانیەکەی بیردێنێتەوە کە لە دینی ئیسلام سوجدە و هەموو عیبادەتێک تەنیا بۆ زاتی اللە یە .

لە چیرۆکی (زات ئەنوات) کەپەرستراوێکی سەردەمی نەفامی بوو، هەندێ لە هاوەڵان داوایان کرد ئەوانیش (زات ئەنوات) یان هەبێ، پەیامبەرﷺ فەرموی: ئێوەش وەک بنەماڵەی ئیسرالیەکانتان گوت، کە ئەی موسا وەک چۆن ئەو کافرانە پەیکەر و پەرستراویان هەن، بۆ ئێمەش شتێکی لەوشێوە بڕیار بدە.

بەڵام موسا فەرموی: ئای کە چەند گەلێکی نەفامن!!

ئەمە شێوازی ڕاستکردنەوەی ناڕاستەوخۆی هەڵەیە بە چیرۆک و سەرگوزەشتەی ڕابردوان، کە ئەوانە تێدەگەن کە ئەوهەڵوێستە و بکەرانی لە مێژوودا سەرکۆنە کراون بۆیە داواکەی ئەمانیش داوایەکی هەڵە و ناڕەوایە.

بەڵام بۆ وڵامی ئەو پرسیارە کە چۆن دوای دابەزینی گشت بنەماکانی دین و کامڵ بوونی شەرع، ئێستا ئوممەت بگەڕێتەوە قۆناغی مەکی؟ ئەی ئەو حوکمە شەرعیانەی وەک نوێژەکان بە کۆمەڵ و جومعە و ڕۆژوو و حەج و جۆرەکانی کڕین و فرۆشتن و حەرام بوونی ڕیبا و مەی و گۆڕانی قیبلە و قۆناغەکانی فەرز بوونی جیهاد چیان بە سەردێ؟؟

بۆ ئەمەش دەڵێم ئەم حوکمانە هەر لە نێو کۆمەڵگای ئیسلامی ئەم ڕاگرتنەیان تێکەوتووە، بۆ نمونە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامی و گشت جیهانیش باشترین تۆڕی کۆمەڵگا و دیندارترینیان تووشی مەینەتی زیندان بوون، ئەوانەی تووش بوون زۆریان خاوەن سامانیش بوون، لەو ماوەیەدا جومعە و نوێژی جەژن و حەج و جیهاد و زەکاتدان و زۆر حوکمی شەرعی دیکە کە نەیانتوانی جێبەجێی بکەن، ئەمانە هەروەک گەڕابنەوە پێش شیوی ئەبوتالیب وهێشتا لە مااڵی ئەرقەمن وابوو، کە هیچ شتێکیان بە ویستی خۆیان نەبوو، لە مەشدا ڕێسای زەروە و پێویستەکان کە لە نێو (قەواعیدی فقە)یدایە ئەمە دەگرێتەوە.

ئەم حوکمانە تەنیا هەر لە سەر دیل و زیندانیەکان نا، بەڵکو ملیۆنەها ئاوارەی لە وڵات هەڵکەناو لەو وڵاتانە بۆ وڵاتێکی دیکە، یان لە شارێک بۆ شارێکی دیکە، یان ئاوارەی ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی ئاسیا بوون، دیسان ئەوانیش ناتوانن حەج بکەن، مااڵیان تەجمید کراوە و ناتوانن زەکات بدەن، ئەمانەش هەروەک پێڕەکەی ئەبوبەسیر و ئەبوجەندەلن و تەنیا خۆیان دەرباز بوون.

یان دوور خراونەوە لە وڵاتەکەیان لە ژێر مانەوەی بە زۆری دان، ئەمەش وەک یارانی جەعفەر وان لە حەبەشە، لە پەرستش و کڕین و فرۆشتنیش (لا یکلف الله نفسا الا وسعها)، ئەمەش ڕێسایەکی دیکەی ڕێسا فقهیە گشتگیرەکانە.

بەم شێوە پەیامبەر ﷺ نەخشەڕێگای تەواوترینە بۆ هەموو قۆناغەکانی هەمووچین وتوێژ و نەتەوە و پێکهاتەکان لە هەموو کیشوەرەکان، بەم تێڕوانینە جیاوازی مسوڵمانان ڕەحمەتە و کاری یەکدی تەواو دەکەن.

جیاوازیەکەیان بە پێی ئەو بارودۆخانە و چۆنێتیانە کە ئەوانی تێدان و لە وێکچوترین شێوە لەوبیست و نۆ شێوەی باسمان کرد لەگەڵ قۆناغی ژیانیان، یان یەک دوو شێوە تێکەڵ دەکەن، بە پێی ئەو قۆناغ و بارودۆخەی تێیدان، چونکە پەیامبەری سەرمەشقمان ﷺ نەخشەڕێگەی هەمووانە، ژیانی هەموان لە خۆ دەگرێ، پازدە سەدەیە نەک هەر ئوممەتەکەی بەڵکوو هەموو قەوارە و دامەزراوەکانی مرۆڤایەتی بە دەرنین لە یەکێک لەم حاڵەتانە، چونکە موحممەد ﷺ نەخشەڕێگای هەموو مرۆڤایەتیە بە هەموو ژیار و شارستانی و پێکهاتەکانی.

بۆیە هەموو مرۆڤایەتی لەم وێنە و هەڵوێستانەی ژیانی پێشەوامان ﷺ دەرناچن، ژیانی ئەو هەموو وێنە و شێوەکانی دامەزراوەکان و پارتەکان و کۆمەڵگا و توێژ و نەتەوەکان و هاوپەیمان و دەوڵەتەکان لە خۆدەگرێ، چونکە ئەو بە ڕەحمەت بۆ هەردوو جیهان نێردراوە بۆ پێشەنگی گشت مرۆڤایەتی.

ئەگەر لە تێڕوانینی دەلاقەی مەبەستەکانی شەرع پێوانەیەکمان بۆ چۆنێتی ئیسلامی بوونی دەوڵەت و حوکمڕانیەکان دەسکەوتبێ، ئەوە لە وێستگەکانی ژیانی پێشەوامانیش ﷺ ئەم تێڕوانینە بۆ چۆنێتی ئیسلامی و شەرعی بوونی دەوڵەت و

فەرمانڕەوا تا دەگاتە چۆنێتی ئیسلامی بوونی تاکێک و خێزانێک و بنەماڵە و خێڵێک و قوتابخانەیەک و جالیەیەک وەدەستە و پارت و حزبێک و گەڕەکێک و گوندێک و شارێک و فراکسیۆن و مەفرەزەیەک و سەربازگەیەک و نۆرینگەیەک و زانکۆیەک و باوکێک و دایکێک و جگەرگۆشە و هاوسەرێک،،،،هتد دەسدەکەوێ.

هەموو ئەمانە کەی شایانی ئەوەن پێیانبگوترێ ئیسلامین ؟ باخۆیان لە بەردەم ئاوێنەی ئەم بیست ونۆ خاڵەی ژیانی پەیامبەرﷺ ڕانوێنن تاکو بزانن کە ئیسلامین و لەسەرپەیڕەوی شەرعن یان نا؟؟

چونکە هێڵە گشتگیر و ڕێسا و هاوکێشەکانی دین و شەرع کەم و دیاری کراون، بەڵام حاڵ و بارودۆخی خەڵک لە تاک و کۆمەڵگا لە ژمارە نایەن، بۆیە دەبێ هەمیشە هەڵێنجەر و ڕوپێوو موجتەهید و موجەدیدەکان خەریکی قیاسکردن و هەڵێنجان و ڕۆشنکردنەوە و لکاندنی ئەو ملیارەها حاڵ و بارودۆخانە بن بەو چەند حوکم و ڕێسا و هێڵەگشتیانە، بەمەش شەریعەت و دین نەمردەبێ و ئیسلام نوێ دەبێتەوە، جا ئەم کارە لە ئەنجومەنی ڕاوێژ و دادگا و ڕێکخستن و قەزا و یاسادانان و پەرلەمان دەکرێ، هەر ئەرکێک و قەدەغەکراوێک لەسەر خەڵک کە لەو ئەنجومەنە بڕیاری لێدەدرێ ڕوون دەکرێتەوە کە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی کام لە مەبەستەکانی دین و شەرعە؟.

بوونی ئەوئەنجومەنانە و بوونی کەسانی شارەزا وموجتەهیدیش فەرزی کفایەیە و نەبوونیان وادەکا هەموو ئوممەت گوناهباربێ، چونکە بوونی ئەم یاسادارێژە هەموارکەرانە وادەکات ئیسلام بە زیندوویی و کارایی بمێنێتەوە و نەبوونیان دەبێتە هۆی مردنی ئیسلام.

بۆیە ئەوانەی دژی بوونی ئەم موجتەهیدانەن ئەوە لەگەڵ دوژمنانی ئیسلام بەشدارن لە داڕوخاندنی ئیسلام، وە ئەوانەش کە هەوڵی پێگەیاندن و دروستکردن و نوسین لەسەرئەوپایە دەنوسن ئەوانە موجاهید و موجتەهید و خەباتکاری ڕاستەقینەن و ڕێنمایی کراون.

ئەم بەرهەمەی بانگخوازی کارامە و لێوەشاوە: مامۆستا حەسەن علی بۆسکێنی ، کەلەبنەڕەتدا وەڵامدانەوەی چەند بەرنامە و پرس وروژاندنێکن کە مامۆستا و میدیاکاری بوێر: مامۆستا سەلمان کۆچەری لێی کردون و مامۆستا حەسەنیش وەڵامی داونەتەوە، هەوڵێکی نۆبەرەیە لەو بوارە.

کاری من لەم بەرهەمەدا لەم چەند خاڵانە دایە:

١-نوسینی ئەم ڕێخۆشکردنە.

٢-پێداچوونەوەی دەقەکە و تەواوکردنی ئایەتە قورئانیەکان و ژمارەی ئایەت وناوی سورەتەکان و تەفسیری ئایەتەکان.

٣-نوسینی پەراوێزەکان کە ئەمانە لە خۆ دەگرێ:

-تەخریجی فەرمووده و ڕوداوە مێژوویی و گوتەی پێشینەکان.

-پێناسەی زاراوەیی و زمانەوانی چەمکە گرنگەکان.

-هەر چەمکێک پێویستی بە باسی شێواز و جۆر و فتوای زانایان هەبوو بێ ئاماژەم پێیانکردوە.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم بەرهەمە سەرەتایەک بێ بۆ بەرهەم و کاری تەواوتر لەو بوارە و پەرەوەردگاری میهرەبانیش بە بەزەیی خۆی ئەم کارەمان لێوەرگرێ.

اللهم استعملنا في مرضاتك ولاتستبدلنا، وهييء لنا من يعيننا على ذلك، إنك على كل شيء قدير.

بەندەی حەوجێ بۆ دوعای خێری مسوڵمانان.

محمد عزيز لۆتەری

بەرە بەیانی جومعە

١٦- ٢ -١٤٤٥/ ١ -٩ – ٢٠٢٣

دەروازەی ڕاپەڕین/گەڕەکی کێوەڕەش

١- بەرنامەی یەکەم:

ناساندنێک بۆ چەمکی حوکمڕانی لە ئیسلامدا:

أيها الناس فإني قد وليت عليكم ولست بخيركم، فإن أحسنت فأعينوني، وإن أسأت فقوموني، الصدق أمانة، والكذب خيانة، والضعيف فيكم قوي عندي حتى أريح عليه حقه إن شاء الله، والقوى فيكم ضعيف حتى آخذ الحق منه إن شاء الله، لا يدع قوم الجهاد في سبيل الله إلا ضربهم الله بالذل، ولا تشيع الفاحشة في قوم قط إلا عمهم الله بالبلاء، أطيعوني ما أطعت الله ورسوله، فإذا عصيت الله ورسوله فلا طاعة لي عليكم".

البداية والنهاية ا الصفحة أو الرقم : ٢١٨/٥ ا خلاصة حكم المحدث : إسناده صحيح

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆفەرهەنگەکان ئەوا هەم لە زمانی کوردی هەم لە زمانی عەرەبی ،حکومڕانی بە کاردەهێندرێت بەڵام لە ڕووی زمانەوانیەکەوە گرنگە باشتر لێی ورد ببینەوە، چونکە شەریعەتی ئیسلامیش چەمکی حکومڕانی بەکارهێناوە وشەی حوکم لە بنەڕەتدا ئەو سێ پیتە (ح،ک،م) کە داندراوە بۆ مەنعی زوڵمە، مەنعی ستەم وستەم کارییە، ماناکانی لە دەوری ئەوە دێن ودەچن بۆنموونە، حاکم بۆحوکم دەکات هەتا زوڵم نەهێڵیت، لە بەرامبەردا تا یەکسانی جێبەجێ بکات، حیکمەت بۆ

پێیگوتراوە حیکمەت چونکە بە مانای فەهم و تێگەیشتن دێت، مەقاسید و ئامانج بە دوایدا دێت، بۆچی؟

بۆ ئەوەی نەزانی نەهێڵێت و دژی زۆرداری بوەستێتەوە.(١)

بەڵام ئەگەر بە مانا فراوانیەکەی سەیری بکەین بریتییە لە:

ئیدارە و بەڕێوەبردنی وڵات لە ڕوی سیاسی و ئابوری لەسەر هەبونی بنەما بنەڕتییەکان کە پێویستە لە حوکمێکی ڕەشید و ڕاستدا هەبن .(٢)

کەواتە ئەو کەسەی کە جوانترین ئیدارەی وڵات دەکات لە هەموو پێکهاتە و لایەنەکانەوە، بەوە دەڵێن حوکمێکی ڕاشید و ئیسلامی، چەندە تەتبیقی دادگەری جوانتربکات و چەندە ئیدارەی وڵات جوانتر بکات، چەندە خۆشگوزەرانی، ئاوەدانی، پێشکەوتن بۆ وڵات زیاتر بەدی بهێنێت، بەوە دەڵێن حوکمێکی دادپەروەر و ڕەشید، کەواتە ئەم مانا و لێکدانەوانەی سەرەوە هاو واتایە لەگەڵ ئەو پێناسەی لە ڕوی یاساوە کە لە بارەی بەڕێوەبردنەوە دەڵێت:

بەڕێوەبردن واتە: ڕێکخستنی نێوان تاک ودەوڵەت، بەڵام هەردوو ماناکە لەگەڵ ئەوە یەک ناگرێتەوە کە لە ئاینی مەسیحیدا دەگوترێت: بەڕێوەبردن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان خودا و بەندەکەیەتی، لە ئیسلامدا چەمکەکە فراوانترە بە جۆرێک لە دەقە قورئانییەکاندا بە تەواوەتی بابەتی بەڕێوەبردن و دەسەڵات ڕوونکراوەتەوە

لە بواڕەکانی دین ودونیادا، پەیوەندی خودا و بەندەکانی، پەیوەندی مرۆڤەکان بە مرۆڤەکانەوە، پەیوەندی مرۆڤ بەخودی خۆیەوە، باسی جەنگ و خێزانەکان، باسی ڕوح و جەستە، باسی ڕابردوو داهاتوو، باسی ڕووداوە مێژوییەکان، باسە زانستییەکان . (٣)

بۆیە کە پێغەمبەری خودا (د.خ) کە هات، ئایا تەنها لە دەوری کەعبە سوڕایەوە و بەس دینداری و خوداپەرستی کرد؟ نەخێر، هات مزگەوتی دروست کرد، پەیوەندی برایەتی لە نێوان مسوڵمانەکان دروست کرد، کۆچی کرد، دەستوری نوسییەوە، کۆکردنەوەی (بەیت المال) و دروستکردنی سوپا و بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی شەڕەکانی کرد (٤)، لە ڕووی ئابووری و پەیوەندیکردن بە وڵاتەکانەوە، فراوانکردنی قەڵەم ڕەوی سنوری جوگرافی ئیسلام، چەندین مەسەلەی دیکە کە ئەوە دەسەلێنن کە پێغەمبەر (د.خ) گرنگی زۆری داوە بە مەسەلەی بەڕێوەبردن، دوای کۆچی دوای ئەو لەبواری کرداریدا خیلافەی ڕاشیدن (٣٠) ساڵی خایاندوە، خیلافەی ئەمەوی (٩٠) ساڵی خایاندوە، خیلافەی عەباسی(٥٠٠) ساڵی خایاندوە، خیلافەی عوسمانیەکان (٤٠٠) ساڵی خایاندوە(٥)

لێرەدا مەبەستەکە ئەوەیە بە درێژایی مێژووی ئیسلام مەسەلەی بەڕێوەبردن گرنگی زۆری پێدراوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە بەڕێوەبردن و دەسەڵاتداری لە سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی جێگای ڕەخنە نەبێت، ئەوە بابەتێکی تڕە،

بەڵام شتێکی ڕوونە کە سەڵاحەدینی ئەیوبی لە قودس زۆر دادگەرتر بوو لە ڕۆمەکان، ئەمە هەر بە نموونە.

مەسیحیەت دوو کەس تێکیاندا زاناکان و دەسەڵاتدارەکان، کەسێک بە ناوی (بۆڵس) بە ناوی عیلم وعولەماوە کابرایەکی جۆلەکە دزی چەتەبوو خۆی کرد بە مامۆستا و دەڕۆی بەرە و شام وتی: عیسا هاتۆتە سەر ڕێگام وتی: من جێگری عیسام خەڵکەکەش لە جێگای عیسا دایان نا، ئێستا لە ناو ئینجیلدا چواردە نامەیە کراوەتە دین (٦)

دووەم قوستەنتین یەکێک بووە لە پاشا و دەسەڵاتدارەکانی ڕۆم، خەڵکی بە زۆری زۆرداری تووشی هاوبەش دانان کرد بۆ خودا، دژایەتی یەکتاپەرستی (تەوحید)ی کرد(٧).

بۆیە ئەو کەسەی کە دەڵێت دین تەنها بریتییە لە پەیوەندی نێوان خودا و عەبدەکەی ئەوە زۆر نەزان و هەڵەیە، لێرەدا تا ڕادەیەک مامۆستایانی ئاینیش کەمتەرخەم بوونە لە شینەکردنەوەی چەمکی بەڕێوەبردن لە ئیسلامدا و بە شێوازێکی فراوان باس نەکراوە، ئەگەر ئەو پرسیارە بکرێت ئایا کەی و چۆن و لەچ سەردەمێک و بۆچ گەلێک دەبێت سوڵتە و ئیدارە و دەستوورێکی ئیسلامی جێبەجێ بکرێت ؟ ئەو کاتە دەکرێت کە فەزایەکی ئازاد هەبێت، جیاوازی قبوڵ بکرێت، دەبێت سیادە و دەستوور و قانونێکی ئیسلامی هەبێت، دەبێت شورا هەبێت

و دەسەڵات بۆ خەڵک بێت، دەبێت بەشداری ڕاستەقینەی خەڵک هەبێت لە دەسەڵاتدا، دەبێت ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هەبێت، شەفافیەت هەبێت و خزم خزمێن نەبێت، بەجێبەجێکردنی بنەماکانی حوکمێکی سەرڕاست (ڕاشد) بە یەکسانی بۆ هەموو خەڵک دەکرێت لە هەرشوێن و کاتێکدا حوکمێکی ئیسلامی جێبەجێ بکرێت.

هەندێک دەوڵەتی ئیسلامی پێیانوایە کە دەبێت مسوڵمانانی عێراق و کوردستان تەنها خۆیان خەریک بکەن بە دەعوە و بانگەوازی دین و خودا پەرستی و خۆیان بە دوور بگرن لە مەسەلەی سیاسەت و بەڕێوەبردن، بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە دەبێت ئەوەی یەکەم نەکەین دووەمیان هەڵبژێرین بەڵام ڕای دروست ئەوەیە کە دەبێت هەردووکیان بەیەکەوە جێبەجێ بکرێن، جیاوازی نێوان دەستوور و بەڕێوەبردنی ئیسلام و علمانی لەوە دایە کە چەند بنەمایەکی گشتی و تایبەت هەیە ئیسلام هەیەتی و دەتوانێت تاک بگەڕێنێتەوە لە خراپەکاریەکان و پابەندی دەستووری بکات و کۆمەڵگا ڕێکبخات، بەڵام ئەوان ناتوانن هەرچەندە ئەوەی ئیسلامیش ڕەها نیە، ڕێژەییە بەڵام سەرکەوتوترە، ئەگەر وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، بۆ نمونە خەڵک لەوە دەترسێت کە بە ناوی دینەوە سوکایەتی بە پیرۆزیەکانیەوە بکرێت بەڵام خودی ئیسلام ڕێگە بەوە نادات .

لە مەدینە پێغەمبەر-درووودی خوای لەسەر بێت- دەوڵەتی دروستکرد جولەکەشی بەشداری پێکردن و هاوڕابوون بەڵام تا ئەوان هەڵنەگەڕانەوە ئیسلام هیچی بەرامبەر نەکردن، ئیسلام بە کرداری بە شێوازی ڕاستەقینە جێبەجێ بکرێت، مافی بێدین هاوشێوەی دینداڕەکە دەپارێزێت، خودا دەفەرموێت:

((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰ أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ))المائدة/ ٨.

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، زۆر بە چاکی هەستن بە ئەنجامدانی شایەتی دادپەروەرانە تەنها لە پێناوی الله، ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەک هەڵتانەنێت کە لە دادپەروەریی لابدەن، دادپەروەربن، ئەوە نزیکترە لە تەقوا و پارێزکاری، دەی کەواتە پارێزلە قەدەغەکراوەکانی الله بکەن و پارێزکاربن، چونکە بە ڕاستی الله ئاگاداڕە بەو کار و کردەوەیەی کە دەیکەن.

((وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّا أَن يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ وَأَن تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ وَلَا تَنسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِير))ٌ البقرة/ ٢٣٧ .

واتە:خۆ ئەگەر ژنانتان تەڵاقدا پێش ئەوەی بچنە لایان، لە هەمان کاتیشدا مارەییتان بۆ دیاری کردبوون، ئەوە دەبێت نیوەی مارەییە دیاریکراوەکەیان بدەنێ، مەگەر

خۆیان نەیانەوێت و چاوپۆشی لێبکەن، یان ئەو کەسە چاوپۆشی بکات کە مارە بڕینەکەی بە دەستە، چاوپۆشی و لێبووردنتان لە مافی خۆتان لە پارێزکاریەوە نزیکترە و چاکە و پیاوەتی نێوان یەکدی فەرامۆش مەکەن، بە ڕاستی اللە بینایە بەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

دادپەروەری نەبەسراوەتەوە بە مسوڵمان جوانیەکەی لەوە دایە لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا دادپەروەربیت، بۆیە کەرامەت، ئازادی، بیروباوەڕ، ڕەوشت، ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی و زۆرداری هەموو ئەو بنەمایانە لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی ئیداری و دەستووری ئیسلامدا تاک پارێزراوە، بۆیە حوکم بەزاراوەی ئوسوڵی فقە (خطاب اللە المتعلق بافعال المكلفين...)(٨) حوکم بەمانای حاکمیەت و دەسەڵاتداری جیاوازە، ئەو حاکمیەتەی شەریعەت دەیەوێت.

((يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ)) ص/ ٢٦

واتە: ئەی داود: بە ڕاستی ئێمە تۆمان کردۆتە جێنشین لەسەر زەوی، فەرمانڕەوایی لە نێوان خەڵکدا لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی ئەنجام بدە، هەرگیز شوێنی ئارەزوو مەکەوە، تا نەبێتە هۆی گومڕاکردن و لادانت لە ڕێبازی اللە، چونکە

بێگومان ئەوانەی لە ڕێبازی الله لادەدەن، سزای بە ئێش و پڕ ئازار بۆیان ئامادەیە، بە هۆی فەرامۆشکردنی ڕۆژی لێپرسینەوە.

واتە لە نێوان خەڵدەکرێت حوکم بەسەر هەموو کەسێکدا بکرێت بەمەرجێک ئەو گەلە حوکمەکەی قبوڵ بێت، ناکرێت بە زۆری زۆرداری خۆت بە سەر خەڵکدا بسەپێنیت، دەبێت دەرفەت بەخەڵک بدەی ئەوان ڕازی بکەی باوەڕت پێ بهێنن، بەو شتانە یان ئەو پەیامەی پێشکەشیان دەکەی، بۆیە بەدرێژایی مێژوو تا کو ئەمڕۆش ئیسلام و گەلی ئیسلام لەسەر زەوی تاکە دین و گەلە کە لەگەڵ کەمە نەتەوە و دینەکان ژیاوە و گونجاوە وخۆی گونجاندوە.

پەڕاوێزەکانی بەرنامەی یەکەم:

(١)حکم لە فەرهەنگەکانی عەرەبی بە واتای پاوانێکی پتەو و پەرژین و قەڵایەکی بەهێز و پتەو و نهێنی و پەناگەیەکی پتەو دێت.

کە الله (حکیم واحکم الحاکمین) ە واتە زۆر بەهێز و پتەوە و کەس دەرک بەو پاوانە ناکا کە ئەو بیەوێ بیپارێزێ.

شیعر حیکمەتە چونکە مرۆڤ لە نەزانی دەگێڕێتەوە، حوکمڕانی و دادگا ئەو قەڵایەن کە مافەکان دەپارێزن و ناهێڵن ستەم و بێدادی دروست بێ.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فەرهەنگی : لسان العرب - ابن منظور - ج ١٢ - الصفحة ١٤١-١٤٤

(٢) پێناسەی زاراوەیی بۆ حوکمی ڕەشید یان حوکمی ڕاست یان حاکمیەتی الله هەرلە سەردەمی هاتنی ئیسلامەوە زۆری لەسەرگوتراوە.

چەمکی حوکمڕانی ڕاشد یەکێکە لەو پشکە سیاسیە هاوبەشانەی کە هەردوو ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای لێک نزیک کردونەوە، ئەم نزیک بوونەوەش بە هۆی ئەو گۆڕانکاریە نوێیانەوە دێ کە ئاڕاستە کردنی نوێی لە نێو ڕێکخراوە نێودوڵەتیەکاندا بەدی هێنا، ئەم ئاڕاستە بریتیە لە ڕەوتێک کە هەوڵی چاک کردنی شێوازی بەڕێوەبردن ودامەزراوە نێودەوڵەتیەکان دەدا کە پەیوەندیان بە حوکمڕانی ڕاشیدە وە هەیە، تاکو ئەم دامەزراوانە بەرە و ئاقارێکی باشتر و دادگەرتر و ڕەشیدتر ببەن.

ئەگەر واتای زاراوەیی لە هەمان واتای زمانەوانی وەربگرین ئەوە ئایەتی: إن الحكم إلا لله أمر ألا تعبدوا إلا إياه، لە سوڕەتی یوسف کە دروشمی خەوارجەکان بوو، بە واتای هیچ کەس بێجگە لە الله مافی قەدەغەکردن و پاوانکردن و یاساغکردن و حەرامکردنی نیە، بەڵام خەواریجەکان بە هەڵە لە دەستەواژەی حوکم تێگەیشتوون و نەیانزانیوە کە حکم تایبەتە بە یاساغ و حەرامکردن.

وە لەم سەردەمەشدا ئەبوئەعلای مەودودی و سید قوتب بابەتی حاکمیەتیان زۆر وروژاند و ئەوان حاکمیەت و ئولوهیەتیان پێهاومانا بوو و مەودودی دەڵێ: حاکمیەت و ئولوهیەت دوو چەمکن بۆ یەک ڕاستی.

قەرزاوی دەڵێ: کە بابەتی حاکمیەت زۆرلە پێش سەید و مەودودی، هەرلەگەڵ هاتنی قورئان هەبووە، ئەو حاکمیەتە بە واتای یاساغە لەسەر مرۆڤەکان کە شەرع و یاسایەک دانێن کە

شەرع ڕێی پێنەداوە و ڕەتی کردۆتەوە، بەڵام حاکمیەتی شەرع مرۆڤایەتی لەو مافە قەدەغە ناکا کە یاسا و ڕێسایەک بۆ ڕێکخستنی ژیانی خۆیی و ژینگەکەی دانێ بەو مەرجەی بەر یەککەوتەی نەبێ لەگەڵ شەرع و دین دا.

(٣)حوکمڕانی ڕەشید یان فەرمانڕەوایی باش و چاک=Good Governance: ئەو زاراوەی کە لە لایەن ناوەندەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دامەزراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان پێیدەگوترێ حوکمڕانی ڕەشید یان فەرمانڕەوایی چاک و باش، پێوەری ئەم جۆرە حوکمڕانیە وابەستەیە بە هەر ڕێگایەک کە ڕەفاهیەت و خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ دێنێ، بۆیە ئەم سیستەمە هەوڵ دەدا کە تواناکانی مرۆڤایەتی بەرفراوان کا و بژاردەکانی فرە و هەمەجۆرکا و هەلی کار لە بەردەمیان والا بکات و ئازادی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریان زۆرتر کا .

جا بۆیە هەموو دامەزراوەکان لە چالاکیەکانیان دەبێ ملکەچی هەندێ یاسابن کە پێویستن بۆ بوونی کوالێتی و لێگرتەیی لە هەڵسوکەوتەکان و دەرەنجامەکان.

لەڕاپۆرتی بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ساڵی٢٠٠٢دا هاتووە کە ئەو حکومڕانە ڕەشیدە کە بتوانێ ئاشتی کۆمەڵایەتی بەدی بێنێ و سەروەری یاسا و ڕژێم بپارێزێ و بیمەی کۆمەڵایەتی دابین بکا بە لێهاتوویی.

ئەوەی گرێنتی پایەداری ئەم جۆرە فەرمانڕەوایە دەکا بریتین لەم هەنگاوانە:

١-دەبێ دژایەتی هەموو جۆرێکی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی بکرێ و لێپێچینەوە و شەفافیەت هەبێ، کە لە ئیسلامدا بە بنەمای: من این لك هذا؟ ناسراوە.

أيها الناس فإني قد وليت عليكم ولست بخيركم، فإن أحسنت فأعينوني، وإن أسأت فقوموني، الصدق أمانة، والكذب خيانة، والضعيف فيكم قوي عندي حتى أريح عليه حقه إن شاء الله، والقوى فيكم ضعيف حتى آخذ الحق منه إن شاء الله، لا يدع قوم الجهاد في سبيل الله إلا ضربهم الله بالذل، ولا تشيع الفاحشة في قوم قط إلا عمهم الله بالبلاء، أطيعوني ما أطعت الله ورسوله، فإذا عصيت الله ورسوله فلا طاعة لي عليكم".

واتە : ئەی خەڵکینە، من لەگەڵ ئەوەی کار و باری فەرمانڕەوایی ئێوەم پێسپێردراوە، بەڵام چاکترینتان نیم، جا کە لەم فەرمانڕاواییە چاکەم کرد ئەوە هاوکاریم بکەن، وە کە بە لاڕێدا چووم ڕاستم بکەنەوە، ڕاستگۆ بوون سپاردەیە لە ئەستۆمان، درۆزنی ناپاکیە لەو سپاردە، کەسانی لاواز و بێدەسەڵات لە ناوتان بەهێزن لە لام تا ئەو کاتەی حەق و مافەکانیان بۆ وەردەگرمەوە، کەسانی دەسەڵاتدار لە نێوتاندا لاواز و بێهێزن تا ئەو کاتەی مافی زاوتکراوی خەڵکیان لێوردەگرمەوە، هەرگەلێک واز لە خە بات و تێکۆشان بێنێ بۆ بەرقەرار بوونی سەروەری و پایەدار بوونی عەدالەتی شەرع، ئەوە بێگومان اللە دووچاری سەرشۆڕی و دەستەوستانیان دەکا، وە هەر گەلێک ڕوو بکەنە داوێنپیسی و بەدڕەوشتی دووچاری بەڵا و نەهامەت دەبن، تا ئەو کاتەی ملکەچی شەرعی اللە بووم گوێڕایەڵم بن، کە لە شەرع و فەرمانی اللە و پەیامبەر لامدا هیچ جۆرە گوێڕایەڵی و ملکەچیەکی ئێوە ئەرک نیە و واجب نیە بۆمن.

٢-هەردەم وەرشەیەک بێ بۆ بەرهەمهێنانی کادر و ڕووخساری نوێ و پۆست و پلە و پایەکان زوو زوو بگۆڕدرێن.

ئیسلام یەکەم دین بوو کە لە دانانی پۆستەکان پشتاوپشتی و بەمیراتکردنی پۆستی گۆڕێ ومیکانیزمی نوێی بۆ دانا، بەڵام چونکە خەڵک فرچکیان بەو جۆرە دەرەبەگی و کۆیلایەتیەوە گرتبوو هەتا ئێستاش نەیانتوانیوە بیر و هۆشیانی لێ ڕزگار بکەن.

٣-توێژینەوەی بەردەوام بۆ دیاریکردنی ئامانجەکان لە ڕێگای دەسنیشانکردنی پێویسترین و ئەولەوییاتەکانی کۆمەڵگا، کە لە ئیسلامدا بە (فقه الاولویات) ناسراوە.

٤-خۆلادان لە قەیرانە داراییەکان و کە تێکەوت بتوانێ بە خێرایی و کەمترین زیان لێی دەرچێ.

سەرەکیترین قەیران بە هۆی زیادەڕەوی لە بەهەدەردانی سامان و ڕاکردن بە دوای مۆدێرنی و بەهرەمەند نەبوون لە کارەکاندا ڕووەدا، کە ئیسلام ئەمانەی هەموولە خانەی حەرامەکان داناوە.

٥-لەبەکارهێنانی کەرەستەی خاوەبێ لێهاتوو وکارامە بێ.

((إِنّ اللَّهَ تَعَالى يُحِبّ إِذَا عَمِلَ أَحَدُكُمْ عَمَلاً أَنْ يُتْقِنَهُ))

٦- هەڵکشانی پێوەری داهات و دامەزراوە مەدەنیەکان و بوونی ڕاپۆرتی ڕووپێوی بەردەوام.

قال رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم لرجلٍ وهو يَعِظُه : اغتنِمْ خمسًا قبل خمسٍ : شبابَك قبل هَرَمِك، وصِحَّتَك قبل سَقَمِك، وغناك قبل فقرِك، وفراغَك قبل شُغلِك، وحياتَك قبل موتِك.

المحدث : المنذري | المصدر : الترغيب والترهيب | الصفحة أو الرقم : ٤/٢٠٣ | خلاصة حكم المحدث : [إسناده صحيح أو حسن.

وە تۆ پێویستە سەرەکی هەن بۆ پێوانەی حوکمڕانی ڕەشید کە ئەمانەن:

١-سەروەری یاسابۆهەموان و جیاکرانەوە و سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان.

إنما هلك الذين قبلَكم، أنهم كانوا إذا سرق فيهمُ الشريفُ تركوه، وإذا سرق فيهمُ الضعيفُ أقاموا عليه الحدَّ، وأيمُ اللهِ لو أن فاطمةَ بنتَ محمدٍ سرقتْ لقطعتُ يدَها.

صحيح النسائي ا الصفحة أو الرقم : ٤٩١٤ ا خلاصة حكم المحدث : صحيح.

واتە: بۆیە ئەوانەی پێش ئێوە لە ناوچوون چونکە کە کەسانی دەسەڵاتدارسنووربەزێنی ودزیان بکردایە سزای سەرپێچی یاسایان نەدەدان، بەڵام کە کەسانی بێدەسەڵات سنووربەزێنی ودزیان بکردایە سزای سەرپێچی یاسایان دەدان، سوێند بە اللە کە فاتیمەی کچی محمد دزی بکا دەستی دەبڕم.

٢-بەشداری لە دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردن ومافی دەنگدان بۆ هەموو باڵغەکان .

-((وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ)).

-((وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ)).

٣-بوونی شەفافیەت، چونکە کە شەفافیەت نەبێ ناتوانرێ لێپێچینەوە بکرێ، وە دەبێ هەموو کات هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بتوانن بگەنە پێزانینی و ورد و متمانە پێکراو و لە هەموو بوارەکان.

والله لو رأينا فيك اعوجاجا لقومناه بسيوفنا، فقال عمر: الحمد لله الذي جعل في هذه الأمة من يقوم اعوجاج عمر بسيفه.

تاريخ الخلفاء لابن الجوزي

واتە: یەکێ لەهاوەڵەکان بە عومەری گوت: کە لاڕێیەکمان لە تۆ دیت بە نوکی شمشێر ڕاستت دەکەینەوە، عومەرفەرموی: سوپاس بۆ خوا کە کەسانێک هەن، ئەگەر عومەرلاڕێ بوو ئەو بە شمشێر ڕاستی دەکاتەوە.

٤-وڵامدانەوەی خێرا و باش، واتە هەموو پرۆژە و پلان و بەڵێنەکان دەبێ سەقفی زەمەنیان دیاربێ و لە کات و شوێنی دیاریکراو بە کوالێتی باش جێبەجێکرابن.

لا تؤجل عمل اليوم إلى الغد.

٥-ڕێککەوتن و پێکهاتن و پێکەوەهەڵکردن لە کاتی بوونی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیەکان، دەبێ حکومەت بتوانێ هەموان ڕازی کا.

لا خير فيكم إن لم تقولوها، ولا خير فينا إن لم نقبلها.

وە عومە ردەیگوت: خێرلە ئێوەدا نییە کە بە فەرمانڕەواکانتان نەڵێن پارێزکار بن و لە الله بترسن، وە خێرلە ئێمەشدا نییە کە لێتان وەرنەگرین.

٦-یەکسانی لە ڕەخساندنی هەلەکانی کار و پۆستەکان، دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسایش بۆهەموان بە یەکسانی.

لو عثرت بغلة في العراق لخشيت أن يسألني الله: لم لم تعبد لها الطريق يا عمر!"

أخرجه ابن أبي شيبة في "المصنف" (٣٤٤٨٦) ، والخلال في "السنة" (٣٩٦) ، من طريق أسامة بن زيد.

والله که وشتڕێک له عیراق هەڵبنگوێ لەوە دەترسم که الله پرسیاری ئەوەم لێ بکا بۆچی ڕێگاکەم بۆ تەخت نەکردوە.

٧-کارابوون و چالاکبوون و دەستەوستان نەبوون له به جێگەیاندنی پرۆژەکان به کوالێتی باش و به بێ زیادەڕەویی و به فیڕۆدانی کەرەستە و سامانی گشتی.

((وقل اعملوا فسیری الله عملکم ورسوله والمؤمنون وستردون إلی عالم الغیب والشهادة فینبئکم بما کنتم تعملون)) التوبة/ ١٠٥.

بەو خەڵکە بڵێ: ئێوە هەرچی دەتوانن له کار و کردەوە ئەنجامی بدەن، چونکه بێ گومان بن که الله کار و کردەوەتان دەبینێت و (ئاگاداره به نهێنی و ئاشکرای)، هەروەها پێغەمبەرەکەشی (ئاگادار دەکات کاتێک له ژیاندایه، هەروەها ئیماندارانیش (ئاسەوارو دەرئەنجامی دەبینن)، پاشان دەگەڕێنرێنەوە بۆ لای ئەو که زانایه بەنهێنی و ئاشکراتان، ئەوسا ئاگادارتان دەکات له هەموو ئەو کار و کردەوانەی که ئەنجامی دەدەن.

٨-لێپێچانەوە و لێپرسینەوە، بوونی میکانیزمێکی به توانا بۆ هەڵسەنگاندن و چاودێری و لێپێچینەوە له هەموو جومگەکانی دەسەڵات و کەرتی تایبەت، له لایەن دامەزراوە کانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەبێ تایبەت له گشتی جیابکرێتەوە و ئەوەی گشتیە له قورغکردن له لایەن تایبەتەوە بپارێزرێ.

يقول ﷺ: (لتأمرنَّ بالمعروف، ولتنهون عن المنكر، أو ليوشكن الله أن يبعث عليكم عذابًا من عنده، ثم تدعونه فلا يستجيب لكم.. من رأى منكم منكرا فليغيره بيده ، فإن لم يستطع فبلسانه ، فإن لم يستطع فبقلبه ، وذلك أضعف الإيمان) رواه مسلم

سوێند بە اللە ئێوە دەبێ فرمان بکەن بە چاکە و قەدەغەی خراپەبکەن، یان کە وانەکەن نزیکە کە اللە سزایەکتان بنێرێتە سەر، دواتردەلاڵێنە وە و دوعا دەکەن کە ئەو ئازار و سزایەتان لەسەرهەڵگیرێ، بەڵام سزاکەتان لەسەرلاناچێ.

هەرکەسێ لە ئێوە خراپە وگەندەڵیەکی بینی با بە دەستی بیگۆڕێ، کە بە دەستی نەینوانی با بە زمانی بیگۆڕێ، کە بە زمانیش نە یتوانی با لە دڵەوە ڕقی لێی بێ ، کە ئەوەی کۆتایی پلەی هەرە لاوازی ئیمانە..

٩-بوونی ڕوانگە و جیهانبینیەکی ستراتیژی.

ئەم تێڕوانینە ستراتیژیە هەموو سەرنجی سەرکردەکان یەک بخات وپێوەرێکیان لا گەڵاڵە بکا کە هەماهەنگ بێ لەگەڵ ڕەوتی مێژوویی پەرەپێدان و گەشەی یەکەکانی ئەو کۆمەڵگایە، وە دەبێ لەو پلانەدا حساب بۆ هەموو ئەگەرێک کرابێ و بەدیل و پێگۆڕەکان دیار و ڕۆشن بن وهەموو پێشهاتێکی گۆڕانکاری ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە ئێستا و داهاتوو حسابی بۆ کرابێ.

((وأن هذا صراطي مستقيما فاتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بكم عن سبيله ذلكم وصاكم به لعلكم تتقون)) الأنعام/ ١٥٣

بێگومان ئەم شەریعەتی ئیسلامە ڕێبازی منە و ڕاستە ڕێیەکەیە، دە ئێوەش شوێنی بکەون و شوێنی ڕێچکەکانی دیکە مەکەون چونکە جیاتان دەکاتەوە لە ڕێبازە ڕاستەکەم، ئەوەش پەروەردگارتان فەرمانی پێکردوون، بۆ ئەوەی پارێزکار بن.

پایەکانی حکومەتی ڕەشیدیش بریتین لە:

-دەوڵەت

-کۆمەڵگای مەدەنی

-کەرتی تایبەت

هەموو ئەوهێڵە گشتیانە ی ڕۆژئاواییەکان کردویانە هۆکاری بەختەوەری بۆ وڵاتەکانیان بە زیادەوە لە قورئان و فەرمودەدا هەن، ئەو جیاوازیەی کە لە نێوان حوکمی ڕەشیدی ڕۆژئاوا و حوکمی ڕشیدی ئیسلامیدا هەیە ئەوەیە کە ڕۆژئاواییەکان تەنیا گرنگی بە لایەنی دابینکردنی ڕەفاە و خۆشگوزەرانی مادی و ئابوری و سیاسی دەدەن و ڕەفاهەتەکەیان لە لە دایکبوونەوە بۆ نێو گۆڕە، بەڵام ئەوخۆشگوزەرانیەی حوکمڕانی ڕەشیدی ئیسلام بە مرۆڤی دەبەخشێ هەموو لایەنە دەروونی و ڕوحی و دینی و کۆمەڵایەتی و لاشەیی و فکری و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و عیرفانی و یاسایی و.....دەگرێتەوە لە هەردوو جیهانی پێش مردن و دوای مردن.

من هەرئاماژەم بە هەندێک ڕو وداو و دەق کرد وەک مشتێک لەو خەرمانە پڕ بەرەکەتە.

بۆ پێزانینی زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

ناجي عبد النور، ١٠٧ :٢٠٠٦). النظام السياسي الجزائري من الأحادية إلي التعددية السياسية، الجزائر: منشورات جامعة قالمة-٢٠٠٦

يعقوب عادل ناصر الدين، ٢٠١٢: ٣). (بعنوان:)واقع تطبيق الحاكمية في جامعه الشرق االوسط من وجهه نظر. أعضاء الهيئتين التدريسية والادارية العاملين فيها.

عماد الشيخ داود. ٢٠٠٦-٠٣-٣١. الشفافية و مراقبة الفساد. الفساد و الحكم الصالح في البلاد العربية. ، ص ص. ١٣٥-١٦٨.بيروت، لبنان : مركز دراسات الوحدة العربية،.

المهارات الادارية في تطوير الذات, بلال خلف السكارنة, ٢٠٠٩, دار المسيره للنشر والتوزيع, اداره, الاردن, ٥٠٠.

(٤)سیوطی لە تاریخ الخلفاء و جگە لەویش لە مێژووناسان باسیان لەوە کردووە کە لە یازدە ساڵی حوکمڕانی پەیامبەرعلیه السلام و حوکمی ئەبوبەکر و حەوت ساڵ لە حوکمی عومەریش دەوڵەتی ئیسلامی (بەیت المال) ی نەبووە و ئەوی هاتووە یەکسەردابەشکراوە، بەڵام دوای فراوان بوونی دەوڵەت و زۆر بوونی داهات عومەر (بیت المال) ی داهێنا.

(٥)خەلیفەکانی ڕاشید لە ساڵی ١١-٤١ کۆچی ئەمەویەکان لە٤١-١٣٢ک وعەباسیەکان لە١٣٢-٦٥٦ک وعوسمانیە کان لە١٢٩٩ز- ١٩٢٥ز حوکمڕانیان کردوە..

(٦)پۆلسی تەرسوسی ناسراوە بەپۆلیسی ڕەسول و لە مێژووی دینی مەسیحی لە دوای مەسیح علیه السلام دووەم کەسایەتیە لە نێو دینی مەسیحیدا، هەرچەندە یەکێک نیە لە دوازدە حەواریەکە و مەسیحی نەدیتوە و لە سەر دەستی حەواریەکان بۆتە مەسیحی، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو حەواریەکان گرنگترە لە دینی مەسیحیدا، لە شاری کیلیکیای سەر بە تەرسوسی سوریا لە دایک بووە لە نێوان ساڵانی ٥-١٠ی زاینی، لە بنەماڵەی بنیامین، ناوی شاول بووە و لە جولەکە فریسیەکان بووە کە زۆر دژایەتی مەسیحیان کردوە.

بنەماڵەکەی ناردویانە بۆ قودس تا لای قەشە بە ناوبانگەکانی ئەوێ پەروەردەبێ، بۆیە پۆلس زۆربە دەمارگیرانە لەو سەردەمە خەریکی گرتن و کوشتن و ڕاوەدونانی مەسیحیەکان بووە.

لە سەحاحی حەوتەمی سفری (أعمال الرسل) دا دەڵێ: کە سەرپەرشت وهاندەری ئەو بەردەباران کارانەبووە کە خەریکی بەردەبارانکردنی شەماس ئیستیفانۆس بوون تا مردن.

وە زۆر بوێر بووە و ڕێپێدانی هەموو کاهینەکانی ئۆرشەلیمی بە دەست هێناوە بۆ ئەوەی سەرپەرشتی لێدانی مەسیحیەکان بکا.

گێڕانەوەی هۆکاری بە مەسیحی بوونی پۆلس لە زۆرشوێنی ئینجیل گێڕدراوەتەوە کە چەندین بەر یەککەوتەیان تێدا دۆزراوەتەوە.

گرنگ ئەوەیە دوای بینینی ئەو ڕوناکیە پۆلس بووە مەسیحی، لە دوای مەسیحی بوونی، وەک چۆن پۆلس توانیبووی هەموو کاهینەکانی جولەکە وا لێبکا کە بیکەنە سەرپەرشتیاری گشتی سەرکووتکردنی مەسیحیەکان.

لە دوای بوونە مەسیحیش هەموو حەواریەکانی باوەڕ پێکرد کە ببێتە سەرپەرشتیاری کاری مژدەدەری بە دینی نوێ.

پۆلس بۆ ئەمە سێ گەشتی کردوە:

لە گەشتی یەکەم بۆ کیلیکیا و سوریا بوو کە گرنگترین کنیسەکانی سوریا و ئاسیای بچوک و قوبرس لە دامەزراندنی پۆلس دێنە هەژمار.

هەروا پۆلس بووە پەیامهەڵگر بۆ لای ئومەمیە کانی جگە لە بنەماڵەکانی ئیسرائیل و بۆ یەکەم جار لە سەردەستی پۆلس دینی مەسیحی بوو بە دینێکی جیهانی ولە دینێکی بنەماڵەیی ڕزگاری بوو.

لەم کارانەشدا هەموو سفرەکانی ئینجیل شایەتی ئەوەن کە هەموو حەواری و مژدەدرەکانی مەسیحی ئەو کات هەر لە پترس و

یەعقوب و مرقس و بەرنابا و حەنانیا ...هەموویان دوور و نزیک شایەتی شایستەییان بۆ داوە.

گەشتی دووەمی بۆلس بۆ شارەکانی وڵاتی یۆنان و دەوروبەری بوو، تا دەگاتە فەلەستین و قودس.

گەشتی سێیەم لە ئۆرشەلیمەوە بۆ ڕۆما بوو.

دوای گەڕانەوەی بۆ ڕۆما لە ساڵی٦٤ز دا و سوتانی ڕۆما لە سەردەمی نیرۆنی خونکاری ڕۆما لە سێدارە درا.

سێزدە سفر لە بیست وحەوت سفرەکانی ئینجیل پاڵ دەدرێنە لای پۆلس، حەوت سفریان گومانی تێدا نییە کە پۆلس داینناون، بەڵام شەش لەو نامانە گومانیان تێدایە کە پۆلس داینابن.

سەرچاوە: اطلس الاديان .د. سامي مغلوث

ماڵپەڕی ویکیپیدیا

(٧)قوستەنتین لە٢٧٢ز لەدایک بووە و لە ٣٣٧ز مردوە.

باوک ودایکی ئیمپراتۆری ڕۆمابوون، ئەو بە تەواوی شارەزای فەلسەفە و دین و ئەفسانەکانی ڕۆمان و گریک بوو، چەندین مامۆستای تایبەتی هەبوو لە ٣٠٦ ز دوای مردنی باوکی کرایە ئیمپراتۆر بەڵام لە لایەن خانەدان و دەسەڵاتدارانی دەڤەرە بەرفراوانەکانی ئیمپراتۆری ڕۆمای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە هەر لە تورکیا و سوریای ئێستا تاکو بەریتانیا هەمووی لە ژێر دەست بوو تووشی بەربەرەکانێ بۆوە.

دەگوترێ کە دوژمن و ڕکابەرەکانی قوستەنتین لە نێو جەماوەر بە چمکی جۆبیتێر و هرقل پشتگیریان بۆ خۆیان پەیدا دەکرد، ئەمە وای کرد کە ئەوهێڵیانە زیاتر لە بەرەی دوژمنەکانی

قوستەنتین بن، بەڵام قوستەنتین وردە وردە بە هۆی پاڵدانی ڕوئیا و خەونەکانی لە گەڵ ئەپۆلۆ و چەند بونەوەرێکی دیکە تێکەڵ دەکرد، ئەمە سەری کێشا بۆ هاتنی قوستەنتین و دایکی بۆ نێو مەسیحیەت و دروستکردنی ئاوێتەیەکی دینی فەلسەفی لە نێوان فەلسەفە و ئەفسانەکانی ڕۆمان و یۆنان لەگەڵ بنەما و هێما زۆر و زەبەند و دژ بە یەکەکانی مەسیحیەکان، ئەم ڕوداوەش دوای ٣١١ ز لە ژیانی قوستەنتیندا دەستی پێکرد.

سەرچاوە:اطلس الاديان .د. سامي مغلوث

ماڵپەڕی ویکیپیدیا

(٨)شارەزایانی زانستی ئوسوڵی فقە بەم شێوە پێناسەی حوکمی شەرعیان کردوە کە

هو: خطاب الله تعالى المتعلق بأفعال المكلفين، من حيث الاقتضاء، أو التخيير، أو الوضع.

واتە حوکمی شەرعی بریتیە لە گوتاری اللە لە سەر کار و کردەوەی ئەو بەندانەنەی ئەرکە شەرعیەکانیان لەسەر فەرزە و پێویستە پێیهەڵسن، ئەو گوتارەش یان فرمان دەکا کە هەندێ کردەوە بەجێبێنن و پێویستە لەسەری پابەند بن، یان گوتارەکە بە بەندەکان دەفەرموێ کە هەڵبژاردنیان هەیە لە نێوان چەند فرمانێکدا، یان چەند هۆکار و ڕێگر و مەرجێک دەبێتە نیشانە بۆ کردن یان قەدەغە بوونی کار و هەڵس وکەوتێک .

٢- بەرنامەی دووەم:

ئاستەنگەکانی بەردەم حوکمڕانی شەریعەتی ئیسلامی.

(رعاية الحقوق اولى من اقامة الحدود....)

شتێکی ڕوونە ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە پەیوەندی نێوان گەردون و مرۆڤ، مرۆڤ و مرۆڤ لەسەر بنەما دینییەکان ڕێکبخات تا ژیانێکی بێ ئاستەنگ فەراهەم بێت، خودا هەرخۆی تاک و تەنهایە دروستکەرە و پەرستراوە و خاوەنی هەموو شتێکە، خودا خۆی دەفەموێت: ((قل هوالله أحد. الله الصمد))الاخلاص/ ١-٢

بۆیە پێویستە یەکەم جار خودا بە سیفەتەکانیەوە بپەرستین دواتر بڕوامان هەبێت بە پێغەمبەران لە بەر ئەوەی لە هەر سەردەم و شوێنێکدا پێغەمبەران (د.خ) هاتبن بە پێی هەل و مەرج و بارودۆخی ئەو کاتە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بیروڕایان بەرپاکردووە.

پاشان مادام ئێمە خۆمان بە مسوڵمان دەزانین پێویستە ئێمە بڕوای تەواوەتیمان هەبێت بەدینی ئیسلام ((....الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ

لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)) المائدة/ ٣ .

جا مادام شەریعەتی ئیسلام بەیمەودایەکی فراوان تەواو و بێ کەم و کوڕییە بە تایبەت لە ڕووی خودا پەرستیەوە پێویستە مسوڵمان پێیەوە پابەند بێت.

پاساوێکی دیکە بۆئەوەی کە دەبێت مسوڵمان پابەند بێت، ئەوەیە کە ئیسلام دینێکی گران نیە و زۆر ئاسان کاری کردووە بە جۆرێک داوا لە مسوڵمان دەکات هەنگاو بە هەنگاو بێتە نێو بازنەی ئیسلام و پاشان ئەرکەکانی جێبەجێ بکات .

پاساوێکی دیکە بۆئەوەی کە دەبێت مسوڵمان پابەند بێت ئەوەیە کە ئیسلام مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە کە پڕە لە شۆڕشی فکری و چاکسازی کۆمەڵایەتی و بەرەنگار بوونەوە، بە تایبەت لە سەردەمی پێغەمبەر درووی خوای لەسەر بێت و تا دەگات بە عومەری کوڕی خەتتاب و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەسەڵاتداری ئیسلام نموونەیەکی جوانی بێوێنەی لە مێژوودا تۆمارکردووە، هەتا لەو سەردەمەدا مافی ئاژەڵەکانیش پارێزراو بووە بە جۆرێک لەسەر کێوەکان خواردنیان بۆ دانراوە.(١)

بۆیە بەراوردکاری نێوان شارستانیەت و گرنگی دان بە ماف و یەکسانی لە نێوان شارستانی ئیسلامی و نائیسلامی خاڵی زۆر جیاواز هەیە، شتێکی ڕوونە لە مێژوودا چۆن وڵاتانی دیکە هاتوون سوودیان لە شارستانیەتی ئیسلامی وەرگرتووە و

گواستوویانەتەوە بۆ وڵاتانی خۆیان، بۆیە هەموو ئەوانەی باس کران پاساوی ڕوون و ڕاشکاون بۆ ئەوەی پێویستە جارێکی دیکە دەسەڵاتداری و کارپێکردنی شەریعەتی ئیسلامی وەک خۆی لە بەرگێکی تازەدا لە هەموو شوێنێک کاری پێبکرێت، بۆئەوەی جارێکی دیکە مرۆڤایەتی لە نەفامی ونەزانی ئازاد بکرێت، چونکە لە ئێستادا دامەزراوەی سیستمی سەرمایەداری هەرەسی هێناوە، بۆیە پێویستە مسوڵمانان زیاتر دەست بەو دینە تەواو و بێ کەم و کوڕیەوە بگرن و جێبەجێی بکەن، شەریعەتی ئیسلامی بە گشتی و تەواو دەبێتە دوو بە شەوە بەشێکی جێگیرە ، بەشێکی گۆڕاوە.

-بیروباوەڕ و خوداپەرستی و ڕەوشت جێگیرن، ئەم چەمکانە نابێت هەروا بە سادەیی سەیر بکرێن، بۆ نموونە ڕەوشت هەر مەبەست لە ڕەوشتی تاکە کەسی نیە، بەڵکو ڕەوشتی دادوەریش دەگرێتەوە، ڕەوشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەوەی ئەمڕۆ زۆر زەقە بێ ڕەوشتی سیاسیە، کە زۆربەی سێکتەرەکانی دیکەی ژیانی تێکداوە.

-بەشێکی دیکەی شەریعەت گۆڕاوە، وەکوو بابەتی بەسەرڕاگەشتن و مامەڵەو کرداری سیاسەت.(٢)

لێرەشدا چوارچێوە و یاسا هەیە، بەڵام هەموویان لەیخزمەتی کۆی پڕۆسەکەدان، بۆیە دەستووری جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی لە دەوڵەت گەورەترە چونکە ئێمە (شەعب) گەلمان هەیە و ئوممەتیشمان هەیە ئوممەت فراوانتر و گەورەترە لە

گەل، ئوممەتی ئیسلامی هەردوو ئەو بەشە لە خۆ دەگرێت کە دینەکەی قبوڵ کردووە و ئەوانەشی کە قبوڵیان نەکردووە و لە سایەی ئەو دەسەڵاتەدا ژیان دەکەن، چونکە ئوممەت سنوورەکان تێدەپەڕێنێت.(٣)

هەروا ئاسانیش نیە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی هەر زوو دوو ئاستەنگ دێتە پێشەوە: ئاستەنگی کرداری و ئاستەنگی فکری:

- ئاستەنگی کرداری خۆی دەبینێتەوە لە نەزانی بە تایبەتی کێشەکە لێرەدا گەورەتر دەبێت کاتێک کەسانی سەرەوە و کەسانی دەستەبژێر نەزان بن دادوەرەکان و سەرکردەکان ئەوانەی وڵات بەڕێوەدەبەن، ئەوان وادەزانن ئەگەر کار بە شەریعەت بکەن خۆیان تێدا دەچن، بەڵام نازانن شەریعەت لە هەموو دەستوورەکانی دیکە نەرمترە لە جێبەجێکردندا،(رعاية الحقوق اولى من اقامة الحدود.(٤)

بۆیە نەزانی دەبێتە یەکەم هۆکاری بەردەم جێبەجێنەکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی.

- هاوتەریب لەگەڵ ئەو هۆکارانەدا هۆکاری گەندەڵی یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی دیکەی جێبەجێنەکردنی دەسەڵاتی شەریعەت، کەسی وا هەیە ئامادەیە دینی، ئەخلاقی، مێژووی، نیشتمانی هەمووی لەکەدار بێت بەس لە نێو گەندەڵییەکەیدا بمێنێتەوە، فەلسەفەی بەڕێوەبردنی وڵات زۆر گەورەیە بەڵام ئەمڕۆ لەکەدارکراوە و شتەکان تێکەڵکراون حزب بە شێوەیەکی ناتەندروست دەستی خستۆتە نێو هەموو شتێکەوە بە تایبەت پۆست و ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی وڵات،

لێرە کەموکوڕی دامەزراوە دیموکراسیەکان پەردە لەسەر ڕووە، ناشیرنەکەی هەڵدەماڵێت، کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دانەندراوە، نەبوونی سراتیج و ئامانج لە سیاسەت و لە دەسەڵات و بەڕێوەبردندا هۆکارێکی دیکەیە، هەروەها بوونی دەستێکی ناوەکی و دەرەکی لە نێو ئیسلامدا بۆ تێکدانی ئارامی و دڕووستکردنی دووبەرەکی هۆکارێکی دیکەیە، لێرەدا سەرکردەکانیش هاوکارن بە جۆرێک کار دەکەن دین لاواز بکەن پەیامی داگیرکەران و ئەوانی دیکە سەربخەن، بۆچی هەر بانگەواز دەکرێت کەموکوڕیەکان دەسنیشان دەکرێت، بەڵام چارەسەر بەدی نایەت و کێشەکان هەر قوڵ دەبنەوە و کار بە شەریعەتی ئیسلام ناکرێت.

هەموو ئەو هۆکارانەی باسکران کۆسپ و لەمپەرن لە بەردەم پرۆسەکە لە لایەکی دیکەشەوە لە ئومەتی ئیسلامیدا کاریزمایەک دیار دەرناکەوێت کە جێگای متمانەی هەمووان بێت، دەبێت کاریزمایەکمان هەبێت چاونەترس بێت، بێ لایەن بێت، لەولاشەوە مەرجەعیەت کاری خۆی بکات .

پەڕاوێزەکانی بەرنامەی دووەم:

(١)ئەو سەردەمەی مامۆستا ئاماژەی پێدەکات لە ساڵی یەکەمی کۆچی کە پەیامبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆچی کردووە بۆ مەدینە و دەوڵەتی مەدینەی دامەزراندووە تا عومەری کوڕی عبدالعزیز هەشتەم خەلیفەی ئەمەویەکان سەد ویەک ساڵە.

عومەری کوڕی عەبدلعزیزکە لە ساڵی٦١ک بەرامبەر٦٨١ز لەدایک بووە و تەنیا دووساڵ لە ٩٩ ک بۆ١٠١ک خەلیفە بووە و لەتەمەنی چل ساڵیدا مردوە، هەندێ دەڵێن ژەهرخوارد کراوە.

لەم سەد ساڵەی مامۆستا ئاماژەی پێدەکا سەردەمی جوان و نمونەیی هەیە لە دامەزرانی دەوڵەتی مەدینەوە تاکو ساڵی ٣٦ک کە سەردەمی پەیامبەر

-صلى الله عليه وسلم- وسێ خەلیفەی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان بوو، کە ئەم سەردەمە دەتوانین بیکەینە سەردەمی بەرجەستەبوونی بناغەی حوکمڕانی ئیسلامی.

بەڵام ساڵەکانی ٣٦-٩٥ لە دوای شەهید کرانی پێشەوا عوسمان پشێوی و ئاژاوەیەکی گەورە لە نێوان مسوڵمانان هەبوو و شەڕەکانی جەمەل و سەفەین و شەهیدکرانی پێشەوا عەلی و ژەهرخواردکردنی حەسەن و شەهیدکرانی حوسێن و گەمارۆدانی شاری مەدینە و مەنجەنیق بارانکردنی مەکە و ناکۆکی نێوان ئالی مەڕوان و ئالی زوبێر و شۆڕشەکانی دژ بە حەجاج و شەهیدکرانی سەعیدی کوڕی جوبێر بوون، کە ناکرێنە نمونەی باڵا بۆ حوکمڕانی ئیسلامی.

بەڵێ لەو دوو ساڵەی حوکمڕانی عومەری کوڕی عبدالعزیز ٩٩-١٠١ک جۆرێک لە ئارامی هەبوو، بەڵام ئەویش بەو دو ساڵە پێڕا نەگەیشت کە والیە گەندەڵەکان بگۆڕێ و ئەمیر و سوپا سالار و وەزیر و دەست و پێوەندە گەندەڵەکان بگۆڕی و مافی ستەملێکراوان لەو دوو چل ساڵە بگێڕێتەوە بەڵکو بە هۆی ئەو هەوڵانە لە چل ساڵی بە ژەهرخواردن شەهیدکرا.

(٢) دەتوانین بۆ هێڵە نەگۆڕەکانی ئیسلام ئەو فەرمودەی کە موسلیم لە ئیمام عومەری دەگێڕێتەوە بکەینە بناغە، کە باس لە پێنج پایەکانی ئیسلام شایەتمان و نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج دەکات، وەک لایەنی پەرستشە نەگۆڕەکان، وە باس لە شەش پایەکانی ئیمان دەکا وەک هێڵە گشتیەکانی نەگۆڕ لە بیروباوەڕدا، وە دواتر باسی پلەکانی ئیحسان و چاکەکاری دەکا، وەک لایەنی نەگۆڕی ڕەوشت و نەریتە جوانەکان .

دواتر سەروەرمان -علیه السلام- دەفەرموێ ئەوە جبریل بوو هاتبوو فێری دینەکەتان بکا، کەواتە ئەم سێ بوارە سەرەکیانەی پەرستش و بیروباوەڕ و هەڵسوکەوت و ڕەوشتی جوان لە بناغە جێگر و نەگۆڕاوەکانی دینی ئیسلامن و کە مرۆڤ پێیانەوە پابەند بێ، ئەگەر کاری دیکەشی نەکردبێ لە قیامەت سەرفراز دەبێ، بە مەرجێ خۆی لە گوناهە گەورەکان پاراستبێ.

(٣) مەبەستی مامۆستا ئەوەیە کە زانایان ئوممەتی ئیسلامیان کردووە بەدوو جۆر، ئوممەتی دەعوە و بانگەوازکرا و کە لەوەتی پەیامبەر -علیه السلام- قورئانی بۆ نێردراوە هەموو مرۆڤایەتی بە هەموو دین و نەتەوە و گەلەکانیەوە و هەموو جنەکانیش بە هەموو جۆرەکانیانەوە هەموویان ئوممەتی محمدن، چونکە هەموویان بانگهێشتکراون کە پەیڕەوی لە محمد -علیه السلام- بکەن.

بەڵام ئوممەتی دووەم، ئەوانەن کە وەڵامی بانگەوازەکەیان دایەوە و شوێنی کەوتن، ئەوانەش دیسان لە چەندین گەل و نەتەوە پێکهاتوون، وەک عەرەب و فارس و تورک و کورد و مالاوی و ئەمازیغی و ئۆلۆفی و پاکستانی و...هتد.

زانایان بۆ ئەم دوو ئوممەتە ئەم فەرمودەی موسلم دەکەنە بەڵگە کە لە ئەبوهوڕەیڕەوە گێڕاویەتیەوە دەفەرموێ: (والذي نفسي بيده، لا يسمع بي أحد من هذه الأمة يهودي ولا نصراني، ثم يموت ولم يؤمن بالذي أرسلت به إلا كان من أصحاب النار). رواه مسلم.

کەواتە مادام فەرمویەتی هەر جولەکە و مەسیحیەک لەم ئوممەتە، کەواتە هەموو مرۆڤایەتی بۆتە ئوممەتی ئەو و دینەکانی پێش ئەوینەسخ بوونەوە.

فەتوا و وڵام دانەوەکانی بەرنامەی نور علی الدرب ئەم بابەتەی جوان ڕونکردۆتەوە کە تیایداهاتووە:

أمة محمد ﷺ جميع الثقلين الجن والإنس هم أمته، لكن يقال لهم: أمة الدعوة، كلهم مدعوون، كلهم مكلفون مأمورون باتباع النبي ﷺ

ئەم فەتوایە ئەم ئایەت وفەرمودانەی کردۆتە بەڵگەی ئەم دابەش کردنە:

- قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا [الأعراف:١٥٨]

- وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا [سبأ:٢٨]،

وە پەیامبەر ﷺ دەفەرموێ: كان النبي يبعث إلى قومه خاصة، وبعثت إلى الناس عامة .

ئوممەتی دووەم ئەوانەن کە لەو ئایەتە باس کراون باشترین ئوممەتن

كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ [آل عمران:١١٠].

(٤)واتە چاودێریکردن و دەستەبەرکردنی مافەکان لەپێشترە لە بەجێگەیاندنی سزا و حەددەکان کە بەهۆی سنووربەزاندن و سەرپێچی پێویست دەبن.

٣- بەرنامەی سێ یەم:

حوکمڕانی ئیسلامی وڕێگاکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەم.

(لتأمرنَّ بالمعروف، ولتنهون عن المنكر، أو ليوشكن الله أن يبعث عليكم عذابًا من عنده، ثم تدعونه فلا يستجيب لكم.

من رأى منكم منكرا فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان) رواه مسلم

کۆمەڵێک ئاستەنگی کرداری و فکری هەن لە بەردەم جێبەجێکردنی دەسەڵاتی شەریعەتی ئیسلامی (١)، ڕێگری گەورە لێرەدا ڕێگریەکانی دوژمن و نوێنەرایەتی کردنی دەسەڵاتدارانی وڵات لە بری دوژمن لە نێو خاکی خۆیاندا، هەر چەندە هۆکاری دەرەکی و نێوخۆی زۆر بوونە بە درێژایی مێژوو بەڵام ئیسلام هەر بەردەوامی هەبووە، لە عێراق بە پلەی یەکەم دەسەڵاتدارەکان نوێنەرن، بەرپرسیارن لە بەرامبەر ئەو مەسەلەیە و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، کاتێک ئەوان بە هەر هۆکارێکی فشار و ترساندن، یان هۆکاری سیاسی، ئابوری، سەربازی، دەبنە نوێنەری وڵاتانی غەیرە دینی ئەوان زیان بەو پرۆسەیە دەگەیەنن، دەبنە هۆکاری دژایەتی لە بەرامبەر جێبەجێکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی .

هەر لە بەر ئەوە بەشێک لە وڵاتانی ئیسلامی ئازاد نین لە جێبەجێکردنی دەستەڵاتی ئیسلامی کامڵ و تەواو و بێ کەموکوڕی و دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خۆیان و گەل نین، بۆیە لەو وڵاتانەدا پڕە لە گەندەڵی و فەسادی ئیداری و بڵاو بوونەوەی خراپەکاری.

-یەکێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دیکەی ڕێگری لە بەردەم جێبەجێکردنی دەسەڵاتی شەریعەتی ئیسلام هۆکاری دەمارگیرییە، کورد مێژوویەکی هەیە باش و خراپی تۆمارکردووە، بەڵام شتە باشەکانی زیاترن بە تایبەتی لە سەردەمی حکومڕانی ئیسلامدا، ئەگەر سەیر بکەی هەرچەندە مێژوویەکی گەورەمان هەیە بەڵام تا ئێستا سەربەخۆ نین و هەر لە دواکەوتوویدا ماوینەوە، لە ژێر سێبەری ئازادیدا دەمارگیری بەرامبەر بە ئیسلام و حاشاکردن لە شتە جوانەکانی گەلی مسوڵمانی کورد هەیە، ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی هەیە لەسەر گەلی کورد، لە کاتێکدا کورد زانای ئیسلامی هەبووە، سەروەری و سەربەخۆی و دەوڵەت و ئیمپراتی هەبووە، دەستەڵات و بڕیار و کاریگەری خۆی هەبووە، شاعیر و نوسەر و فەلەکناس و سەرکردە و کاریزمای هەبووە، بەشێکی دیکە لە بیرمەندان وەک فکر پێیوایە ئیسلام پابەند نیە بە دەسەڵاتەوە، لە کاتێکدا خۆی هۆکاری ڕێگریە لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی، ئەگەر ئیسلام بەڕێوەبەر و دەسەڵاتدار نەبێت

چۆن دەتوانی بڕیارەکان جێبەجێبکرێن بەسەر کۆمەڵگادا هەم لە ڕووی دینەوە هەم لە ڕووی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کار و باری ژۆژانەوە.

بۆیە شەریعەتی ئیسلام بە هیچ شێوەیەک دابڕاو نییە لە دەسەڵات و بەڕێوەبردن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی تەواو، چونکە ئیسلام هەموو تایبەتمەندیەکانی تێدایە لەوبارەوە، تایبەت بۆ ڕێکخستنی نێوان تاکەکان و خودا، پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و ژیان و ژینگە بە جوانی ڕێکخستووە، بۆیە ئیسلام پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە دەسەڵات و بەڕێوەبردن هەروەک خۆی دەفەرموێت "

((فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا)) النساء/٦٥ .

نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕووەدا لە نێوانیاندا تۆ نەکەن بە دادوەر و گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵ و دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەک دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی کە داوەریت لەسەر کردووە و دەبێت بە تەواویی تەسلیم بن و ڕازیی بن.

کەسێک نابێتە ئیماندار ئەگەر پێغەمبەر (د.خ) بە حاکم نەزانێت، پێغەمبەرایەتی ئەو تەنها نوێژ و ڕۆژوو نەبووە، ئەگەر هەر بە نوێژ و ڕۆژوو ڕازی بوایە کەس شەڕی لەگەڵ نەدەکرد، ئەو هەمووە غەزایانەی ئەنجامدا و دەستووری نوسییەوە پاداشت

و سزای هەبوو، هەموو ئەمانە نیشانەی بەڵگەن لەسەر ئەو مەسەلەیە، کە ئیسلام دەسەڵاتێکی ڕەشیدی پێویستە بۆ چارەسەر و بەڕێوەبردن و بە لاڕێدا نەچوونی لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی و.....

شەرع سزای بۆ دز و زیناکان و ساختەکار و زۆرسزای دیکەی داناوە.

باشە ئەو سزایانە چۆن جێبەجێدەکرێن و دەبێ کێ پێیان هەڵسێ؟

دەبێ دەسەڵاتێکی دادوەری هەبێ کە ئەم لایەنە بەڕێوە ببات.

هەروەها مەسەلەی کۆکردنەوەی زەکات و دابەشکردن بابەتێکی ئیدارەدانە چونکە بنەما و شێوازی خۆی هەیە و بە هەڕەمەکی ناکرێت، ئەگەر دەستەڵاتێکی ئیسلامی نەبێت کەسێک ستەم لە کەسێکی دیکە دەکات یان کەسێک کەسێک دەکوژێت، چۆن دەتوانین بە پێی بڕیار و یاساکان و فەرمانی خودا و پێغەمبەر -دروودی خوای لەسەر بێت- مافی ستەملێکراو بگێڕینەوە دەبێت دەسەڵاتێکی ئیسلامی تەواو هەبێت ئەوە بکات، هەموو ئەمانەش بە دەسەڵاتێکی ئیسلامی دەکرێت سەرکردەیەکی کاریزمی بێ کەموکوڕی هەبێت، ئەم دۆخەی ئێستای ئوممەتی ئیسلامی پێویستی بە دووبارە سەڵاحەدینێکی ئەیوبی هەیە هەمووان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام ئەمڕۆ کە نیە هەر ئەمەش هۆکاری بێئومێد بوونی بەشێکی مسوڵمانانە کە ئیسلام ژێر دەستە ماوەتەوە.

-بەشێک لە ڕێگریەکانی بەردەم دەستەڵاتی شەریعەتی ئیسلامی لە واقیعدا خۆی بوونی هەیە، ڕێگرییە کرداریەکانی وەک نەزانی و خودی دەستەڵاتدارەکان و گرتن و ئازاردان و بێ بەشکردن لە پلە و پۆست و پێشێلکردنی مافەکان و دەستا و دەستنەکردنی دەستەڵات لە هۆکارە کردارییەکانی بەردەم پڕۆسەکەن.

لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتانی ئیمپڕیالیزم هۆکاری فکرییان دروست کردووە کە پێیانوایە ئیسلام لەگەڵ فکری سەردەمی ئەمڕۆ ناگونجێت لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە و ئازادیەکانی سەردەم ناکۆکە کە بە مەبەستی شاراوە لە پشت ئەو فکرە هەیە خزمەت بە بەرژەوەدییەکانی خۆیان دەکات و دەبنە ڕێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی دەستەڵاتی ئیسلامی .(٢)

ڕێگاکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەم :

چەندین ڕێگای جیاواز هەیە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی زوڵم و ستەم، کە ئەمانە هەندێکیانن:

-ئاسانترین ڕێگا ئامۆژگاری و گێڕانەوە و دەستگرتنی ستەمکارە و ئاگادارکردنەوەی لە مەترسیەکان و خراپیەکانی ئەو ستەمەی دەیکات، وا لە ستەمکار بکرێت کە دەستهەڵبگرێت.

-هەروەها یەکێک لە ڕێگاکانی دیکە پەنا بردن بۆ دادگای دەستووری، پەنا بردن بۆ دیاریکردنی ماوەی دەسەڵات.

-ڕێگایەکی دیکە پەنا بردن بۆ فشاری مەدەنی و گردبوونەوەی فراوان و ناڕەزایەتی دەربڕین، لە دوای پەنا بردن بۆ ئەو ڕێگایانەی باسکران و هەر ستەمکار بەردەوام بوو لە ستەم و زۆرداری و چەوساندنەوە.

-دەکرێت ڕێگاکانی دیکە لە بەرامبەر بگیرێتە بەر، ئەویش دەبێتە هەڵسەنگاندنێکی زۆر وردی بۆ بکرێت کە ئایا گرتنەبەری ڕێگای دووەم تا چەند قازانج بە دۆخ و ئامانجەکان دەگەیەنێت، یان زیانی پتر؟ تاچەند توانای جێبەجێکردن و ئاسۆی سەرکەوتنی هەیە، لە ئێستادا دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان نایەت خەڵکی هۆشیاربن و چاویان بکرێتەوە، دەیەوێت خەڵکی لە قاڵب بدرێت دەیەوێت بیر و هۆشی جەماوەر بە یەک شێوە بیربکاتەوە، هەموو ئەوانە پێچەوانەی دین وئازادین ، پێچەوانەی ئەو دەستورەشە کە خۆیان مۆروئیمزایان لەسەر کردووە، پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤە.

بۆیە لە دوای بە کار هێنانی ڕێگا سەلامەتەکانی کە لە سەرەوە باس کران وەک ڕێگاکانی خۆپیشاندان و فشاری مەدەنی و ئاگادار کردنەوەی ستەمکار لە زوڵمەکەی و پێشنیار و پیشاندانی ڕێگای حەق و دەستگرتنی، ئەگەر هەر ستەمکار بەردەوام بوو لە ستەمەکەی دەتواندرێت دوای هەڵسەنگاندنی دۆخەکە پەنا ببردرێت بۆ ڕێگای دیکە.

- ئەویش بەرپاکردنی شۆڕش و بەرخودان و بەرەنگارییە دژی زوڵم وستەم تا دەگات بە ڕوخاندن و لە ناوبردنی، ناکرێت هەموو گەل تا سەر ببێتە قوربانی ئەجندای وڵاتێک و کەسێک و بنەماڵەیەک و حزبێک، ئەوان پێیانوایە ئیسلام لەگەڵ سەردەم و ئازادییەکان و بیروباوەڕەکانی ئەمڕۆ نایەتەوە، کەچی ئەمڕۆ ئازادی عەلمانیەکان لەو پەڕی دۆخێکی خراپدایە، ڕوحی دەسەڵات بریتیە لە دادپەروەری و هەڵبژاردن و دابینکردنی ماف و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک و دوور خستنەوەی گەندەڵی و بە سیاسەتکردنی ئیدارەدان و نەهێشتنی چاوچنۆکی و هەبوونی شەفافیەت و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، بۆیە ئازادی بە کردنەوەی شوێنی ڕابوردن و خواردنەوەکان و مەلهاکان نیە، لە بنچینەدا ئەوانیش ئازادن بەڵام لە ژێر سیبەری ئازادیدا کاری دیکە بۆ کەسی دیکە بە ئامانجی دیکە ئەنجام دەدەن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا لەکەدار کردنی خودی ئازادییە، وەرگتنی باج و سەرانە ئەمڕۆ هێمای ملکەچی تاکە بۆ دەسەڵات، بە گشتی ئەمڕۆ لە دونیای سەرمایەداریدا ئەمە پەیڕەو دەکرێت.

پەراوێزەکانی بەرنامەی سێ یەم:

(١) زۆرێک لە نوسەران و پسپۆڕان لەم بابەتە نوسیویانە کە ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو کتێب و توێژینەوانەن کە لە سەر ئەو ڕێگر و لەمپەرانە نوسراون کە لە بەردەم گەڕانەوەی حوکمڕانی شەریعەت هەن :

-معوقات تطبيق الشريعة الإسلامية.

هەر یەک لە شێخ مەناع القطان و د.عمر ئەشقەر و د. محمد أبي الفتح البيانوني.

کتێبیان بەم ناونیشانە ی سەرەوەنوسیوە.

-هەریەک لە د.عصام العبد زهد د. جمال الهوبي

توێژینەوەیان بە ناونیشانی (تحكيم الشريعة ومعوقات التطبيق) پێشکەش بە کۆنگرەی (الإسلام والتحديات المعاصرة)کردوە کە لە کۆلێژی أصول الدين لە -الجامعة الإسلامية- لە مەدینەی منەورە لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٧ز بەسترا.

-کتێبی: تحكيم الشريعة ودعاوى الخصوم ی د. صلاح الصاوي، نوسیویەتی.

- کتێبی : الإسلام بين جهل أبنائه وعجز علمائه، کە مامۆستا عبد القادر عودة نوسیویەتی.

- کتێبی: أسباب الحكم بغير ما أنزل الله کە د. صالح السدلان نوسیویەتی.

-کتێبی : التشريع الجنائي الإسلامي مقارناً بالقانون الوضعی، کە عبد القادر عودة نوسیویەتی.

مامۆستا محمد وفيق زين العابدين لە ژمارە٢٩٢ی گۆڤاری البيان کە لە موحەڕەمی ١٤٤٥/ ٢٠-٧-٢٠٢٣بابەتێکی بە ناوی (معوقات تطبيق الشريعة الإسلامية) بڵاوکردۆتەوە.

(٢)شارەزا و بیرمەند و نوسەران لەمپەر و ڕێگرەکانی بەردەم شەریعەت دابەش دەکەن بۆ دووبەشی سەرەکی:

بەشی یەکەم :

لەمپەر و ڕێگرە دەروونی و فکرییە وابەستەکان بە بیروباوەڕ و باری دەروونی و شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانەوە.

بەشی دووەم :

لەمپەر و ڕێگرە مادی و سەپێنراوەکان بە حوکمی بارودۆخە مێژوویی و هەنوکەییەکان:

بەشی یەکەم کە لەمپەر و ڕێگرە دەروونی و فکرییە وابەستە کان بە بیروباوەڕ و باری دەروونی و شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە، دابەش دەبێ بۆ ئەم خاڵانە:

١-نەشارەزایی و نەزانی و ئاشنا نەبوون بە حەقیقەت و توانا و لێوەشاوەیی شەریعەت بە هەموو پێداویستیەکانی ئەم سەردەمە.

٢-ئیمان لاوازی لای زۆرێک لە مسوڵمانان کە ئەم ئیمان لاواز بوونەش بەزینی دەروونی بۆ هێناون.

ئەم ئیمان لاوازیەش لەدووحاڵەتدا خۆی دەنوێنێ:

ا-متمانە نەبوونیان بە بەڵێنی سەرکەوتنی ئیلاهی بۆ ئەوانەی دەست بەم دینەوە بگرن.

ب-متمانەشیان بەوە نییە کە شەریعەت بە کەڵکی ئەم سەردەمە بێ و پێیانوایە کە شەرع ناتوانێ قەیرانەکانی ئەم سەردەمە چارەسەر کا.

ئەم ئیمان لاوازیەش هەندێکی لە بەزینی دەروونی و هەندێکی لەو بارودۆخە پڕمەینەت و بێ هێزیەوە بۆیان هاتووە کە مسوڵمانان پێوەی گیرۆدەن.

ئەم خاڵەش بە پەروەردە و ئاڕاستەکردن و ڕێنماییکردن بکرێ تا جەماوەر بزانێ کە شەریعەت چارەی هەموو ئاریشەکانیان دەکا.

٢- متمانەی جەماوەر بە نوخبە و تۆێژی بیرمەندان و بانگخوازانی ئیسلامی نەماوە، ئەم بێ متمانەیەش دەرەنجامی دوو هۆکارە:

ا-زۆربەی خەڵکی لەو بیرمەند و بانگخوازانەوە حوکمیان بەسەر ناتەواوی شەرعداواوە و هەرکە باسی جوانی حوکمی شەرع بکرێ ئەوان یەکسەر باسی کەموکوڕی و ناتەواویەکانی ئەو بیرمەندانە دەکەن.

ب-وە هەندێک لە بیرمەند و بانگخوازانەش هەڵەی زۆریان کردوە و بوونە نمونەیەکی خراپ لای خەڵک بۆ تۆێژەکەیان و بانگەوازەکەیان.

بەشێک لە چارەی ئەم دەردەش ئەوەیە کە بانگخوازان خەڵک بانگ بکەن بۆ لای مەنهەج، نەک بۆلای خۆیان، وە خۆیان لای جەماوەر نەکەنە فریشتە .

٤-کاریگەر بوونی زۆرێک لە خەڵک بە بانگەشەی بانگەشەکارانی مافی مرۆڤ، کە یاسای شەرع و سزای شەرعی تۆمەت باردەکەن بەوەی ستەمی تێدایە و مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکا.

ئەو بانگەشەکارانە تەنیا ڕووکەش دەبینن و سەرنجی خۆیان و خەڵک بۆ شوێنەوار و حیکمەتەکان ڕاناکێشن.

٥-دەمارگیری مەزهەبی و عەقیدەیی و تەسەوف و نەتەوەیی ..کە هەموو ئەمانە کۆمەڵگای ئیسلامی لەت و پەت دەکەن و هێزی یەکبوونی بەرامبەر ناحەزان لاواز دەکەن.

هۆکاری سەرەکی ئەم دەردەش لاسایی کردنی کوێرانە و ڕاوەستان و داخرانی دەرگای ئیجتهاد و خولانەوەیە لە بازنەی ڕابردودا.

بەشی دووەم کە بریتی بوو لە لەمپەر و ڕێگرە مادی وسەپێنراوەکان بە حوکمی بارودۆخە مێژوویی و هەنوکەییەکان، دابەش دەبێ بۆ ئەم خاڵانە:

١-داگیرکاری سیاسی و ئابووری وڵاتانی ئیسلام لە لایەن زلهێزەکانەوە.

کە وایکردوە وڵاتانی جیهانی سێیەم هەر پاشکۆبن و خاوەنی هیچ سەروەریەک نەبن.

٢-حوکمڕانەکانی جیهانی سێیەم دەستنێژی دوژمنان و گەندەڵ و خۆسە پێنن، لەوە دەترسن کە چەسپاندنی شەرع دەسەڵاتیان لە دەست دەربێنێ.

٣-نەشارەزایی و نەخوێندەواری و ئاشنا نەبوونی خەڵک بە مەنهەج و میتۆدی ئیسلام، ئەمەش بە هۆی داگیرکردنی فکری و چاندنی ئەوە کە ئیسلام کۆنەپەرستی و دواکەوتنە.

نەبوونی بزاڤێکی چاکساز و زیندوو کە جوانی و لێهاتویەکانی شەریعەت دەرخا هۆکارە بۆ ئەم دەردە.

بۆیە چارەی ئەم خاڵە بە دوو شێوە دەکرێ:

ا-دەبێ کۆمەڵگا ئامادەبکرێتەوە بۆ باوەشکردن بە شەرعدا.

ب-پەروەردە کردنی وەچەیەکی خاوەن ڕەوشت و ڕوحپاک و دنیا نەویست، تا ببنە نمونەی کرداری بۆ نوێنەرایەتی شەریعەت لای کۆمەڵگا.

٤-دواکەوتویی مسوڵمانان لە زانستە پڕاکتیکی و کردارییەکان، تاکو بوونە بازاڕ و بەکار هێنەر و پاشکۆی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان.

٥-عەلمانیەکان لە و وڵاتانە زاڵن بەسەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، بۆیە بانگەشە بۆ ئەوبابەت و بەهایانە دەکەن کە خەڵک لە دین دوور دەخاتەوە.

٦-زۆری و فرە لقی پارتە سیاسەکان .

جا کە پارتەکان زۆر بوون پارت و کەسایەتی لاواز و دوکانی سیاسیشیان تێدا دروست دەبێ، وە زۆری پارتەکان ناکۆکی و جەنگی نێوخۆ دێنێ.

٧-بانگەوازی بە هەڵە و کرچ و کاڵ و لار بۆ شەریعەت

ئەم هۆکارە لە لەمپەرە هەرە بەهێزەکانە بۆ ڕێگرتن و نەگەڕانەوەی حوکمڕانی شەریعەت .

بە نمونە هەندێک لەو بانگخوازانە شەرع لای ئەوان چڕ بۆتەوە لە سزادان و حەرام کردن .

هەرگیزباسی جوانیەکانی شەرع ناکەن، باسی ئاسانکاری ناکەن، باسی هاوکاری و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی نە بەکردەوە نە بە گوفتار ناکەن.

٨-دەستەوستانی شارەزایانی ئیسلام لە چۆنێتی کارا کردنەوەی حوکمەکانی شەرع و نۆژەنکردنەوەی لە بەرگێکی نوێدا، بگرە زۆربەی بانگخوازان ئەم کارەی شافیعی لە سەردەمی خۆی کردی، غەزالی و گەیلانی لە سەردەمی خۆیان کردیان بە بیدعە دەزانن.

ئەمڕۆ نۆژەن بوونەوەی ئیسلام پێویستی بە پێکهێنانی لیژنەی یاسادانان وئیجتهادی بەکۆمەڵ وهەموارکردنەوەی شەرعە.

٤- بەرنامەی چوارەم:

فەلسەفەی دەستەڵاتداری لە شەریعەتی ئیسلامدا:

متى استعبدتم الناس؟ وقد ولدتهم امهاتهم احرارا؟!

في كِتَابِ الوِلَايَةِ عَلَى البُلْدَانِ، وفي كَنْزِ العُمَّالِ عَنْ أَنَس.

تۆژینەوە و نوسین و لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە گرنگە، خودای گەورە خۆی باسی بابەتگەلێک دەکات کە فەلسەفەی قوڵ و گەورەی تێدایە .

پەروەردگاری مەزن باسی ئەوەی کردووە کە زەوی پێش دروست بوونی تۆپەڵە دوکەڵ و ئاگرێک بووە، خودا دەفەرموێت: ((أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ)) الانبياء/٣٠ .

خودا لێرەدا باسی تەقینەوە گەورەکان دەکات(١).

خودا باسی یاسای دووانەیی (زوجیە) دەکات، خودا باسی یاساکانی بەڕێوەبردن دەکات، خودا باسی دەریاکان و ڕێگای کاکێشان ڕۆژ و مانگ و گیانەوەران دەکات، نزیکەی هەزار ئایەت باسی بوونەوەر و کەون دەکات، فەلسەفەی حوکم لە دیندا فراوانترە لەوەی بەس گوتاری وابەستەی کرداری مرۆڤێکی ژیر بێت، بۆیە

ئێستا مرۆڤ لە هەوڵی ئەوەدایە چۆن سوود لە بونەوەر و دروستکراوەکان وەربگرێت؟ چۆن سوود لە هەوا وەربگرێت؟ چۆن سوود لە تیشکی خۆر وەربگرێت؟، مرۆڤ داوای لێکراوە لە چوارچێوەی ئەو گەردونەدا خۆی ڕێکبخات.

خودا دەفەرموویت: ((هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ)) البقرة/ ٢٩ .

خودا بۆ ئێوەی دورست کردوە.

-((وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ)). الجاثية/ ١٣ .

خودا زەوی و ئاسمانەکانی بۆ ئێوە فەراهەم کردوە .

هەروەها خودا دەفەرموویت: ((الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ)) غافر/ ٧ .

ئەوەی عەرشی هەڵگرتووە خزمەتی تۆ دەکات، خەڵکی نەزان کە لە فەلسەفەی دین و ژیان تێناگات کە مرۆڤەکان هەڵەیەک دەکەن بە خراپە بەسەر دیندا دەیشکێننەوە، لە کاتێکدا هەموو مرۆڤ بەرامبەر (ایجاد) و(کەون) بەرپرسیارە.

خودا ڕێزی گەورەی لە مرۆڤ گرتووە، بۆ نموونە دایک چونکە هۆکاری هێنانە دونیای مرۆڤێکی دیکەیە، بۆیە زۆر پیرۆزە و ڕێز لێگیراوە، ئەدی ئەو بەدیهێنەرەی کە هەم خالقی باوەشی دایکی زەویە و بەدیهێنەری باپیرە گەورە گەردوونە، کە گەردوون باوەشی بەرفراوانی زەویە؟ ئەو بۆ دەبێ ڕێزی لێنەگیرێ!؟

تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بە بێ ئازادی بەهای نیە، چونکە هەموو دامەزراوەی مرۆڤایەتی لەسەر تاقیکردنەوە ڕێکخراوە، کاتێک کەسێک لەخۆڕا دەڵێت من دکتۆرم یان ئەندازیارم، دەبێتە مایەی گاڵتەجاری ئەوانی دیکە، چونکە بە تاقیکردنەوە و قۆناغی هەڵسەنگاندنەکاندا تێنەپەڕیوە، بۆیە زۆر گرنگە لە فەلسەفەی بوونناسی باش تێبگەین، زۆر جار مرۆڤ پرسیار لە خۆی دەکات من بۆچی بەدی هاتووم؟ بۆچی دەبێت بچمە دۆزەخ، لە کاتێکدا بەهەشت و دۆزەخ بە شێوەی هەڵبژاردن و خۆکردەیی و هەڵبژاردنیان لە دەست مرۆڤەکە خۆیدایە؟ کاتێک مسوڵمان دەمرێت لە گۆڕدا بەهەشت و دۆزەخی پێنیشان دەدرێت و پێی دەگوترێت ئەوە بەهەشت جێگات بوو، گۆڕیتەوە بە دۆزەخ، بە پێچەوانەشەوە، بابەتی قەزا و قەدەر جیاوازە، چونکە چوار قۆناغە، ئەوانیش:

-قۆناغی زانست.

-قۆناغی نوسین.

-قۆناغی ویست.

-قۆناغی بەدیهێنان.

قورئان ئاماژەیان پێدەکا و دەفەرموێ:

((لِمَن شَاءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ، وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ)) التكوير/٢٨- ٢٩ .

بۆ ئەوانەتان کە دەیانەوێت ڕێبازی ڕاست و دروست بگرنە بەر.

ویستی ئێوەش نایەتە دی، مەگەر کاتێك خوای پەروەردگاری جیهانیان بیەوێت، واتە ویستی بێ سنووری ئەو هەموو ویستە سنورداراەکانی ئێمەی لە خۆگرتوە و لە هەمووی فراوانترە.

((وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا)) الكهف/ ٢٩ .

پێیان بڵێ: حەق هەر ئەوەیە کە لە لایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانە کراوە، جا ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با کافر و بێ باوەڕ بێت، بێگومان ئێمە دۆزەخێکمان ئامادە کردووە بۆ ستەمکاران کە لە هەموولایەکەوە دەورەیان دەدات و دیواری بڵێسەی ئابڵوقەی داون، خۆ ئەگەر هاوار بکەن لە ئازار

و تینویەتیدا، ئەوە ئاو دەدرێن بە ئاوێکی گەرمی پیس و بۆن ناخۆش کە وەکو خڵتەی کانزایی تواوە وایە، ئەوەندەش گەرمە دەم و چاویان هەڵدەکوڕوزێنێت و دەیبرژێنێت، ئای کە چەند خواردنەوەیەکی تاڵ و ناخۆشە، چەندە جێگە و ڕێگەیەکی پڕ لە ئازارە.

کەواتە ویستێک کە هی پەروەردگارە ڕەها و بێ سنوورە، ویستی ئێمە سنووری ویستی خودا نابەزێنێت، بەڵام ویستی ئێمە لەگەڵ ویستە فراوانەکەی پەروەردگار جێگای دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر جێگای نەبێتەوە بەندەکان ستەمیان لێ دەکرێت، خودا خۆی دەفەرموێت: ((إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ النَّاسَ شَيْئًا وَلَٰكِنَّ النَّاسَ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ)) يونس/٤٤ . بەڕاستی خوا هیچ جۆرە ستەمێک ناکات لە خەڵکی، بەڵکو خەڵکی خۆیان ستەم لەخۆیان دەکەن.

-((وَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِين)) آل عمران/ ٥٧ .

ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە (بە ئاینی ئیسلام) و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، ئەوا خوا بە تەواوی پاداشتیان دەداتەوە، بە ڕاستی خوا ستەمکارانی خۆشناوێت.

ئەگەر هەڵبژاردنی نەدابێتە دەست بەندەکانی چۆن فەرمانی ئەمر و نەهی بەسەر بەندەکانیدا دەکات؟ بۆ دەفەرموێت نوێژ بکەن و نزیک مەبنەوە لە زینا ؟، هەموو مرۆڤێک لە ژیانیدا هەست بە دوو شت دەکات، هەست بە هەڵبژاردنی خۆی دەکات، وە هەست بە ناویستی خۆی دەکات.

لای خودا جیاوازیەکان بە ماڵ و جوانی و ڕەگەز نیە، خودا دەفەرموێت:

((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)) الحجرات/ ١٣ .

ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەک دروستکردووە (کەباوکە ئادەم و دایکە حەوایە) و کردوومانن بە چەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆر بە جۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بە یەکەوە، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانن کە زۆرتر لە خواترسە و فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زانا و ئاگایە بە هەمووان.

کێ خزمەتی زیاتری خەڵک بکات و چاکە و خوداپەرستی بکات، ئەوە ڕێزدارتر و لە پێشترە، بۆیە دەسەڵاتداری لە ئیسلامدا فراوانە و گەردونیە، لێرە جیاوازی هەیە لەوەی کە لە دیندا دەربارەی ئەو بابەتە باس کراوە لەگەڵ مەسەلەی دیموکراسی.

چونکە لە دیموکراسیدا هەمیشە زووربنە براوەیە و کەمینە بەش خوراو یان ستەم لێکراو دێتە بەر چاو، یان بە ئاشکرا ستەمی لێدەکرێت، بەڵام لە ئیسلامدا هەردوو لا وەک یەک ماف و ئازادی و ژیانیان لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانەوە پارێزراوە.

دەسەڵاتداری بە زۆری زۆرداری بەسەر ئەوانی دیکەدا سەرکەوتوو نابێت، دەبێت بە باوەڕ پێهێنان و ڕای ئازاد بێت، بۆیە دەبێت دەسەڵات لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون و دادپەروەری و بەشداری پێکردن و دادگەری و یەکسانی بێت، یەکسانی کە روحی دادگەریە، بەڵام هەموو دادگەری نیە بەشێکیەتی، خودا کە باسی گەلی عەرەب دەکات دەفەرموێت:

((لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أُنذِرَ آبَاؤُهُمْ فَهُمْ غَافِلُونَ)) یس/ ٦.

بۆ ئەوەی گەل و هۆزێکی پێ بێدار بکەیتەوە کە باو و باپیرانیان بێدار نەکراونەتەوە و بە بێ ئاگایی و نەشارەزایی ماونەتەوە.

لەو لاشەوە دەفەرموێت : ((ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا غَافِلُونَ)) الانعام/١٣١ .

ئەو ناردنی پێغەمبەرانە بۆ ئەوەیە چونکە پەروەردگاری تۆ (نەیکردووە بەعادەت) کە لە نێوبەری شار و شوێنەکان بێت بە ناحەق، لە کاتێکدا خەڵکەکەی غافڵ و بێ ئاگا بن و پەیامی خوایان پێڕانەگەیەنرابێت.

دەبێت گەل لە بێئاگایی دەربکەی، کەسێک بێئاگایە لە شەریعەت، پێیوایە دەبێت بە زۆری زۆرداری خەڵک مسوڵمان بکەی و پەلکێشی مزگەوتی بکەی، کەسی عەلمانیش وا دەزانێت کە ئەگەر ئیسلام حاکم بوو جێگای ئەو نابێتەوە و ئازادیەکانی نامێنن وا دەزانێت ئیسلام هەموو شتێکی لێ حەرام دەکات، کەنیسە و تلفزیۆن و جێگای تایبەت و کڕین و فرۆشتن .....هتد، هەموو یاساغ دەکرێن!

بەڵام بەو شێوەیە نیە کە ئەو بیری لێ دەکاتەوە، ئەم بیرکردنەوانە دروستکراون، ئەگەر سەیر بکەی زۆرترین دین و جیاوازیەکان لە خۆرهەڵاتدا هەیە، یەکێک لە هۆکارەکانی زۆری کێشەکانیش لە شەرق بەراورد بە غەڕب ئەوەیە کە لە خۆرهەڵاتدا دامەزراوە سەربازیەکان جێگیرنین و لاوازن بە بەراورد بە ئەوان.

ئەوان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە بەهێزەکان شکستەکانی خۆیان دەشارنەوە و جوانیەکان نیشان دەدەن، بە پێچەوانەوە کەم و کوڕی و ناکۆکیەکانی شەرق بە ئامانج کاری لەسەر دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان لەولاشەوە جەنگی کلتوری دەکەن و عەقڵیەت و هەژموونی خۆیان دەسەپێنن، بۆیە کێشەکان لە خۆرهەڵات زۆر زەقن، بۆیە تایبەتمەندییەکانی کەسی دەسەڵاتدار لە چوارچێوەی ئیسلامدا لانی کەم دەبێت مسوڵمان بێت، جێگای ڕەزامەندی خەڵک بێت، کەم وکوڕی دادپەروەری و عەقڵی نەبێت .

پەڕاوێزەکانی بەرنامەی چوارەم:

(١) بە پێی تیۆرە هاوچەرخەکان، زانایان تەقینەوەی گەورە بە بیست ملیار ساڵ و تەمەنی خۆر بە سێزدە ملیار ساڵ و هی زەوی بە دوو ملیار ساڵ دادەنین.

((اولم یرالذین کفروا ان السموات والارض کانتا رتقافففتقناهما وجعلنا من الماء کل شیء افلا یؤمنون)) الانبیاء/ ٣٠.

ئایا ئەو کافر و بێ باوەڕانە ئەوەیان نەبینی کە ئاسمانەکان و زەویەکە هەردوو پێکەوەنوسابوون و ئێمە لێکمان جیاکردنەوە؟ وە ئایا ئەوەیاننەبینی کە هەموو زیندەوەرانمان لە ئاوەکە دروست کردوە؟ ئایا پاش ئەم تێڕوانینەشیان ئیمان ناهێنن؟

چونکە ئاشکرایە پێش ملیاران ساڵ کە گوایە ئەو تەقینەوە ڕووی داوە، ئەو کاتە بێجگە لە اللە کەسی دیکە نەبوو تابیبنێ، نە کافر دروستکرابوون و نە هیچ زیندەوەرێک، بەڵام ئەو ئایەتە بە کردار و (فعلی مضارع)داهاتوو، -یری=نەیانبینی؟- دەستپێدەکات، کە ئاماژەیە بۆ لەمەولا، واتە ئایەتەکە باسی داهاتوو دەکات، کە لە داهاتودا کە کافرەکان چەند جیهانبینی و تیۆر و گریمانە و بیردۆزەیەک گەڵاڵە دەکەن، کە بەپێی ئەو بیردۆزانە هەموو ئاسمانەکان و زەویەکە و هەموو ئەو پێکهاتانەش کە لە ئاسمانەکان و زەویەکە دایە، هەموو تۆپەڵ و گرگنێکی بچوک و پەیتکراوە و چڕ بووە و اللە بە هۆی ئینا و دەفری بۆشایی پەرتی کردن.

بەشی دووەمی ئایەتەکە ئاماژەیە بۆبیردۆزی پەرەسەندنی داروین، وجعلنا من الماء كل شيء ؟افلا يؤمنون؟الانبياء ٣٠، هەروەها لە بیردۆزەکانی پەرەسەندن کە وادەبینن هەموو زیندەوەرێک لە دەم ڕوبارێک دەستپێکردوە و بۆتە ئەسڵ و ڕەسەن و بنچینەی هەموو نەوعەکانی زیندە وەران، وەک داروین لە کتێبەکەیدا وادەڵێ، ئایەتەکە (وجعلنا) بەکاردێنێ، واتە ئینا وبۆشایی ئەم گێڕان و گیرانەوەی کرد و هەموو زیندەوەرێک لە ئاوەکە پەیدا بوو، پاشان ئایەتەکە سەرکۆنەیان دەکا کە دوای ئەو دۆزینەوەش هەرئیمان ناهێنن و بیردۆزەکانیان بۆ بێباوەڕی بە کاردێنن.

واتە ئایەتەکە دەفەرموێ: ئایا کافرانی هەزار ساڵ دوای تۆ ئەی محمد تیورگەلێکی وەها گەڵاڵە ناکەن کە ئاسمانەکان و زەویەکان (رتق) و تۆپەڵێکی چڕ و بچووك و گرگن بوون و ئیمە تەقاندماننەوە؟ ئایا کافرانی ئوممەتی تۆ ئەی محمد ئەو تیۆریە گەڵاڵە ناکەن کە ئیمە هەر لە ڤایرۆسێکەوە تا مارمیلکەیەك و مەیمونیك و مرۆڤیك (سلسلەی خەلقمان) لە ئاو لە دەم دەریایەك لە یەکتر دەرهێناوە و هەمە چەشنیمان پێداون بە ڕێی هەڵبژاردنی سرووشتی و بازدان و ڕیکەوت ؟ بەڵام ئەم تیۆری و گریمانەیان وانەکرد ئیمان بە خالقی ئەو تەقینەوە و ئەو گەشە پیدەرە بکەن بۆیە بە کافر ناوی بردن کە فەرموی: (اولم یری الذین کفروا ان السماوات والارض کانتا رتقا ففتقناهما – ئەمە بیردۆزەکەی بیك بنە-وجعلنل من الماء كل شيء حي-ئەمە بیردۆزەکەی داروینە.

ئەوەی دەیەوێ بڵێ کە ئەم ئایەتە ئاماژە نیە بۆ ئەو دوو بیردۆزە، پێبدەڵێم ئەدی چما لە کاتی تەقینەوەی بیك بنی بەر لە ملیارەها ساڵ یان لە و ساتەوەختەی ئاسمانەکان و زەوی رتق بوون کافر و غەیرە کافر لە کوێ هەبوون؟ تا ڕوومالی ئەو ڕووداوە بکەن؟ بەڵێ مەبەست ئەو دوو بیردۆزەن و هەڵەیی ئەمانەش ئەوندەیە رووداوەکانیان پاڵ نەداوە بۆ لای الله .

واتە کیشەی ئەو دوو بیردۆزە لەوە نیە کە دژ بە هەندێ ڕووکەشی دەقەکانی تەورات و قورئان دەوە ستێ، چونکە ئەو ڕووکەشەی دەقپەرستیە چەقبەستوو لێی تێگەیشتوون لە تەورات و قورئان هەر بوونی نیە و قورئان و تەورات ژمارەکانیان لە بارەی خەلقەوە ڕەمز و هێمان، یان ئەم رۆژ و ساڵ و مانگانە نین کە ئیستا هەن، بەڵکو هەڵەیی ئەم دوو بیردۆزە لەوە دایە کە زنجیرەی ڕووداوەکانیان پاڵ نەدایە لای اللە و خالقێك و دانیان نەنا کە سروشت بە هەر چوار دۆخەکەیی و جوڵە و گۆڕانیشیان خالقێکی هەمیشەیی دەیکا.

٥- بەرنامەی پێنجەم:

بەڵگە شەرعیەکانی دەنگدان و بەشداری لە هەڵبژاردن:-

"«أخرجوا إليَّ منكم اثني عشر نقيبًا يكونون على قومهم بما فيهم»

الرحيق المختوم، صفي الدين المباركفوري، ص ١٣.

بە پێی ئەو پێناسانەی بۆ هەڵبژاردن کراوە بریتییە لەو پڕۆسەیە کە تیایدا بە کارهێنانی هۆکارێکی سەردەمییانە دەنگدان بەشێوەیەکی تەواو ئازاد و دادپەروەرانە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکەکان و هەڵبژاردنی پەڕلەمان و بە کارهێنانی ئەو هۆکارە ئامانجدارە بۆ زۆر بواری دیکەی ژیان لەو ڕێگەیەوە هاوڵاتیان بتوانن ئەرک و مافی خۆیان مومارەسە بکەن.(١)

دوو خوێندنەوە بۆ ئەوە هەیە ئایا هەڵبژاردن ئەرکە یان مافە؟

ئەگەر بوترێت مافە مانای وایە تاک ئازادە لەوەی دەنگ بدات یان دەنگ نەدات، کەس ناتوانێت لەسەر ئەمە لێپرسینەوەی لێ بکات.

لە لایەکی دیکەوە ڕەهەندێکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی هەیە کە نابێت لە ئەرک ڕابکەی کاتێک دەزانی نیشتمان هەڕاج دەکرێت، پڕۆسەی هەڵبژاردن زیاتر مافە

نەک ئەرک، لە زۆربەی وڵاتانی دونیا ئەگەر سەیر بکەی خەڵکێکی زۆر بەشداری پڕۆسەکە ناکات، بەڵام لە کۆی گشتیدا کاتێک تاک هەست بەوە دەکات بە مومارەسەکردنی ئەو مافە کێشەیەک یان کۆمەڵە کێشەیەک چارەسەر دەبن، وا باشترە ئەو ئەرکە جێبەجی بکات، ئەگەر جیاوازی نێوان (انتخابات و شورا) بکەین سەردەکێشێت بۆ شەرعیەتی هەڵبژاردن، پێش هەموو شتێک بزانین شورا و ئینتخابات لەگەڵ کام لە بنەما شەرعییەکان یەک دەگرێتەوە؟ مەبەست لە ئینتخابات ئینتخابێکی ئازاد و پاک و دادگەرانەیە نەک مخالەفە و ناچارکران بێت و هۆکارێک بێت بۆ ئامانجێکی دیاری کراو.

دەبێ بە مانای وشە ئازادی و شەفاف و دادەروەرانە بێت، ئاڵوگۆڕی پێبکرێت هۆکارێک نەبێت بۆ جێگیربوونی دەسەڵاتی ناشەرعی بۆ بنەماڵەیەک و کەسێک، ئەگەر وەک چەند وڵاتێکی عەرەبی حزبێک هەموو جار سەدا نەوەدی دەنگەکان دەهێنێت ئەوە هەڵبژاردن نیە.

هەروەها کاتێک سەدا پەنجای خەڵک بایکۆتی هەڵبژاردن دەکات ئەمە هەڵبژاردنێکی دۆڕاوە، چونکە ئەمە خودی ئەو دەسەڵاتەیە خەڵکی بێئومێد کردووە، بڕواشی بە سندوقەکانی دەنگدان نەبێت.

ئەگەر لە لایەکی دیکە باسی شەرعی بوونی هەڵبژاردن بکەی، بەشێک لە مامۆستایانی ئاینی هەتا لە حیجاز کە توندرین فەتوایان هەیە، هەتا لە ئەوروپا لە

ئەفریقا لە وڵاتانی ئاسیا لە مەجامیعی فیقهی عولەمای لێوەشاوە و دیار ئەمڕۆ هەمووی وەکو هۆکار و وەسیلەیەک لە هۆکارە پەسند کراوەکان لای شەرعی سەیری دەکەن، زیاتر ئەوانەی بە هەموو شێوەیەک ڕەتی دەکەنەوە تەکفیرییەکانن، مەرجیش نیە هەموویان، بەڵام بە زۆرینە ڕەتی دەکەنەوە کە خودا ڕێگەی نەداوە بە تەفسیرە جیاوازەکانیان، ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ دەق وعەقڵ و مەقاسید لە ڕووی دقەوە سەیربکەین خودا بە پێغەمبەری خودا (د.خ) دەفەرموێت:

((وَلَقَدْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا وَقَالَ اللَّهُ إِنِّي مَعَكُمْ لَئِنْ أَقَمْتُمُ الصَّلَاةَ وَآتَيْتُمُ الزَّكَاةَ وَآمَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ)) المائدة/١٢ .

واتە: سوێند بێت بێگومان (کاتی خۆی) خوا پەیمانی لە نەوەی ئیسرائیل وەرگرت و دوانزە ڕابەرمان تێدا هەڵبژاردن، ئینجا خوا پێی فەرموون کە: من بە ڕاستی لەگەڵتاندام، سوێند بێت بە خوا ئەگەر نوێژەکانتان بە چاکی ئەنجام بدەن و زەکات بدەن و باوەڕبهێنن بە هەموو پێغەمبەرانی من و پشتیوانییان لێبکەن، قەرزی چاک و جوان و ڕێک و پێک بدەن بە خەڵکی لەبەر خوا (لەبەر ڕەزامەندی ئەوزاتە هەموو چاکەیەک ئەنجام بدەن و چاوەڕێی پاداشت لەوبن) ئەوە بێگومان لە گوناە و هەڵەکانتان خۆشدەبم و چاوپۆشیتان لێدەکەم و دەتانخەمە باخەکانی بەهەشتەوە

کە چەندەها ڕووبار بە ژێر درەختەکانیدا دەڕوات، جا ئەوەی لەوەودوا بێباوەڕ بێت لە ئێوە، ئەوە مانای وایە کە بەڕاستی ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و ڕەوانی لێ تێکچووە.

دیاریکردنی نەقیبەکان، ئەو کەسانەی کە لە نێو نەتەوە و گەلانی خۆیاندا سەرکردەن ببنە کاربەدەستی خەڵک ئەوە چەند بەڵگەیەکی شەرعی لەسەرە، کە ئەمانە هەندێکیانن:

-پێغەمبەری خودا (د.خ) لە (بەیعەی عەقەبە) دا لەگەڵ ئەنساڕەکاندا فەرمووی: أخرجوا إليَّ منكم اثني عشر نقيبًا يكونون على قومهم بما فيهم.

ئەنساڕەکانیش دوازدە نەقیب و نوێنەریان هەڵبژارد، نۆکەس لە خێڵی خەزرەج و سێ کەس لە خێڵی ئەوس وەک لە سیڕەدا هاتووە.(٢)

جا ئەوجار بە نەقیبەکانی فەرموو: أنتم على قومكم بما فيهم كفلاء ككفالة الحواريين لعيسى بن مريم، وأنا كفيل على قومي.

واتە: ئێوە لە نێو گەل و هۆزەکانی خۆتان بریکار و سەرپەرشتیار و بەخێوکارن، -کفیل بەهەموو ئەو واتایانە دێ(٣)- وەکو کەفیلێتی و بریکاری حەواریەکان بۆ بنەماڵەکانی ئیسرائیل لە بەردەم عیسای کوڕی مەریەم، منیش کەفیل و بریکاری گەلەکەمم.(٤)

دوانزە کەس دیاریبکەن نوێنەری ئێوەبن کە من قسەیان لەگەڵدا بکەم.

وە لە وەسفی هەوازینیشدا کە ئەوان کافربوون شەڕیان لەگەڵ پێغەمبەری خودا (د.خ) کرد و شکستیان هێنا، ماڵ ومنداڵیان بە دیل گیرابوو، وەهەریەک لەبوخاری وئەبوداود گێڕاویانەتەوە(٥)، کە پێغەمبەری خودا (د.خ) حەزی دەکرد خێزان و منداڵەکانیان بدرێتەوە، بۆیە نزیکەی پانزە ڕۆژ لەگەڵ پێغەمبەری خودا (د.خ)کە هەڵبژاردنی دانێ لەنێوان ژن و منداڵەکانیان وماڵ و ئاژەڵەکانیان یەکێکیان بۆبگێڕێتەوە، ئەو وەفدە موناقەشەی کرد و ئەوەیان هەڵبژارد کە کچ و ژن و منداڵەکانیان بۆ بگێڕێتەوە.

پێغەمبەری خودا (د.خ) بە یاوەرانی فەرموو کە هەوازنەکان دەیانەوێ ژن و منداڵەکانیان بۆ بگێڕینەوە، سەحابەکان هەریەکە و قسەیەکی دەکرد، پێی فەرموون: إنَّا لا نَدري من أذِنَ منكُم مِمَّن لم يأذَنْ، فارجِعوا حتَّى يرفعَ إلينا عرفاؤُكُم أمرَكُم، فرجعَ النَّاسُ وَكَلَّمَهُم عرفاؤُهُم، فأخبروهم أنَّهم قد طيَّبوا وأذِنوا.

واتە: من بەو بێسەر و بەریە نازانم کێ لە ئێوە ڕازیە بەبێڕیارەکە و کێ ناڕازیە، با عەریفەکانتان ناسراوەکانتان، واتە لیژنەیەک بە نوێنەرایەتی بێن تا قسەیان لەگەڵ بکەین.

دەبێ پەیامی خۆتان بە نوێنەرەکانتاندا بنێرن، ئەوانیش بە نوێنەرەکانیان گوت کە بە بڕیاری گێڕانەوەی ژن و منداڵەکان ڕازین.(٦)

بەڵگە شەرعیەکانی دەنگدان و بەشداری لە هەڵبژاردن و مانای هەڵبژاردن:

ئەو پڕۆسەیە کە کۆمەڵێک دەزگا یان دەزگایەک ئەنجامی دەدات و تێیدا ڕای خەڵک وەردەگرن و مەبەست لێی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و گۆڕینی کەسەکانە لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، دەنگدان و دیاریکردنە و دەبێت ئەو تایبەتمەندیانەی هەبێت لە ئازادی، بوونی ئیرادەی سەربەخۆ، دادپەروەرانە بێت، وە دەبێت ئامانجدار بێت، هەڵبژاردن بۆ مەبەستی دیاریکردنی سەرۆکی وڵات بێت، وەزیر بێت یان ئەندام پەرلەمان و نوێنەر بێت هەمووی بە ڕێگەی دەنگدان دەکرێت و دەکرێت هاومانای شورا بێت بەڵام هەریەکە هەندێک تایبەتمەندی جیاوازی هەیە.(٧)

هەڵبژاردن ئەرکە یان ماف؟

دوو ڕەهەندی هەیە، ئەگەر ماف بێت ئەوا مافێکی تاکە کەسیە و کەسەکە ئازادە چەندە مومارەسەی دەکات، بەڵام دەبێت لە ڕوانگەی شەریعەوە ئەو مافە بۆ چاکە و ڕەواجدان بە چاکەکاری بێت، ئەگەریش ئەرک بێت ئەوا ڕاکردن لێی و بێبەهەڵوێستی بە گوناح هەژمارە و بەرپرسیاریەتی هەیە، لە لایەکی دیکەوە هەڵبژاردن ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە و کۆمەڵگە لە ڕێگەی پەیوەندیەکان و دەنگ و دیاریکردن بریکار-وکیل- دادەنێت، لەو کاتەدا بەرپرسیاریەتیان لەسەر شانە لەوەی چۆن بڕیار دەدەیت و لە خۆ لێ بێدەنگکردنی تووشی لێپرسینەوە دەبین.

لە کۆی گشتی و تێگەیشتنمان دەبێت بزانین ئەگەر بە مومارەسە نەکردنی ئەو مافە خۆبوێرین و کەسانێک ببنە بریکار کە شیاو نین ئەو کاتە بابەتی هەڵبژاردن لە ماف تێپەڕەکات و وەکو ئەرک دەبێت، لە شەرعدا هەڵبژاردن و دیاریکردنی نوێنەر بەرپرسیاریەتیە و دەبێت ئەو مافە جوان مومارەسە بکرێت و خەڵکێکی ڕاستگۆ و دیندار و خواناس و شیاوی ئیداری بکرێتە وەکیل، بەڵام دەبێت وریابن ئەگەر کەسانێکی ئەهلی حەق و شەفاف و خاوێن نەکەینە نوێنەر ئەوا بەرپرسیار و گوناهبار دەبین چونکە ئەوکات هەژموون و ڕێڕەوی فەساد زیاد دەکات. (٨)

کە دەڵێین هەڵبژاردن، واتە بە ڕێگایەکی ئازادانە، شەفاف و دادپەروەرانە بەڕێوە بچێت و ڕێگەی خەڵک بدرێت ئەدای مافەکەی بکات بە ئازادی، هۆکارێکی ئامانجدار بێت و نەبێتە هۆکارێک بۆ چەسپاندنی حوکمی نا شەرعی، ئەگەر لە شوێنێک ستەم و چەوسانەوەی بەردەوام هەبێت و بێکاری زۆر و نادادی هەبێت ناکرێت حیزبێک لە ٩٠% یان ٨٠% بهێنێت، ئەوە هەڵبژاردن نیە بەڵکو ناچاری و سندوق پڕ کردنە، لەسەر شرعی بوونی هەڵبژاردن زۆرینەی زانایانی سەردەم، هەتا لە تۆندترین شوێن لە حیجازەوە بۆ ئەفریقا و ڕۆژهەڵات و ئەوروپا هەموویان کۆکن لەسەر شرعی بوونی هەڵبژاردن وەکو زۆرینە.(٩)

کەمینەیەک ڕەتی دەکەنەوە کە زیاتر تکفیریەکانن کە پێیانوایە هەڵبژاردن تشریعە و ئەو ئایەتە دەکەنە بەڵگە: ((وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَاتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَاتَّخَذَ اللَّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلًا)) النساء/ ١٢٥.

کێ هەیە ئاینی چاکترە و پەسەندتر و جوانتر بێت لەو کەسەی ڕووی کردۆتە خوا و خۆی تەسلیمی ئەو کردووە و لە کاتێکدا کارجوان و کارپەسەندە و شوێنی ئاینی ئیبراهیمی ملکەچ و فەرمانبەردار کەوتبێت، کە خوا ئیبراهیمی کردۆتە خۆشەویستی خۆی ڕێزداری کردووە.

بەڵام ئەوە تێگەیشتنێکی سەقەت و هەڵەیە کە تەفسیری هەڵەی ئەو ئایەتە دەکات(١٠).

بۆ حوکم دەبێت بگەڕێینەوە بۆ:

١-دەقەکان

٢- عەقڵ وهۆشەکان.

٣-مقاسید ومەبەستەکانی دین.

لە ڕوی دەقەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر (د. خ) خودا لە باسی بەنوئیسرائیل دەفەرموێت: ((.....)) ئەوە بەڵگەیە لەسەر دیاریکردنی نەقیب و سەرکردە لەنێو خەڵکی خۆیاندا، دیارە کە بەڵگێکی شەرعیە، وە پێغەمبەری خودا

(د.خ) لە بەڵێننامەی عەقەبەدا لەگەڵ ئەنسارەکاندا فەرمووی: ئێوە لە ئەو حەفتا و ئەوەندە کەسەدا دوازدە کەس دیاریبکەن، واتە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵدا بکا، هەروەها لە وەسفی هەوازینیشدا کە هۆزێکی ناموسوڵمان بوون و لە شەڕدا دۆڕابوون و پێغەمبەر (د. خ) مەبەستی بوو منداڵ و ژنەکانیان تەسلیم بکاتەوە بۆیە فەرمووی: چەند نوێنەرێکتان دیاری بکەن و هەڵبژێرن بۆ ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکەین، وەک لەمەو پێش ڕابورد و ئاماژەی پێکرا.

ئەگەر بێینە سەر ژیانی خەلیفەکان(جێنشینان) کاتێک پێغەمبەر (د.خ) وەفات دەکات، دەنگۆ دروست دەبێت لەوەی کێ لەدوای کۆچی پیغەمبەر (د.خ) ببێتە سەرکردە و خەلیفە، ئایا لە پشتیوانەکان بێت یان مهاجرەکان؟ لەو کاتەدا عومەری کوڕی خەتاب هەڵدەستێت و دەستی ئەبوبکری سدیق بەرز دەکاتەوە و دەڵێت چەند کەس لەگەڵدایە ببێتە خەلیفە و بەڵێنی پێدەدا؟؟

لەو کاتەدا زۆرینە دەنگی پێدەدەن، ئەوە هەڵبژاردنێکی ئاشکرا بووە و ئامرازێکی دیاریکردن بووە، دوای کۆچی ئەبوبکر، عومەری کوڕی خەتاب بە عهد و بەڵێننامە دادەنرێت و ڕاجیایی وەها نابێت و زۆرینەی موسوڵمانان ڕازی دەبن.

دواتر لەگەڵ کۆچی عومەری کوڕی خەتاب کە خەریکە شەهید دەبێت و لە سەرەمەرگدا، شەش کەس وەکو شورا دیاری دەکات لە گونجاوترین و باشترین سەرکردە بۆ ئەوەی موسوڵمانان لەو شەش کەسە یەکێک دیاری بکەن و ئەبو

تەلحەش بە چەکەوە دەکاتە چاودێر بەسەریانەوە، ئەگەر زوو نەگەیشتنە ئەنجام سزایان بدا، دواتر چوار کەسیان کشانەوە بە ڕەزامەندی خۆیان لەوانە عبدالرحمانی کوڕی عەوف بوو، ئیمامی علی و ئیمامی عوسمان مانەوە و عبدالرحمانی کوڕی عەوفیش بەڵێنی لێوەرگرتن لەوەی کێ دیاری بکات ئەو ببێتە خەلیفە و ڕازیبوون، بەڵام عبدالرحمانی کوڕی عەوف خۆی تەنیا بڕیاری نەدا بەڵکو لە شەقامەکانی مەدینە گەڕا و ڕاپرسی کرد و زۆرینە ئیمامی عوسمانیان هەڵبژارد و دیاریکرد، هەتا ڕای کچ و ژن و منداڵەکانی مەدینەشی وەرگرت. (١١)

دوای وەفاتی ئیمامی عوسمان خەڵک چوون ئیمامی عەلییان بانگکرد بۆ خەلیفایەتی وتی: لەخۆوە بڕیار نادەم و بەڵکو دەبێت موسوڵمانان لەنێو مزگەوت و بە زۆرینە دەنگی لەسەر بدەن و رازیبن ئەوە بوو بە هەرە زۆرینە ئیمامی عەلی دیاریکرا.

کەوایە لەسەردەمی خەلیفەکان بە جوانترین هۆکارخەلیفە دیاریکراوە کە زۆرینەی دەسەڵاتەکانی لابوون، هەروەک چۆن ئێستا دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لە هەندێک وڵات زۆرترین دەسەڵاتی هەیە، وەک ئەمریکا بەنمونە، چوار خەلیفەکان بە چوار هۆکار و ڕێگای جۆراوجۆر دیاریکران و هیچیشیان خۆیان نەهاتنە دەسەڵات بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕاو داخوازی خەڵک .

((وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ)) الشورى/ ٣٨ .

ئەوانەش بەدەم بانگەوازی پەروەردگاریانەوە چوون و نوێژەکانیان بە چاکی ئەنجامداوە و کار و باریان هەردەم بە ڕاوێژ و ڕاپرسی و ڕاوێژکاریە و لەو ڕزق و ڕۆزیەی کە پێیان داون، دەبەخشن.

ئەوانە هۆکارێك بوون بۆ دیاریکردن و هەڵبژاردنی سەرکردە و سەرۆک یان نوێنەر.

دەکرێت بڵێین دەنگدان و دیاریکردن دەچێتە نێو بازنەی " الامر بالمعروف والنهی عن المنکر"، چونکە ئەو دەنگەی تۆ دەبێتە ڕێگایەک بۆ ئەوەی چ کەسانێک دەبنە وەکیل و چۆن مامەڵە لەگەڵ (معروف) و (منکر) دەکەن.

مادام شەرع فەرمانمان پێبکا کە لە کێشەی نێوان ژن ومێرد شایەتحاڵ بگرن، کەواتە لە مەسەلە گەورەکاندا لە بەڕێوەبردنی کاروباری مسوڵمانان دەبێت زیاتر و وردتر کاربکەین.

لەلایەکی دیکەوە خودا دەفەرموێت: ((..وَلَا يُضَارَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ وَإِن تَفْعَلُوا فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ)) البقرة/ ٢٨٢.

ئەو کەسەی شایەتحاڵی دەکات یان هەڵدەبژێدرێت نابێت لە ژێر فشار و ترسدا کارەکانی بە زۆر پێ ئەنجام بدرێت و ناچار بکرێت، چونکە ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی وەکالەت بە شێوەی ڕێککەوتن لە نێوان چەند کەسێکدا، ئەمە پەیوەندی بە مەقاسیدەوە هەیە، لیرەدا هەموو دامەزاوەکانی حکومەت وەسیلەن نەک ئامانج، هۆکارن بۆ خۆشگوزەرانی خەڵک، ئەگەر ئەو حکومەتەی هەڵدەبژێردرێت ٥٠٪

ئامانجەکانی بۆ خزمەتی خەڵک پێکا ئەوا شەرعییە، بە پێچەوانەوە ناشەرعییە، ئەوەی ئەم پڕۆسەیە جیادەکاتەوە لە پڕۆسەی هەڵبژاردنی وڵاتانی غەیرە دینی ئەوەیە ئەوان بۆ گەشتن بە ئامانجەکە پەنا بۆ هەموو کارێکی ناشەرعی دەبەن، بەسەر ئێسکی ئەوانی دیکەدا دەڕۆن، هۆکاری فەرمان بەچاکە و ڕێگریکردن لە خراپە نابێت دەست بەردارببین، ئەگەر سەیری ژیانی پێغەمبەران -علیهم السلام- بکەین دەبینین کە چۆن دژایەتیان کراوە بە لێدان و سوکایەتی و شەهیدکرن، بەڵام هەر دەستبەرداری بانگەواز نەبوونە، لیرەدا مەبەستەکە ئەوەیە تاکی کۆمەڵگا لەسەر ئاراستەی شەریعەتی ئیسلامی فێربێت ڕابهێندریت بڵێت: نا، بتوانی بڵێیت ئەوە چاکە ئەمە خراپە، خودا ڕێگری لەوە کردووە، دەفەرموێت:

((وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا)) النساء/ ١٤٠.

بە ڕاستی خوای گەورە لە قورئاندا ئەم بڕیارەی ناردووە بۆ سەرتان کە: هەر کاتێک لە جێیەکدا گوێتان لێ بوو کوفر و گاڵتە بە ئایەتەکانی خوا دەکرا، ئەوە دامەنیشن لەگەڵ ئەوانەدا هەتا قسە و باسەکەیان دەگۆڕن، (ئەگەر دابنیشن و گوێ نەدەنێ) ئەوە بە ڕاستی ئێوەش لەو کاتەدا وەک ئەوانن و (حسابی ئەوانتان بۆ دەکرێت) بە ڕاستی خوا دووڕووەکان و بێباوەڕەکان هەموویان لە دۆزەخدا کۆدەکاتەوە.

ئەگەر گاڵتە بە ئایەتی خودا کرا بێدەنگ بیت وەک ئەو کەسە هەژماردەکرێیت کە تەشهیر و سووکایەتییەکەی ئەنجامداوە، بەڵام ئەگەر بە بەڵگە وەڵامدرایەوە ئەوا مسوڵمانەکە هەرچەند بە قسەشی نەکرێت گوناهبار نابێت، موسا (علیەسلام) کاتێک داوای لە قەومەکەی کرد بچنە نێو بەیتولمەقدسەوە لە ٧٠ هەزار کەس دوو کەس بەقسەیان کرد، بەڵام هەر کۆڵی نەدا و ئەرکی خۆی جیبەجێ کرد، ئەگەر هەر بیانوییەک بدۆزینەوە بۆ بە ناشەرعی دانانی هەڵبژاردن، یەکێک لە بیانوەکان ئەوەیە دەکرێت، لەوێ یاسایەک دابندرێت پێچەوانەی دین بێت، تۆ ئەو کاتە چی دەڵێیت ؟ ئەگەر مسوڵمان لەوێ ئامادەگی هەبێت دەڵیت: نا، هەوڵی ڕێگریکردنی دەدات، بۆیە هەڵبژاردن دەتواندرێت هۆکارێک بێت لە هۆکارە باشەکان بۆ شورا و بەیعەت بۆ فەرمان بە چاکە، نەک بە پێچەوانەوە ببێتە وەسیلەیەک بۆ بڕەودان بە شتی ناشەرعی و دوورکەوتنەوە لە ئامانجە گەورەکە.

پەڕاوێزەکانی بەرنامەی پێنجەم :

(١) هەڵبژاردن و کاندیدکردن لە زمانی عەرەبیدا چاوگەکەی -نخب -ە، واتە: لێگرتن و هەڵبژاردن و لێکهەڵاوێردن.

ئیبن منظور : پێیوایە کە (الانتخاب) هاوماناى: (الاختیار) و (الانتقاء) دێ، بە دەستەی هەڵبژێردراوان دەگوترێ: النخبة ، ژێگرتە، کە کۆمەڵێک کەسانی بەربژێر کراون.

د. تەرهونی دەڵێ: کەواتە هەڵبژاردن - الانتخاب- میکانیزمێکە کە ناکرێ حوکمی لەسەر بدرێ هەتا نەزانرێ چی و کێ و بۆچی هەڵبژێراوە، واتە هۆکارێکە بە مەبەستەکەی چاکی و خراپی و دروستی و نادروستیەکەی دەردەکەوێ.

جاکە (الانتخاب) و (الاختیار) هاومانا بن، دەبێ بزانین واتای (الاختیار) چیە؟

د. تەڕهونی دەڵێ: ئەوەی جێی سەرسامیە کە ئەم زاراوەی هەڵبژاردن و کاندید کردنە ئەوەندە ئاڵۆز کراوە کە دەیان دەستە بڕیاری کافربوون و هەڵگەڕانەوە لە دین و بوون بە موشریکیان بەسەر بکەرانی هەڵبژاردن داداوە هەندێکی دیکەش بە کردارێکی ڕێپێدراو و شەرعی و ئەرکێکی واجب و فەرزێکی دینییان داناوە!!

جا چونکە ئەم زارەوە زاراوێکی نوێی داهێنراوە لە کۆندا بەو شێوە نەبووە، بۆیە فەرهەنگە یاسا ناسەکان وایان ناساندوە کە تەقللایەکی یاساییە بە مەبەستی دیاریکردنی ئەو سیستەمەی لەو سەردەمە دەکرێتە دەستوور و لیست و لە چوارچێوەی ئەو دەستورە کەسێک یان زیاتر لە کەسێک کاندید بکرێن بۆسەرۆکایەتی، یان ئەندامێتی لە ئەنجومەنێک یان ئەندامێتی لە سەندیکا و یانەیەک.

هەروەها بەوەش پێناسەکراوە کە کردارێکی فەرمیە بۆ بەربژێر کردنی کەسێک تاکو پۆستێکی فەرمی بە ئەستۆوە بگرێ.

پێناسەی سێیەم دەڵێ: ڕێگایەکە تیایدا هاوڵاتیان بە گشتی، یان بە زۆرینە ڕەزامەند دەبن، بەمەش ئەو کەسە دەناسرێ کە شایستەی دەسەڵات گرتنەدەستە.

گوتراوە: هەڵبژاردنی بریکارەکانە لە لایەن میللەتەوە تاکو ببنە نوێنەری میللەت.

وە دەشگوترێ: هەڵبژاردنێکە کە تیایدا ئەو کەسانە دەناسرێن کە شایستەی ئەوەن هەڵبژاردنیان هەبێ.

بێگومان زانین و داڕشتنی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئەم زاراوە داهێنراوە زۆر پێویستە چونکە گوتراوە حوکم دان بەسەر دروستی و نادروستی هەر کارێک لقێکە لە وێناکردنی ئەوکارە.

جاکە بە تەواوی ئەم زاراوە نەناسرێ ناتوانرێ حوکمی بەسەردا بدرێ.

[٢]الرحيق المختوم، صفي الدين المباركفوري، ص ١٣٧، طبعة دار الهلال، الطبعة الأولى

(٣)هەتا ئێستاش لەنێوعەرەب بە سەندیکا دەڵێن نەقابە، واتە ئەنجومەنی نەقیبەکان..

[٤]البداية والنهاية، ابن كثير الدمشقي، الجزء الثالث، فصل: قصة بيعة العقبة الثانية

(٥)- ئەم فەرمودە ئەبوداود لە المسور بن مخرمة و مروان بن الحكم گێڕاویەتەوە وئەم فەرمودە لە : صحيح أبي داود ا الصفحة أو الرقم : ٢٦٩٣ وە لە صحيح البخاري/الصفحة أو الرقم: ٤٣١٨ ا خلاصة حكم المحدث : [صحيح]

(٦)کەواتە ئەم زاراوە لە خودی خۆیدا بێزراو و ڕەتکراوە نیە، چونکە بنچینەی هەڵبژاردنی نوخبە و بەشترین و پڕخێرترین خێرەکانە لەناو کۆمەڵێک کەسی نوخبە و بەربژێر وخێرۆ مەند و باشدا.

کێشەکە لە خودی زاراوە کە دانیە، بەڵکو کێشەکە لەو هەڵبژارد نەیەکە مرۆقی ڕێگاپێدراو بە هەڵبژاردنی هەم باش وهەم بەدکاریدادەیکا.

چونکە بنچینەی هەڵبژاردن هەڵبژاردن و بە نوخبەکردنی باشترینەکانە، بەڵام ئەو باشترینە لە دەروونی هەر تاکێکدا بەستراوە بە ڕادەی شارەزایی و پێگەیشتویی ئەو کەسەوە.

(٧)ئەم جۆرە هەڵبژاردنەی ئێستا هەیە هەر چەندە هەندێک بەڵگەی قورئان و سونەت هەن کە پشتگیری دەکەن بەڵام لە شێواز و ناوەڕۆک و بەڕێوەبردنەکەیدا شێوازێکی نوێیە و لە ڕۆژئاوا و ئەوروپا وەرگیراوەو لە ناو ڕابردوی پێشینان بەم شێوە نەبووە.

بۆیە دەبێ زانایانی هاوچەرخ هەڵێنجان و قسەی تێدابکەن.

جارێ لەو ڕوانگەوە کە ئەمە لە کەسانی غەیرە دین وەرگیراوە، مسوڵمانان لە هەر کوێیەک حیکمەت و لێزانیان دیبێ وەریان گرتوە و لەگەڵ شەرعی ئیسلام گونجاندویانە و پەرەیان پێداوە.

نمونەش بۆئەمە :

١-هەڵکەندنی خەندەق بە ڕێنمایی سەلمانی فارسی بوو کە گوتی: ئێمە کە گەمارۆدەدراین خەندەقمان هەڵدەکەند وەک ئیبن حجرلە فتح الباری باسی کردوە. .

٢- لە فەرمودەی دروست ئەنەس دەگێڕێتەوە کە یاوەران کە زانیان سەروەرمان صلی الله علیه وسلم دەیەوێ نامە بۆ پاشاکانی جیهان بنێرێ، گوتیان ئەو پاشایانە نامەی ختم نەکراو ناخوێننەوە بۆیە ئەم مۆرەی مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ ی دروست کرد.

٣- لە سەردەمی عومەردا دانانی سەری سالّی کۆچی و دانانی دیوانەکانی بیت المال و دیوانی جوند لە هورموزانی فارسی وەرگیراوە، وە دابەش کردنی وڵاتی ئیسلامی بۆ چەند ویلایەتێک لە ڕۆمەکان وەرگیراوە.

تەنانەت تا سەردەمی عبدالملک هەر دینار و سکەی فارس و ڕۆم لە دەوڵەتی ئیسلامی بەکاردەهێنرا.

وە کەسیش بەم کارانەی نەدەگوت ئەمە تەشەبوهە بە کافران و وەرگرتن و شوێن کەوتنی ڕێبازی کافرانە و پێی کافردەبن.

وە ئەوەش دەگەیەنێ کە یاوەران زۆر ئاگاداری ڕێ و ڕەسمی حوکمڕانی و ڵاتانی دەوروبەر بوون.

٤- وە لەم سەردەمەش هەموو ڕێکخستن و ڕێز بەندیەکانی زانکۆ و شێوازی بەڕێوەبردنی فەرمانگە و سوپاو ڕێگاوبان و هاتوچۆ لە ڕۆژئاوا و ئەوروپا وەرگیراوە.

٥- سەروەرمان صلی الله علیه وسلم لە سەحیحی موسلیم کە مستوردی کوڕی شداد دەگێڕێتەوە فەرمووی: کە تا ڕۆژی قیامەت ڕۆمەکان زۆرینەی جیهانن، عەمری کوڕی عاس لە ڕاڤەی ئەم فەرمودە دەڵێ کەواتە زۆر حەکیمن و پارێزراون لە ستەمی دەسەڵات داران.

جا مادام ڕێگاکانی هەڵبژاردنی حوکمڕان زۆر لە دەسەڵاتە ڕەهاکانی و لە تاکڕەوی یەکەی کەم دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەم بونەوەی ستەم و تاکڕەوی ودیکتاتۆری و دەسەڵاتدار پاڵ دەنێ کە لەبەر ئەوەی جەماوەر دەسەڵاتی هەیە لە دانانەوە و بڕیاردانی سەلاحیەت و دەسەڵاتەکانی بۆیە ئەمیش ڕێز لە جەماوەر و هاوڵاتیەکانی دەگرێ.

جا ڕێزگرتنی حاکم لە هاوڵاتیان واجبێکی دینیە لە ئیسلام دا،ئەم واجبەش نایەتەدی تا ڕێکارەکانی کاریگەرکردنی هەڵبژاردنی لە لایەن جەماوەرەکەی بە هەند وەرنەگیرێ، کەواتە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕێکارانەش واجبە، وەک چۆن لێدانی خەندەق و دروستکردنی مۆر و

دابەشکردنی وڵات بۆ ویلایات و دانانی دیوان و وەزارەتەکان لە سەردەمی خۆی لەسەر پێشەوایانی مسوڵمانان واجب بوون.

مادام کە هەڵبژاردن نەک هەر پێچەوانەی شەرع و بنەماکانی دین نیە بەڵکو لە پێداویستیەکانی دینیشە بۆیە دەبێ هەموو ڕێکارێکی بەڕێوەچوون و پاراستن و بەشداری تێداکردنی بگیرێتە بەر، چونکە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بە پاکی پاراستنی هەموو مەبەستەکان و مەقسەدەکانی شەرعی تێدایە.

بێگومان ئەم جۆرە حوکمە زۆر لە حوکمی پاشایەتی پشتاوپشت و تیروپشکی کە شەرعیش بڕیاری لە سەرداوەو دەسەڵات زەوتکردن بەزۆرچاکترە.

وە دەبێ بزانین زەوتکردنی دەسەڵات و دەسەڵاتی پشتاوپشتیش دوو ڕێگەی ناشەرعین، جاکە ئەنجومەنی نوێنەران بەشەرعدانان دابنرێ، ئەوە لە مێژە هەر لە دوای خەلیفەکانی ڕاشدین، ڕێگا شەرعیەکە گۆڕاوە و بە ڕێگای ناشەرعی حوکمڕانەکان گەیشتونە دەسەڵات و میللەتیش بە ناچاری گوێڕایەڵی کردوون..

سەندیکا و شارەوانیەکان هەموو داهێنراون و بەشێوەیەکی فەرمی و بەردەوام وەک پۆست لەناو مسوڵمانان بونیان نەبووە، تا ئەوروپیەکان ئەم پۆستانەیان کردەکارێکی پویست و فەرمی لە نێو کۆمەڵگا.

هەر چەندە دەبوو شارەزایانی ئیسلام زۆر پێش ڕۆسۆو مۆنتیسکۆ وڤۆڵتێر و....بکەوتنایە ،چونکە پێغەمبەرەکەیان علیه السلام بۆ کارە هەرە گرنگەکان نەقیب و عەریفەکانی دادەنان و

قورئان باسی نەقیب وعەریفەکان دەکا کە موسا وعیسا علیهما السلام لەناو گەلەکەیان هەڵیان بژاردوون.

بەڵام ئەوەی کە فەقیهەکانی ئیسلام نەیانتوانی لەناو قورئان و فەرمودە هەستی پێ بکەن و دەری بێنن و بیکەنە کردار زانایان وکۆمەڵناسانی ئەوروپا کردیان و تیایدا سەرکەوتووبوون.

تەنانەت قورئان هەڵمان دەنێ کە لەو کەمە هەڵبژێردراوانە بین کە چاکساز و سوپازگوزار و هەڵبژاردەن.

وە سەروەرمان علیه السلام بە وەفدی عبدالقیسی فەرمو ئەم دوعایە بکەن: اللهم اجعلنا من عبادك المنتخبين الغر المحجلين الو فد المتقبلين

کە وەفد و نێردەیەکی هەڵبژێردراوبن واتە لە چاکەکاران بن.

بێگومان ئەوانەی کاری خەڵکی لای کاربەدەستان چاک دەکەن و بەرگری لە مافەکانیان دەکەن پێشەنگی چاکەکارانن.

ئیبن تەیمیة دەڵێ: "پێویستە بزانرێ کە وە ئەستۆگردتنی کاروباری خەڵک لە گەورەترین واجیباتەکانی دینە، چونکە نەدین و نەدنیا بەڕێوە ناچن بە بێ ئەوکارە، بەرژەوەندی مرۆڤەکان بە بێ کۆبوونوە نایەتەدی، کە کۆشبوونەوە بەبێ سەرۆک کۆبونەوەکەیان بەردەوام نابێ، بۆیە سەروەرمان صلی الله علیه وسلم:دەفەرموێ". ئەگەرسێ چونە سەفەرێ با یەکێکیان سەرۆکیان بێ..

جا چونکە دیاری کردنی نوێنەر ئەگەر لە لایەنی دەسەڵات دیاری بکرێ، خەڵکەکە دەڵێن ئەو دەسەڵاتە خۆسەپێنە، بۆیە پەیامبەران هەڵبژاردنەکەیان داوەتە دەستی خەڵکەکە.

هەتا ئەو والیانەش کە خەلیفە دیاری کردون کە بیستویەتی خەڵک گازندەی لێیان هەیە هەتا ئەگەر لە باشترین کەسانی مژدەپێدراو بوبن وەک سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس کە یەکێک بوو لە مژدەپێدراوانی بەهەشت بەڵام عومەر لەبەر ئەوە خەڵک لێی ڕازینەبوون لە دەسەڵات لای دا.

(٨)دکتۆرتەڕهونی لێرە نمونەیەک دێنێتەوە و دەڵێ:

ئەگەر لە هەڵبژاردنی شارەوانی دوو کەس خۆیان کاندیدکرد، یەکێکیان ناسراو بوو بە ئاڕاستەی ئیسلامی و هەموژیانی دژی هەموو کارێکی ناشەرعی بوو، هەردەم لە خزمەت دینداری و مزگەوت و کاری خێر بوو، هەردەم بە دەست و دڵ و زمان چەند توانیبێتی ڕێگری هەموو جۆرە ناشەرعی و مەیخۆری و بەدڕەوشتیەک بوو.

کەسەکەی تر بەوەناسرابوو کەسێکی عەلمانی و دوور لە دین بوو، بە بەربەرەکانی هەموو دیاردێکی دین و دینداری ناسرابوو، هەردەم خەریکی بڵاوکردناوەی بەدکاری و گەندەڵی و هەموجۆرەکانی تاوان بووە لەو شارەدا.

ئایا دەکرێ گومان لەسەر شەرعی بوونی چۆکاندیدکردنی مسوڵمانەکە دروست بکرێ و بە ناشەرعی دابنرێ؟

وە یان دەکرێ گومان لەسەر چاکەکاری دەنگدەران دروستبکرێ کە بۆڕێگرتن لەو پیاوە خراپەکارە دەنگیان بەو پیاوە باشە داوە؟

هەرکەسێ ئەو پیاوە باشە هەڵبژێرێ ئەوە بەڵایەکی گەورەی لە کۆڵ شارەکەی کردۆتاوە و خێرێکی زۆری بۆ هێناوە، بەڵام هەر کەسێ دەنگی نەدابێ ،ئەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ

دەنگی بەو کەسە خراپەکارەداوە، ئەو خراپەی بەسەر چاکەدا هەڵبژاردوە بالای خۆی وابێ کە دەنگی نەداوە.

بە پێی ڕێسای هەر کارێک کە بە جێگەیاندنی واجبەکان لەسەر بوونی ئەو ڕاوەسابێ -مالایتم الواجب الا به فهو واجب- خۆکاندید کردنی مسوڵمانێکی سەر ڕاست بۆ ڕێگرتن لە هاتنی ئاو بێدینە فەڕزە لەسەر مسوڵمانانی ئەو شارە، کە کەس نەیکرد هەموو مسوڵمانان تاوانبارن، وە دەنگدەرانیش فەڕزە لەسەر یان کە دەنگ بەو پیاوە باشە بدەن تاکو بەدکاریەکی گاورە لە کۆڵ شارەکەیان بکەنەوە خێرێکی گەورەشی بۆ بێنن.

دەبێ زاناکان بەراوردێک بکەن لە نێوان ئەو بە ڵاوخراپانەی کە لە ڕێی بوونی کاندێدڵ دینداڕەکە لە شارەکەدان لا دەدرێ وە بوونی چەند سەرپێچیەکی لاوەکی لەو کارە کە هەندێ جاران هەر گومان و پێشبینیەکی وەهمیە و هیچ سەرپێچیەک ڕونادا، نابێ لێنووی سەرپێچیەکی وەهمی واز لە ئەوە بهێنرێ چونکە بوونی کاندیدی دیدار و هەڵبژاردنی هەم کارەساتێکی گەورە لا دەداوەهموو بەرژەوەندیەکە بە دڵنیایی دێنێ بێ کە هیچ گومانێکی تێدانیە..

هەڵبژاردنی نەرێنی-الانتخاب السلبي- : بە هەڵبژاردنە دەڵێن کە خەڵکەکە ڕەتی دەکەنەوە دەنگ بە کاندیدێک بدەن، ئەم دەنگ نەدانەی وان دەبێتە هۆی سەرکەوتنی هاوبڕکێی ئەو کاندیدە..

ئەم هەڵبژاردنە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ بێ دەنگی و دەنگ نەدانی دەنگدەران وبێ دەنگیان لە گوتن و پشتگیری حەق داوەهوڵ نەدان بۆ گۆڕینی خراپەو مونکەر و کارنەکردنیان بە ڕێسای ڕادانی خرپەکاری گەورەترین بە کردنی خرپەکاریەکی بچوک.

(٩)فەتوای لیژنەکانی فەتواو فەتوای زانایانی هاوچەرخ لەسەر بابەتی هەڵبژاردن:

١-دار الإفتاء لە وڵاتی ئوردن دەڵێ :

هەڵبژاردنی شارەوانی هۆکارێکی شەرعیە بۆ دەربڕینی بۆچوون بە ئازادی، وە کارا کردنی شۆڕا و ڕۆکاریە کە شەریعەت فرمانی بە ڕاوێژکردوە...

٢-شیخ عبد الرحمن البراك دەڵێ:

....ئەگەر وەلی ئەمر داوای لە خەڵک کرد هەڵبژاردن بکرێ، دەبێ کەسانی شارەزا و دیندار و ئەهلی چاکە بەشداری کارایان هەبێ لە هەڵبژاردنی چاکترین پاڵێوراو بۆ کاروباری دین ودنیا، تاکو کەسانی نەزان ولاڕێ و هەوەس بازان پرۆژەکە بۆ خۆیان نەقۆزنەوە و نەیکەنە بازاڕی خۆیان.

٣-دکتور سعود الفنیسان دەڵێ:

هەندێ خەڵک پێیان وایەکە هەڵبژاردن لە وڵاتی بێگانان بۆ مان هاتووە، ئەم بیرۆکەش وایان لێ دەکا پشتگیری لێ نەکەن و بەشداری تێدا نەکەن، بەڵام ئەوانە بە هەڵەدا چوون، چونکە هەڵبژاردن دەروازەی سەرەکیە بۆ بنەمای شورا کە قورئان فەرمانی پێکردوە.

٤ -دکتور ناصر العمر دەڵێ :

بەرژەوەندیەکانی کە لە هەڵبژاردن دەست دەکەون زۆر زیاترن لە زیانەکانی، بۆیە من وەسیەتتان لێ دەکەم کە بەشداری تێدابکەن و کەسانی ئەمین و دەستپاک هەڵبژێرن.

٥-دکتور سفر الحوالي دەڵێ :

هیچ ڕێگرێکی شەرعی نابینم لە بەردەم بەشداری لە هەڵبژاردن، بەڵکو بەرژەوەندی لە هەڵبژاردندایە، تاکو خەڵکی دەستپاک ولێهاتوو بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتەکان بە ئەستۆ بگرن.

هەر نەبێ تاڕێ لەو بەلێشاو بەفیڕۆ چوونی سامانی وڵاتات بگرن، ڕۆڵی ئەم ئەنجومەنانە پڕە لە کاری ئەرێنی،؟ بۆیە ئەم هەنگاوە بۆ مسوڵمان زۆر پێویستە چونکە هەنگاوێکە بەرەو چاکسازی، وە ئەوانەی کە بەبێ پاساو پشت لەم هەنگاوە چاکسازیە دەکەن بۆ چونەکەیان هیچ لێزانی و بەرژەوەندیەکی تێدانیە.

٦-د.تەرهونی دەڵێ:کە تا ئێستا قسە و فەتوای هیچ زانایەکی جێی متمانەم نەدیوە کە ئەمجۆرە هەڵبژاردنانەی حەرام کردبێ.

وە کاتێک هەندێ کاری دژ بە دین و پێچەوانەی شەرع دەکرێ لە ئەنجومەنی شارەوانی، وەک ڕێگەدان بە خانەی لەش فرۆشی و ستاندنی سەرانە و بەرتیل و مەیخۆری و سەما و ڕابواردن و یان کارمەندانی ناچار دەکا لەسەر تێکەڵی و قەدەغەکردنی حجاب و ڕیش و بەرگی شەرعی و نوێژ و بانگ و...هتد هەموو ئەمانە نابنە هۆی ئەوەی بگوترێ ئەسڵی هەڵبژاردنەکە نادروست وحەرامە.

٧-ئیبن تەیمیە دەڵێ:

"شەریعەت بۆ ئەوە هاتوە هەموو بەرژەوەندیەکان فەراهەم کاوکەم و کوڕیەکان تەواوبکا، وە هەرچی خراپەو بەدکاری و گەندەڵیە پەکی بخاو نەیهێڵێ، تا بتوانێ چاکترینەکان لە ناوچاکەکان داهەڵدەبژێرێ وشەڕو بەدترینەکان دەسڕێتەوە...

٨-شێخ ئەحمەد شاکر دەڵێ:

ئێمە بە هەموو ڕێگایەکی ئاشتیخوازانە شەریعەت سەردەخەین، دەبێ شەریعەت بکەینە دەستور، بانگەوازەکەمان لە هەموو کونج و قوژبنێکی ئەم وڵاتە بڵاوبکەینەوە، دواتر ئەم پشتگیریە لە هەڵبژاردنەکان بسەلمێنین با ئوممەت بەم بانگەوازە نوژەن بکەینەوە و وابکەین ئوممەت دڵنیابێ و متمانەی بۆ دینەکەی بۆ بگەڕێتەوە، جاکە وامان کرد ئوممەت متمانەی دابە بانگەوازەمان، وە لە بانگەوازەکەمان ڕازی بوو، وە ئەوەی هەڵبژارد کە کە حوکمڕانی بەشەریعەتەکەی بکا، لە ئێمە نوێنەرەکانی خۆی هەڵبژارد بۆ پەرلەمان، ئا لەوکاتە ئێمەش ئەو بەڵێنەی داومانە بە گەلەکانمان دەیهێنینەجێ وهەموو یاساو ڕێساو بەندەکانی دەستور لە قورئان و فەرمودە وەردەگرین....

٨-شێخ ابن عثیمین دەڵێ :

من پێم وایە کە هەڵبژاردن واجب و ئەرکە، پێویستە لە سەرمان کەسانێکی سەر ڕاست بۆ ئەم کارە بپاڵێوین، چونکە ئەگەر خەڵکی باش سستی وخاووخلیسکیان نواند کێ جێگای وان دەگرێتەوە؟

بێگومان خەڵکی بەدکار و نەڕێنی کە نەخێریان لێ دەوەشێتەوە و نەشەڕ ئەوان جێیان دەگرنەوە، بۆیە پێویستە کەسێک هەڵبژێرین کە چاکەکاربێ، کە گوتیان ئەوە ئێمە کەسێکی چاکمان کاندید کرد؟ خۆ زۆربەی ئەنجومەنەکە کەسانی خراپن، لە وڵام دادەڵێم: قەیناکا بەڵکو ئەو یەک کەسە کاریگەری بەسەرهەموو ئەنجومەنەکە داهەبێ واللە بەرەکەت داری کاو ووشەی حەقیان پێ بڵێ..

ئێمە لەوەمان کەمە کە لەگەڵ اللە ڕاستگۆ بین، هەمیشە پشت بە هۆکارەمادی وهەست پێکراوەکان دەبەستین، بۆیە هیچ گرنگیەک بە پەنابردنەبەر اللە نادەین، چ دەڵێی لە بارەی

هەڵوێستی موسا علیه السلام کاتێ فیرعەون داوای دیاریکردنی کاتێکی لێ کرد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی جادوکار و فاڵچیەکانی فیرعەون؟

موسا زۆر بێ باکانە چێشتەنگاوی ڕۆژی جەژنی بۆ دیاری کرد لە گۆڕەپانی شارا تا هەموو خەڵکی ڕووبەڕوو بونەوەکە بە چاوی ڕوناک ببینن، لەوێ موسی علیه الصلاة والسلام زۆر بوێرانە پێی فەرمون: ﴿وَيْلَكُمْ لا تَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ كَذِباً فَيُسْحِتَكُمْ بِعَذَابٍ وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَى﴾ [طه: الآية (٦١)]،

تەنها بەم ڕستە: واویلا بۆ ئێوە درۆی ساختە بەدەم اللە هەڵ مەبەستن..

ئەم ڕستە وەک بۆمبێک بەڕویاندا تەقیەوە، لە نێو خۆیان کەوتنە سرپەسرپ ومقۆ مقۆ ﴿فَتَنَازَعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ﴾ [طه: الآية (٦٢)] ئەو پیتی فایە فتنازعوا: یەکسەر دوای قسەی موسا کەوتنە سرپەسرپ ودووبەرەکیان تێکەوت، فایەکە بۆ بەدواهاتنی یەکسەری دوبەرەکی ساحیرەکانە هەر لە دوای قسەکەی موساو بە هۆی گوتەکەی ئەو، تنازع و دوبەرەکیش، فەشەل و ڕەنجەڕۆیی و بەزین و تێشکان دێینێ....﴿وَلا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا﴾ [الأنفال: الآية (٤٦)] ﴿فَتَنَازَعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ وَأَسَرُّوا النَّجْوَى﴾ [طه: الآية (٦٢)].

سەرەنجام ئەم ساحیرانەی بۆ ئەوە هاتبوون کە دژایەتی موسا بکەن،بەڵام دواتربوونە هاوڕێ و پەیڕەوی موسا و سوجدەیان بۆ اللە برد و ڕایان گەیاند کە ﴿آمَنَّا بِرَبِّ هَارُونَ وَمُوسَى﴾ [طه: الآية(٧٠)]یەک ووشەی حەقی بانگخوازێک هاوکێشەکەی گۆڕی و بەرەی ستەمکارترین حوکمڕانی تەفر و تونا کرد.

بۆیە هەتاکە حەقخواز و حەقبێژانی ناو پەرلەمان کەمیش بن ئەگەر ڕاستگۆبن لەگەڵ اللە کاریگەری گەورەیان دەبێ.

بەڵام ئەوانەی دەڵێن دروست نیە مسوڵمان لەگەڵ ئەو فاسق ولا ڕێبوانەی پەرلەمان دانیشێ، لێیان دەپرسم: بۆچی بۆ ئەوە لە گەڵیان دادەنیشین تا هاوڕایان بین؟

نا، بەڵکو بۆ ئەوە لەگەڵیان دادەنیشین تاکو ڕێگای حەقیان بۆ ڕۆشن کەینەوە..

مەبەستەکە ئەوەیە کە لاڕێبوەکان حەقیان پێ بگا کە جاری یەکەم نەیاناسی، جاری دووەم، سێیەم، دەیەم..، تۆ بڕۆ ئەو کەسانە بپاڵێوە کە بە خێر و چاکیان دەزانی و اللە بکە بە بریکارو وەکیلت...

١٠- فەتوایەکانی لیژنەی هەمیشەیی فەتوادانی سعودیە:

ا-ئایا دروستە لە هەڵبژاردن دەنگ بدرێ و خۆی بۆ بپاڵێورێ؟ لەگەڵ ئەوەی وڵاتەکەی ئێمە - پرسیارکەر- بە حوکمی جگە لەوەی اللە دای بەزاندوە حوکم دەکرێ:

وڵامی لیژنە: دروست نیە کە مسوڵمان خۆی کاندیدبکا لە حوکمڕانیەک کە کاربەشەریعەت ناکا تەنها لەبەر ئەوەی ببێتە فەرمانبەری دەوڵەت، ودروست نیە کە مسوڵمانان کەس لەناو حکومەتێکی وەهاهەڵبژێرن، تەنیا کەسێک دروستە هەڵبژێردرێ کە خواست و بەرنامەڕێژی بۆ ئەوەبێ کە ئاڕاستەی ئەم حکومەتە بگۆڕێ بۆ حوکم کردن بە ئیسلام، وە ئەم هەڵبژاردنە بکەنە هۆکارێک بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو سیستەمە حوکمڕانیە، بەڵام ئەو کەسەش بەونیازەوە خۆی کاندیددەکا دوای دەرچوونی نابێ لە بواڕێکداکار بکا کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێ...

بەڵام کەسێک کەخۆی یان جگەلەخۆی کاندیدبکا لە ژێر سایەی ئەو ڕژێمە نائیسلامیە، تاکو بچێتە ناو ئەو ئەنجومەنە تاکو ڕێگری لەو خراپە بکا....بگرە هەندێ لە زانایان چوون بۆ ناو ئەو جۆرە ئەنجومەنانە و بەشداری لەو هەڵبژاردنانە بەواجب دەزانن..

ئەندامانی لیژنەی دائیمە

الشيخ عبد العزيز بن باز ، الشيخ عبد الرزاق عفيفي ، الشيخ عبد الله بن غديان ، الشيخ عبد الله بن قعود .

ب-و/پێویستە لەو وڵاتانەی حوکم بەشەریعەت ناکرێ خەڵکی مسوڵمان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بدەن بۆ گێڕانەوەی حوکمڕانی ئیسلام، بۆ ئەم ئامانجەش دەبێ یەکدەنگ بن و پشتی ئەو پارتەبگرن کە بەوە ناسراوە کە هەوڵ دەدا بۆ حوکمڕانی بە شەریعەت، بەڵام یارمەتیدانی ئەوانەی دەڵێن نابێ شەریعەت بچەسپێنرێ بە هیچ شێوەیەک دروست نیە...

ئەندامانی لیژنە:

الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز ، الشيخ عبد الرزاق عفيفي ، الشيخ عبد الله بن غديان

١١- پرسیارلە شیخ عبد العزیز بن بازکرا لە بارەی شەرعی بوونی خۆکاندیدکردن و حوکمی دەرهێنانی کارتی هەڵبژاردن بەنیازی هەڵبژاردنی ئەو بانگخواز و کەسە دیندارانەی بەشداری هەڵبژاردن دەکەن تابینە ئەندامی ئەنجومەن ؟

و/ "سەروەرمان صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی "إنما الأعمال بالنيات، وإنما لكل امرئ ما نوى"؛ بۆیە هیچ کێشە لە دروستی ئەم کارەنیە، بۆ چونەناو ئەنجومەنی گەل بە نیازی پشتگیری لە حەق، وە ڕازی نەبوون بە ناحەق، ئەم کارەسەرخستنی حەقی تێدایە، وە هاوکاری بانگخوازان بۆ لای الله دەکا.

وە هیچ گوناهێک لە دەرکردنی کارتی دەنگدان دانیەکە بەکاربهێنرێ بۆهەڵبژاردنی کەسانی چاک و باش بانگخواز و پشتگیری کردن لە حەق وحەقخوازان، بەڵام هەڵبژاردنی کەسانی نا مسوڵمان دروست نیە، چونکە ئەوە متمانە و دۆستایەتیە ...

وەد.جەعفەر شێخ ئیدریس لە ئیبن باز دەگێڕێتەوە کە پرسیاریان لێ کردوە لەبارەی دەنگ دانی ژنان، ئەویش وڵامی داوەتەوە : ئەمەکارێکی زۆر پێویستە، تاکو بەرەی نا حەق نەتوانن بەسەر بەرەی حەق دا سەرکەون بە دەنگ دانی ژنەکانیان ..

١٢-شێخ ابن جبرین دەڵێ :

قەیناکا کە مسوڵمان بچێتە ناو ئەو هەڵبژاردنا نەبە مەرجێک تایبەت نەبن بە شەرع دانان، چونکە زۆربەی سیستەمانی ئەو وڵاتە ئەو پاڵێوراوانە هەڵی دەبژێرن،

کەسانی ناشایستەو بیدعە کار و لاڕێ بوو هەڵدەبژێرن....بۆیە دەبێ ئەو بوارەیان لێ تەنگ بکەینەوە، بە چونەناوهەڵبژاردنەوە بە بانگخوازانی دڵسۆز، کەسانێک تەنیا دۆستایەتی ئیسلام و مسوڵمانان دەکەن....، با شارەزایانی شەرع بەشداربن لە ڕێکخستن و ئەندامی لیژنەکانی تایبەت بە ڕاپەڕاندنی هەڵبژاردنەکان کە دەوڵەت هەڵیان دەبژێرێ، تا لەو بوارە کار بکەن..

١٣-شێخ عبد المحسن العباد دەڵێ: لەو هەڵبژاردنانە کە مەسیحیەکان تیایدا بەشدارن و کە سەرکەون زیانی زۆری بۆ مسوڵمانان دەبێ؟

جا ئەگەر بەشداری مسوڵمانان پارسەنگر خێروچاکە گرانکا بابەشداربن،،بەڵام کە بەشداریەکەیان هیچ کاریگەریەکی نەبێ بابەشدارنەبن، ،بەڵام کە بە بەشداربونیان

خراپترینەکان لە خۆیان دوورخەنەوەوزەرەری گاورەلە خۆیان لادەن، با لەو وڵاتانەشی کە کەمینەی مسوڵمانی تێدایە بابەشداربن...

١٤-بڕیاری ئەنجومەنی مجمعی فقهي ئیسلامي لە خولی نۆزدە کە بۆماوەی شەش ڕۆژ لە بارەگای ڕابیتەی عالمی ئیسلامي لە مکة المکرمة لە بەرواری ٢٢ـ٢٧ شوال ١٤٢٨ک بەرامبەر ٣ـ٨ نوفمبر٢٠٠٧ز کۆبۆوە و لە بابەتی : " بەشداری مسوڵمان لە هەڵبژاردنەکانی جگە لە مسوڵمانان لە وڵاتانی نا ئیسلامیدا" :ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

١. بەشداری مسوڵمان لە هەڵبژاردنەکانی جگە لە مسوڵمانان لە وڵاتانی نا ئیسلامیدا وابەستەیە بە سیاسەتی شەرعی، وە لە ژێر تیشکی فیقهی هاوسەنگ کردن و بەراورد کردن لە نێوان بەرژەوەندیەکان و زیانەکان فەتوالەم بابەتە بە پێی کات و شوێن و بارودۆخ گۆڕانکاری تێدەکەوێ.

٢. دروستە بۆ ئەو مسوڵمانەی مافی هاووڵاتی بوونی بە دەست هێناوە لە وڵاتانی نامسوڵمان بەشدار بێ لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەران و هەڵبژاردنەکانی تر چونکە ئەو بەشداریە بەرژەوەندی ئیسلامی تێدایەبەوەی نمونەیەکی جوان لە ئیسلام لە و ڕێگایەوە پیشانی خەڵکی نامسوڵمان دەدرێ، وە لە چوارچێوەی ئەو بەشداریە دەتوانن بەرگری لە مافەکانی کەمینەی مسوڵمان بکەن و دەستکەوتی دەبێ بۆ کەمینەی ئیسلامی لە بارەی دین و دنیاوە و کاریگەریان دەکا لە هاوکری لەگەڵ لایەن و پارتە میانڕەوەکان ....

١٤-شێخ ئەلبانی لەم بارەیەوە دەڵێ :

ئێمەدووهەڵوێستمان هەیە لە بارەی هەڵبژاردن:

هەڵوێستی یەکەم: کەس هان نادەین کە خۆیان کاندید بکەن لەم پەرلەمانانەی کە هەن.

هەڵوێستی دووەم: ئەگەر مسوڵمانان لەو وڵاتانە بوون کە کردنی هەڵبژاردن تیایدا فەڕزدەکرێ لە لایەن داوڵەتەوە، وە هەموو پارت و دەستەکان دەکەونە پێشبڕکێ تیایدا تا زۆرترین بەشیان هەبێ.

لەم حاڵەدا ئەگەر کەسانێکی مسوملمانیش خۆیان کاندید کردبوو، کە ئێمە ئامۆژگاریان دەکەین کە خۆیان کاندیدنەکەن، بەڵام کە کردیان ئەوە ڕێسا فقهیە کە دەڵێ دەبێ کە مسوڵمان هەڵبژاردنی هەبوو لە نێوان خراپەکر گەورە و خراپەک بچوک با شەڕە بچوکەکە هەڵبژێرێ....

١٦-شێخ دکتور عبد الله عزام دەڵێ:

ئەنجومەنی نوێنەران لەو وڵاتانەی ئازادی تێدا هەیە

مسوڵمان خێری لێ دەبینن و ستەمیان لەسەر سوک دەکا، بەڵام حوکمڕانی ئیسلامی پێ ناگێڕدرێتەوە و کۆمەڵگای ئیسلامی لەو ڕێیەوە بنیات نانرێ.

پەرلەمان و هەموو یاساکانی ئەوروپا و ئەنجومەنی ئاسایش بمانەوێ و نەمانەوێ لە هەموو وڵاتانی ئەندام لەو ئەنجومەنە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچەسپێنرێ.

ئەنجومەنی نوێنەرانیش دەکرێ ببێتە مینبەرێکی باش بۆ گەیاندنی وشەی حەق بۆ هەموو گەل..

(١٠)ئەوانەی کە هەڵبژاردن بە حەرام دەزانن دەکرێنە چەند بەشێک، هەندێکیان خودی هەڵبژاردن بە شیرک وهاوبەشی دانان دەزانن و پێیان وایە هیچ گۆڕانکاریەک و هاتنەدی هیچ بەرژەوەندیەک ئەم کارە حەڵاڵ ناکا.

بەشێکی تریان هەر بەکوفری دەزانن بەڵام دەڵێن کە مەسڵەحەت و بەرژەوەندی تێدابوو حەڵاڵە. وە بۆ ئاوانەی بەشداریش لە هەڵ بژاردن دەکەن دیسان دەبنە دوو بەش.

توندڕەوەکانیان دەڵێن ئەو کۆمەڵگایەی دەنگ دان بکا هیچ پاساوویان نیە وخوێنیان حەڵاڵە، ئەمانە د.تەرهونی دەڵێ: بە چەندین ساڵی تیشکی لە خەوارجەکانیان تێپەڕاندوە، چونکە خەوارجەکانیش پاساویان بۆ خەڵک دێنایەوە.

بەڵام زۆرێک لەو ڕەوت و بزاڤانە تاکەکان بە کافر نازانن تا ئیقامەی حوجەیان لەسەر نەکرێ و نەزانیان فێر نەکرێ. ئەوان دوو چین بە کافر دەزانن:

-ئەوانەی هەموو زانیاریەکیان پێ گەیشتووە و بۆیان ڕوون کراوەتەوە کەچی هەر سورن لەسەرهەڵبژاردن.

-ئەوانەی لەگەڵ ئەمەی سەرەوە هەڵبژاردن دەکەن بە پشتگیری و یارمەتیدەر بۆ داگیرکەرانی کافر و شەرعیەت دەدەن بەکارەکانیان..

لێرەدا د.تەرهونی ئەم چەند خاڵە ڕوون دەکاتەوە:

- هیچ زانایەکی ناسراوکە دان بەزانایەکەی دانرابێ بەشدارانی هەڵبژاردنی بە کافر نەزانیوە.

- هەموو ئەوانەی هەڵبژاردنیان بە کارێکی دروست داناوە، هەموویان چەند مەرجێکیان بۆ دروستیەکەی داناوە

- ئەوانەی گوتویانە بانەکرێ، دەڵێن چونکە بە کردنی ئەو بەرژەوەندیانەی مسوڵمان لە هەڵبژاردنی چاوەڕێ دەکا هیچیان نایەنەدی و دەشبێتە هۆی هاننی خراپەی گەورەتر.

- هەموو ئەوزانایانە حوکمی دیموکراتی و حوکمڕانی گەل بۆگەل جیادەکەنەوە لە هەڵبژاردن و نوێنەرانی و پێیان وایە دوو شتی لێک جیان، دیموکراتیەت کافرێکە بە مسوڵمان ناکرێ چونکە ئیسلام حوکمی دین وشەرع بۆ گەلە، ئەم حوکمی دین و شەرع بۆ گەلە بەشێکی دەکرێ لە ڕێی هەڵبژاردن و زۆرینە و نوێنەرانەوەبێ کە لە سەردەمی پێشینیش کراوە..

بەڵام دیموکراتیەتیش وەک میکانیزم لە بیروهۆشی گەلەوە هەڵدەقوڵێ، کە ئەو گەلە ئیماندار و مسوڵمان بوون میکانیزمەکەش پاشکۆی کۆمەڵگاکەیە، بۆیە ئەو جیاکردنەوە پاساوێکی بە هێزی نیە....

دیموکراتیەت تەواو هاومانای لیبڕالیەت نیە وەک هەندێک تێی گەیشتوون، چونکە دیموکڕاتیەت کاواتای حوکمڕانی زۆربەی گەلە بۆ گەل بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی زۆرینە بە شێوەیەکی ئاشتی وهێمنانە، بەڵام لیبڕالیەت واتە پاراستنی مافەکانی تاکەکان و کەمایەتی و تووێژەکان..

بە کورتی دیموکراتیەت وەک مافی مرۆڤ و مافی ژن و لیبرالیزم و ئازادی، چەندشێواز و میکانیزمێکن لە لای هەردین و شەریعەتێک ڕاڤە و تەفسیری تایبەتیان هەیە، هەندێ لەو بەندانەی بانگەشەکارانی مافی مرۆڤ و ژن و منداڵ و ئازادی داوای دەکەن بەدڕەوشتی و بێ ئیمانی و تەنانەت نەک لە ئیمان دەرچوون بەڵکو دەرچونە لە فیترەت و مرۆڤایەتی، بەڵام لە ئیسلامیشدا ئازادی و مافی مروڤ و مافی ژنان و هەموو چین و تووێژەکان بوونێکی بەرچاویان هەیە..

(١١)بۆ چوونێتی دانانی عوسمان بە خەلیفە سەیری ئەم ژێدەرانەبکە:

١-الخليفة الفاروق عمر بن الخطاب للعاني، ص١٦١

٢-أوليات الفاروق، د. غالب عبد الكافي القرشي، ص١٢٤

٣-الخلافة والخلفاء الراشدون للبهنساوي، ص٢١٣

٤-أشهر مشاهير الإسلام في الحرب والسياسة، ص٦٤٨

٥-الطبقات لابن سعد (٣/ ٣٦٤)

٦-تاريخ الطبري (٥/ ٣٢٥.

٦- بەرنامەی شەشەم:

بنەماکانی حکومڕانی لە شەریعەتی ئیسلامدا:

لو عثرت بغلة في العراق لخشيت أن يسألني الله: لم لم تعبد لها الطريق يا عمر!"

أخرجه ابن أبي شيبة في "المصنف" (٣٤٤٨٦) ، والخلال في "السنة" (٣٩٦) ، من طريق أسامة بن زيد.

پرۆسەی حکومڕانی پرۆسەیەکی فراوانە و بواری زۆرە لێرەدا لەسەر دوو ئاراستە دەڕۆی، ئاراستەیەکیان مامەڵەکردن لەسەر شتە نەگۆڕەکان ئەوەی تریان شتەگۆڕاوەکانە، ناکرێت باسی حکومڕانی بکرێت چوارچێوەیەک ڕێبازێک ڕێگایەک نەبێت خۆمانی تێدا بدۆزینەوە و کاری لەسەر بکرێت، ناکرێت هەر لە خۆوە قسە لەسەر بابەتە زانستی و مێژوویەکان بکرێت بەبێ سەرچاوەو بەڵگە، لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانداگۆڕاو نەگۆڕمان هەیە، زاناکان بەشێوەیەکی زۆر جوان بابەتی گۆڕاو نەگۆڕاویان لە شەریعەتی ئیسلامیدا ڕوون کردۆتەوە، لە شەریعەتی ئیسلامیدا نەگۆڕاوەکان بواری عەقیدە و خوداپەرستی و ئەخلاق دەگرێتەوە.

ئەم سێ بوارە پێویست بە گۆڕان ناکات، بوارە نەگۆڕاوەکانیش ئاشکراو ڕوونن و شەریعەتی ئیسلام زۆر بە وردی باسی کردووە هەر لە ئەخلاقی دەستەڵاتداریکەوە تا دەگات بە شوانێک سەرجەم چین و تێژەکانی کۆمەڵگا ئەرک و بەرپرسیارێتیان دیاری کراوە ئەمە لە چوارچێوەی ئەخلاقدا، لە هەرشوێنکدا بێت ئەمانە ناگۆڕێن، ئەخلاق هەر ئەخلاقە وەفا هەر وەفایە شەهامەت باشە دڕندەیی خراپە .(١)

بە دوو شێوە دەتوانین مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکەین: -شێوەیەکیان پێی دەڵێن دەق .

- شێوەیەکی تریشیان پێی دەڵێن یاساو بنچینەکان(٢).

ئەمانە سەداسەد موتڵەق نین وەک خۆی لەو کاتەدا کە بانگ خوازێک باسی یەک تایی خودا دەکات ڕەنگە جاران بۆ ئاستی تێگەشتنی خەڵکی ئەو سەردەمە وا پێویست بووبێت بەڵگەی فەلسەفی باس بکەی لە ئەمڕۆدا تابڕوا بەخەڵک بڵێیت دەکرێت باسی بەڵگەی کیمیاویی و گەردونی و فیزیکی بکەی.

بەڵام لە بابەتی سیاسەت لە ئیسلامدا کە بابەتیکی گۆڕاوە جیاوازترە ڕاستە لە سیاسەتیشدا نەگۆڕمان هەیە بەتایبەتی لە جێبەجێکردنی دەستەڵاتێکی ئیسلامێکی ڕەشیدا کار بەو دەقانە بکرێت کە بەشێوەی گواستنەوە هاتوون بەڵام هۆکارەکانی گۆڕاوەکان لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگا گەشە دەکەن و دەگۆڕێن، بەڵام نەگۆڕەکان پایەکانن قابیلی دەستکاری کردن نین، بۆ نموونە ئەگەر باسی چەند نەگۆڕێک بکەین لە بواری سیاسەتدا:

- هەر کەسێک هەڵبستێت بە ئەنجامدانی کاری پڕۆسەی سیاسی پێویستە دڵسۆزی و نیەت پاکی بۆ خودا هەبێت، لەبەر ئەوەی یەکێک لە هۆکارەکانی شکستی حکمڕانی دەستەڵاتداران دەستپاک نەبوونە لە ئەرک وفەرمانەکانیان، لێپێچینەوە لە ڕاستی و دروستی دەبێت ڕاستی بەرپابکرێت بەبێ جیاوازی ڕەگەزی و جیاوازی کۆمەڵایەتی.

-یەکێکی تر لە بنچینە و بناغەکان بریتییەلە گیانی هاوکاری لەسەر چاکە دەبێت کۆمەڵگای ئیسلامی لەسەر بنەمای گیانی هاوکار و چاکەکاری دروست بکرێت و دابمەزرێت.

- یەکێکی تر لە بنەماکانی تر بریتییە لە (حکم بما انزل الله) پێویستە تا ئەپەڕی کاری لەسەر بکریت چونکە ئەمە نەگۆڕی شەرعییە(٣)،

لێرەدا جێگای دین و قەومەکانی یەهود و جولەکە و نەسارای تێدا دەبێتەوە، لەبەرئەوەی قورئان کۆی دینەکانی لە خۆگرتووە چیرۆکی ئەوان دەگێڕێتەوە باسی چەندین پەیامبەر دەکات ئەگەر قسەوچیرۆکی ئەوان جوان و بەسوود نەبن خودا بۆ باسی دەکات؟، قورئان نالێت واز لە ئەوان بێنە بەڵکو دەفەرموێت :

" أُولَٰئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ قُل لَّا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْعَالَمِينَ (الانعام ٩٠)

ئەو (ناوبراوانە) ئەو کەسانەن کە خوا (بەتایبەت) هیدایەت و ڕێنموویی کردوون، تۆش (ئەی محمدﷺ ، ئەی ئیماندار) شوێنی هیدایەت و ڕێنموویی ئەوانە بکەوە (هەروەها بەو خەڵکە) بڵێ: کە من هیچ جۆرە کرێ و پاداشتێکتان لەسەر ڕێنموویی لێ داوا ناکەم، ئەم قورئان و بەرنامەیەش (کە بە منداڕەوانەکراوە) تەنها یادخەرەوەیە بۆ هەموو خەڵکی سەر ئەم زەویە.

ئەگەر قسەکانی ئیراهیم پەیامبەر جوان نەبێت خودا بۆ دەیگوازێتەوە؟

ئەگەر بوونی نوح خاوەن ڕێز نەبێت خودا بۆ دەیگوازێتەوە؟

ئەگەر تەوبەکەی ئادەم گرنگ نەبێت خودا بۆ دەیگوازێتەوە؟،

ئەگەر دەستەڵات وبەڕیوەبردنی زیلقەرنەین وەک پێویست نەبێت خودا بۆ باسی دەکات؟،

هەندێک کەسی نەزان واز لە نەگۆڕەکان دەهێنن بۆ ئەوەی خەڵکی تر لە خۆی ڕازی بکات، خودا دەفەرمەێت:

وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُوَ الْهُدَىٰ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُم بَعْدَ الَّذِي جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ

(البقرة ١٢٠)

هەرگیز جولەکە و گاورەکان لە تۆ (ئەی محمدﷺ ئەی ئیماندار) ڕازی نابن، هەتا بە تەواوی شوێن ئاین و بەرنامەیان نەکەویت، پێیان بڵێ: بەڕاستی هەر بەرنامەی خوا (ئاینی ئیسلام، شایستەی ئەوەیە کە هەموولایەکمان شوێنی بکەوین) هیدایەتی ڕاست و دروست هەر لای ئەوە، خۆ ئەگەر شوێن ئارەزووەکانی ئەوان بکەویت پاش ئەوەی زانیاری و زانستیت پێگەیشتووە، ئەوە بزانە کە لە لایەن خواوە هیچ سەرپەرشتیاری و یارمەتییەکت دەست ناکەوێت.

دەتوانین لەگەڵ یەهۆد و نەسارا مامەڵە بکەین بەڵآم هەرگیز جولەکە لە ئێمە ڕازی نابێت.(٤)

-یەکێکی تر لە بنچینەوبناغەکانی نەگۆڕاوەکان بریتییە لە ئازادی گەلان، واتە لە ناوگەلی ئیسلامدا ئومەتیکی ئازاد هەبێت دەفەرموێت :

كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ (ال عمران ١١٠)

(بەڕاستی) ئێوە چاکترین ئوممەتێکن کە (بۆ سوودی) خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە، چونکە فەرمان بە چاکە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەڕی

دامەزراوتان بخوا دەهێنن، خۆ ئەگەر خاوەنانی کتێب باوەڕیان بهێنایە (بە ئاینی ئیسلام) ئەوە چاکتر بوو بۆیان هەیانە ئیماندارن، بەڵام زۆربەیان گوناهبار و تاوانکارن.

دەبێت کار لەسەر ئەوە بکرێت ئومەی ئسلامی یەکگرتوو جێگا شانازی بێت هەر موسڵمانێک لە هەرجێگایەکی ئەم جیهانە هەستکی خۆشەویستی بەرامبەر ئومەتەکەی هەبێت شتێکی خراپ بەسەر برایەکی مسوڵمان یان ئومەتەکەی هات پێی ناخۆش بێت و بێتە جواب لەسەری و شانازی بەدینەکەیەوە بکات، ناکرێت هەموو دونیایەک دەوڵەت بێت بەڵام دەکرێت یەک ئومەت بێت.

هەروەها لە نەگۆڕەکان بابەتی فەرمان کردن بە چاکە و ڕیگری کردن لە خراپە ناکرێت پشتگوی بخرێت، ئەگەر لە سیستمی فەرمانڕەوای ئیسلامیدا ئەمە نەبوو ئەوا ئەو سیستمە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو داڕمان دەڕوات، بۆیە ئەوەی ئەم پڕۆسەیە تەواوتر دەکات خۆشەیستی و لایەنداری بۆ دینی ئیسلامە و دەستبەرداری نەبین.

کێشەی هەرە گەورەی ئەمڕۆ لەناو ئیسلامدا ئەوەیە کە پێیان وایە ئەوەی دەرچوو لەم دینە دەبێت سەنگەری لێ بگیرێت، بەو شێوەیە نیە مەسەلەکە چونکە لە ڕووی مامەڵەوە کافرەکان دەبنە هەشت پۆل ئەمە لەڕووی مامەڵەوە نەک لە ڕووی بیروباوەڕەوە لێرەدا پێغەمبەر(د.خ) تەنها لەگەڵ ئەوانە لەسەنگەر بووە کە

بەڕاستەوخۆ لە بەرامبەری بەشمشێر جەنگاون دەنا یەک مونافیقی نەکوشتووە،یەک هەڵگەڕاوەی لە دین نەکوشتووە .

-یەکێکی تر لە بنچینە و بناغەکانی نەگۆڕاوەکان بریتییەلە دابین کردنی هێز و توانا بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی گەندەڵی و خراپەکاری ببیتەوە پێویستت بە هیز هەیە، بەتایبەتی لە ئەمڕۆدا هیز و توانای سەربازی زۆر پێویستە هەم بۆ دەستەڵاتی ناو خۆ هەم ڕووبەڕووبونەوەی مەترسی دەرەکی و دوژمن،

- یەکێکی تر لە بنچینە و بناغەکانی نەگۆڕاوەکان (٥) بریتییە لە تێکۆشان لە پیناو خودا بە مانا فراوانەکەی تا دینی خودا بە بەرزی بمێنێتەوە و ژیردەستەنەبێت پاشکۆ نەبێت پێویستە هەموان تێکۆشان بکەن لە پێناو خودا بەشێوەی بەرجەستەو مەعنەوی .

پەراوێزەکانی بەرنامەی شەشەم:

(١)لە پەڕاوێزی دووەمی بەرنامەی دووەم ئاماژەم بە هێڵە گشتیە نەگۆڕەکانی ئیسلام بە کورتی کرد و گوتم شەش ڕوکنەکانی ئیمان نە گۆڕەکانی بیروباوەڕن، پێنج ڕوکنەکانی ئیسلام نەگۆڕی پەرستنەکانن، دوو پایەکانی ئیحسان نەگۆڕی ڕەوشتن.

هەموو نەگۆڕاوەکان لە مانەداخۆی دەبینێتەوە چونکە هەرئەوانە دینن، هەموو بابەتەکانی ترهۆکارن بۆ خزمەتی دین، لە پەراوێزەکانی دیکە بابەتەکە ڕونتردەبێتەوە.

دین گوێزراوە و نەقڵێکە لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە کە پاکترین هەست و دەروون وعەقڵن گوێزەرەوەی ئەو وەحی و پەیامەن بۆ عاقڵ مەندەکان .

(٢)پێناسەی اسول وقواعد وکلیات:

هەموو ئەو وشانە بە واتای بنەما و بناغە و بنچینە و ڕێساو بنج و بناوان و کۆکەرەوەو و گشتگیر و....بۆ کوردی وەرگێڕدراون، وە لە دیندا دەیان پێناسەیان بۆ کراو، لەوانە:

ئەم بنچینە و بناغانە حوکمێکی گشتی وهەموولایەنەن هەموو بەشەکانی ئەو هونەرانە لە خۆدەگرن، وە هەموو لق و پۆپەکان لە چوارچێوەی خۆیان کۆدەکەنەوە، هەموو زانایان کۆکن لەسەرئەوەی کە ئەو بنچینانە هەموو هونەر و بەهرە و زانست و تێگەیشتن و دەرک کردن و پەی پێبردن و ناسین و داهێنانە لە خۆدەگرن کە چەندان زانستی وەک ئوسوڵی فقە = بنچینەگانی تێگەیشتن و ڕێساکانی لۆژیک و مەنتیق و ڕێسا و قەواعیدەکانی تێگەیشتن و ڕێساکانی مەبەستەکانی دین و سیاسەتی شەرعی و..چەندین زانستی تری بەلاغە و ڕەوانبێژی و تەفسیر و قورئان و مێژوو و فەلسەفە و یاساو کۆمەڵناسی و ئابوری و...لەخۆ گرتووە، کە هەریەک لەو زانستانە هەر چەندە قژن و فرەلقن بەڵام چەند بنچینە و قەواعید و ئوسوڵێک هەموو لقەکانیان کۆدەکەنەوە، ئەم بنچینانە نەمری و هەمواری و نەرم و نیانیان بە شەریعەت بە خشیوە، ئەم بنچینانە لە لایەک وەک نەگۆڕی زانستەکان سەیریان دەکرێ، بەڵام ئەو لق و چڵ و پۆپانەی لێیان دەبێتەوە بە بەشەگۆڕاوەکەی شەرع و تێگەیشتن دادەنرێ، ئەم بنچینانە بۆیە نەگۆڕن چونکە زۆریان لە قورئان و فەرمودە وەرگیراون و هێڵی گشتین و وێستگە و

سەکۆ و دەرچونگە و ڕێژەی نەگۆڕی هەموو گۆڕانکاریەکانن، هەموو ئەم ڕێسا و بنەمایانە و لقەکانیشیان لە دەرەنجامی کارلێک و ئاوێتەبوون و دەست لە ملانی نەقڵی ئاسمان و عەقڵی ڕوحمانە کە لەم بە یەک گەیشتن وژوانە و لەم هاوسەرگیریەی عەقڵ و نەقڵ زۆر ڕۆڵەی نەجیب زادەی بەهرەو داهێنان و تێگەیشتن لە دایک بوون...

(٣)ئەم دەستەواژە-حکم بما انزل الله-چەند جار لە قورئاندا هاتووە، بەڵام هەموو جار حوکم لایەنە سیاسی و سەربازی و سەروەری دەوڵەت و دادگاناگەیەنێ، لە بابەتی حاکمیەت لە پەراوێزی بەرنامەی یەکەم باسمان کرد کە هەندێ حاکمیەت و الوهیەت بە یەک واتادەزانن، وە هەموو گەورە و بچوکێکی دین و شەرع ناودەنێن حوکم ، بەڵام لە ڕوی زمانەوانی حوکم واتە پاوان و ڕەمەند و پەرژین، خەڵک کە تۆمەتێکی دەدرێتە پاڵ دەچێتە لای حاکم واتە پاوانکار، لە موحاکم بەرائەت و بێ تاوانی دەداتە یەکێکیان و ئەویتریان تۆمەت باردەکا، کەواتە حوکم دان واتە پێدانی پارێزبەندی بەوکەسە کەبێ تاوانە یان تۆمەتبارکردن و سزادانی تاوانبار.

بە گوێکردنی حوکمەکانی شەرع پارێزبەندی دەداتە خاوەنەکەی کە مسوڵمانێکی پابەندی شەرعە ئەو پابەندیە سەر و ماڵی لای مسوڵمانان پاوان دەکا.

هەر لە سەردەمی سەحابەکانەوە و سەردەمی خەوارج زانایان ڕایان جیایە کە حوکم کردن بە جگە لە قورئان کوفری گەورەیە و خاوەنەکەی پێی لە دێن دەردەچێ؟ یان کوفری بچوکە؟، خەوارجەکان و تەکفیریەکانی سەردەم لەگەڵ ڕای یەکەمن، زۆربەی ئوممەتی ئیسلام لە کۆن و. نوێدا لەسەر ڕای دووەمن.

(٤) دینی هەموو پەیامبەران ئیسلامە، دینی هەموو پەیامبەران هەر ئیسلامە وەک لە فەرمودا هاتوە:

«إنّا معاشرَ الأنبياءِ أخوةٌ لِعلاتٍ ، أمهاتُهم شتّى ، ودينُهم واحدٌ» وە قورئانیش دەفەرموێ: {شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلاَ تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَنْ يُنِيبُ *} [الشورى :١٣].

کەواتە دینی هەموو پەیومبەران ئیسلامە واتە ڕادەست بوون و ڕازی بوون بە فەرمانی الله جل جلاله.

کە هەموو مرۆڤ و جنی بۆ عبادەت و مل کەچی و ڕادەست بوون دروستکردون، هەر خۆی فەرمویەتی:

-{إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الإِسْلاَمُ} [آل عمران: ١٩].

- {وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِيناً فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ *} [آل عمران: ٨٥].

کەواتە الله جگە لە ئیسلام هیچ دینی تری قبوڵ نیە:

و بەڵێن و پەیمانی لە هەموو پەیامبەران وەرگرنوە بە ئیمان بوون بە ئیسلام:

{وَإِذْ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ النّبِيّيْنَ لَمَآ آتَيْتُكُم مّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مّصَدّقٌ لّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنّ بِهِ وَلَتَنصُرُنّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىَ ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُوَاْ أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُواْ وَأَنَاْ مَعَكُمْ مّنَ الشّاهِدِينَ فَمَنْ تَوَلّىَ بَعْدَ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ }

ئاینی نوحه: فإن توليتم فما سألتكم من أجر إن أجري إلا على الله وأمرت أن أكون من المسلمين {يونس:٧٢}،

ئاینی ئیبراهیمه:ما كان إبراهيم يهوديا ولا نصرانيا ولكن كان حنيفا مسلما وما كان من المشركين {آل عمران:٦٧}،

ئاینی کوڕانی ئیسرائیله:ووصى بها إبراهيم بنيه ويعقوب يا بني إن الله اصطفى لكم الدين فلا تموتن إلا وأنتم مسلمون {البقرة:١٣١-١٣٢}.

فقال: أم كنتم شهداء إذ حضر يعقوب الموت إذ قال لبنيه ما تعبدون من بعدي قالوا نعبد إلهك وإله آبائك إبراهيم وإسماعيل وإسحق إلها واحدا ونحن له مسلمون {البقرة:١٣٣

ئاینی موسایه:وقال موسى يا قوم إن كنتم آمنتم بالله فعليه توكلوا إن كنتم مسلمين {يونس:٨٤}،

ئاینی سلیمانه:

إنه من سليمان وإنه بسم الله الرحمن الرحيم* ألا تعلوا علي وأتوني مسلمين {النمل:٣٠-٣١}،

ئاینی عیسایه:فلما أحس عيسى منهم الكفر قال من أنصاري إلى الله قال الحواريون نحن أنصار الله آمنا بالله واشهد بأنا مسلمون {آل عمران:٥٢}.

بەڵام ئەم ناوەی یهود و نەسار و مەسیح و کریسایان... هەموو خەڵکەکە بۆ خۆیان ئەم ناوانەیان بۆیان هەڵبژاژدوه، ئەوە تابە نەسرانیەکان دەفەرموێ

:ولتجدن أقربهم مودة للذين آمنوا الذين قالوا إنا نصارى....

کەواتە ئەو ناوە خۆیان بۆ جۆیان داناوە...

(٥)لە بارەی حوکمڕانی وسیاسەت و دەوڵەتداری لە دین دا هەندێک لە زانایان ئەم بەشە بە بەشێکی نەگۆڕاو لە دین نازانن و پێیان وایە کە بنچینەی دین پێویستی بە خیلافەت و دەوڵەت و دەسەڵات نیە.

بە ڵگەشیان بوونی سەردەمێکە لە هەرسێ دینی ئیبراهیمی کە دین هەبوون پێش ئەوەی هیچ دەوڵەت و دەسەڵاتێکیان ببێ.

بەڵام ئەم بابەتە بۆ ئیسلام جیاوازە چونکە هەر خودی پێغەمبەرەکەی دەوڵەتی دامەزراندوە و دەستوری دانووە و سوپای ڕێکخستوە و دەزگای هەواڵگری و فرمان بە چاکە و ڕێگری لە خرپە و دادگا و زۆر لە سێکتەرەکانی داناوە.

بەڵام هەواڵیشی داوە کە دین و حوکم و دەسەڵات لێک ترازانیاندەبێ و ڕایسپاردوین کە لەو کاتە لەگەڵ دین بین.

کەواتە جارێ قسە لەسەر ئەوە هەیە کە ئایا حوکمڕانی بەشێکی نەگۆڕ یان بەشێکی گۆڕاوی دینە؟ ڕاستترئەوەیە کە بەشێکی گۆڕاوە، دین بەبێ حوکمڕانیش هەر دەمێنێ بەڵام بەکەم و کوڕیەوە چونکەدینی تەواو ئەوەیە حوکمڕانی و جیهاد و دادگا و سەروەری تێدابێ..

٧-بەرنامەی حەوتەم:

بنەما نەگۆڕو گۆڕاوەکانی سیاسەت لە شەریعەتی ئیسلامدا:

"تصرف الراعي فى الرعية منوط باالمصلحة"

الأشباه والنظائر السيوطي ص١٢١.

بنەما گۆڕاو و نەگۆڕەکان لە چوارچێوەی سیاسەت دەستەڵاتدا لە شەریعەتی ئیسلامدا:

لێرەدا مەبەست بنەما نەگۆڕەکان لە چوارچێوەی سیاسەت و حوکمڕانیە نەک لە هەموو بوارەکاندا.

ڕێگا چەوت و هەڵە و خراپەکان کە دژ بە دین و کۆمەڵگان دەبێت ڕوون بکرێنەوە بۆ مسوڵمانان دەبێت لە بواری ناساندن کاربکرێت لە بارەی ئەو کەسانەی کە لەناو خاکی مسوڵمانان دژی دین و دیندارانن چاو پۆشیان لێ نەکرێت دەبێت ڕووی ڕاستەقینەیان هەڵبماڵدرێت وەک خۆی.

دەکرێت ئەمە لە پڕۆسەی سیاسیدا بە نەگۆڕ هەژمار بکرێت، لە فەلسەفەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەبێت دامەزراوە هەبێت، کارەکان بە هەڕەمەکی ناچن بەڕێوە، ئەگەر وانەبێت دوژمن و دەستی دەرەکی دزە دەکات و هەموو شتێک لەناو دەبات.

-یەکێکی تر لە شتە نەگۆڕەکان کە دەبێتە پایە چەسپاندن و تحقیقی شوڕایە، بەشێک لە خەڵکی پێیان وایە دیموکراسی لەگەڵ شەریعەتدا سەداسەد پێچەوانەیە، ڕاستە چەند خاڵێکی جەوهەریان هەیە تیایدا دژین، ئەویش لەوانەدا لە خۆیدا دەبینێتەوە:

-لەشەریعەتدا سیادەوسەروەری(١) بۆ شەریعەتە نەک بۆگەل.

-هەروەها حەڵاڵ حەرام نابێت بە پێچەوانەشەوە.

-شوڕا لە شتە گشتیەکاندا خەڵک تێیدا بەشدارە بەڵام لە شتی تایبەتدا پرس بە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ دەکرێت

بەڵام لەم ڕوانەش هاوبەشن:

-دیموکراسی ئالەتە شوڕاش ئالەتە بۆ دەستا و دەست کردنی دەستەڵات.

ئەگەر وەک خۆی کار بە شوڕا بکرێت جێگای خۆی دەگرێت بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا کارا نیە و بەناوی دیموکراسیەوە لە کەدارکراوە، دیموکراسیش جێگای خۆی ناگرێت، چونکە دیموکراسی بە باڵی فڕۆکەو لولەی تۆپ هاتووە، ئەگەر سەیری دیموکراسی ئەمڕۆ بکەی، پایەکانی دیموکراسی شکاون و کاریان پێ

ناکرێت، بۆ نمونە یەکێک لە پایەگرنگەکانی دیموکرسی مەسەلەی ئازادی ڕادەربڕینە، بەڵام سەیردەکەی ئازادی ڕادەربڕین لە چ دۆخێکی خراپدایە؟.

شوڕا لە ڕاستیدا ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بێ جیاوازی کە مافی دارشتنەوەی دەستوری وڵاتێکی ئازادی پێشکەوتووی کراوە و بەمانا ڕاستەقینەکەی خۆش گوزەرانی بۆ هەمووان فەراهام کرابێت بێ جیاوازی .

- نەگۆڕەکە ئەوەیە دەبێت شوڕا هەبێت بەڵام چۆنیەتی بوونی شوڕاکە گۆڕاوە بە تایبەت ڕێگارەکانی دەکرێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لەبەر ئەوەی شوڕا خۆی ئامانج نیە هۆکارە.

-یەکێکی تر لە نەگۆڕەکان ئەوەیە کە مسوڵمان نابێت گوێڕایەڵی بێ باوەڕان بکات و لەژێر کۆنترۆڵی ئەوان بێت ، لە ژێر فەرمان ڕەوایی ئەوان بێت وەک ئامێر بەکار بهێندرێت ، بەڵکو مسوڵمان دەبێت سەربەخۆ بێت(٢)

إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ (الانبياء ٩٢)

خەڵکینە ! بەڕاستی ئەم ئایینەی کە ئەم پێغەمبەرانە هێناویانە ئایینەکەی ئێوەیە، کە یەک ئایینە و منیش پەروەردگارتانم، تەنها من بپەرستن .

وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنتَ عَلَيْهَا إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ

وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ (البقرة ١٤٣)

بەو شێوەیەش ئێوەمان بە گەلێکی میانەڕەو گێڕاوە (لە هەموو ڕوویەکەوە، لە ڕووی عیبادەت و خواپەرستیەوە، لە ڕووی دنیاو قیامەتەوە، لە ڕووی داخوازیەکانی ڕۆح و نەفسەوە.. هتد) تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکیەوە (تا بزانن ئەم ئاین و بەرنامەیە هەمووی مایەی خێر و سەربەرزیە بۆ تاك و کۆمەڵ لە هەموو سەردەمێکدا و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا) و بۆ ئەوەی پێغەمبەریش (لە هەموو ئەو بوارانەدا مامۆستاو ڕابەری ئێوە بێت و لە ڕۆژی قیامەتدا) شایەتی بدات (بۆ دڵسۆزانی ئوممەتی لەسەر ئەوەی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون) و ئەو قیبلە و ڕووگەیەش ڕووت تێکردبوو (کە بیت المقدس بوو) گۆڕانکاریشمان بەسەردا هێنا تەنها بۆ ئەوە بوو بزانین و دەربکەوێت، کێ شوێنکەوتەی پێغەمبەر دەبێت و کێش پاشەو پاش هەڵدەگەڕێتەوە، هەرچەندە (گۆڕینی قیبلە) بوو بەهۆی ناڕەحەتییەکی گەورە، مەگەر لەسەر ئەوانەی خوا دڵیانی دامەزراندبوو و ڕێنموویی کردبوون، بێگومان خوا ئیمان و باوەڕداریی و (نوێژتان) زایە ناکات، چونکە بەڕاستی خوا بۆ خەڵکی، زۆر بە سۆز و بە بەزەیی یە.

وَلَا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ (١٥١) الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ (الشعراء ١٥٢)

بە فەرمانی موسریف و لە سنوور دەرچووەکان هەڵسو کەوت مەکەن...

ئەوانەی کە تۆوی فەساد و تاوان لە زەویدا دەچێنن و هەرگیز چاکسازی ناکەن.

پابەندبوون بە چاکە زۆر گرنگە، جا سەرکردەکەت هەر دەم و چاوێک بێت، ئەگەر بەرنامەی باشی هەبوو بۆ دین و دونیا پێویستە تاک گوێڕایەڵ بێت.

لە نێوان سەرکردەیەکی نامسوڵمانی دادوەر و سەرکردەیەکی مسوڵمانی نادادوەر لەو بارەیەوە ئیبن تەیمیە وتەیەکی جوانی هەیە دەڵێت" دەستەڵات بە ردەوام دەبێت لەگەڵ دەوڵەتێکی کافری دادپەروەر بەڵام بەردەوام نابێت لەگەڵ مسوڵمانی نادادپەروەر"

بە گشتی خەڵک بە ناونیشان هەڵناخەڵەتێت بە دوای دادگەریدا دەگەڕێت.

لە پرۆسەی سیاسیدا پێویستە ڕێز لە بەڵێن پەیماننامەکان بگیرێت خودای گەورە بەڕەوای دانەناوە ئەمڕۆ بەڵێن بە خەڵک بدەی سبەی درۆی لەگەڵ بکەی نەیبەیتەسەر، کە ئەم پرۆسە و بەڵێن نامە خیانەتی تێکەوت دەتوانرێت هەڵبوەشێندرێتەوە خودا دەفەرموێت:

وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَانبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَىٰ سَوَاءٍ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْخَائِنِينَ (الانفال ٥٨)

خۆ ئەگەر بێگومان ترسایت لە دەستەیەک (کە پەیمانت لەگەڵدا بەستوون) پەیمانەکە هەڵوەشێننەوەو خیانەتت لێ بکەن ئەوە تۆیش لەم کاتەدا پەیمانەکە بدەرەوە بە رووياندا بە شێوەیەکی ڕێک و ڕاست، (پێیان بڵێ کە) پەیمانەکەیان نرخی نەماوە، چونکە بەڕاستی خوا کەسانی پەیمان شکێن و ناپاکی خۆش ناوێت.

پێغەمبەری خودا لەگەڵ هیچ کەسێکدا بەڵێنی نەشکاندوە تا بەرامبەرەکەی بەڵێنی نەشکاندبێت، یەکێک لە هێڵە سورەکان لە بنەما جێگرەکاندا لە شەریعەتدا ئەوەیە مسوڵمان نابێت خیانەت بە سامانی ئومەت بکات بە موقەدەراتی ئومەت بکات.

زاناکان چوارچێوەیەکیان داناوە پێویستە بە ئاوی زێڕ بنوسرێتەوە کە دەڵێت

" تصرف الراعي فی الرعية منوط باالمصلحة "(٣)

هەموو هەڵسوکەوتێک کە گەورە دەیکات لە وڵاتدا هەمووی بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکەوە پەیوەستە، هەر هەڵسوکەوتێک بکات لە بەرژەوەندی گشتیدا نەبێت بێ شەرعییە، لە خۆڕاو بەبێ هۆکار یەکێک دابمەزرێنێت یەکێک لابدا ناشەرعییە .

کەواتە دەست بردن بۆ مقەدەراتی خەڵک هێڵی سورە و حەرامە.

ئیمام نەوەوی ناو نیشانێکی جوانی داناوە چەندین دەقی بۆ هێناوەتەوە دەفەرموێت:

" هدایا العمال غلول "(٤) ڕشوە وەرگرتن لە پلەو پۆستدا دەچێتە بابی دزیەوە بۆیە حەرامە و ڕێگەپێ نەدراوە.

- یەکێکی تر لە بنەما جێگیرەکان ڕێزگرتنە لە ئازادی و ماف کەرامەتی خەڵک ئەمەش هێڵی سورە ناکرێت سوکایەتی بە کەسێک بکەی کە:

- لە ڕەنگدا

- لە ڕەگەزدا

- لە دەنگدا

- لە حزبدا

- لە هەڵوێستدا

لە تۆ جیاوازبێت.

لە ئیسلامدا تەنها پەیامبەر و دین و دەقەکان قابیلی ڕەخنە نین، دەنا سیستەم و خەلیفە و سەرکردە و کاریزما و زاناکانیش قابیلی ڕەخنە لێ گرتنن.

یەکێکی تر لە نەگۆڕەکان نەشکاندنی یاسا خودایەکان کە بۆ کەون و مرۆڤایەتی داینناوە.

لە سێ بابەتی ئەخلاق، بیروباوەڕ، خوداپەرستی خاڵ لەسەر پیت داندراوە و جێگیرن و لە نەگۆڕاوەکانن، ئەمە بەو مانایە نیە ئەم سێ بابەتە هەر قسەی لەسەر نەکرێت و تەواو بە ڕەهایی نەگۆڕبن، بۆ نموونە لە بابەتی خودا پەرستی نوێژ بەپێی بارودۆخەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت لە چۆنیەتی ئەنجامدانی .

بەڵام گۆڕاوەکان جیاواز لەم سێ بابەتە هەموو شتەکانی لە بنچینەدا شایەنی گۆڕانکارین بە تایبەتی عورفی کۆمەڵگا و معامەلە و سیاسەت و ئابوری و پێشکەوتن و پیشەسازی .

مۆڵکایەتی دوو بەشە خودا دەفەرموویت

..... وَآتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاءُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الْأَرْضُ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ (البقرة ٢٥١)

....لە وەودوا خوای گەورە پاشایەتی و دانایی پێبەخشی و هەرچی ویستی بوو فێری کرد، خۆ ئەگەر خوا هەندێک لە خەڵکانی بە هەندێکی تری لە ناو نەبات، هەر هەموو سەر زەوی پڕ دەبێت لە تاوان و خراپە، بەڵام خوا فەزڵ و ڕێزی زۆرە بۆ هەموو گرۆی ئادامیزاد (بەشێوەیەکی گشتی).

- لێرە مۆڵک دەسەڵاتەکە بووە .

- حیکمەت پێغەمبەرایەتی بووە .

- زانستیش بۆ ئیدارەی وڵات بووە .

کەواتە مولْکایەتی لە ئیسلامدا دەبێت تەواو لە خزمەتی خەڵکدا بێت، ئەزموونی دەستەڵاتی پاشایەتی لە بەشێک لە وڵاتانی دونیا سەرکەوتنی بە دەست هێناوە وەک ئەردەن، بریتانیا، سویسڕا، هۆڵەندا، استڕالیا....هتد

بەڵام پێویستە ئەم دەستەڵاتە تەواو دادگەر بێت دەنا سوودی نابێت، ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێت پاشاگەردانیە و وێرانە چونکە لەگەڵ گۆڕانکاریەکان ناڕوات.

پەراوێزەکانی بەرنامەی حەوتەم:

(١)پێناسەی سەروەری:السیادة:superanus

هەندێ لە یاساناسان پێناسەی سەروەری وەك پێناسەی پایەی سێ یەمی دەوڵەت دەکەن, پایەکانی دەوڵەت کە بریتین لە: : یەکەم: بوونی خاك و هەرێمێکی دیاری کراو,

دووەم : بوونی گەل و نەتەوەیەکی دیاری کراو لەسەر ئەو خاك و هەریمە,

سێ یەم: بوونی دەسەڵات و ڕژێمێکی سیاسی کە ئەو گەلە لەسەر ئەو هەرێمە پێی بەڕێوە دەچێ.

کەواتە سەروەری ئەو دەسەلاتە باڵایە سیاسییەیە کە هیچ چاودێرێکی لە سەرو خۆیەوە نیە لە ناو ئەو هەریم و دەوڵەتەدا, واتە ئەو دەسەلاتە سیاسیە کۆتا پلەی دەسەلاتی ئەو دەوڵەتەیە و بریاری ئەو ڕەت بوونەوەی نیە و دەبێ هەموو گەل کە -پایە ی دووەمە- کە لەسەر ئەو هەریمە دەژین –کە پایەی یەکەمە- پابەندی ئەو بڕیارەی دەسەڵات و ڕژێمی سیاسی ببن کە پایەی سێ یەمە.

بۆ چونی دەستەی دووەم بۆ سەروەری ئەوەیەکە پایەی سێ یەم بە فراوانتر دەبینن لە سەروەری و پێ یان وایە کە سەروەری بەشیکە و تایبەت مەندیەکە لە تایبەتمەندیەکانی پایەی سێ یەم کە دەسەلات و ڕژێمی سیاسی یە, کە چەندین تایبەتمەندی تری هەیە جگە لە سەروەری.

بۆ چونی یەکەم بۆ دەوڵەتی سەردەمی کۆن, کە دەسەلاتەکان سادەتر بوون لە ئیستا و بەم شیوەی ئێستا چڵ و لق و پۆپیان زۆر نەبوو, تا رادەیەك راستە, چونکە لە کۆندا وەزیرەکان بە ژمارە کەم و بە کاریش وەك راویژکاری پاشا و فەرمانڕەوا بوون, دەسەلاتی بەراستیش لای ئەو کەسە بوو کە سەرکردایەتی سوپا دەکا, بۆیە ئەو فەرمانڕەوایانەی کە لەسەرکردایەتی سوپا لیهاتو نەبوون لە دەوڵەتی کۆن کەمتر دەسەلاتیان هەبوە, سوپاش لە کۆندا وەك ئیستا فرەلق نەبوو, ئیستا هەر لە ناو سوپادا چەندین سەروەری و لەناو هەوالگری و ناوخۆدا چەندین سەروەری تر و لە ناو وەزارەتەکانی تر, پێکداچون و بەریەك کەوتنی زۆر هەیە لە تایبەتمەندیە سەروەریەکان, بەشیوەیەك کە سەروەری نەتەوە و نیشتمان هەر مەرەکەبی سەر کاغەزە, بەلام لە دەوڵەتی کۆندا کە دەسەڵاتەکان سادەبوون، زیاتر دوو دەسەلات دەوریان هەبوو, ئەوانیش:

-دەسەڵاتی دینی و کە هەنوتی کە بەترسی دوای مردن و ترس لە تاوان وهەندێک جار ترس لە نەفرەت لێ کران و ببێ بەش بوون لە میهرەبانی و....هتد توانیویانە رۆلی گەورەیان لە کۆمەڵگادا هەبێ بە بێ بوونی سوپاو جەلاد و زیندان .

دەسەڵاتی دووەمی کارا سوپابوو، دەسەلات دار و فەرمانڕەواکان بە هۆی سوپاو باج و خەراج و بە هەرەشەی لیدان و گرتن یان بە ئەنجامدانی چەند خزمەت گوزاریەکی وەك بەرگری لەنیشتمان و دین و پیرۆزیەکان توانیویانە رۆلیان لەناو کۆمەڵگادا هەبی، وەك گوتم ئەم دوانە لە دەوڵەتی کلاسیکی دوو باڵی سەرەکی هەندی جار دژو هاوبڕێ کاری یەکتر و هەندێ جار هاوپەیمان بوون, لە کاتی هاوپەیمانیاندا, سەروەری و پایەی سێ یەم تەواو بەرجەستە دەبوو, لە دەسەلاتی سیاسی دەگەیشتە چڵە پۆپە, بەلام لەم حالەدا ستەمی زۆر بەناوی سەروەری لە چینی کریکار و جوتیار و بازرگان و ئاپورای خەلك دەکرا و خوین و مالیان بە تالان دەبرا, وە هەندی جاریش ئەم هاوپەیمانیە دەبوە هۆی بەرجەستە بوونی سەروەریەکی عادیلانە و هاوسەنگ.

بەڵام لە دەوڵەتی مۆدیرن و تازەدا چونکە دام ودەزگای سیاسی هەر ساڵە و لقیکی لێ زیاد دەبێ وە لقەش تایبەت مەندی خۆی لەگەل لە دایك دەبێ, وا دەزانم لەگەل لە دایك بوونی دەوڵەتی نوێ و هاتنی لیشاوی داهینانەکان و تەکنەلۆژیا کەوادەکا زوو زوو فۆرم و شێواز و دام و دەزگا گۆڕانی تێ بکەوێ, لەم حالەشدا زۆر ئەستەمە دەوڵەت بگاتە شیوازیکی ئۆقرە گرتوی چوار چیوە نەگۆڕاو تا بتوانرێ سەروەری یەکی نەگۆڕاوی بۆ دابنرێ, تەنانەت ڕژێمە سیاسیەکان و سیستەم و پەیڕەو و ئایدۆلۆژیاکان وەك پەیڕەوی دینی نین تا ئەوەندە بەردەوامیان هەبێ بۆ چەند سەدە و بزانرێ چاك و خراپی و دەرهاویشتەیان چیە؟, بۆ نمونە رژیمی سەرمایەداری بۆ رژوا و لیبرالی و دیموکراتی و ڕاستڕەو ی و سۆشیال دیموکراتی,

هتد وە سەدان ڕەوتی تر تەنیا لە چوار چیوەی ئەو رژیمە دەولەتە نوێ یە لە شۆرشی فەرەنسی و ئەمریکی دەتوانرێ بگوترێ سەدان جار گۆڕاوە, جا وەك ئیبن خلدون دەڵێ کە ژیار تێکدەری ئاوەدانیە -الحضارة مفسدة العمران-, ئەم و نائارامی کۆمەلایەتی و دیمۆگرافی بە دوادا دێ, بۆیە پێکدا چوونی سەروەری نیشتمانی و سەروەری نەتەوەیی و سەروەری مەزهەبی ودینی و سەروەری کیشوەری و سەروەری نێو دەوڵەتی لە چوار چێوەی ڕێکخراوە کانی ئەنجومەنی ئاسایش و یۆنسکۆ و صندوقی نەختینە و ناتۆ و ریکخراوی بازرگانی جیهان جات و ریکخراوە لێشاوی داهینانی تەکنەلۆژیە دەبێتە هۆی لێشاوی گۆڕینی یاساکان, گۆڕانی یاساش جۆریك لە قلق ودڵەڕاوکێ مەدەنی و بێ سنور و ئەنتەر ناشیۆنالەکان ئەوەندە پێکداچوە و بە زەحمەت بوە, بەریەك کەوتنی لێ بەرپا دەبێ,هەر بۆیە لە هەزاران ساڵی مرۆڤایەتی بە هیندەی ئەم چەند صەد سالی دوای شۆرشی فەرەنسا جەنگ و شەڕ ڕویان نەداوە.

(٢)ئەم بابەتەمان لە پەراوێزەکانی بەرنامەی پێنجەم ڕوونکردەوە، کە لە سەردەمی سەروەرمان علیه السلام و خەلیفەکانی ڕاشید زۆر بنەما و ڕێکار لە ساسانی و بێزەنتیەکان وەرگیراوە و لە ناومسوڵمانان جێ بەجێ کراوە، وەک هەلکەندنی خەندەق و دروستکردنی مۆر و دامەزراندنی دیوانەکانی سەربازی و بیت المال و دابەشکردنی وڵات بۆ ویلایەتەکان و دانانی سەری ساڵی کۆچی....

(٣) - كتاب الأشباه والنظائر السيوطي - القاعدة الخامسة تصرف الإمام على الرعية منوط بالمصلحة -

ص١٢١

(٤)الهديَّةُ إلى الإمامِ غُلولٌ

الراوي : عبدالله بن عباس | المحدث : الألباني | المصدر : صحيح الجامع | الصفحة أو الرقم : ٧٠٥٤ | خلاصة حكم المحدث : صحيح | التخريج : أخرجه الطبراني (١٩٩/١١) (١١٤٨٦)

٨- بەرنامەی هەشتەم:

ئیسلام و حوکمڕانی:

وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ (الشوری٣٨)

خاڵە هاوبەشەکان و جیاوازەکانی شوڕای ئیسلامی و دیموکراسی :

چەمکی شورا لە ئیسلامدا لە ڕووی زمانەوانیەوە: -بە مانای پرس و ڕا دێت

- بە مانای ئاماژەکردن دێت

- بە مانای نمایش کردن دێت.

شوڕا گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێک یان خەڵک بە گشتی جا ئەو کەس و خەڵکە چ نوێنەر بێت یان پسپۆڕبن لە بواڕێک یان کەسایەتی گشتی بن، بەواتایەکی ترگفتوگۆکردن و دەست نیشان کردن وهەڵبژاردنی کەسێک یان چەند کەسێکە لەسەر بابەت و پرسێکی گرنگ بۆ گەیشتن بە ئەنجام و ئامانج.(١)

حوکمی شوڕا لە ئیسلامدا :

خودا بە پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت:

فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللَّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ (ال عمران١٥٩)

کەوابوو (ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) بە هۆی ڕەحمەتی خواوەیە تۆ نەرم و هێمن بویت لە گەڵیاندا، خۆ ئەگەر توڕەو قسە ڕەق و بێ بەزەیی بوویتایە، ئەوە هەموو لە دەورت بڵاوەیان دەکرد، کەواتە چاوپۆشیان لێبکە و لێیان ببورەو داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکە، لە کار و پێشهاتدا پرس و ڕایان پێ بکە، (دوای مەشورەت و پرس و ڕا) ئەگەر بڕیارتدا (کارێک ئەنجام بدەیت، ئەنجامی بدەو) پشت بەخوا ببەستە، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆشدەوێت کە پشتی پێدەبەستن.

ئەمە دوای ئەوەی لە شەڕی ئوحود توشی شکست بوون، خودا پێی فەرموو: گفتوگۆ و شوڕا بکە لەگەڵ هاوەڵەکانت، ئەمە ئەوە دەسەلێنێت کارکردن بە شوڕا، دکتاتۆریەت و تاک ڕەوی بەرپا نابێت و لە دوای شکستەکان دوبارە هەستانەوە و سەرکەوتن دێت، خودای گەورە کە باسی ڕەفتاری بنچینەیی مسوڵمانان دەکات دەفەرموێت:

وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ (الشوری٣٨)

ئەوانەش بەدەم بانگەوازی پەروەردگاریانەوە چوون و نوێژەکانیان بە چاکی ئەنجام داوە و کارو باریان هەردەم بە مەشورەت و ڕاپرسی و ڕاوێژکاریە و لەو ڕزق و ڕۆزیەی کە پێیان داون، دەبەخشن...

لێرەدا خودای گەورە شوڕای خستوەتە نێوان دوو واجبی گرنگ کە بریتین لە نوێژکردن و زەکات دان، واتە گرنگی شوڕا لە ئیسلامدا چی کەمترنیە لە نوێژو زەکات، ئەبو هوڕەیڕە لە پێغەمبەری خوداوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت :

-: "ما رأيت أحدًا أكثر مُشاورةً لأصحابه مِن رسول الله - صلى الله عليه وسلم -(٢)

دەفەرموێت کەسم نەبنیوە ئەوەندەی پێغەمبەری خودا (د.خ) شوڕای کردبێت، لە کاتێکدا پێغەمبەری خودا هیچ شتێکی نەکردووە بێ فەرمانی خودا، لە هەمان کاتدا زۆرترین کات شوڕای ئەنجام داوە لەگەڵ هاوەڵەکانی..

ئایا کارکردن بە شوڕا واجبە یان سونەتە؟:

- زۆر لە زانایانی کۆن بە سونەتیان زانیوە.

- بە شێکی تریان بە واجبیان زانیوە و پابەندبوون بە ئەنجامەکەشیان هەر بە واجب زانیوە.

-، هندێکی تریان دەفەرموون خودی شوڕاکە واجیبە بەڵام پابەندبوونەکەی واجب نیە.(٣)

من پێم وایە ئەو ڕایەی دەفەرموێت شوڕاوپابەندبوونەکەشی واجبە ئەوەم بەلاوە پەسەندترە چونکە لە مێژوودا دەرکەوتووە ئەو دەستەڵاتداو خەلیفانە شوڕایان بەرتەسک کردۆتەوە و بە بنچینەیان نەزانیوە بەرەودکتاتۆری چونە و قورغکار بوونە.

ئایا شوڕا ئەگەر پابەندنەبیت پێوەی چ سوودێکی هەیە پرس بە دە کەس بکەی بڵام بە قسەی هیچیان نەکەی ؟؟

خودای گەورە بە ئەمر بە پێغەمبەری فەرموو وشاورهم واتە شوڕا بکە.

لە لایەنی کرداری جێگرەوەی شوڕا دکتاتۆرییە، ئەگەر سەیری خۆرهەڵاتی ناوین بکەی و لەناویدا سەیری وڵاتی خۆمان بکەی، شوڕا زۆر لاوازەو وەک خۆی کاری پێ ناکرێت لەبەرئەوەی ئەو وڵاتانە نایانەوێت دادپەروەری بچەسپێنن، لەولاوە کۆمەڵێک مستەشار هەڵدەبژێرن، بەڵام بێ سەکردەکانیان ناتوانن ئازادانە هیچ کارێک بکەن، شوڕا لە شەریعەتی ئیسلامدا پەیوەست بوونەو دەبێت ئەنجام بدرێت و هەمووان پێوەی پابەندببن، شوڕایەک لە شێوەی عومەر و عەلی ئەنجامیانداوە و بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی کەسی.

شوڕا سیمای مرۆڤایەتییە.

گرنگی شوڕا لە قورئان دا

-خودای گەورە باسی شاژنی سەبەئی کردوە کە نموونەی جوانی وڵات بەڕێوەبردن بووە دەفەرموێت:

قَالَتْ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّىٰ تَشْهَدُونِ (النمل ٣٢)

ئینجا بەڵقیس بە ئامادە بووانی وت: ئەی ڕێزداران ڕاتان چیە، چی بکەم باشە، خۆ من هیچ بڕیارێکم نەداوە هەتا ئێوە لێی ئاگادار نەبوو بن و ڕاتان لەسەری نەدابێت.

خەڵکینە دەی بڕیارێکم بۆ بدەن من قسەی کۆتایی ناکەم هەتا ئێوە قسەی خۆتان نەکەن.

- دەستەڵاتی دکتاتۆری بە دوو دیودا دەتوانێت بەردەوام بێت :

- بە دیوە زۆرناشرینەکەی کە تەواو دکتاتۆری و دڕندانەیە.

- بە دیوێکی تردا دەتوانێت لە پاڵ جێ بەجێ کردنی بە شێک لە بنەما دیموکراسیەکان و فەراهەم کردنی ژیانێکی شایستە بۆ خەڵکی درێژە بە دکتاتۆرییەکەی بدات.

بۆ نموونە ئەو وڵاتانەی مەلەکین بۆیە شوڕا بۆ دکتاتۆر و زاڵمەکانیش گرنگی خۆی هەیە هەتا فیرعەون پرسی بە خەڵک کردووە دەڵێت :

يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُمْ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ ﴾ [الأعراف : ١١٠]

ئەو دەیەوێت لە وڵاتدا دەرتان بکات ئێوە چی دەڵێن؟

-ئیبڕاهیم علیەسلام کاتێک دەیەوێت کوڕەکەی سەر ببڕێت کە فەرمانی خودایە دەفەرموێت:

فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَىٰ فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَىٰ قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِن شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ (الصافات١٠٢)

کاتێک ئەو کوڕە کەوتە دەرومااڵ لەگەڵیدا بەیانیەک پێی وت: کوڕی شیرینم بێگومان من دەمبینی لە خەونمدا کە تۆ سەردەبڕم، تۆ دەڵێی چی؟ ڕات چۆنە؟! (کوڕی چاک و خواناس و خۆگر بە زمانی شیرین) وتی: بابە گیان هەر فەرمانێکت پێ دراوە جێبەجێی بکە، دەمبینیت ئەگەر خوا حەز بکات، خوابیەوێت، لە ئارامکاران دەبم.

شوڕا لە ژیانی پێغەمبەرداعلیه السلام:

بۆیە شوڕا لەبەڕێوەبردنی و حکومڕانی ئیسلامیدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە پێغمبەری خودا (د.خ) باسی جەنگ دەکات، جەنگ ڕێکخستنە، جەنگ ئیدارەیە، جەنگ ئابوورییە، جەنگ سەربازییە، جەنگ سیاسەتە، جەنگ سەرکەوتنە، لە

هەموو ئەمانەدا پەیامبەرمان باسی شوڕای کردووە و گرنگی پێداوە، پێغەمبەریش کاتێک شوڕای کردوەی لای خوداوە فەرمانی پێ کراوە.

ئەمە بە شێوەیەکی گشتی.

بە شێوەی تایبەتەکەی کەم بابەت هەیە شوڕای تێدا نەکردبێت بە تایبەت ئەو کاتەی دەستەڵاتی پەیداکردووە، بەتایبەتی:

- لە جەنگی بەدردا پرس بە جەنگاوەرەکان دەکات ئایا بەرەوپێش بچن یان بکشێنەوە؟

، لە دیاری کردنی شوێنی مانەوە لە جەنگدا و دیاریکردنی شوێنی سەحابەکان لە جەنگدا کاتێک چەندین جەنگاوەر بە دیل دەگرن (٤)

- لە جەنگی ئوحودا پێغەمبەر(د.خ) پێی باش بوو لەناو شاردا بمێنێتەوە بەڵام گەنجەکان حەماس دەیان گرێت دەڵێن بابچینە دەرەوەی شار، سەروەرمان بەقسەیان دەکات.(٥)

- سەلمانی فارسی فەرمان دەکات خەندەق هەڵبکەنن و بەگوێی دەکەن.(٦)

- پێغەمبەر(د.خ) لە بابەتی تایبەتی خێزانی

پرس بە عەلی و ئوسامە دەکات.(٧)

- لە بابەتی حەج و هەڵوەشانەوەی ئیحرام و سەربڕینی ئاژەڵەکان پرس بە ئوم و سە لە مەدەکات.(٨)

شوڕا هۆکارێکی کاریگەرە بۆ ڕاکیشان و باوەڕپێهێنان و پشت گرتنی بەرامبەر لە بابەتەگرنگەکان شوڕا خوێندنەوەو حساب کردن و ڕێزگرتنی بەرامبەرە.

لەو بابەتانەی دەق و نەسی لەسەرە باسی شوڕا ناکەین ئەو بابەتانەی دەق و نەسی لەسەرنیە پێویستی بە شوڕاهەیە، لە ئەمڕۆدا وەسیلەی شوڕا جیاوازە لەگەڵ کۆن و سەردەمی سەحابە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە دتوانرێت لە هەر کوێیەکی جیهان بیت شوڕا بکەیت ، دەکرێت لە شێوەی ڕاپرسی بێت، لەخودی دەقدا شوڕا ناکرێت بەڵام لە شێوازی جێبەجێ کردنی دەقدا شوڕا دەکرێت، لە بابەتی پسپۆڕی و ناپسپۆڕیشدا جیاوازە، خۆناکرێت لە بابەتێکی پزیشکیدا یان کیمیاوی و فیزیایدا ڕای خەڵکی ئاسایی وەربگریت ، دەبێت پرس بە کەسی پسپۆڕ بکرێت ، هەرکەس لە بوارەکەی خۆیدا قسەبکات و شوڕای پێ بکرێت ،خودا دەفەرموێت:

فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا (الفرقان ٥٩) تۆ پرسیار لە خەبیر و شارەزا و پسپۆڕبکە.

کەواتە شوڕا بریتییە لە ئامڕازی جێبەجێکردن بە پێی پێویستی و گرنگی کە پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتی، کاتێک عمر دەیەوێت غەزوی شام بکات هەواڵی بۆ دێت کە لە شام تاعون بڵاوبۆتەوە وەستاوە کاتێکیش عمر خەنجەری

بەردەکەوێت لە سەرەمەرگدایە شەش کەس دیاری دەکات کە دواجار بە شوڕا لە نێوان خۆیاندا یەکلای بکەنەوە کی ببێتە ئەمیری مسوڵمانان.

خاڵی هاوبەشی شوڕا و دیموکراسی ئەوەیە کە هەردووکیان ئامڕازن و میکانیزمن وە بە باشترین ئامرازیش دادەندرێن بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچون و سەرنجی خەڵک، هەردوکیان یەک ئامانجیان هەیە کە دکتاتۆرییەت نەبێت.

بەڵام لە چوار خاڵدا شوڕا و دیموکراسی جیاوازن: ١- لە خودی زمانەوانی دینیدا جیاوازن.

شوڕا وشەیەکی شەرعییە، دیمکراسی وشە یەکی قورئانی نییە و سەرچاوەکەی ڕۆژئاواییە. ٢-لە مەسدەر و سەرچاوەکەیەوە سەیری بکەی شوڕا سەرچاوەکەی شەریعەتە بەڵام دیموکراسی سەرچاوەکەی خەڵکە، واتە زۆرینەچی پەسەند بکات ئەوە قبوڵە و سەرکەوتووە، لێرەدا زۆرجار زورینە مافی کەمینە دەخوات چونکە مەرج نیە زۆرینە لەسەرحەق بن، بەڵام لە شوڕا لەگەڵ دەقی قورئانی شەڕناکات،" والحق احق ان یتبع"لە شەرعدا حەق ئەو لاترە کە پەیڕە و بکرێ لە پابەندبوون بە زۆرینە.

٣- لە حوکمدا دیموکراسی بە هەموشێوەیەک ڕاپرسی واجب دەکات، لە شوڕادا هەندێک جار واپێویست دەکات ئەنجام بدرێت، هەندێک جار پێویست نیە، واتە

شورا بە پێی پێویستییە، شورا حەڵاڵی پێ حەرام ناکرێت، حەرامیشی پێ حەڵاڵ ناکرێت.

بۆ نموونە پەرلەمانێک بە هەشتا دەرسەد زۆرینەبێت وەک ڕۆژی ڕوناکیش دیارە نادادپەروەرە کەچی هەر سەردەکەوێت ، دواجار ئەمە دەچێتە چوارچێوەی دکتاتۆریەت لەژێر ناو و سێبەری دیموکراسیدا ، بەزۆر و بەزێڕ یان وەک کاک نەوشیروان دەڵێت بەدراو و درۆ سەرنجی خەڵک بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، یان ناچاری دەکات بەوەی دەنگی پێ بدرێت یان تەزویر دەکات بۆی دەچێتەسەر و کەمینەدەکاتە قوربانی، کەواتە ئەم جۆرە لە هەڵبژاردن میکانیزمە بۆ دوو شت لە لایەک بۆ شەرعییەتدان بە دکتاتۆر لەلایەکی تر بۆ بە دیموکراسی کردن وڵات بەو مانایەی خۆیان دەیانەوێت بەوشێوەیە بەرگی بۆ دەدورن، لێرە پرۆسەکە پێچەوانەدەبێتەوە چونکە کە دڵنیابووی هەموو بەشداریەکی هەڵبژاردن ئەنجامەکەی هەر دۆڕاندنە و هەر دکتاتۆر دەمێنێتەوە ئەوا لێرە بایکۆت و بەشداری نەکردن پێویستە .(٩)

پەڕاوێزەکانی بەرنامەی هەشتەم:

(١) پێناسەی شورا لە ڕووی زمانەوانی وەک لە لسان العرب داهاتووە، بە دەرهێنانی هەنگوین لە شانە هەنگوین گوتراوە : " شار العسل من الخليه"، بێگومان هەنگوین دەرهێنەر

دەیەوێ بە ئاسانترین ڕێگە و کەمترین کات و بێ ئەوەی زیان بە شانە و هەنگوین و هەنگەکە بگا و هەنگوینەکەی دەربێنێ، جا ڕاوێژ و شوڕا کردنیش هەروایە.

پێناسەی زاراوەیی شوڕا: داواکردنی ڕاو بۆچوونی ئەو کەسانەیە کە ڕا و بۆچوونی لێوەشاوەیان هەیە، یان دەرهێنانی ڕای ئوممەتە بە ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی نوێنەرانی لە بابەتە چارەنوسسازەکان، تا هەموو بگەنە هەڵوێستێکی هاوبەش لە پرسێکی گرنگدا، قورئان جگە لە ئەم ڕێگایە و میکانیزمە هیچ ڕێگایەکی تری بۆ مسوڵمانان بە شیاو نەزانیوە لە دیاریکردنی بەرپرس و فەرمانڕەوادا، چونکە سەروەرمان ﷺ کەسی دوای خۆی دیاری نەکردوە، بەڵکو هاوەڵانی فێری ڕاوێژ و شوڕا و وەرگرتنی ڕای زۆرینە کردوە.

بێگومان نە هەنگوین لە شانە ژەنگەسورە دەردەهێنرێ و نە هەموو کەسێکیش خاوەنی شیلەی شیرینی ڕاوێژی جوانە بۆ بابەتە چارەنوسسازەکان.

(٢) لە صحيح ابن حبان (١١: ٢١٧).داهاتووە

(٣) هەر لە بارەی ڕاوێژکردنەوە هاتوە کە علی دەیگێڕێتەوە کە پرسیویەتی لە سەروەژمان:

قلت يا رسول الله إن نزل بنا أمر ليس فيه بيان أمر ولا نهي فبم تأمرنا، قال: شاوروا فيه الفقهاء والعابدين ولا تمضوا فيه رأي خاصة. رواه الطبراني في الأوسط. وقال فيه الهيثمي: رجاله موثقون من أهل الصحيح. انتهى. وقال صاحب كنز العمال: الحديث عن هذه الطريق حسن صحيح. وعن الحسن البصري رحمه الله: ما تشاور قوم قط، إلا هدوا لأرشد أمورهم. رواه ابن أبي شيبة والبخاري في الأدب المفرد وابن المنذر وقوى إسناده الحافظ في الفتح..

بەم دەقانەش فەرمانی شەرع و دین ڕاوێژکردن و پەیڕەو کردنی دەرەنجامی شوڕا فەڕزە و منەت و چاکەیەک نیە هەر کاتێ حوکمڕان ویستی بە خێراخۆی بیکا، بەڵکو وەک عومەر دەفەرموێ: خێرمان تێدانیە کە داوای ئاموژگاری و ڕاوێژتان لێ نەکەین و خێرتان تێدا نیە کە فرمانمان پێ نەکەن بە چاکە و ڕێگریمان لێ نەکەن لە خراپە..

(٤) بۆ ڕاوێژی سەروەرمان علیه السلام لە جەنگی بەدر سەیری : "سيرة ابن هشام" (١: ٦١٥)،(٢: ١٩٢). و"دلائل النبوة"، للبيهقي (٣: ٣٤).(٣: ١٣٧)و (٣: ٤٤)،و"صحيح مسلم" (٣: ١٣٨٣) رقم (١٧٦٣) بکە.

(٥) بۆ ڕاوێژی سەروەرمان لە جەنگی ئوحود سەیری "سيرة ابن هشام" (٢: ٦٣)بکە.

(٦) بۆ ڕاوێژی سەروەرمان لە جەنگی خندەق سەیری سيرة ابن هشام" (٢: ٢٢٤)، و"السيرة النبوية" و"أخبار الخلفاء"، لابن حبان (١: ٢٥٥).بکە

(٧) بۆ ڕاوێژی سەروەرمان لە بابەتی بوختانی ئیفک بە علی و ئوسامە سەیری صحيح البخاري" (٣: ١٧٣) رقم (٢٦٦١بکە

(٨) بۆ ڕاوێژی سەروەرمان لە بابەتی سەرناشین و کارەکانی عەمرە بە دایکمان ئوم سەلەمە سەیری صحيح البخاري" (٣: ١٩٦) رقم (٢٧٣١).بکە

(٩) دوو جیاوازی سە رەکی لە نێوان شوڕا و دیموکراتیەت هەیە:

١- لە دیموکراتیەتدا هەموو ئەندامانی گەل کە دەگەنە سەرو ١٨ساڵ لە هەموو بوارێک لە بوارەکان بۆ یان هەیە ڕێپێدان بکەن و یاساغ دانێن، بەڵام لە شوڕادا لەو بابەتانەی دەق لێدوانی لێکردوە و بابەتەکەی بڕیوەتەوە کەس قسەی تێدا ناکا، وە لەو بوارانەش کە دەق

لێدوانی لێ نەداوە لە هەر بواریک شارەزایانی پسپۆڕ و تایبەتمەندی ئەو بوارە خەڵکانی ڕاوێژ پێکراون.

٢- لە ئیسلامدا خەڵکانی ڕاوێژ پێکراو نە هەموو تاکێکی سەرو١٨ساڵە نە کورتیش هەڵدێ لە ئەندامانی پەرلەمان، بەڵکو هەموو مامۆستا و دادوەر و پارێزەر و دکتۆر و پیشەکار و بازرگان و شەریعەتناس و....،هەریەکەیان لە بواری خۆیان دا شایستەی ڕاوێژپێکران و ڕاوێژکارن...

پەرلەمان و ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل لە ئیسلامدا پێیان گوتراوە ئەهلی حەل وعەقد واتە ئەو کەسایەتیانەی مافی گرێدانی پەیاننامە و پێک هاتن و ڕێک کەوتن و بەڵێن نامە و گرێبەستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سەربازی و زانستی و پەروەردەیی و بازرگانیەکانیان هەیە و مافی ئەوەشیان هەیە ئەمگرێبەستانە هەڵ وەشێننەوە، هەر لە گرێبەستی دانانی سەرۆکەوە تالادانی سەرۆک.

زاراوەی ئەهلی حەل و عەقد هەمان هاوماناى زاراوەی ئولو الئەمر -اولو الامر- وەلی ئەمر و حەل وعەقد ئەو ئەنجومەنەن کە سەرۆکەکان دادەنێن و لێدەخەن هەر لە خەلیفە و سەرۆک و پاشای دەوڵەتەوە تا سەرۆکی سوپا و سەرۆکی دادگا و پەرلەمان و وەزیر و پارێزگارە کان ....

٩- بەرنامەی نۆیەم:

ئیسلام و حوکمڕانی:

پێناسەی وەلی ئەمر لە شەریعەتی ئیسلامدا:

أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الأَمْرِ مِنْكُمْ} (النساء ٥٩/٤)-

وەلی ئەمر ئەو کەسەیە کە مەرجەکانی تێدابێت بۆ ڕای کردنی کار و باری مسوڵمانان، ئەگەر پێگەوپایەی وەلی ئەمر دیاری بکرێت زۆر هەڵدەگرێت.

- هەندێک لە زانایان پێیان وایە خەلیفە یان وەلی ئەمر وەکیلی خودایە بۆ جێبەجێ کردنی دەستەڵاتەکانی خودا لەسەر زەوی کە ئەمە زیادەڕەوی تێدایە.

- هەندێکی تر پێیان وایە جێگری پێغەمبەرە(د.خ)

- هەندێکی تر پێیان وایە نوێنەری ئیمام و خەلیفەی پێش خۆیەتی بۆ ڕای کردنی کاری مسوڵمانان.

- هەندێک پێیان وایە وەلی ئەمر نەوەکیلی خودایە نەپێغەمبەر(د.خ) نەخەلیفەکانی پێش خۆی بەڵکو وەلی ئەمر نوێنەری ئومەتە، نوێنەری خەڵکە، ڕاسپێردراوە بۆ ڕای کردنی کارەکان، ئەم ڕایە گونجاوترە لە ڕاکانی تر چونکە کاتێک دەگوترێت وەلی

ئەمر نوێنەری خودایە یان پێغەمبەر (د.خ) ئەمە پێدانی قودسیەتە لە کاتێکدا خودی براگەورە پیرۆز و مقدس نیە (١)، تاکێکە لە تاکەکانی ئەم ئومەتە، بەڵام لە کاتێکی دیاری کراودا ئەرکێکی قورس و فراوان و بەرپرسیارێتییەکی فراوانی پێ دراوە لە بەرامبەردا دەستەڵات و ئەرک و مافێکی گەورەی پێ دراوە، لێرەدا نەروحی دین نە زانایان لەگەڵ ئەوەدا نین قودسیەت و گەورایەتی و پاکایەتی بدرێت بە سەرۆکی وڵات، دەکرێت بڵێین وەلی ئەمر ئەو کەسەیە کە بە مەرجەکانی خۆی کە خەڵک داینناوە بۆ بەرپرس لە دەستوردا نوسراوەتەوە دەستەڵات و ئەرک ومافی دیاری کراوە بۆ ڕایی کردنی کاروباری خەڵک، بەوە دەڵێین وەلی ئەمر هیچ تایبەتمەندیەکی دینی پێوە نیە، زیاتر پۆستێکی ئیداریە لە ڕووی شەرعیەوە ئەرک و ئەمانەتە، ئەمانە ئەرکەکە قورستر دەکات لە بەر ئەوەی لە وەزیاتر سەیر بکرێت وەک پاشاکانی فارس و ڕۆم وەک وەکیلی خودا و سێبەری خودا لەسەر زەوی لەلایەن گەلەوە سەیر دەکرێن، ئەمەش لە شەرعدا ڕێگە پێدراو نیە، لەلایەکی تریشەوە نەک ئەوەندە بە نزم سەیر بکرێت وەک خەوارجەکان کردیان.(٢)

لە گرنگترین مەرجەکانی بوون بە وەلی ئەمر:

- دادپەروەری کۆمەڵایەتی .

- لێزان و بە توانا لە سیاسەت و ئیدارەدان و هونەری بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر هەموو ئاستەکان لە ئەمڕۆدا تاڕادەیەک ئەمە ئاسان بووە چونکە ڕاوێژکاری زۆریان هەیە و هەر بواریک وەزارەتێکی تایبەتی خۆی هەیە.

- وەلی ئەمر پێویستە کاریزمابێت و خەڵکی دڵسۆز و ڕەخنەگر و شارەزا و بە پەرۆش و ئەکادیمی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە نەک کەسانی ماستاوچی.

- سەلامەتی جەستەیی و بیرکردنەوەی تەواوێت تا توانای تێکۆشان و کار و دیراسەکردنی هەبێت، نەک بە تەمەن بێت و خاوەن پێداویستی تایبەت بێت، تەنها لەبەر ئەوەی کاتی خۆی ڕەمزی شۆڕش بووە و تێکۆشاوە، بکرێت بە وەلی ئەمر، ئەو مێژوەی کاتی خۆی تۆماری کردوە بۆ خۆی جێگای گرنگی و بایەخە، دواجار ناتوانێت لە ئێستادا لەو بەرپرسیارێتییەی پێی دەسپێردرێت سەرکەوتووبێت، بۆیە سەرکەوتن جەوهەری ئامانجەکەیە گرنگ نیە لە ڕەگەزی نێربێت یان مێ.(٣)

لە وڵاتانی دیموکراسی خۆرئاوا دەست نیشان کردنی وەلی ئەمر لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوەیە، بەڵام بەداخەوە لە خۆزهەڵاتی ناوەڕاست و ڵاتانی ئیسلامی و بەتایبەت لە وڵاتی خۆماندا خراپترین جۆری دیموکراسی هاوردەکراوە دیموکراسییەک کە بە لولەی تفەنگ و نوکی ساروخ و باڵی فڕۆکە هاتووە بۆیە هەر وەلی ئەمرێک لەگەڵ ئەو جۆرە دیموکراسیە بێت ئەوا سەرکەوتن و مانەوە هەر

بۆ ئەوە، بەڵام هەر کەسێک دژی بەرژەوەندیەکانی ئەم جۆرە دیموکراسییە فاشلەبێت ئەوانیش دژی دەوەستنەوە و بەربەستی بۆ دروست دەکە ن .

ڕێگایەکی تایبەت و کۆنکرێتی نیە تا وەلی ئەمری پێ هەڵبژێردرێت بەڵکو جۆر و شێوازەکەی بە پێی بارودۆخ و سەردەمەکان دەگۆڕێت چوار خەلیفە بە چوار شێوازی جیا هەڵبژێردراون.(٤)

وەلی ئەمر یان مسوڵمانە یان نامسوڵمانە ئەگەر مسوڵمانە یان دادپەروەرە یان فاجر و زاڵمە ئەگەر خراپەکەی بۆ خودی خۆی بێت دەبێت ئامۆژگاری بکرێت ئەگەر بۆ خەڵک بێت دەبێت ڕێگری لێ بکرێت و بیر لە گۆڕانی بکرێتەوە، لێرەدا خەڵک و جەماوەر مافی خۆیەتی داوا لە وەلی ئەمر بکەن واز بهێنێت بەتایبەتی ئەوکاتەی کات و ماوەکەی تەواو بوو لە ڕێگەی دادگای دەستوریەوە دادگای بکرێت، یان لە ڕێگەی فشاری مەدەنی لابببرێت، وەلی ئەمر هەر لە کورسیەکەی نە هاتە خوارەوە دەکرێت لە ڕێگەی خۆپیشاندانەوە لابببرێت، ئەگەر ئەمەش سەری نەگرت لە ڕێگەی کەسانی شارەزا دوای دیراسەکرن و توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی دۆخەکە لە کاتێکی گونجاودا بە زەبری هێز وەلی ئەمر لابببرێت و بگۆڕدرێت بەمەرجێک بە کەمترین زیانی گیانی و مادی کارەکە تەواو بێت.(٥)

پەراوێزەکانی بەرنامەی نۆیەم:

(١)بابەتی موقەدەس بوون و نەبوونیش بە لاڕێدابراوە، پێویستی بە پێناسەکردنەوەیە، ڕاجیایی ئەم بابەتە لە وەوەدێ کە هەندێ کەس لە زانایان موقەدەسی تەنیا لە شتی غەیبی و نەبینراو کورت هەڵدێنن، یان دەڵێن تەنیا دین موقەدەسە، جا بۆ ئەوەی وەک عەلمانیەکان دین لە دەوڵەت جیانەکەینەوە دەبێ بڵێین دەوڵەت داری و حوکمڕانیش بەشێکە لە دین، کەوا نەڵێین وەک عەلمانیەکان دینمان لە دەوڵەت جیاکردۆتەوە.

ئایا خودی مرۆڤایەتی ئەو باوەش و بونەوەرەنیە کە هەموو دینە موقەدەسەکان و پەیام و کتێب و پەیامبەرە موقەدەسەکان و ڕووگە و فریشتە پیرۆزەکان هەموویان بۆ خزمەت کردن و بەختەوەرکردنی ئەو هاتن؟ ئەدی الله جل جلاله هەر بۆ بە دەمەوەهاتنی ئەو مرۆڤەنیە کە بە نەوەد و نۆ ئیسمی پیرۆز دەرگاکانی دوعا و پەناپێبردن و وەحی والا کردوە و هەموو شەوێ لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە-بێ ئەوەی جیاوازی بخاتە نێوان وڵاتی بوزی و هیندۆسی و مەسیحی و مسوڵمانان

- دادەبەزێتە ئاسمانی یەکەم و گوێ لە دەردەدڵ و داخوازیەکانی ئەم مرۆڤایەتیە دەگرێ و دوعاکانی وڵام دەداتەوە و لە تاوانەکانی دەبووڕێ؟ ئەی ئەو پەیامبەر و کتێبە پیرۆزانە هەموو لەلایەن ئەو عەقڵ و هۆشەی مرۆڤایەتی تاوتوێ ناکرێن و شڕۆڤە و لێکدانەوە یان بۆ ناکرێ؟ ئەدی هەر عەقڵی زانایانی مرۆڤایەتی نیە بەشەگۆڕاوەکەی دین لە فەتوا و قەزا و تەفسیرەکان لە بەشەنەگۆڕەکەی دین دەردێنێ؟ کەواتە دەبێ مرۆڤایەتی هەموو نەک تەنیا وەلی ئەمر و دەسەڵاتدار موقەدەسبن، بیرکردنەوە و عەقڵ وەکو نەقڵ دەبێ موقەدس بن، کرداری پراکتیزەکردنی موقەدەسەکان لەم جیهانە دەبێ موقەدەس بێ، ئەو مرۆڤایەتیەی کە ئەکتەر و

دەرهێنەر و نمایشکەری سەرتاپای ئەم سیناریۆ موقەدەسەیە دەبێ ئەویش موقەدەس بێ، دەبێ هەموو بستێکی کۆشی دایکە زەویش وەک باوکە ئاسمان موقەدەس بێ....

ئەدی تەبەرانی و نەسائی و ئیبن ماجە و بەیهەقی لە سەروەرمان الله عليه وسلم و لە ئەنەس و ئیبن عومەر و ئیبن عەباس بە چەندان شێوە گێڕاویانەتەوە کە

"لهدم الكعبة حجرا حجرا، أهون من قتل المسلم"

"من آذى مسلما بغير حق، فكأنما هدم بيت الله"،

" أنه صلى الله عليه وسلم نظر إلى الكعبة، فقال: "لقد شرفك الله، وكرمك، وعظمك، والمؤمن أعظم حرمة منك"

"قدر المؤمن أعظم عند الله من زوال الدنيا"،

"لزوال الدنيا أهون عند الله من قتل مؤمن بغير حق"،

وقد صحح الألباني حديث ابن عمر قال: رأيت رسول الله صلى الله عليه وسلم يطوف بالكعبة، ويقول: ما أطيبك، وأطيب ريحك! ما أعظمك، وأعظم حرمتك! والذي نفس محمد بيده، لحرمة المؤمن أعظم عند الله حرمة منك، ماله، ودمه.

وحديث ابن عباس قال: لما نظر رسول الله صلى الله عليه وسلم إلى الكعبة، قال: مرحبا بك من بيت، ما أعظمك، وأعظم حرمتك! وللمؤمن أعظم عند الله حرمة منك. أخرجه البيهقي في الشعب، وهو في السلسلة الصحيحة برقم: ٣٤٢٠.

جامادام لای هەموومان کەعبە موقەدەسە کەچی ڕێز و حورمەتی ناگاتە ڕێزی سەر و گیانی مسوڵمانێک، کەواتە مسوڵمان موقەدەسە، مرۆڤی بێ تاوان موقەدەسە..

(٢) پێناسە و سەلاحیاتی وەلی ئەمر:

وەلی لە ڕووی زمانەوانی بە واتای خاوەن و دۆست و پشتیوان و هاوکار و ئاشنادێ.

امر لە ڕووی زمانەوانی بە پێچەوانەی نەهی و حوکم و منع و قەدەغەکردن دێ، واتە فرمان کردن و مۆڵەت وڕێ پێدان و داخوازی و داهێنان و ئافراندن و پلان و نەخشە بۆ کێشان و هەڵێنجان و ...،هەروەها بە واتای زۆربوون و فرەبوون و زاڵ بونیش دێ.

پێناسەی زاراوەیی وەلی ئەمر= خاوەنی فەرمان، فەرمان ڕەوا:

زوبەیدی ئاوا پێناسەی دەکا: ئەو کەسەی کار و باری ئاینی خەڵکی بەڕێوەدەباو چ ڕێ و شوێنێک دەبێتە هۆی چاککردنی ئەو گەلە ڕەچاوی دەکا ئەگەر ئەوانیش خاوەن دین بن..

شارەزایانی کۆن وەلی ئەمریان لە دوو چین داکۆکردۆتەوە :

- زانا و شارەزایانی دین کە بەدەقی فەرموودە میراتگری پەیامبەرانن.

- کار بەدەست و دەسەڵات دارەکان و پاشاکان و سوپا سالار وەزیرەکانیان.

زانایانی دین بنچینە و نەخشەکێشن و دەسەڵاتدارەکان ڕاپەڕێنەر و چەسپێنەری ئەو نەخشە و پلان و ئیجتهاداتانەن کە زانایانی دین و میراتگرانی پەیامبەران دەیڵێن و دەینوسن.

ابن عابدين دەڵێ: مەبەست لە" أُولِي الْأَمْرِ لە ئایەتی – {أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الأَمْرِ مِنْكُمْ} (النساء ٥٩/٤)- زانایانی دینن، چونکە زانایان فەرمانڕەوا و ڕێپێدەر و نەخشەکێشی پاشا و دەسەڵاتدارەکانن...

راغیبی ئەصفهاني لە مفرداتە کەی دەڵێ: "أولوا الأمر ئەوانەن کە زۆر ملکەچ و گوێ لە مستی فرمانەکانی شەرعن، هەر ئەوان کە خۆیان زۆر گوێڕایەڵن، خەڵکیش فێری دینداری دەکەن و فەرمانیان پێدەکەن بە هەرچی شەرع فەرمانی پێکردوە و لە هەرچیش دین لێی قەدەغە کردون قەدەغەیان دەکەن، بۆیە شەرعی الله گوڕایەڵی ئەو وەلی ئەمرانەی لەسەر هەموو خەڵکی پێویست کردوە، لە کاتی ئەبوهوڕەیرەدا ئەم وەلی ئەمرانە بەو سەحابیانە تەفسیردەکرا کە سەروەرمان علیه السلام دەیکردنە ئەمیر و سەرۆکی سریەکان، کە ئەو سەرۆک سریانە لە ڕووی دین و ڕەوشتەوە جێی باوەڕ و متمانەی پەیامبەر بوون علیه السلام.

تەفسیرکارانی وەک تەبەری و قورتوبی و شەوکانی و ڕاغەکانی وەک ئیبن تەیمیە ش هەر وەلی ئەمر بەو فراوانیەلێک دەدەنەوە، بەڵام جاری وایە دژی ئەمڕاغەیخۆیان دەوەستن و زاراوەی وەلی ئەمر و ئەمیر و خەلیفە و پاشایان لا دەبێتە هاومانا، کە ئەم دوانە هاومانا نین، چونکە ئیسلام هەمووی، قورئان هەمووی ئەمرە

- من احدث في امرنا هذا.... ئەو وەلی ئەمرانەش دۆست و بڕیاردەر و چارەنوس دیاریکردنی ئەم ئەمرە یان بەدەستە کە مەبەست لەو ئەمرە ئیسلام و قورئان و شەریعەت و حوکمڕانی و پەرستش و سەروکاری ئەم دینەیە..

محمد عبده پێناسەیەکی تۆزێک هاوچەرخی بە بەرداکردوە و دەڵێ: وەلی ئەمر لەم سەردەمەدا گەورە زاناکان و سوپا سالارەکان و دادوەرەکان و گەورە بازرگانەکان و خاوەن

سەرمایە دەوڵەمەندەکان و بەڕێوەبەری کۆمەڵگە و کۆمپانیاکان و سەرۆک حیزبەکان و نوسەر و ئەدیب و پزیشکە گەورەکان و سەرۆکی پارێزەران و....کە ئوممەت متمانەیان پێ دەکا و بۆ چارەسەری کێشەکانی پەنایان بۆ دێنێ

شێخی ئەزهەر محمود شلتوت ئاوادەیاننناسێنێ : "أولو الأمر ئەو پسپۆڕ و تایبەتمەندانەن کە لە بوارەکانی خۆیان کامڵ و تەواون و لەو کاروبارانە تەواو قوڵ بوونەوە و دەرکیان بە هەموو بەرژەوەندیەکانی خەڵک لەو بوارانەکردوە..

جا گومانی تێدانیە کاروبارەکانی ئوممەت فرە و هەمەچەشنن، لایەنی هێز هەیە و لایەنی دادگەری هەیە و لایەنی دارایی هەیە و لایەنی سیاسی هەیە، هەر لایەنە و پیاوی زانای تایبەت بە خۆی هەیە ئەو پیاوە پێگەیشتوانە لەو بوارانە وەلی ئەمرن...

لەم پێناسانە سەلاحیات و ماف و ئەرکەکانی وەلی ئەمرەکانیش دەرکەوت، کەواتە وەلی ئەمرەکان زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان زۆرترن بەم پێناسانە و هەمەجۆرن و کەسیان ناتوانێ جێی ئەوی تریان بگرێ..

وە کە ئەمانە وەلی ئەمر بن، مەرجەکانیان لانی کەم ئەکادیمی و ئەزمونکاربن لە بوارەکانی خۆیان و لە کورەی پسپۆڕیەکەیان قاڵ بووبن و شۆرەت و شایەتی خەڵکی بۆ یان هەڵی بژاردبن.

ئەم پێناسانەدەری دەخەن کە لەناو هەموو کۆمەڵگایەک دەتوانرێ ئەنجومەنی وەلی ئەمران و پیاو ماقوڵان دیاری بکرێ..

بەم ناساندنە سەرۆک و دەسەڵاتداری وڵات تاکێکە دانان و لێخستنی بە دەست ئەم وەلی ئەمرانەیە نەک ئەو خۆی وەلی ئەمربێ..

هەر لە قورئان و فەرمودەکانیش دا وایە، ئاشکرایە لە سەردەمی پەیامبەر علیه السلام وەلی ئەمر هەبووە، ئێمە دەزانین کە لەو سەردەمە کەس خەلیفە و سەرۆک نەبووە، کەواتە ئەنجومەنی وەلی ئەمران مافی دیاری کردن و لێپێچینەوە و لێخستنی خەلیفە و پاشا و سەرۆکەکانیان هەیە، هەر ئەوان ئەهلی حەل و عەقدن، واتە هەڵوەشێنەرەوە و گرێدەری پەیماننامە و بەڵێن و پێک هاتن و لێخستنەکانن..

د.عبدالکریم بەکار لە توێژینەوەیەکدا سەلماندویەتی کە لای ئیبن تەیمیە و محمد عبدە و زۆرێک لە زانایانی ئیسلام ئەهلی حەل و عەقد و وەلی ئەمر و ئەهلی شەوکە و ئەهلی ئیجتهاد و ئەهلی شورا هاوماناو موڕادیفی یەکترن .

(٣) بێ گومان هەر خودی ئایەتەکە "يا أيها الذين آمنوا أطيعوا الله وأطيعوا الرسول وأولي الأمر منكم"،

ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ئەندامانی ئەنجومەنی وەلی ئەمر و حەل و عەقد و پیاو ماقوڵان دەبێ مسوڵمان و ئیماندارێ واتە لە دین و تێڕوانیندا وەلی ئەمرەکان بەشێکی پێشەنگن لە ئەو کۆمەڵگایەی نوێنەرایەتی دەکەن، نەک لێ یان جیابن.

وەک لە ژیاننامەی سەروەرمان علیه السلام هاتووە کە ئەو عەریف و نەقیبانەی کە خەڵکانی مسوڵمان بۆ خۆیان دیاری دەکرد هەموو لە لێهاتوترین کەسان و کەسانی خاوەن ڕابردوی پاک

لە ئیمان و ئیسلام دابوون، نەمان زانیوە کەسێکی نامسوڵمانی بۆ کۆمەڵێکی مسوڵمان دیاری کردبێ.

خەلیفەی دووەم ئەبوبەکریش هەر بەوشێوە وەلی ئەمری لێک داوەتەوە لە وڵامی ژنێک کە پرسیاری لێ کرد فەرموی:

«أَمَا كَانَ لِقَوْمِكِ رُءُوسٌ وَأَشْرَافٌ، يَأْمُرُونَهُمْ فَيُطِيعُونَهُمْ؟» «فَهُمْ أُولَئِكِ عَلَى النَّاسِ»

بەڵام کۆمەڵێک لە نەسرانی و جولەکە کە ویستیان نوێنەرێک دیاری بکەن کە لە ئەنجومەنی وەلی ئەمرانی ئەو دوو تۆژەبێ کە لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدابن، ئەوە باشترە لە خۆیان بێ، لە ئایەتەکەش دەفەرموێ کە وەلی ئەمری هەر کۆمەڵگایەک بەشێک بن لەو کۆمەڵگایە، بۆیە کە جالیە و کۆمەڵگای جولەکا و نەسرانی زۆر بوون، بێ گومان بەرژەوەندی دەوڵەت و کاروبارر وڵات وادەخوازێ کە نوێنەڵریان هەبێ.

هەرچەندە کە دروستیشە کە ئەوان بە هەڵبژاردنی خۆیان مسوڵمانێک هەڵبژێرن، وەک دانانی ئەبوعبیدەی جەراح بە ئەمیندار بۆ مەسیحیەکانی نەجران لەسەرداوای خۆیان، وە هەر سەروەرمان لەناو جولەکەکان زانا و شارەزایانی جولەکەی بە وەلی ئامر و نوێنەرانی جولەکەکان دادەنا.

بێگومان لێرەدا من باسی ئەندامانی ئەنجومەنی وەلی ئەمر و ئەهلی حەل و عەقد دەکەم، نەک بە تێگەیشتنی ئەوانەی وەلی ئەمر بە سەرۆک کۆمار و پاشا تێگەیشتوون، چونکە وەک لە ئایەتەکەدەردەکەوێ پێش بوونی پاشاو سەرۆک و خەلیفەکان لەناو هەموو کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێک کە سانی ماقوڵ و ڕاوێژپێکراوەهن ئەوانە وەلی ئەمرن، قورئان ئاڕاستەمان دەکا کە دەبێ وەلی ئەمرەکان پاشا و سەرۆک و خەلیفەمان بۆ دانێن، هیچ کۆمەڵگایەک نیە کە بێ

وەلی ئەمر بێ، ئیسلام کە دەبینێ کەسێکی وەک عبدالله کوڕی ئوبەی لەناو گەلەکەی و تیرەکەی هەژمونی هەیە، وەک ئەندامێکی ئەنجومەنی وەلی ئەمران سەیری دەکا و لە بابەتی تایبەت بە تیرەکەی پرسی پێدەکا و حوکمی ئەو بۆ چارەنوسی جولەکەکانی بەنی قەینوقاع پەسند دەکا.

ئەگەر بڵێین کە مەبەست لە وەلی ئەمری ئایەتەکە تەنیا ئیمامی ئەکبەر و خەلیفەیە، لای هەندێک زانا مسوڵمانان لە ڕوخانی ئەمەویەکانەوە بێ خەلیفەن چونکە سەردەمی عەباسی و عوسمانیەکان و ئەم سەردەمەش وڵاتانی ئیسلامی چەندان سەرۆک و سوڵتانیان هەبووە و هەیە، دەقی فەرمودەکانیش دەڵێ دەبێ تەنیا یەک خەلیفە هەبێ، جا بەم بۆ چوونە بێ ئەم ئایەتە تەنیا سەد ساڵ کاری پێکراوە و پاشان لە کار کەوتوە چونکە مسوڵمانان وەلی ئەمریان نەماوە، تەنانەت لە سەردەمی ئەمەویەکانیش هەردوو خەلیفەیی بووە لە حجاز عبدالله کوڕی زوبێر و لە شام مەڕوانیەکان بوون.

شایانی ئاماژەیە کە سدیق حسن خان ئەم بۆچوونەی ڕەتکردەوە و گوتی: دەکرێ مسوڵمانان چەند دەوڵەت و چەندسەرۆک و خەلیفەیان هەبێ .

بەڵام لە ڕاستیدا خەلیفە و سەرۆک و پاشا و سوڵتان هاومانای وەلی ئەمرنین، وەلی ئەمر زۆر لەمانە فراوانترە، وەلی ئەمر دۆست و ئاشنای ئەمر و دین و قورئان و ئیسلامە، کە جولەکە و نەسرانیەک حوکم و شەرع و دینی ئسلامی قبوڵ بێ و دۆستی بێوپشنیوانی لێبکا، ئەویش دەبێتە وەلی ئەمری سەر گەل و تایفەکەی خۆی..

(٤) بێگومان بەو مەرجانەی باسکران زۆر لە خانمان لە زۆر بواری جیاجیا لە دەستەی وەلی ئەمر دێنە هەژماردن..

وە ئەو ئەنجومەنەی کە دەیسەلمێنێ سەرۆک و پاشای وڵات مەرجەکانی سەرۆکایەتی تێدان، ئەنجومەنی وەلی ئەمرەکانە.

(٥) کاتێ ئەنجومەنی وەلی ئەمرەکانمان بە پێی ئەو پێناسانە دیاری کرد دانان و لێخستنی پاشا و سەرککۆمار و سەرۆک وەزیر و وەزیر و سوپا سالارەکان زۆر ئاسان دەبێ..

١٠- بەرنامەی دەیەم:

ئیسلام و حوکمڕانی:

لەمپەرەکانی بەردەم جێ بەجێ کردنی شەریعەت:

"وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ" (الانفال ٣٠)

وردبوونەوە و سەرنجدان لەم بابەتە گرنگە و پێویستە، تا پڕۆسەکە بەسەرکەوتووی بەڕێوەبچێت، دەبێت هۆکارەکانی بەردەم فەرمانڕەوای ئیسلام بۆ ئیدارەدانی دەوڵەتێکی ئیسلامی بزاندرێن، شیبکرێنەوە، ئەگەر هۆکارەکان نەزاندرێن و دیراسات نەکرێن بە زەحمەتیش دەتواندرێت لەمپەرەکان لاببرێت و چارەسەر بکرێن.

- یەکێک لە هۆکارە مەترسیدارەکانی بەردەم فەرمان ڕەوایکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، وێناکردنی ئیسلامە بە شێوازێکی خراپ بە جیهان، لێکدانەوەی ئیسلام بەوەی کە ئاشتی تێدانیە و مافەکان ناپارێزێت پێشکەوتنی تێدانیە، کرانەوەی تێدانیە و لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆدا ناگونجێت ...هەموو ئەمانە پێچەوانەکەی دروستە و ڕاست نین، بەڵام بە بەرنامەو ئامانج کاری لەسەرکراوە، بە شێوازێک کار لەسەر

بیر و هۆشی مرۆڤ کراوە لە ڕێگەی خەرجکردنی پارەیەکی زۆر و ڕاگەیاندنەکان و دەزگاتایبەتەکانیان و کەسانی تایبەت و ڕاهێندراو ئەو کارە دەکرێت، لە لایەکی ترەوە ئامانجەکە بەو کەسانە دەپێکن کە لە بەرگی دیندا خۆیان حەشارداوە و بە ناوی دینەوە دین لە پێش چاوی خەڵک ناشرین دەکەن، هەتا مسوڵمانانیش دین و ئیسلام لە ناخیاندا لاواز بێت باشتر بەرنامەکەی ئەوان ئەو وێنە خراپەی کە لەسەر ئیسلام کێشاویانە باشتر جێ بەجێ دەکرێت و لە بیر و هزردا جێی خۆی دەگرێت، جاران قەشەکان جل و بەرگی ئیسلامیان لەبەر دەکرد تا ڕێزیان بگیرێت و دەهاتن لە ناو وڵاتانی ئیسلامی دەیان خوێند بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئیسلام عزەت و توانای خۆی هەبوو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا خاوەنی دامەزراوەی دەوڵەتداری خۆی بووە.

- یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بەردەم فەرمان ڕەوایکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، لێدانە لە ناوبانگ و لەکەدارکردنی بانگ خوازانی دینی ئیسلام بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، هەر لەگەڵ هاتنی محمەد(د.خ) ئەمە دەستی پێکردوە و بەردەوامە شتێکی ڕوونە کە چەند تۆمەتی بێ بنەمایان بۆ هەڵبەست بە ساحر و شاعیر و شێت ناویان دەهێنا، چەندین هەوڵی لێدان و کوشتن و دەرکردن و گرتن و ڕاوەدونان بەرامبەر پێغەمبەرمان (علیەسلام) کراوە وەک خودا دەفەرموێت:

وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ (الانفال ٣٠)

(ئەی محمد(صلی الله علیه وسلم) یادی ئەو کاتە بکەرەوە) کاتێک ئەوانەی بێ باوەڕ بوون پیلانیان دەگێڕا دژی تۆ بۆ ئەوەی بەندت بکەن، یان بتکوژن، یان دەرت بکەن، ئەوان پیلانی خۆیان دەگێڕن و خوایش پیلانی خۆی دەخاتەکار (بە پووچ کردنەوەی کارەکانیان)، دڵنیابن خوای گەورە چاکترینی هەموو پیلانسازو نەخشە سازانە (نایەڵێ پیلانیان سەربگرێ).

بە درێژایی مێژوو ئەمە هەبووە، ئێستا بەردەوامی هەیە بۆ نموونە نوسینەکانی سید و محمەد قوتب قەدەغەیە و بە تیرۆریس ناودەبرێت، حەسەن بەنا بە تیرۆرست نیشان دەدرێت لە کاتێکدا بە دەستی غەدر و ناهەق شەهیدکراوە، عەبدولقادرعۆدە قازی بووە و بە تۆمەت لە سێدارە دراوە.

هەموو ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەبووە چونکە لەکەدارکردنی شاعیر و نوسەر و سەرکردەی کاریزما و بانگخواز ئیسلامی بەو شێوازە وای لە خەڵکی تریش کردوە هەڵبخەڵەتێت و باوەڕیان پێ بهێنن.

دەستەڵاتە تۆتالیتاریەکان کاتێک بیانەوێت کلتور و بەهای کۆمەڵگەیەک لەکەدار بکەن و زاڵ ببن بەسەریدا دەست بۆ دوو شت دەبەن، پڕۆسەی پەروەردە و لەکەدارکردن و سوک کردنی مامۆستایانی ئاینی و بانگخوازان .

بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠٢٠ زیاتر لە ٣٢٠مامۆستای ئاینی دراوەتە دادگا و دەیان مامۆستا لە میمبەرەکەی دوور خراوەتەوە بەبێ سەلماندنی بەڵگە لەسەر ئەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵیان و بەو هۆیەوە دەستگیر کراون، مێژووی ئیسلام گیرۆدە بووە بە دەست کۆمەڵێک بە ناو مامۆستا و زانا و بانگخواز کە کڕدراون و خۆیان فرۆشتووە بە ئەوانی دیکە بۆ لێدان لە ئیسلام، ئەم دەستە ناوخۆییە بەقەد دووژمنێکی گەورە زیانی بە ئیسلام گەیاندوە.

ڕەچاو نەکردنی ئامانج .... تاکی مسوڵمان ئەمڕۆ هەوڵدەدات خەیاڵی بژیت، دەبێت توێژینەوە لە کۆمەڵگە و ژینگەی ئەمڕۆ؟ بکرێت و بزاندرێت کە چی لە ئیسلام دەوێت و بە چ شێوازێک ئیسلام مامەڵە بکات و لەگەڵ کرانەوەکانی ڕۆژ بگونجێت؟ چۆن بتوانرێت سوود لە مێژووی فەرمانڕەوایەتی کردنی ئیسلام وەربگیرێت و ئەمڕۆ بکرێنە کردار؟

شەریعەت لە سیاسەتدا دەیەوێت یەکسانی و هەڵبژاردن و پرس و ڕا و ماف هەبێت، دەیەوێت دکتاتۆری نەبێت و هاوڵاتی و دەوڵەتەکەت پاشکۆ نەبێت، شکۆمەندبێت، دەیەوێت تاک سەربەرزبێت نەک سەرکز، دەیەوێت تاک پێشکەوتوو بێت نەک

دواکەوتوو، دەیەوێت تاک ئازاد بێت کۆیلەنەێت، دەستاو دەستکردنی دەستەڵات هەبێت، کە ئەمەش ڕوحی سیاستە.(١)

بۆیە توێژینەوە لە ئامانج زۆر گرنگە تا بگەین بەوەی کە دەمانەوێت، وە گرینگیدان بە ئەولەویەت و پێویستی گرنگی شتەکان ڕیزبەندی کردنیان.

هەندێک شتی بچوک گەورە نەکرێت شتی گەورەش بچوک نەکرێتەوە هەر شتەو لە شوێنی خۆیدا گرنگی پێ بدرێت،واتە: شتێک وەلا نەندرێت و فەرامۆش نەخرێت لە پێناو شتێکی تردا.

- لای هەندێک ئەولەویەت بەس سیاسەتە.

- لای هەندێک کەس ئەولەویەت بەس جیهادە.

- لای هەندێک کەس ئەولەویت بەس بواری زانستییە، -لای هەندێکی تر ئەولەویەت بەس بۆ ئابووری یە.

- لای هەندێکی تر ئەولەویەت پابەندبوونی سەدا سەدە بە دەقەکانەوە.

- لای هەندێک کەس ئەولەوییەت بەس ئەوەیە لە دەستەڵات دوور بیت.

- لای هەندێکیان پێیان وایە دەبێت نزیک بیت... هەموو ئەو جیاوازیانە کێشەی زۆری دروستکردووە، ئەم کێشەیەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بۆیە بە

پێی شوێن و کات دەگۆڕێت و چارەسەرەکانیشی بە پێی شوێن و کاتەکە دەگۆڕێن، بۆ ڕێکخستنی ئەولەویاتەکانیش پێویستە بنەماگشتییەکان پێش بخرێن لە پێناو بەرژەوەندی گشتی.

ئەگەر باسی حزبە ئیسلامیەکانی هەرێمی کوردستان بکەین ئەوان ئەولەویەتیان داوە بە بواری پەروەردە و فێرکردن و تیایدا سەرکەوتووبوون، لە بەرامبەردا لە پڕۆژە ئابووریەکاندا خراپن و گرنگی بەو مەسەلەیە نادەن، سستن لە کۆکردنەوەی دەنگە ناڕازییەکان بۆ ڕزگارکردنی هەرێم لە کێشە و قەیرانەکان و گرنگیدان بە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان .

بێگومان بۆ یەکدەنگیمان یەک ڕیزی و سەروەری نیشتمان زۆر پێویستە.

بە ڕەچاوکردنی سونەت و یاسا خودایەکان، دوو یاسا هەیە:

- یاسای کەونی و گەردونی.

- لەگەڵ یاسای شەرعی

یاسا کەونیەکان لەگەڵ یاسا شەرعییەکان تەواوکارن و دژیەک نین، خودا دەفەرموویت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا خُذُوا حِذْرَكُمْ فَانفِرُوا ثُبَاتٍ أَوِ انفِرُوا جَمِيعًا (النساء٧١)

ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەوەی خۆتانی پێدەپارێزن بیگرنە دەست و ئامادە باش بن، ئینجا دەستە دەستە یان هەمووتان یەک پارچە (بەرەو بەرەکانی جەنگ) هەڵمەت بەرن و هێرش ببەن. (هەرکاتێک لەلایەن سەرکردایەتیەکی متمانە پێکراوەوە داواتان لێکرا).

یان دەفەرموویێت :

إِنَّا مَكَّنَّا لَهُ فِي الْأَرْضِ وَآتَيْنَاهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا (٨٤) فَأَتْبَعَ سَبَبًا (الكهف ٨٥)

ئێمە توانا و دەسەڵاتمان لە زەویدا پێ بەخشی بوو، بۆ هەرشتێکی پێویستی ئەو سەردەمە هۆکارەکەیان بۆ ڕەخساندبوو. ئەویش کەڵکی تەواوی لە هۆکارەکان وەردەگرت.

بۆیە جێبەجێ کردنی یاسای هۆکارەکان زۆر گرنگە مادام چاوەڕوانی سەرکەوتن دەکرێت، دەبێت هۆکارەکانی گرنگی پێ بدرێت، ناکرێت مرۆڤ سیفەتی بەرەنگاری و تێکۆشانی تێدا نەبێت بڵێت دەبمە سەرکردە، یان پێشتر هەوڵی بۆ نەدابێت، هەرکاتێک خراپە و فەسادی ئیداری و سیاسی زۆر بڵاو بوو، دیارە چاکە تەنگی پێ هەڵچندراوە، هەرکاتێک لە شوێنێک چاکە زۆر بوو دیارە لەوشوێنە خراپە تەنگی پێ هەڵچندراوە، بۆیە خودا دەفەرموێت وەک یاسا :

ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ وَأَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (الانفال٥٣)

ئەو سزاو لەناو بردنە لەبەر ئەوەیە کە (بڕیاری خوا وایە) بێگومان خوا هیچ ناز و نیعمەتێکی نەگۆڕیوە کە بەخشیبێتی بەهەر قەوم و گەلێک، هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن، چونکە بەڕاستیش خوای گەورە بیسەری (گوفتارەکانە) زانایە بە کردارەکان.

دەبێت چاکە بێت پاڵ بە خراپییەکانەوە بنێت خوودا دەفەرموێت :

...وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الْأَرْضُ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ (البقرة ٢٥١)

...خۆ ئەگەر خوا هەندێک لە خەڵکانی بە هەندێکی تری لە ناو نەبات، هەر هەموو سەر زەوی پڕ دەبێت لە تاوان و خراپە، بەڵام خوا فەزڵ و ڕێزی زۆرە بۆ هەموو گرۆی ئادامیزاد (بە شێوەیەکی گشتی).

وە دەفەرموێ:

وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ (فصلت ٣٤)

بێگومان چاکە و خراپە وەک یەک نین، (تۆ ئەی باوەڕدار) بە جوانترین و چاکترین شێوە بەرەنگاری خراپە و نادروستی بکە، ئەو کاتە ئیتر دەبینیت ئەوەی کە لە نێوان تۆ و ئەودا دوژمنایەتی و ساردیەک هەیە؛ دەبێتە دۆستێکی دڵسۆز و گیانی بە گیانی

بۆ ئەوەی براوە بیت بە چاکە پاڵ بە خراپەوە بنێ بۆیە ئەگەر چاو لەسەر چاک سازی و گۆڕانگاری بێت و چاوەڕوان بکرێت خراپەکارییەکان خۆی بڕوات ئەمە ڕووندادات، بۆیە پابەندبوونی تەواوەتی بە کەسەکان و مێژوو پڕۆسەکە لە قاڵب دەدات و ناچێتە پێشەوە.

ئەوەی پێی وابێت قورئان لەگەڵ گۆڕانکاری و سەردەمی ئێستا ناگونجێت ئەوە لە قورئان باش تێنەگەیشتووە، دەکرێت کێشەکانی ئەمڕۆ چارەسەرەکانی لە قورئاندا بدۆزرێتەوە، تێگەشتنی قورئان بەشێوەی سەداسەدی سەلەفی سالِح وەک خۆی تێگەشتنێکی تەواو دروست نیە، واباشترە تێگەشتنێک بێت لەگەڵ ڕاستیەکانی سەردەم بگونجێت تا ئیسلام خۆی نوێ بکاتەوە.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بەردەم فەرمان ڕەوایکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی هۆکاری ڕەوشتە، سێ هۆکاری ڕەوشت هەیە ڕەگ و ڕیشەکەی دواکەوتوویی وەک تەمبەڵێ، ترسنۆکی، ناپاکی.

پەراوێزەکانی بەرنامەی دەیەم:

(١)سەبارەت بە ئەو حاڵەت و بارودۆخانەی کە لێخستن و لەسەر کار لادانی خەلیفە پێویستە زانایان ئاماژەیان بە هەندێ بابەت کردوە لەوانە:

١- کە خەلیفە و سەرۆک لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە پێویستە لەسەر کار لابرێ بە بەڵگەی:

ا- ﴿ وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴾ [البقرة: ٢١٧].

واتە: هەر کەس لە ئێوە پاشگەز بێتەوە لە ئاینەکەی و بە کافریش بمرێت، ئا ئەو جۆرە کەسانە کارەکانیان پووچەڵ دەبێت لە دنیا و قیامەتدا و ئەوانە جێنشینی ناو ئاگری دۆزەخن و ژیانی هەمیشەیی تیایدا دەبەنە سەر.

ب-عن عُبادَةَ بنِ الصَّامتِ قال، سَمِعْتَهُ مِنَ النَّبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، قالَ: دَعانا النَّبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ فَبايَعْناهُ، فقالَ فِيما أخَذَ عَلَيْنا: أنْ بايَعَنا علَى السَّمْعِ والطَّاعَةِ، في مَنْشَطِنا ومَكْرَهِنا، وعُسْرِنا ويُسْرِنا، وأَثَرَةً عَلَيْنا، وأَنْ لا نُنازِعَ الأمْرَ أهْلَهُ، إلَّا أنْ تَرَوْا كُفْرًا بَواحًا، عِنْدَكُمْ مِنَ اللَّهِ فيه بُرْهانٌ.

الراوي : عبادة بن الصامت ا المحدث : البخاري ا المصدر : صحيح البخاري

الصفحة أو الرقم: ٧٠٥٥ ا خلاصة حكم المحدث : [صحيح]

ج -وروى البخاري (٦٨٧٨) ومسلم (١٦٧٦) عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: ((لا يحل دم امرئ مسلم -يشهد أن لا إله إلا الله وأني رسول الله- إلا بإحدى ثلاث: الثيب الزاني، والنفس بالنفس، والتارك لدينه المفارق للجماعة)).

د- مَن بدَّل دينَه فاقتُلوه

الراوي : عبدالله بن عباس ا المحدث : الألباني ا المصدر : صحيح ابن ماجه ا الصفحة أو الرقم : ٢٠٧٠ ا خلاصة حكم المحدث : صحيح ا التخريج : أخرجه البخاري (٣٠١٧)

ئەم ئایەت و فەرمودانە کە کوشتن و داماڵینی پەتی دۆستایەتی بۆ مسوڵمانی ئاسایی بە پێویست بزانن؟ ئەوە بۆ حاکم و خەلیفە و پاشا و سەرۆک و بەرپرسەکان پێویستە، دەبێ بە هەرنرخێک بێ لەسەر کار لابربێن، چونکە سەرۆک کە هەڵگەڕێتەوە لە دین بەدکاری و مەترسیەکەی بۆ هەموو مسوڵمانانە و دەتوانێ هەموو وڵاتی مسوڵمانان ڕادەستی کافر و بێ دینان بکا، بۆیە کە بۆ خەڵکی ئاسایی جۆرێک لە چاوپۆشی هەبووبێ، بۆ پاشا و دەسەڵاتدار هەرگیز نابێ چاوپۆشی لێ بکرێ، چونکە وەک لە فەرموودەی دروست هاتووە هۆی لە ناوچونی دینەکانی تر ئەوە بووە کە سزاوحەدیان تەنیا لەسەر هاوڵاتیانی بێ دەسەڵات دەچەسپاند، بەڵام سزاوحەدیان لەسەر حوکمڕان و دەسەڵاتداران نەدەچەسپاند... جا بۆ ئەوەی میللەتی ئیسلام بە مەرەدی وان نەچێ، دەبێ ئەو سزایە لەسەر پاشا و سەرۆکی هەڵگەڕاوە لە دین ئەوەندە بچەسپێنرێ کە بە هەر شێوەیەک بێ لە پۆستەکەی لابدرێ، چونکە مانەوەی هەڕەشەیەکی سامناکە لەسەر ئوممەت..

دووەم: لە کاتی شێت بوونی خەلیفە و پاشا و سەرۆک پاشایەتی و دەسەڵاتی لێ دەسێنرێ بە بەڵگەی:

رُفِع القلمُ عنْ ثلاثةٍ عنِ الصغيرِ حتى يبلُغَ وعَنِ النائمِ حتى يستيقظَ وعنِ المصابِ حتى يُكشفَ عنهُ

الراوي : علي بن أبي طالب ا المحدث : أحمد شاكر ا المصدر : تخريج المسند لشاكر ا الصفحة أو الرقم : ١٨٨/٢ ا خلاصة حكم المحدث : إسناده صحيح ا التخريج : أخرجه أبو داود (٤٤٠٣)، والترمذي (١٤٢٣) باختلاف يسير، وأخرجه البخاري معلقا بصيغة الجزم قبل حديث (٥٢٦٩) بنحوه

کەواتە بەم فەرمودە شێت و منالّی نا بالّغ و کەسی لە هۆش خۆ چوو و بێ ئاگا و ئەوانەی توشی زەهایمەر و لەبیرچونەوە دەبن بۆ دەسەڵاتداری و سەرۆکایەتی ناشێن، کەداشنران دەبێ لابدرێن.

زانایان هەموو ئەو حاڵەتانەی هاوشێوەی ئەم دوو حاڵەتەن دەلکێنن بەم دووحاڵەتە بۆ لادانی سەرۆک و دەسەڵاتدار، وەک دەرچوون لە هەموو بنەما و ئوسوڵێکی بەدیهێنانی دادوەری و حوکم بە شەرع و بەرگری لە مسوڵمانان و بوون بە خاوەن پێداویستی تایبەت و عەقڵ سوکی و ساویلکەیی و گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر و .....

سێیەم: دیل کران و زیندانی کرانی خەلیفە و سەرۆک لەلایەن داگیرکار و بێ باوەڕانەوە، دیارە زۆرێک لە زانایان دیل بوونی فکری و ئابووری و کۆمەڵایەتیش بەم بابەتەوە دەلکێنن.

٤- وە بۆ ئەو زانایانەی کە دەڵێن دەبێ سەرۆک و خەلیفە نێربێ، گۆڕانی ڕەگەزیش بە یەکێک لە هۆکارەکانی لە کارلادانی خەلیفە دادەنێن.

سەبارەت بۆ دیاری کردنی خولی سەرۆکایەتی بە چوارساڵ یان حەوت ساڵ، ئەم بابەتە لە ئەوروپاش تازەیە.

یەکێ لە چاوگەکانی شەرعی ئیسلام ئەوەیە بنەڕەت لە کار و باری ئیدارە و کارگێڕی کە دژی شەرع نەبن ڕێپێدران و مۆڵەتە، هەربۆیە سەروەرمان علیه السلام وەک کافران مۆری دروستکرد، خەندەقی هەڵکند، مەنجەنیقی بەکارهێنا، دیناری ڕۆمی و فارسی و حەبەشی و..لە کڕین و فرۆشتن بەکار هێنا، عومەر وەک وان سالۆزمێری دانا،دیوان و ویلایەتەکانی دانا.....کەواتە ئەم دیاریکردنەش کە لە سەردەمی سەروەرمان هەبووایە بێگومان قبوڵی دەکرد و کاری پێدەکرد، چونکە لە بەرژەوەندی دین و ئوممەتە ...

١١- بەرنامەی یازدەهەم:

ئیسلام و حوکمڕانی:

بنەماکانی دادوەری لە شەریعەتی ئیسلامی دا:

إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (النحل ٩٠)

دادوەری چەمکێکی تەواو قورئانیە، هەموو مرۆڤایەتی، ئاژەڵانیش پێی ئاشنان و لە ناخی مرۆڤەکاندا چێندراوە، کاتێک نادادپەروەری لەگەڵ ئاژەڵێک دەکەی، ئەو هەستی پێدەکات کە زوڵمی لێدەکرێت، کاروکاردانەوەی خۆی دەبێت، دادوەری لە بنەڕەتدا لە عدلەوە هاتووە واتە لابار .

ئەگەر وڵاخێک باربکرێت دەبێت هەردوو لاکەلەکانی وەک یەک بە یەکسانی بە یەک کێش و قورسایی کەل و پەلی لێ باربکرێت دەنا بە لایەکدا دەکەوێت و لاسەنگ دەبێت، بۆیە پێویستە هاوسەنگ بێت لێرە دا دادوەری بە مانای هاوسەنگی دێت، خودای گەورە دەفەرموێت:

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَجَعَلَ الظُّلُمَاتِ وَالنُّورَ ثُمَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ (الانعام ١)

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە، تاریکی و ڕوناکی فەراهەم هێناوە (کەچی لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگە بەهێز و سەرسام و ڕۆشنانە) ئەوانەی بێ باوەڕ بوون بە پەروەردگاریان یەکێک لە دروستکراوەکانی خوا دەکەنە هاوتای خوا.

ئەوان دەچن کەسێکی تر دەکەنە هاوتای خودا، ئە مە ئەوپەڕی زوڵمە لە ڕاستیدا کەس هاوکوفی خودا نیە "ولم یکن له کفوا احد"

کەس هاوتای خودا نیە

کەواتە دەتواندرێت بگوترێت دادپەروەری بریتییە لە ڕێسایەکی گەردوونی بۆ هەموو بابەتەکان، لە لایەکیتر دادپەروەری و یەکسانی ئامانجی هەموو پێغەمبەرانە علیهم الصلاة و السلام:

لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ (الحدید ٢٥)

بێگومان ئێمە پێغەمبەرەکانمان ڕەوانەکردووە هاوڕێ لەگەڵ بەڵگە و نیشانە و موعجیزەی ڕوون و ئاشکرادا و کتێبە ئاسمانەکانیشمان هێنایە خوارەوە کە لەگەڵ ئەو پێغەمبەرانەدا بێت، تەرازوو پێوەری شەرعی و دادپەروەرانەمان بۆ ڕوون کردونەتەوە خەڵکی بە عەدالەت و دادپەروەریی ڕەفتار بکەن، هەروەها ئاسنیشمان دروست کردووە کە ماددەیەکی سەخت و ڕەقە و سوود بەخشیشە بۆ خەڵکی، تا ئەوەی خوا دەیزانێ جیهانی واقعیشدا دەربکەوێت کە کێ پشتگیر و لایەنگری خواو پێغەمبەرەکانیەتی لە کاتێکدا کە ئەو پەنهانە، چونکە بەڕاستی خوا بەهێز و باڵادەستە.

پێغەمبەران پەیامێکیان باوەڕپێ هێنانە بە ئەقڵ و دڵ.

دووەم نوسینەوەی ڕێسا دینیەکان پاشان جێ بەجێ کردنیان دواتر پاراستنی کەواتە هەموو پێغەمبەران لە پێناوی جێبەجێ کردنی دادپەروەریدا هاتون، خودا لەو بارەیەوە فەرمانی پێ کردون، خودای گەورە باسی خۆی دەکات "قائما بالقسط " خودای گەورە ڕاوەستاوە بە دادپەروەری ، خودا نەفی زوڵم لە خۆی دەکات و دەفەرموێت "

مَّنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ (فصلت ٤٦)

ئەوەی چاکە بکات پاداشتی چاکەکەی بۆ خۆیەتی، ئەوەش کە خراپە و تاوان بکات هەر لەسەر خۆی دەکەوێت، دڵنیابە کە پەروەردگاری تۆ بچوکترین ستەم لە بەندەکانی ناکات.

وَوُضِعَ الْكِتَابُ فَتَرَى الْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَٰذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِرًا وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا

(الكهف ٤٩)

نامەی کردەوەی هەر کەس دادەنرێت، (ئیمانداران دڵخۆشن) بەڵام تاوانباران دەبینیت دڵە لەرزێ و دڵە ڕاوکێیانە لە کارو کردەوەی ناپەسەندی تۆمار کراویان، بۆیە دەڵێن: هاوار لە ئێمە ئەم نامەو دۆسیەیە چیە؟! هیچ گوناهێکی وردو درشت بەجێ ناهێڵێت بەڵکو هەمووی تۆمار کردوە، ئەو خەڵکە هەرچیان کردووە (بەدەنگ و ڕەنگەوە) ئامادەیە، بێگومان پەروەردگاری تۆ ستەم لە هیچ کەس ناکات.

خودا ستەم لەکەس ناکات و پیشەی ستەم کردن نیە خودا فەرمانی بە دادپەروەری کردوە:

إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (النحل ٩٠)

بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادپەروەری و چاکەکاری و یارمەتیدان و بەخشندەیی بە خزمان و قەدەغە لە گوناە و تاوان و دەستدرێژی دەکات (بۆ سەر ماڵ و نەفس و ناموووس) و ئامۆژگاریتان دەکات بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و تێفکرن و (هەر چاکە بکەن).

فەرمانی پێ کردوین ئێمە دادپەروەربین.

دادپەروەری هەر لە بواریکدا نا بەڵکو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا :

- دادپەروەری سیاسی،

- دادپەروەری ئابوری،

- دادپەروەری کۆمەڵایەتی،

- دادپەروەری لەناو خێزان و نوسین و شاهیدی دان و گوتندا، بنەمای ڕاوەستانی گەردون دادپەروەریە، بنەمای ڕاوەستانی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری و ئابوری دادپەروەریە .

خودای گەورە بە دوو یاسا لەگەڵ دروست کراوەکانی دا مامەڵە دەکات، یەکێکیان دادپەروەری کە لایەنی کەمەکەیەتی یەکێکی تریان فەزڵ کە لایەنی زۆریەتی، بەڵگەی دادپەروەری:

وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ بِمَا كَسَبُوا مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهْرِهَا مِن دَابَّةٍ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِ بَصِيرًا (فاطر ٤٥)

خۆ ئەگەر خوا تۆڵەی لە خەڵکی بسەندایە لە سەرەنجامی کار و کردەوەی نادروستیاندا، هەرچی زیندەوەر هەیە لەسەر ڕووکاری زەوی نەدەما، بەڵام خوا ئەوەندە بەپەلە نیە لە تۆڵەسەندن، بەڵکو دوایان دەخات بۆ کاتێکی دیاریکراو، جا کاتێك ڕۆژی خۆی هات، بێگومان ئەو کاتە خوای گەورە بینایە بە بەندەکانی (کار و کردەوەیانی هەموو لە بەردەست دایە).

خودا بە ڕەحمە لەگەڵ بەندەکانی، بە فەزڵ هەم لە دونیا و هەم لە قیامەت مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، لە دادپەروەریەکانی خودا ئەوەیە کە هیچ کەسێک هیچ گەلێک هیچ نشتمانێک بێ بەهرەنیە.

حیکمەت لە دادپەروەری غیابی دادپەروەری یەکسانە بە بوون و ئامادەگی.

زوڵمیش یەکسانە بە خراپەکاری و وێرانکاری،

لە ژێر سایەی زوڵم و خراپەکاریدا دین و زانست بەڕێوەناچێت، لەبەر ئەوەی نادادپەروەی دژی زانست و زانینە، لە نادادەروەریدا قەت ئەخلاق ڕاست نابێتەوە، تا زوڵم هەبێت پێش ناکەوێت، بنچینەی پێشکەوتنی ئەوروپا گێڕانەوەی دادپەروەریە بۆ ناوکۆمەڵگا،

ابن تەیمیە دەفەرموێت " یدوم الملک مع الکفران کانت عادلا"(١) حیکمەت لە دادپەروەری بەرقەراری ئارامی و ئاسایشە، حیکمەت لە دادپەروەری برایەتییە.

لە هەرکۆمەڵگایەکدا کێشەی کۆمەڵایەتی و کێشەی جیاوازی چینایەتی هەبوو هۆکارەکەی زوڵمە، ئەو کاتەی زوڵم هەبێت هەموو بیر و هۆشمان بۆ ئەوە دەبێت چۆن لەو زوڵمە ڕزگاربین؟ بیر لە پێشکەوتن ناکرێتەوە .

لە عێراقدا ئێستا خەڵکی تەنها داواکاریان ئەوەیە سەر و ماڵیان پارێزراوبێت، بیر لە ئارامی و ئاسایش دەکەنەوە، چونکە لە سیستمی سیاسیدا زوڵم هەیە لە دوای خولەفاکانەوە تا ئەمڕۆ بە شێوازی جۆرا و جۆر فەتوا دراوە، چۆن شەرعیەت و ڕەوایەتی بدرێت بە زۆڵم؟.

ئێستا وای لێهاتووە چۆن یاسا دەربکرێت لە بەرژەوەندی دەستەڵاتداران، یاسا دامەزراوەکان بەکاردەهێندرێت لە پێناوی درێژەدان بە سیستمی دکتاتۆری و شەرعیەتدان بە زوڵم، بۆیە بنچینەی دادپەروەری وتنی ڕاستی و کارکردن بەڕاستیە، بنچینەی دووەم پابەندبوون بە بەڵێنەکانە بە تایبەت وەلی ئەمرەکان لەگەڵ خۆت و خودا و خەڵک، بنچینەی سێهەم بەرقەراری ئازادی پێوەرێکی گرنگە بە تایبەتی ئازادی و یژدان و ئیمان.

لە بواری سیاسدا دادپەروەری فەرمانە، خودا دەفەرموێت"

إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَىٰ أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا (النساء ٥٨)

بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدات کە هەموو ئەمانەتەکان (سپاردەکان) بگەڕێننەوە دەست خاوەنەکانیان و هەر کاتێکیش داوەریتان کرد لە نێوان خەڵکیدا، دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکەن، چونکە بەڕاستی خوا بە جوانی و چاکی و تەواوی ئامۆژگاری و فەرمانتان پێدەدات، بەڕاستی خوا هەمیشە و بەردەوام بیسەر و بینایە.

خودای گەورە دوو فەرمانمان بە پێغەمبەر دەکات فەرمانی خودایە بە بەرپرسان.

ابن تیمیە رسالەکەی خۆی لەسەر دوو ئایەتی ٥٨ و٥٩سورتی النساء داناوە کە ناوی "السیاسه الشرعیه فی اصلاح راعی والرعیه" یە.

بۆ ئەوەی خەڵک گوێت لێ بگرێت و فەرمانەکانت لێ وەربگرێت، دەبێت یەکەمجار مافەکانی بۆ دەستەبەر بکرێت، لە پێشدا ماف ئەدرێت پاشان حوکمەکانی دادپەروەری جێبەجێ دەکرێن، بۆیە لێرەدا هاوڵاتیان بەرامبەر دەستەڵاتێک کەمتەرخەم نابن ئەگەر مافی بۆ نەگێڕایەوە و دادپەروەریش نەبێت.

یاسایەکی جوان هەیە دەڵێت" تصرفات الراعی منوط بالمصلحة (٢)" لێرە راعی هەرکارێک، هەڵسوکەوتێک بکات بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی خەڵک ، ئەوەی تر بۆی بە بەتاڵ هەژمار دەکرێت.

ئەوەی دادپەروەری جێبەجێ دەکات، دەبێت لەسەرەوە بێت و حەز و ئارەزووی جێ بەجێ کردنی دستەڵاتیان هەبێت، ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیدارن، هەروەها ڕاگەیاندنەکان، ڕۆشنبیران، مامۆستایانی ئاینی، بیرمەندان بە گشی چین و توێژەجیاوازەکان هەر کەس لە ڕاست خۆیەوە پێویستە دادپەروەری جێبەجێ بکات و بەرپرسیار بێت.

لەسەر ئاستی سەرکردەکان ئەگەر ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکی دابوو جێبەجێی نەکرد پێویستە دادگای فیدڕاڵی، دادگای دەستوری سزای بدات یان لای بدات.

پەراوێزەکانی بەرنامەی یازدەهەم:

(١)لە مجموع الفتاوی/بەرگی٦ - ل ٣٤٠

دەڵێ:

وَلِهَذَا قِيلَ: إنَّ اللَّهَ يُقِيمُ الدَّوْلَةَ الْعَادِلَةَ وَإِنْ كَانَتْ كَافِرَةً؛ وَلَا يُقِيمُ الظَّالِمَةَ وَإِنْ كَانَتْ مُسْلِمَةً.

(٢)سیوطي له اشباه والنظائر دەڵێ:

الْقَاعِدَةُ الْخَامِسَةُ: تَصَرُّفُ الْإِمَامِ عَلَى الرَّعِيَّةِ مَنُوطٌ بِالْمَصْلَحَةِ]

هَذِهِ الْقَاعِدَةُ نَصَّ عَلَيْهَا الشَّافِعِيُّ وَقَالَ " مَنْزِلَةَ الْإِمَامِ مِنْ الرَّعِيَّةِ مَنْزِلَة الْوَلِيِّ مِنْ الْيَتِيمِ ج٢/ل ١٢١

١٢- بەرنامەی دوازدەهەم:

ئیسلام و حوکمڕانی:

پێناسەی :ئیستبداد=خۆسەپاندن و قورغ کردنی دەسەڵات:

((يا عبادي، إني حرَّمْتُ الظُّلْمَ على نفسي، وجعلته بينكم مُحرَّمًا؛ فلا تَظالموا...)).

وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ (هود ١١٣)

ئیستبداد...تاکڕەوی ونادادپەروەی :

چەمکی دادپەروەریان ڕوون کردەوە پێچەوانەی داپەروەری ناداپەروەری و نایەکسانی و ئیستبداد= خۆسەپێن و ئیستکبار= خۆبەگەورەزان و زاڵم=ستەمکار و تاغوت= زیادەڕەوکەر و متکبر= لوت بەرز و متریف= سنور بەزێن و دکتاتۆریی = تاکڕەوی.

واتە قۆرغکردنی دەستەڵات و وەرگرتنی ڕێشمەی دەستەڵات بە شێوەیەکی تاک لایەنە بەبێ بەشداری کردنی ئەوانی تر.

بنەڕەتی زمانەوانی وشەی زوڵم "(١) وضع شی فی غیر موقعه" هەرشتێک لە شوێنی خۆیدانەبێت بە زیاد یان بە کەم ئەوە زوڵمە، زوڵم بە مانای نەقس و لێ کەمکردنیش دێت.

كِلْتَا الْجَنَّتَيْنِ آتَتْ أُكُلَهَا وَلَمْ تَظْلِم مِّنْهُ شَيْئًا وَفَجَّرْنَا خِلَالَهُمَا نَهَرًا (الكهف ٣٣)

هەردوو باخەکەش میوەی چاکیان بەرهەم هێناوە و هیچیان لێ خەسار نەبووە و لە نێوان هەردوو باخەکەشدا ڕووبارێکمان هەڵقوڵاندووە...(٢)

وە لە هەر شوێنێک زوڵم هەبێت تاریکیە، نەزانیە، ئەگەر لە وڵاتێکدا زوڵم و نادادپەروەی هەبوو ئەوا بوارەکانی تری ژیانیش تێکدەچن لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی بە تایبەتی .

لە هەموو قورئاندا زاڵم و زوڵم نەهی لێکراوە :

- وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ)(٣)

- والله لا يهدي القوم الظالمين﴾(٤)

- وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ (هود ١١٣)

نەکەن مەیلی دڵتان لەگەڵ ئەوانەدا بێت کە ستەمیان کردووە، چونکە ئەو کاتە ئاگر دەتانسوتێنێت، کەسیش جگە لە خوا پشتیوانتان نابێت، لەوەو دوایش یارمەتی نادرێن.

- فَأَخَذْنَاهُ وَجُنُودَهُ فَنَبَذْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الظَّالِمِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾ [القصص آية:٤٠]

- بَلْ كَذَّبُوا بِمَا لَمْ يُحِيطُوا بِعِلْمِهِ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الظَّالِمِينَ (يونس ٣٩)

بەڵکو سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگانە ئەوانە بڕوایان بە قورئان نەکردووە کە هیچ شتێکیان نەزانیووە دەربارەی، هێشتا بۆیان نەهاتووە سەرئەنجامی ئەو بەڵێنانەی کە بەڵێنی پێداون، هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمان بەرنامەی خوایان بە درۆزانی و بڕوایان پێی نەبوو، دەتەماشا بکەو سەرنج بدە بزانە سەرئەنجامی ستەمکاران چۆن بووە.

کاری پێغەمبەران لە دوای یەکتاپەرستی ڕوو بەڕووبوونەوەی زاڵمان و زوڵمەکەیان بووە :

وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ (النحل ٣٦)

بێگومان ئێمە لە ناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردووە و پێیان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێت: تەنها خوا بپەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر، جا هەبوو لەو خەڵکە (کە بیر و هۆش و ژیری خۆی خستەکار و بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕا) خوایش هیدایەتی دەدا، هەشیان بوو خۆی شایستەی گومڕایی دەکرد و بەسەریدا دەچەسپا، کەوابوو بگەڕێن بەسەر زەویدا و سەرنج بدەن، بزانن چۆن بوو سەرەنجامی ئەو کەسانەی بڕوایان بە بەرنامەی ئێمە نەبوو.

زاڵمەکانیش پلەبەندیان زۆرە، زاڵمی وا هەیە دەکرێت لەگەڵی بەردەوام بیت، دەکرێت گفتوگۆی لەگەڵ بکەی و ئامۆژگاری بکەی .

نا عەدالەتی و زوڵم واتە دژی دادپەروەری و ئازادی و ڕاستی لە هەموو بوارێکدا زاناکان دەڵێن:

ڕاستی باوکی مرۆڤایەتییە ئازادی داکییەتی خەڵک منداڵەکانییەتی، دەگوترێت هەمیشە دیکتاتۆر پێی خۆشە گەل مێگەل ئاسا بێت تا بیدۆشێت و دوای گۆچانەکەی بکەوێت، زوڵم سونەتێکی کەونییە کاتێک زاڵمێک زوڵمێک دەکات کەس بەرهەڵستی و دژی نەوەستایەوە، ئەوا دەبێتە بەڵایەک بەسەر ئەو گەلەوە ئازادییان نابێت تا ئەو کاتەی بیانەوێت ئازادبن.

هۆکاری دروست بوونی ناعەدالەتی و زوڵم پەیدابوونی هێز و توانایە، کەم کەس هەیە لە دونیادا هێزی پەیدا کرد بێت و زوڵمی نەکرد بێت، لەبەر ئەوەی شەڕ لە ناخی مروۆدا هەیە:

فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا (الشمس ٨)

جا توانای خراپە و چاکە و خوانەناسی و خواناسی تێدا دابین کردووە.

یان زۆر کەس هەیە هێزی زوڵم کردنی نیە، بەڵام هۆکارن بۆ زوڵم و ڕێگا نیشانی زاڵم دەدەن و ئیمزا بۆ زاڵم دەکەن چارەسەر ئەوەیە شەریعەتی ئیسلام بەسەر دەستەڵات داو و یاساکان لە منداانی دینەوە وەربگیرێن، و بە میهرەبانی بێ سنوری پەروەردگارەوە پەیوەست بکرێن و تاک فێری یەکتاپەرستی بکرێت، ئەوانەی فرچکیان بە دکتاتۆریەوە گرتووە دکتاتۆر سەرۆکایەتییان دەکات، ئازادی خوازەکان ئازادی سەرۆکایەتییان دەکات، خەڵک لە شوێنێکدا فێر نەبێت زوڵم قەبوڵ بکات قەت ناتوانێت زاڵم سەرگەورەییان بکات، بۆیە سەرۆکەکان ڕەنگاندانەوەی گەلن لە ڕووی ئازادی و دکتاتۆری .

دکتاتۆری سیاسی ،ئابوری، ئیداری، سەربازی، زانستی مان هەیە لە ناویدا دکتاتۆری زۆر دواکەوتوو هەیە دکتاتۆری خۆپارێزەر هەیە دکتاتۆری دادپەروەرهەیە، دکتاتۆری دواکەوتوو ئەوەیە کە هەرچاوی لە زوڵمە هەر وەسیلەیەکی لە دەست بێت گەل سەرکوت دەکات، دکتاتۆری سەردەم و

شارستانیەتییە وەک بەشێک لە وڵاتانی ئەورووپای ئەمڕۆ ناکرێت نکوڵی بکرێت کە لە ڕووی شارستانیەوە پێشکەوتوونین، لەڕووی مرۆڤایەتییەوە زۆر پێشکەوتوون، بەڵام تەنیا بۆ ناوخۆی خۆیان، بۆ وڵاتانی دەرەکی و گەلانی تر پێچەوانەن داگیرکارن .

کوردستانی خۆمان وەک نموونە کە چۆن لەژێر فەرمانی ڕێککەوتنامەی سایکس بیکۆ چۆن دابەشکرا داگیرکرا.

دکتاتۆری دادپەروەر ئەوەیە کە بەس چاوی لە دەستەڵاتە بەو مانایەی نایەوێت کەس جێگای بگرێتەوە، دەنابۆ خزمەتی گەل زۆر باشە تەنها کێشەی لەگەڵ خودی کورسیەکەی هەیە نموونە وەک وڵاتی عمان و نەرویج.

گەلانی مسوڵمان هەر لە مێژوودا دژی دکتاتۆری بوونە ئەگەر سەیری قەومی پێغەمبەر ساڵح بکەین علیه سلام :

قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا مِن قَوْمِهِ لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِمَنْ آمَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَالِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِ قَالُوا إِنَّا بِمَا أُرْسِلَ بِهِ مُؤْمِنُونَ (الاعراف ٧٥)

(دوای ئەو یادخستنەوانەی صاڵح پێغەمبەر) دەستەی دەسەڵاتداران، ئەوانەی لووت بەرزیان کرد لە قەومەکەی وتیان بەوانەی کە چەوسێنراونەتەوە، لەوانەیان کە باوەڕیان هێناوە: باشە ئێوە دەزانن کە صاڵح لەلایەن پەروەردگاریەوە ڕەوانە

کراوە؟! ئیماندارانی وتیان: بە دڵنیاییەوە ئێمە باوەڕدارین بەو پەیامەی کە بەودا ڕەوانە کراوە.

." لێرە خەڵک دوو بەش بووە بەشێکی چەوساوە بەشێکی چەوسێنەربووە زاڵم و بێ باوەڕان چەسێنەربوون، مسوڵمانان چەوساوەبوون، چونکە بە تاکە ڕێگەی ڕزگاریان زانیوە هەروەها ئەگەر سەیری قەومی هود بکەین:

أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً تَعْبَثُونَ (١٢٨)

ئایا ئێوە لە هەموو شوێنێکی بڵندو سازگاردا کۆشک و تەلار دروست دەکەن و خۆتان سەرگەرمی کەیف و شادی دەکەن؟! (ئایا بۆ ئەوە دروست کراون؟)...

وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ (١٢٩)

هەر خەریکی دروستکردنی کارگە و کارخانەن و بە ئومێدی ئەوەن هەمیشە بژین و نەمرن؟؟...

وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ (الشعراء ١٣٠)

کاتێک پەلامار دەدەن، بە شێوەیەکی زۆر دڵ ڕەق و دڕندانە پەلامار دەدەن دەست دەوەشێنن!...

یان سەیری بەرەنگاری دوور و درێژی پێغەمبەر موسا علیه سلام بکە بەرامبەر بە فیرعەون:

قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا أَنزَلَ هَٰؤُلَاءِ إِلَّا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ بَصَائِرَ وَإِنِّي لَأَظُنُّكَ يَا فِرْعَوْنُ مَثْبُورًا (الاسراء ١٠٢)

موسا وتی: (ئەی فیرعەون) تۆ چاك زانیوتە كە ئەو (معجزانە) كەس ئاوا پێشی ناهێنێت جگە لە پەروەردگاری ئاسمانەكان و زەوی، تا بەرچاو ڕوونكەرەوە بێت و (خەڵكی بەڕۆشنی حەق و ناحەق ببینن و لە یەكی جیا بكەنەوە) و من دڵنیام بەڕاستی ئەی فیرعەون كە تۆ تیا دەچیت و لەناو دەبرێیت (ئەگەر هەر ئاوا بیر بكەیتەوە).

پەراوێزەكانی بەرنامەی دوازدەهەم:

(١)هاوكێشە قورئانیەكان بۆ چارەنوسی ستەم كاران:

-وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ (هود:١١٣)

نەكەن مەیلی دڵتان لەگەڵ ئەوانەدا بێت كە ستەمیان كردووە، چونكە ئەو كاتە ئاگر دەتانسوتێنێت، كەسیش جگە لە اللە پشتیوانتان نابێت، لەوەو دوایش یارمەتی نادرێن.

-﴿ وَمَنْ يَظْلِمْ مِنْكُمْ نُذِقْهُ عَذَابًا كَبِيرًا ﴾ [الفرقان: ١٩]

، هەر کەستان بیەوێت ستەمێک بکات، ئەوە ئێمە سزایەکی سەخت و گەورە و سامناکی پێ دەچێژین.

-وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَالَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلًا *الفرقان٢٦

ڕۆژێک دێت ستەمکار قەپ دەکات بە هەردوو دەستی خۆیدا و گاز لە هەردوو دەستی خۆی دەگرێت (لە پەشیمانیدا و) دەڵێت: خۆزگە لەگەڵ پێغەمبەردا ڕێبازی ئیمانم بگرتایە.

- ﴿ وَالظَّالِمُونَ مَا لَهُمْ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴾ [الشورى: ٨]،

ستەمکارانیش هیچ پشتیوان و یاریدەدەرێکیان نابێت.

بوخاری و موسلیم دەگێڕنەوە کە سەروەرمان صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: -إِنَّ اللهَ لَيُمْلِي للظالم، فإذا أخذه لم يُفْلِتْهُ- بەڕاستی الله بواربەستامکاردەدا بەڵام کە هەر سەرکێشی کرد ئەوە گرتنێک دەیگرێ کە هەرگیز بەری نادا. پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە))، ﴿ وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ ﴾ [هود: ١٠٢]؛

ئا بەو شوێوەیەش تۆڵەسەندنی پەروەردگاری تۆ، کاتێك تۆڵە دەسێنێت لە خەڵکی شار و دێهاتەکان لە حاڵێکدا کە یاخی و ستەم پیشە بوون، بەڕاستی تۆڵەسەندنەکەی زۆر بە ئێش و بەهێزو تووندە.

-﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ ﴾ [إبراهيم: ٤٢

واگومان مەبەن کە الله بێ ئاگایە لەو کار و کردەوەیەی ستەمکاران دەیکەن، تەنیا الله لەبەر ئەوە سزاکەیان دوا دەخات بۆ ڕۆژێك کە چاوەکانیان تیایدا ئەبڵەق دەبن..

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أُولَئِكَ يُعْرَضُونَ عَلَى رَبِّهِمْ وَيَقُولُ الْأَشْهَادُ هَؤُلَاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى رَبِّهِمْ أَلَا لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ ﴾ [هود: ١٨].

کێ لەوە ستەمکارتر‌ە کە درۆ بە ناوی اللە وە هەڵببەستێت، ئەوانە نیشانی پەروەردگاریان دەدرێن و شایەتەکانی قیامەت، کە فریشتە و پێغەمبەران و بانگخوازانن دەڵێن: ئا ئەوانە ئەوانەن درۆیان کرد بەدەم پەروەردگاریانەوە، ئاگادارین! نەفرەتی اللە بە تەنیا لەسەر ستەمکارانە...

وَآتَاكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَتَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ الْإِنسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ" سورة إبراهيم:٣٤

لە هەرچی شتێك داواتان کردبێت و پێوستان بێت، پێی بەخشیوون، خۆ ئەگەر ناز و نیعمەت و بەخششەکانی اللە ئاماژە بکەن، ناتوانن بیانژمێرن، بەڕاستی زۆربەی ئینسانەکان- بەهۆی نادادپەروەربوون لە دابەش کردنی نیعمەتەبێ ژمارەکانی اللە- زۆر ستەمکارو حەق داپۆشەر و سپڵەن.

هاوکێشەی دژی ستەم و ستەمکاران لە فەرمودەکاندا:

موسلیم لە جابر دەگێڕێتەوە کە سەروەرمان صلی اللە علیە وسلم فەرمویەتی:

((اتَّقُوا الظُّلْمَ، فإنَّ الظُّلْمَ ظُلُماتٌ يَومَ القِيامَةِ..

خۆتان لە ستەم بە دوور بگرن چونکە ستەم تاریکاییە لە ڕۆژی قیامەت و هەڵسەنگاندن.

لە فەرمودەی قودسی ئەبو ذرٍّ الغفاري لە سەروەرمان صلى الله عليه وسلم ئەویش لە پەروەردگار دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی:

: ((يا عبادي، إني حرَّمْتُ الظُّلْمَ على نفسي، وجعلته بينكم مُحرَّمًا؛ فلا تَظالموا...)).

بەندەکانم من ستەمم لەسەرخۆم قەدەغەکردوە ولە ناو ئێوەش یاساغم کردوە، دەئێوەش ستەم مەکەن.

هەروەها سەروەرمان صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی کە تورموزی بۆی گێڕاوینەوە:

سێ کەس دوعایان ڕەت ناکرێتە وە یەکێ لەوان: ...

وَدَعْوَةُ الْمَظْلُومِ يَرْفَعُهَا فَوْقَ الْغَمَامِ، وَتُفَتَّحُ لَهَا أَبْوَابُ السَّمَاءِ، وَيَقُولُ الرَّبُّ عَزَّ وَجَلَّ: وَعِزَّتِي لأَنْصُرَنَّكِ وَلَوْ بَعْدَ حِينٍ))

لالانەوەی ستەم لێ کراو ڕەت بوونەوەی نیە، پەروەرێن ئەو دوعایەی مەزڵوم لەسەرهەور هەڵدەگرێ، دەرگاکانی ئاسمانی بۆ دەکاتەوە و دەفەرموێ سوێند بە عیزەتی خۆم ئەگەر ماوەیەکیش لەژێر ئازاری ستەم بت هێڵمەوە بەڵام لە کۆتاییدا هەر سەرت دەخەم و یارمەتیت دەدەم.

(٢)هاوماناکانی و وشەی ستەم و زوڵم لە عەرەبیدا زۆرن، وەک:

البغى ـ الطغيان ـ الظلم ـ العُتُوُّ ـ العدوان

هەریەکێ لەم دەستەواژانەش چەندین پێناسەی زمانەوانی و زاراوەیی هەیە، بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانەبکە:

[١] مقاييس اللغة، اللسان (ب غ ى).

[٢] مقاييس اللغة، تهذيب اللغة، المحكم، اللسان (ط غ ى).

[٣] مقاييس اللغة، اللسان (ظ ل م).

[٤] مقاييس اللغة، اللسان (ع ت و).

[٥] مقاييس اللغة، اللسان (ع د و).

[٦] الكشاف ٢٩٦/١، البحر المحيط ٣٠٥/١.

[٧] الكشاف ٧٧/٢، البحر المحيط ٢٩٢/٤.

[٨] الكشاف ١٨٨/١-١٨٩.

[٩] التحرير والتنوير ٢٨٦/١.

[١٠] مفردات الأصفهانى (ط غ ى).

[١١] مفردات الأصفهانى (ظ ل م).

[١٢] تحفة الأريب، ص٢٢٤.

[١٣] البحر المحيط ٤٢٣/٣.

(٣)دوو جار لە ال عمران هاتووە.

(٤)شەش جار لە قورئانداهاتووە / دوو جار لە سورەتی التوبة / : البقرة ٢٥٨، آل عمران ٨٦، التوبة ١٩، التوبة ١٠٩، الصف ٧ والجمعة ٥

١٣- بەرنامەی سێزدەهەم:

ئیسلام و حوکمڕانی:

شێوازەکانی شەرعیەت دان بە زۆرداری :

...أَنَّهُ مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا" المائدة ٣٢)

لهدم الكعبة حجرا حجرا، أهون من قتل المسلم"

"من آذى مسلما بغير حق، فكأنما هدم الكعبة"

پێشتر جۆرەکانی زۆر داریان باس کرد ئەو زۆرداریەی لە کوردستان هەیە لە زۆرداریە دواکەوتووەکانە کە بۆ هیچ شتێک مل نادات و گفتوگۆ و قسەکردن دانیشتن لەگەڵیدا سوودی نیە و مەترسیدارە و دووەم لە هەموو جوانییەک بۆ گەلەکەیان، گەلەکەی پەنا بۆ هەر ڕێگە چارەیەکی خۆپیشاندان و ڕێگا مەدەنیە کان دەبات سوودی نیە بەردەوامە لە ملهوڕی بەردەوام، بیر لەو ڕێگایانە دەکاتەوە کە زۆرداریەکەی پەرەپێ بدات، لە ڕوانگەی شەرعیەوە دەربارەی ئەم جۆرە زۆرداریە دواکەوتویە

گەلەکەی دابەش بووە بۆ سێ دەستە:

١- بەشێکیان پێیان وایە ئارام گرتن باشترین ڕێگە چارەیە لە بەرامبەر ئەم جۆرە زۆرداریيە، پێیان وایە دەبێت بە تێپەڕبوونی کات و هیواش هیواش بە دیراسەکردن و لێکۆڵینەوە لە دۆخەکە هەوڵی گۆڕینی بدرێت.

٢- بەشێکی تر پێیان وایە کە دەبێت بەرگری بکرێت و ڕێگری لە فراوانخوازی ئەو جۆرە دکتاتۆرییە بگیرێت و قبوڵ نەکرێت.

٣- بەشێکی تر پێیان وایە لەو نێوەندەدا دەبێت دیراسات و لێکۆڵینەوە بکرێت کە کام لەو دوو ڕێگایەی باس کران چارەسەرە.

لێردا نابێت زانایان دوو گروپی زۆر جیاوازبن بە جۆرێک گروپێک بە ڕەهای ئەم زۆرداریيە قبوڵ بکات گروپێکی تر بە ڕەهای ڕەتی بکاتەوە، مسوڵمانان و بەتایبەت زانایانی ئاینی نابێت لەگەڵ زوڵمدابن چونکە شەریعەت بۆ لابردنی ستەم و زوڵم هاتووە"

وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ (النحل ٣٦)

بێگومان ئێمە لە ناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانەکردووە و پێیان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێت: تەنها خوا بپەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر، جا هەبوو لەو خەڵکە (کە بیرو هۆش و ژیری خۆی خستەکار و بە شوێن ڕاستیدا دەگەڕا) خوایش هیدایەتی دەدا، هەشیان بوو خۆی شایستەی گومڕایی دەکرد و بەسەریدا دەچەسپا، کەوابوو بگەڕێن بەسەر زەویدا و سەرنج بدەن، بزانن چۆن بوو سەرەنجامی ئەو کەسانەی بڕوایان بە بەرنامەی ئێمە نەبوو.

ئەوان کۆمەڵێک بەڵگەیان هێناوەتەوە کە دەبێت لە بەرامبەر زوڵمدا ئارام بگرن لە پێشدا خودا بەدەستەڵاتدارەکان دەڵێت:

إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَىٰ أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا (النساء ٥٨)

بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدات کە هەموو ئەمانەتەکان (سپاردەکان) بگەڕێننەوە دەست خاوەنەکانیان و هەر کاتێکیش داوەریتان کرد لە نێوان خەڵکیدا، دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکەن، چونکە بەڕاستی خوا بە جوانی و چاکی و تەواوی ئامۆژگاری و فەرمانتان پێدەدات، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام بیسەر و بینایە.

ئەگەر لەوڵاتەکەماندا بەم دوو بڕگەیە کار بکرێت ماف بدەن کار بە دادپەروەری بکەن، گەل کێشەی لەگەڵ دەستەڵات نابێت.

هەندێک جار لە ئەمڕۆدا بە جۆرێک تەفسیری چەندان فەرموودە دەکرێت کە لە بەرژەوندی دەستەڵات و زۆرداراندا بێت وەک ئەو فەرموودەیەیی پێغەمبەری خودا (د.خ) دەفەرموێت ڕۆژگارێک دادێت زۆرداری ئەوە نەدە ڕیشە دادەکوتێت ناتوانن بەرگری بکەن بۆیە ئارام بگرن و خۆتان لادەن تا ڕۆژتان دێت، چەندان فەرموودەی تر بەتایبەت ئەو فەرموودانەی باسی فیتنەدەکەن.

لە کاتێکدا ناکرێت لە پەنای دینەوە هەرچی نوێژی کرد چووە مزگەوت بە کەیفی خۆی کۆمەڵگا تێک بدات بە ڕەفتارە ناشیرینەکانی چونکە بکوژ و زیناکار و دز لە ئیسلامدا خوێنی پارێزراو نیە پێویستە ئەو کەسانەی لە پەنای دینەوە دین بەکاردێنن و دین ناشیرین دەکەن بەسزا بگەیەندرێن نەک چاوپۆشییان لێ بکرێت و بپارێزرێن بۆیە:

مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم بَعْدَ ذَٰلِكَ فِي الْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ (المائدة ٣٢)

لەبەر ئەوەی کارەساتی کوشتنی ناڕەوای ئاوا ڕوو نەدات ئێمە پێویستمان کرد لەسەر نەوەی ئیسرائیل ئەوەی کەسێک بە ناحەق بکوژێت و لە جیاتی کوژراوێک نەبێت، یان گوناە و تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت لە زەویدا (وەکو جەردەیی و دەستدرێژی و... هتد)، ئەوە وەک ئەوە وایە هەر هەموو خەڵکی کوشتبێت، ئەوەش کەسێک لە مەرگ ڕزگار بکات، هەروەک ئەوە وایە هەموو خەڵکی لە مەرگ ڕزگار کردبێت و ژیانی پێ بەخشی بن، سوێند بێت بەخوا بەڕاستی پێغەمبەرانمان بە بەڵگەو موعجیزەی ئاشکراو دیارەوە هاتووە بۆ لایان (تا پابەندی حەق و داد بن) کەچی زۆربەیان دوای ئەو ڕێنموونییانە، هەر زیادەڕە و بوون لەم سەر زەمینەدا لە ستەم و کوشتنی ناحەقدا.

کۆمەڵێک فەرموودەی تر هەیە لەو بارەیەو

"من حمل علينا السلاح...فليس منا" (١)

ئەوەی دژایەتی گەل بکات لە ئێمە نیە، سەرۆک کرێکاری گەلەکەیەتی بۆیە دەبێت بە هەموو پێوەرەکان خزمەتی گەل بیت بە جوانترین شێوە قورئان دەفەرموێت:

وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (المائدة ٢)

یارمەتی و کۆمەکیی یەکتر بکەن لەسەر چاکە و خواناسی، نەکەن یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر گوناە و دەستدرێژی، لە خوا بترسن و پارێزکار بن، چونکە بەڕاستی خوا زۆر بە توندی تۆڵە دەسێنێت.

سەرۆکەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەرژەوەندی کەسی و حزبی و بنەماڵە و برسی کردنی خەڵک لەسەر کارن نەک خزمەتی ڕاستەقینەی خەڵک، لێرەدا ناکرێت بە فەوزا و خۆپیشاندان ئەو دەستەڵاتە بگۆدرێت بەڵکو دەبێت ئەهلی زانایان بە دیراسەی تەواو بە کەمترین زیانی گیانی و ماددی

هەوڵی گۆڕینی بدرێت و دژایەتی زوڵم بکرێت لەبەر ئەوەی ناوەڕۆک و جەوهەروروحی شەریعەت بۆ ئەوە هاتووە زوڵم و زۆرداری لەناوببات و لە بەرامبەردا کەرامەت و ماف بۆ مرۆڤ دابین بکات، شەرع دەڵێت سەرکردە نوێنەری خەڵکە تەنها نوێنەری خۆی نییە و کرێکاری خەڵکە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر سێبەری دیموکراسیدا زوڵم و زۆرداری دەکەن و دیموکراسی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن و کورسی داگیردەکەن و چەندین جار خۆیان هەڵدەبژێرنەوە، بۆ گۆڕینی ئەم دەستەڵاتانە لە ئەمڕۆ دەبێت بیر لە چەند ڕێگایەک بکرێتەوە لە باشترین ڕێگاکانی گۆڕنی دەستەڵاتی زۆردار مانگرتنی سەرتاسەرییە هەموو کەسێک بۆ ماوەیەک لە ماڵەکانیان بمێننەوە و نەچنە سەرکار تا سەرجەم سێکتەرەکانی حکومەت پەکیان بکەوێت و نابوت ببن، ئەگەر ئەم ڕێگایە

کاریگەری نەبوو ڕێگایەکی خۆپێشاندانی مەدەنیانە چونکە ئەمە مافی خەڵکە بە مەرجێک ئەنجامی باشی هەبێت و چین و تۆڕەکان بەشداری بکەن تا دەگا بە شۆڕشێک بۆ گۆڕانکاری.

ئەگەر هات و دەستەڵاتی زۆردار بەو شێوەیەی باس کرا بەردەوامی داو لە بەرامبەردا خەڵک بێ دەنگی هەڵبژارد و دەستەڵاتی دڕێژکردەوە و شەرعیەتی پێدا حوکمەکەی لە شەریعەتی ئیسلامدا دەچێتە چوارچێوەی یەکێک لە گوناهە گەورەکان چونکە ئەم جۆرە دەستەڵاتانە مالٚ وێرانی بە دوای خۆیدا دەهێنێت لەبەر ئەوەی خودا واجبی کردوە مسوڵمان هەق بڵێت و بێ دەنگ نەبێت لە بەرامبەر ناهەقی دا و دەبێت دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕێت و بڵێت نا.

پەراوێزەکانی بەرنامەی سێزدەهەم:

(١)حَملَ علَينا السِّلاحَ فلَيسَ منَّا

الراوي : عبدالله بن عمر و أبو هريرة المصدر : المصدر : صحيح البخاري

الصفحة أو الرقم: ٦٨٧٤ ا ، ومسلم (٩٨و

صحيح ابن ماجه ا الصفحة أو الرقم : ٢١٠٤ ا

١٤- بەرنامەی چواردەهەم:

ئیسلام و حوکمڕانی:

پێناسەو ڕۆڵ و بایەخی ئۆپۆزسیۆن:

لا خير فيكم إن لم تقولوها، ولا خير فينا إن لم نقبلها.

الحمد لله الذي جعل في هذه الأمة من يقوم اعوجاج عمر بسيفه.

ئۆپۆزسیۆن دەبێت بە ڕێگایەکی ئاشتیانە لە بازنەیەکی ڕێکخراودا ئامانجی چاککردن و چاکسازی سیاسی و ئابوری و ئیداری بێت لە کۆمەڵگاو حکومەتدا ئەمە پێی دەگوترێت ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە.(١)

لە ئەمڕۆدا ئۆپۆزسیۆن ڕوو لە کەسی دەستەڵاتدار دەکات ڕوو لە سیستمی سیاسی و ئابوری و ئیداری دەکات زیاتر تیشکی لەسەر ئەمانەیە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە ڕێگاکانی چاک سازی لە بواره جیاوازەکاندا بە ڕێگای ئاشتیانەیە نەک توندوتیژی، لە مێژووی ئیسلامیدا سێ قۆناغی سەرەکی هەیە :

- قۆناغی ڕاشیدین تیایدا شەریعەت وەک خۆی و دادپەروەری پیادەکراوە ئەم سەردەمە بە سەردەمی زێڕین ناودەبرێت وتا نزیکی ساڵی ٧٠هیجری درێژەی کێشا تا سەردەمی عەبدوڵای کوڕی زوبێر کە بە دەستی حەجاج لە خیلافەی ئەمەوی کۆتایی هات.

- بەشی دووەم قۆناغی تەئویل بەو مانەییەی دەستەڵاتی سیاسی گۆڕانکاری بەسەردا هات لە شوڕاوە بووە تاک ڕەوی لە خیلافەتەوە بووە پشتاپشتی و سەری کێشا بۆ دکتاتۆری.

- قۆناغی سێهەم ڕەتکردنەوەی هەرسێ چەمکی خیلافەت، شەریعەت، جیهادە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ دروست بوونی یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی کە دەوڵەتی مەدینەیە، ئۆپۆزسیۆنیش بوونی هەبووە بەو بەڵگەی کە سەحابەکان زۆرجار ڕەخنەیان گرتووە، پێشنیاریان کردوە، دین بۆ ئەوەی هەموو جوانیەکانی دەربکەوێت پێویستی بە دەوڵەتە، واتە دین و دەوڵەت.

ئێمە لێرەدا تێدەگەین دەوڵەت لە ئیسلامدا بریتییە لەو دەوڵەتەی شەریعەت و شوڕا جێ بەجێ دەکات لە پڕۆسەیەکی ئازادی و چەسپاندنی دادپەروەری و قورئان سەرچاوەی دەستورەکەی بێت، بەشێک لە خەڵک و لایەنەکان ترسیان لەوە هەیە کاتێک دەوترێت سەرچاوەی دەستوری وڵات شەریعەت بێت ئەو کات پێیان وایە ئەوانەی لەگەڵ ئیسلام نین لە سیستمەکەدا لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا جێگایان

نابێتەوە کەچی پێچەوانەکەی ڕاستە و لە سایەی شەریعەتدا جێگای بیروڕای جیاواز دەبێتەوە و ئازادی بۆ هەمووان دابین دەکرێت.

یەکێک لە سەحابەکان لە شەڕێکدا لەسەر شوێنی جەنگەکە بە پێغەمبەری خودا دەفەرموێت: بڕیاری جێگرکردنی سوپا لەم شوێنە وەحیە یان ڕای خۆتە؟ پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: ڕەئیە .

ئەویش دەڵێت " کەواتە شوێنەکە بگۆڕە پێمان باش نیە" (٢)

ڕۆژێکیان کەسێک دێت دەڵێت ئەی موحەمەد قەرزەکەم بدەوە، بەرماڵێک لە ملی گیر دەکات تا شوێنی دەردەچێتەوە(٣).

چەندین نموونەی تر هەن کە دەیسەلمێنێت هەر لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) ئۆپۆزسیۆن بوون بوونی هەبووە، ئۆپۆزسۆن بوون دەبێت ئامانجی ڕوون بێت قورئان دەفەرموێت "

وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (التوبة ٧١)

ئیماندارانلە پیاوان و لە ئافرەتان هەندێکیان خۆشەویست و پشتگیر و هاوکاری یەکترن، فەرمان بە چاکە دەدەن و قەدەغە لە خراپە دەکەن و نوێژەکانیان بە چاکی

ئەنجام دەدەن و زەکاتی ماڵیشیان دەبەخشن و گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن، ئا ئەوانە لە ئایندەدا خوا ڕەحمیان پێ دەکات و سۆزی دەبێت بۆیان، بەڕاستی خوا باڵادەست و دانایە.

مسوڵمانان و ئیمانداران هەموویان لەو خاڵەدا هاوبەشن فەرمان کردن بە چاکە و نەهی لە خراپە. خودا باسی شوعەیب دەکات دەفەرموێت"

قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقًا حَسَنًا وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَىٰ مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ (هود ٨٨)

شوعەیت وتی: ئەی قەوم و خزمەکانم هەواڵم بدەنێ ئەگەر منتان بینی و بۆتان دەرکەوت کە لەسەر بەرنامەیەکی ڕێك و ڕۆشنم لە لایەن پەروەردگارمەوە و هەر لە لایەن خۆشیەوە ڕزق و ڕۆزی جوان و باشی داومەتێ، منیش نامەوێت قەدەغەی شتێکتان لێ بکەم، کەچی خۆم وەك ئێوە نەکەم (چی بە ئێوە بگەیەنم خۆم لە پێشدا ئەنجامی دەدەم) من هیچم ناوێت تەنها چاکسازی نەبێت، بە گوێرەی توانام، ڕێکخستنی کارم بە دەستی کەس نیە بە دەستی خوا نەبێت، پشت و پەنام هەر بەو بە ستووە و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە.

خودا دەفەرموێت "

وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (ال عمران ١٠٤)

پێویستە لە ئێوە ئومەتێک پێک بێت، یاخود با هەموتان ئومەتێک بن کە بانگەواز بکەن بۆ خێر و چاکە، فەرمان بدەن بە هەموو کارێکی باوو دروست، قەدەغەی هەموو نادروستیەک بکەن، ئا ئەوانە هەر سەرفرازن.

گۆڕینی خراپە بە چاکە واجبە بەهەر هۆکارێک بێت، ئەگەر گەلێک شەخسێک حزبێک لەو ڕێگەیەوە بتوانێت خراپە بگۆڕێت بە چاکە دەبێت ئەرکەکەی جێبەجی بکات بەڵام کە نەتوانێت نابێت لەژێر ئەو ناوەوە سوود مەند بێت و ئۆپۆزسیۆن بۆ فەوزا بەکاربهێنێت بۆ سوود و بەرژەوەندی چەند کەسێک، بیر کردنەوەیەکی هەڵە هەیە دەڵێت دەبێت خراپە بگۆڕین ئینجا چاکی بکەین، نەخێر دەبێت چاکە بێت پاڵ بە خراپەوە بنێت بە دیل هەبێت لە جێگای خراپە، (٤) ئیبن تیمیە دەفەرموێت " مەبدەئی مەئمورات جنسی مەئمورات ئەوەی کە فەرمانیان پێ کراوە ئەو لاترن لە تەرکی محرمات "(٥)

جۆرەکانی ئۆپۆزسیۆن:

- زۆرن جاری واهەیە گەل ئۆپۆزسیۆنە وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت.

- جاری واهەیە دوو حزبی یەکێکیان دەبێتە ئۆپۆزسیۆن ئەوەی تر دەستەڵات یان پێچەوانە دەبێتەوە."

.....إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ (الرعد ١١)

بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێت (لە خۆشیەوە بۆ ناخۆشی، یان لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزی، یان لە گرانیەوە بۆ هەرزانی)هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن، کاتێکیش خوا بیەوێت بەڵایەك بەسەر هەر میللەتێکدا بهێنێت (لە دەرئەنجامی سەرکەشی و یاخی بوونیان)، ئەوە هیچ هێزێك ناتوانێت بەری بگرێت، هیچ کەسیش ناتوانێت جگە لە خوا فریایان بکەوێت و ڕزگاریان بکات.

لە ڕاستیدا تا ئێستا ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا نەیتوانیوە سەرکەوتووبێت، خەڵک دابەش بووە بۆ سێ بەرە:

- بەرەی دەستەڵات

- بەرەی ئۆپۆزسیۆن

- بەرەی گەل

پرسیارەکە ئەوەیە تا ئێستا ئۆپۆزسیۆن توانیویەتی ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بگێڕێت؟؟ ئۆپۆزسیۆن دەبێت پێش گەل بکەوێت بۆ گۆڕینی زوڵم و زۆرداری نەک کار بکات لەسەر بێ ئومێدبوونی هاوڵاتیان و متمانە نەمان و بێ هیواکردنی بە ئۆپۆزسیۆن..(٦)

پەراوێزەکانی بەرنامەی چواردەهەم:

(١)پێناسەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی:

المعارضة السياسيّة - Political Opposition

ووشەی Political لە زمانی ئینگلیزیدا کە بە واتای سیاسەت و لێزانی و زیرەکی و فێڵبازی هاتووە، هەر لەو زمانەدا نزیکە لەو وشەی جەمسەر گیری، پۆلیس و جەندرمە، نەخۆشی ئیفلیجی بۆیە لەوەیە واتا ئینگلیزیەکەی سیاسەت حوکمی پۆلیسی و زەبروزەنگ و تاک جەمسەری و ئیفلیج کردنی کۆمەڵگابێ.

بۆیە وشە عەرەبیەکە کە بە واتای ڕامکردن و ماڵی کردن و ڕاهێنان و بەخێوکردن و دەستەمۆکردن دێ باشترە.

وە وشەی Opposition کە بەواتاکانی پێچەوانە و دژ وهاوبڕکێ و هەڵوەشێنەر و بەربەرەکانی هاتووە ، زۆر زەحمەتە بۆ دەستەیەک پارتی سیاسی نەیار گونجاوبێ کە ئەوان خۆیان بە دژ و پێچەوانە و هەڵوەشێن نازانن، بەڵکو پێکەوەژیان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی

دەسەڵاتدارانیان لە ئەستۆگرتووە، بۆیە وشەی المعارضة ، نمایشکار، خۆڕانوێن، گونجاوترە چونکە لە عەرەبیدا ئەم دەستەواژە عەداوە و موخاسمە و تضاد و متعاکس ناگەیەنێ..

بەڵکو بەهەمان ئاڕاستە و ڕەوتی دەسەڵات دەڕوا بەڵام ڕەوتەکەی جیاوازە، بەڵام لە ئینگلیزی ئەگەر حکومەت بۆ ڕۆژهەڵات بڕوا ئۆپۆزسیۆنی پێچەوانە دەبێ بۆ ڕۆژئاوا بڕوا، کە ئەو ڕەش بێ دەبێ ئەو سپی بێ، کە ئەو ڕۆژبێ ئەو شەوە، واتە لە هەموو شتێک پێچەوانەی یەکترن، تەنانەت کە حکومەت زۆر چاک و دادوەربێ زمانەوانیەکەوا دەخوازی دەبێ ئۆپۆزسیۆن زۆر ستەمکار و گەندەڵ بێ.

پێناسەی زاراوەیی: پێش ئەوەی بێینە سەر گواستنەوەی پێناسە هاوچەرخەکانی موعارەز و نەیارانی حکومەت، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە لە ئیسلامدا نەیاری و ڕەخنەگرتن و ئامۆژگاری بە تەنیا مافی سیاسیەکان نیە، هەموو مسوڵمانێک مافی ئامۆژگاری حاکم و ڕەخنەلێگرتن و لێپێچینەوەی کار بەدەستانی هەیە، مسوڵمان لەسەریەتی کە گوێ لە مست وگوێ ڕایەڵی شەرع و دین بێ، فەرمانڕەواش کە فرمانی بە پێی ڕێ و شوێنی دین بوو ئەوە با گوێ ڕایەڵی بێ، خۆکە فرمانی حکومەت سەرپێچی شەرع بوو ئەوە هەموو مسوڵمانێکی ژێر دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە نەگوێڕایەڵی لەسەرە و نەمل کەچی، بەڵکو واجب دەبێ کە بە ڕێگای گونجاو ئامۆژگاری بکاو ڕەخنەی لێ بگرێ و کە هەر حکومەت سور بوو لەسەر سەرپێچی شەرع دەبێ میللەتی مسوڵمان لە دەوری ئەنجومەنی وەلی ئەمرەکانی کۆببێتەوەو ئەو دە سەڵاتە بگۆڕن .

چونکە دین ئامۆژگاریە، وە فرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە پایەکی دینە،و سنوری گوڕایەڵی لە سنوری شرعدایە،کە سەرپێچی بوو گوێڕایەڵی حەڕامە، یاخی بوون واجبە.

بەڵام پێناسەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە لای ڕۆژئاواییەکان بەم جۆرەیە:

پێناسەی ڕۆبەرت دالRobert A. Dahl ئۆپۆزسیۆن ئەو لایەنەیە کە نەخشەی سیاسەتی دوڵەت دانانێ و هیچ دەسەڵاتێکی نیە بە پێچەوانەی حکومەتەوە.

ئۆپۆزسیۆن لای جین بلوندل

- پاشکۆو سێبەری حکومەتە، واتە: بەستراوە بە کاردانەوەی کارەکانی حکومەت.

کەواتە ئۆپۆزسیۆن ئەو دامەزراو و لایەنانەن کە پرۆژە و ئامانجیان جیایە لە پرۆژە و ئامانجی دەسەڵات.

(٢) الراوي : علقمة بن وقاص الليثي ا المحدث : الألباني ا المصدر : فقه السيرة

الصفحة أو الرقم : ٢٢٣ ا خلاصة حكم المحدث : مرسل

(٣) بوخاری و موسلیم لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە گێڕاویانەتەوە.

(٤) جیاوازی ڕەخنە و ئامۆژگاری و فرمان بە چاکە و قەدەغەی خراپەی کە ئیسلام تاکی مسوڵمانی لەسەر پەروەردە دەکا لەگەڵ پارتی ئۆپۆزسیۆنی ئەم سەردەمە لەم خاڵانەدایە:

- تاکی مسوڵمان کە لەسەر ئەو ئەرکە پەروەردەکراوە هەم لە ناو حکومەت وهەم لە ناو سوپا و هەم لە ناو خوێندنگا و بازاڕ و لە ناو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگادایە و مەرج نیە هەر لە ناو ئەوانە بێ کە فەرمانڕەوانین.

- ئەو کەسە چاکەکارانە حەز ناکەن حکومەت بکەوێتە هەڵەوە تا میللەت لێی بێزاربێ و لە هەڵبژاردنی داهاتوو ئەوان بۆ حوکمڕانی هەڵبژێرن، وەک لەناو ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەمڕۆ هەیە، بەڵکو حکومەت و حوکمڕان ڕاست دەکەنەوە و ناهێڵن لەسەر هەڵە بەردەوام بێ.

ئەوەی لە پێناسەی ئۆپۆزسیۆن داهاتووە زیاتر بەسەر پرۆسەی چاکسازی هەملایەنەی ئیسلام دا دەچەسپێ نەک ئەو ئۆپۆزسیۆنە خۆپەرستەی ئێستا بە نمونە:

- هەڵسەنگاندنی کاری حکومەت، ڕەخنەی دروستکار و ئاڕاستەکار و بنیاتنە، پێشنیار و ئامۆژگاری حکومەت تا توشی هەڵەنەبێ و قەیرانەکانی چارەکا.

- سەپاندنی چاودێری بەسەر حکومەتدا، تاکە هەر هەڵەیەک ڕوویدا خێرا هەستی پێبکرێ و ڕاست بکرێتەوە، ئەمە لە ئیسلامدائیشی هەموو تاکێکە.

- بەرگری لە ماف و ئازادی هاوڵاتیان، ئەمەش ئەرکی هەموو ئیماندارانە و وەک نوێژ و ڕۆژ و لەسەرهەموان فەرزە.

- پتەوکردن و پاراستنی ڕەوتی ڕاوێژکاری -ئێستاپێی دەڵێن دیموکراتی- و نەهێڵرێ دەسەڵات و پایەکانی بەرەو تاکڕەوی دکتاتۆریەت بڕۆن هەروەک سەحابە گەورەکان ڕەخنەیان لە عوسمان و معاویە دەگرت کە خزمەکانی خۆیان لە پۆستەکان دادەنێن..

بەم پێوەرانە لە ئیسلام دا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بە ئەوانەی لە ناو حکومەتیشن دەبێ هەموو چاوکراوەو گوێقوڵاغ و زمان بوێر و ڕەخنەگر و هەڵسەنگێن و بەرامبەر ناحەقی بە هەڵوێست بن..

(٥) ابن القيم له كتابى أعلام الموقعين، له سهل بن عبد الله التستري دەگێڕێتەوە کەگوتویەتی: ترك الأمر عند الله أعظم من ارتكاب النهي؛ لأن آدم نهي عن أكل الشجرة فأكل منها فتاب عليه، وإبليس أمر أن يسجد لآدم فلم يسجد فلم يتب عليه.

(٦) ئۆپۆزسیۆن بە کورتی لەم جۆرانە خۆدەنوێنێ:

- ئۆپۆزسیۆنی تاکەکەسی کەسایەتیە کاریزمیەکان.

- ئۆپۆزسیۆنی بە کۆمەڵ کە حزب یان بەرە یان بزاڤێک کۆیان دەکاتەوە، لەناو ئەوانەش :

- ئۆپۆزسیۆنی لەنکاو خێرا تێپەڕ و کاتی و تەمەن کورت هەیە، کە پێچەوانەکەی ئۆپۆزسیۆنی ڕێکخراو و پشودرێژ و هێواشە.

هەر لەناو ئەمانە ئۆپۆزسیۆنی ئاشتیانە و شەرعی و ڕێپێدراو و فەرمی هەیە و بەرامبەربە ئەمانەش ئۆپۆزسیۆنی ناشەرعی و ژێر زەمینی و چەکدار و قاچاخ و یاخی هەیە.

جیاکەرەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی کارا لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

- ئۆپۆزسیۆنی کارا ئامانجەکانی کارا و واقعی و قابیلی چەسپاندنن لەو ماوەزەمەنیەی بۆیان دانراوە.

- نەخشە و پلان و ڕێکخسننی کارایە و شێواز و ڕێگاکانی گەیشتن بە جەماوەر و وروژاندنی بەهێز و کاریگەر و بەپلانە.

- سروشتی بیرۆکە وهزر و بەرنامەی ئۆپۆزسیۆنی کارا قەناعەت پێکەر و لەگەڵ دین و بیر و بۆچونی زۆرینەی جەماوەر ڕێکە و بە ئاڕاستەی پێچەوانەی زریان سەوڵ لێنادا.

- لە دیاریکردنی کاتی گونجاو بۆ:

- کرانەوەی پێویست یان سیستەمی سیاسی داخراو.

- دیاریکراوی یادیاری نەکردنی پەیکەری سیا ی .

- بوون یان نەبوونی بەرە و هاوپەیمانی و گروپەکانی لوبی و فشار.

خۆگونجاندن لەگەڵ هەوراز و نشێو و گۆڕانکاریەکانی ڕژێم و شێوازەکانی ڕوبەڕووبوونەوە و بە هەماهەنگی پاڵەوانی هەموو گۆڕەپانەکان بێ..

لە گرنگترین هۆکارەکانی ئۆپۆزسیۆن:

- بوونی پارتی سیاسی فەرمی.

- بوونی ڕێکخستن و هاوکاری دارایی و لۆجستی .

- بوونی میدیا و ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا

- بوونی گروپەکانی لوبی.

- بوونی ڕێکخراو و سەندیاکاکان لەناو توێژەکانی کۆمەڵگا..

١٥- بەرنامەی پازدەهەم:

ئیسلام و حوکمڕانی:

بەراوردێک بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەژێرشایەی شەریعەت و ژێر سایەی دیموکراسی:

يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ (الحجرات ١٣)

پێکەوەژیان واتە ڕێزگرتن لە خاڵە هاوبەشەکانی یەکتر و ڕێزگرتن و پاراستنی ئارامی و وەلانانی ڕق و کینە، پێکەوە ژیان کۆمەڵێک بنەمای سەرەکی و گشتی هەیە لە چوارچێوەی شەریعەتدا پێکەوەژیان واجبە:

إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (الحجرات ١٠)

لە ڕاستیدا هەر ئیماندارانە بۆ یەکن، کەواتە هەر کاتێک لە نێوان براکانتاندا ناکۆکی پەیدا بوو، ئێوە نێوانیان چاک بکەن و ئاشتیان بکەنەوە، هەمیشە لە خوا بترسن و پارێزکار بن، بۆ ئەوەی ڕەحمتان پێ بکرێت.

لە ئەمڕۆدا هەندێک بەرژەوەندی ماددی و دونیای یەکمان ناخات دەنا مسوڵمانان هەمووان برای دینین.

جگە لەوە پێکەوەژیان لەگەڵ دینەکانی تر و گەلانی تریش پێویستە و دەبێت هەردوولا لە خاڵی هاوبەش بگەڕێن، بنەما گشتیەکان بدۆزرێنەوە، لەبەر ئەوەی لەنێوان دینەکان و مرۆڤەکان خاڵی هاوبەش زۆرە لەسەر بنچینەی پێکەوەژیان .

خودا دەفەرموێت"

يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ (الحجرات ١٣)

ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەموتانمان لە نێر و مێیەک دروستکردووە (کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە) و کردوومانن بە چەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بە یەکەوە... بە ڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتان کە زۆرتر لە خواترسە و فەرمانبەرداری خوایە، بێگومان خوا زانا و ئاگایە بە هەموان.

تعارف واتە تفاهوم و لێک تێگەشتن و یەکتر ناسین و گفتوگۆ دەبێت تفاعل و کارلێک کردن هەبێت، ئینجا دەگەین بە تعارفی ڕاستەقینە .

هەروەها خودا دەفەرموێت :

وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ (الذاريات ٥٦)

بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە من بپەرستن و فەرمانبەردارم بن.

خودا لێرەدا مەبەستی ئەوەیە هەموومان بۆ بەندایەتی دروست کراوین پاشان بۆ یەکتر ناسین و پێکەوەژیان .

پێکەوەژیان چەمکێکی فراوانە هەموو مرۆڤایەتی یەک خالقی هەیە و هەمووان دروست کراوین، کەواتە جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا نیە جگە لە خوداپەرستی و کردەوەی باش نەبێت، کەواتە زەمینەیەک هەیە بۆ پێکەوەژیان کە هەموومان مرۆڤێکی دروست کراوین لە سپێرمێک، کەواتە لە سێ وەحدە و یەکەدا مرۆڤ هاوبەشە

- کە هەمووان بڕوایان بە خودا هەیە

- هەمووان دورست کراون

- هەمووان لە یەک شتەوە پێکهاتون کە مادەکە یەک شتە ئەویش سپێرمە، بۆیە پێویستە بۆ چەسپاندنی پێکەوەژیان بیر لە خاڵە هاوبەشەکان بکرێتەوە ، لە هەمان کاتدا هەموومان بەرپرسیارین لە کرداری باش لە ژیاندا :

فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ (الزلزلة٧)

جا ئەوەی بە قەدەر سەنگی گەردیلەیەك خێر و چاکەی ئەنجام دابێت دەیبینێتەوە.

- بەرپرسیارێتی مسوڵمانێک و غەیرە مسوڵمان بەرامبەر بە مرۆڤ بە ژینگە بە گیانەوەران ....هەمان بەرپرسیارێتییە و پێیەوە پابەندەبن و ڕێزی لێ دەگرن، لە لایەکی تر هەمووان لە بەرژەوەندیدا وەک یەکن، هەمووان بێ هەوا و ئاو و ژینگە و سامانی سروشتی ناژین، ئەگەر ژینگەی زەوی بە هۆی پیسییەوە مەترسی بکەوێتە سەر وەک ئەوەی ئەمڕۆ هەیە بە هۆی زۆری کارگەکان و زۆری ژمارەی دانیشتوان و جەنگەکان پلەی گەرمی بەرزبۆتەوەو ساڵانە لەسەر ئاستی جیهان هەموو ولاتان کار بۆ چارەسەری دەکەن و کۆنگرەی بۆ دەبەستن چونکە پەیوەندی بە ژیانی هەموومانەوە هەیە بەتایبەتی ئەمڕۆ بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ژیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە نرخی دۆلار یان نەوت و غاز گۆڕانکاری بەسەردا دێت کاریگەری لەسەر هەموو جیهان دروست دەکات.

- یە کێکی تر لە بنەما هاوبەشەکان یەک بوونی چارەنووس و داهاتووە چارەنوس ئەوەی خودا لە ژیانی هەموانی نوسیوە ژیان قەدەر و کرداری ڕۆژانە و ڕزق و ڕۆزی و ماڵ و منداڵ و کەسابەتە کە چارەنوسی ئابوری و ئارامیش دەگرێتەوە داهاتوشمان یەک شتە ئەویش مردنە.

- یە کێکی تر لە بنەما گشتی وهاوبەشەکان بۆ پێکەوەژیان ڕێزگرتن و کەرامەتە پێغەمبەر (د.خ) جەنازەیەکی جولەکەی بە بەردەمی دا هات لەبەری هەستا وتیان

ئەوە جولەکە بوو بۆ هەستای لەبەری؟ وتی نەفس هەر نەفسە دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت(١) خودای گەورە دەفەرموێت "

وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا فَلَا يُسْرِف فِّي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنصُورًا (الاسراء ٣٣)

کەسێك نەکوژن کە خوا کوشتنەکەی حەرام کرد بێت مەگەر بە هۆی تاوانێکەوە شایستە بێت و کوشتنی ڕەوا بێت، ئەوەش کە مەزڵومانەو بێ تاوان دەکوژێت، ئەوە ئێمە بەڕاستی ماف و دەسەڵاتمان داوە بەنزیکترین کەسی کە تۆڵەی بۆ بسێنێت، ئەویش نابێت زیادەڕەویی بکات لە کوشتن و تۆڵەسەندنەوەدا، (خۆ ئەگەر لە خواترس و فەرمانبەردار بوو لەو کارەیدا) ئەوە بێگومان سەرکەوتوو و پشتیوانی لێکراوە لە لایەن دەسەڵاتی ڕەواوە.

هیچ نەفسێک مەکوژە بە ناهەق " لێرەدا نەی فەرمووە ئیماندار یان جولەکە دەفەرموێت نەفس جا نەفسی هەر مرۆڤ و ئاژەڵێکی سەر زەوی بێت بەبێ جیاوازی.

- ئافرەتێک لەسەر کوشتنی پشیلەیەک چووە جەهەننەم.(٢)

- ئافەرەتێکی زیناکەر سەگێکی تینوی ئاودا خودا لێی خۆش بوو.(٣)

کەرامەت بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک هەیە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمێت:

هەر کەسێک درەختێک ببڕێتەوە کە سایە و سێبەری خەڵک بێت خودا دەیخاتە ناو ئاگرەوە.(٤)

یە کێکی تر لە بنەما گشتی و هاوبەشەکان بۆ پێکەوەژیان ڕەحمەتە خودا دەفەرمێت"

وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ (الانبياء١٠٧)

(ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان (جیهانی ئادەمیزاد و گیاندار و ڕووەک و پەری و... هتد)

- دەبێت خاڵی هاوبەشی ڕەحم بدۆزرێتەوە لە نێوان مسوڵمانان و ئەوانی تردا تا ئیسلامیان پێ بگات خودای گەورە پێغەمبەر (د.خ) بۆ هەموو جیهانی ناردوە تا ببێتە ڕەحمەت بۆ جیهانی مرۆڤ و جن و ئاژەڵان، مروقەکانی سەرزەوی هەمویان لە بەزەیدا هاوبەشن، ساڵانە لە ئەمریکا دووسەد ملیارد دۆلار کۆ دەکرێتەوە بۆ هاوکاری هەژاران.

- یە کێکی تر لە بنەما گشتی و هاوبەشەکان بۆ پێکەوەژیان دادپەروەرییە"

إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (النحل ٩٠)

بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادپەروەری و چاکەکاری و یارمەتیدان و بەخشندەیی بە خزمان و قەدەغە لە گوناە و تاوان و دەستدرێژی دەکات (بۆ سەر ماڵ و نەفس و ناموووس) و ئامۆژگاریتان دەکات بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و تێفکرن و (هەر چاکە بکەن).

نالێت تەنها لەگەڵ ئیماندار، چونکە فرمانی دادپەروەرببە بە گشتی هاتووە، خودا لە شوێنێکی تردا دفەرموویت" ڕقت لە قەوێکە یان کەسێکە نەچی لەگەڵی دادپەروەر نەبیت"

وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَن تَعْتَدُوا وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (المائدة٢)

دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی کەسانێک کە نەیانهێشت کاتی خۆی (طواف)ی کەعبە بکەن، مەکەنە هۆی دەستدرێژی و بەرپاکردنی ناخۆشی، یارمەتی و کۆمەکیی یەکتر بکەن لەسەر چاکە و خواناسی، نەکەن یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر گوناهو دەستدرێژی، لە خوا بترسن و پارێزکار بن، چونکە بەڕاستی خوا زۆر بە توندی تۆڵە دەسێنێت.

مرۆڤ پێویستە لەگەڵ بەرامبەرەکەی دادپەروەربێت جا هەر کەسێکە ، دایک یان باوک ژن یان منداڵ، کافر یان مسوڵمان، هەتا بەرامبەر گیانەوەران، دادپەروەی

سەکردەکان بەرامبەر گەل زۆر گرنگە بۆ پێکەوە ژیان ، کەواتە دادپەروەریش خاڵی هاوبەشە بۆ پێکەوەژیان دەبێت گرنگی پێ بدرێت و بکرێتە بنەما.

-یەکێکی تر لە بنما گشتی و هاوبەشەکان بۆ پێکەوەژیان لێبوردەییە قورئان دەفەرمێت ".

وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ (فصلت ٣٤)

بێگومان چاکە و خراپە وەک یەک نین، (تۆ ئەی باوەڕدار) بە جوانترین و چاکترین شێوە بەرەنگاری خراپە و نادروستی بکە، ئەو کاتە ئیتر دەبینیت ئەوەی کە لە نێوان تۆ و ئەودا دوژمنایەتی و ساردیەک هەیە؛ دەبێتە دۆستێکی دڵسۆز و گیانی بە گیانی.

هەروها دەفەرموێت"

وَعِبَادُ الرَّحْمَٰنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا (الفرقان ٦٣)

بەندەکانی خوای میهرەبان ئەو کەسانەن کە زۆر بە هێمنی و سەلاری بەسەر زەویدا دەڕۆن، کاتێکیش نەفامان بە قسە و قسەڵۆکی ناخۆش بەرەنگاریان دەبن، لە وەڵامیاندا دەڵێن: سڵاو (ڕەوشت بەرزی خۆیان دەنوێنن).

ئەمە دەربارەی کافرەکان پێویستە ئەوەندە لێ بوردەبین ئەی بەرامبەر بە مسوڵمانان و خێزان و ماڵ و منداڵ زۆر زیاتر گرنگی پێ دراوە بۆیە بە بنەمایەکی گرنگ و هاوبەش سەیر دەکرێت بۆ پێکەوەژیان.

- یەکێکی تر لە بنەما گشتی وهاوبەشەکان بۆ پێکەوەژیان بریتییە لە ئازادی.

خودا لەگەڵ شەیتان ئازادی بەکارهێنا.

هەروها دەفەرموێت "

لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (البقرة ٢٥٦)

بە هیچ جۆرێک زۆر کردن نیە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا (دینداری بە زۆر نابێت بکرێت و دین بە زۆر نادرێت بەسەر کەسدا)، چونکە بەڕاستی ڕێبازی چاک و دروست؛ ڕوون و ئاشکرا بووە و جیابۆتەوە لە گومڕایی و سەرکەشی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە ـ تاغوت ـ (کە بریتیە لە: هەموو ڕێگە و ڕێباز و هێز و بەرنامە و لادان و بتێک)و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بە خوا، جا بێگومان ئەو کەسە دەستی گرتووە بە بەهێزترین هۆکاری ڕزگاریەوە، شوێن دامەزراوترین بیروباوەڕ کەوتووە، کە هیچ پسان و هەڵوەشاندنەوەیەکی بۆ نییە و هەمیشە پتەو و دامەزراوە، خوای گەورەش بیسەر و زانایە.

" زۆر کردن لە دیندا نیە بۆیە دۆزینەوەی ئەو بنەمایە گرنگە بەتایبەتی لە بواری سیاسی و دینی ئابوری لە سنوری خۆیدا هەتا ئازادی لە بیروباوەڕدا دەفەرموێت"

وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا (الكهف ٢٩)

پێیان بڵێ: حەق هەر ئەوەیە کە لە لایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانەکراوە، جا ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با کافر و بێ باوەڕ بێت، بێگومان ئێمە دۆزەخێکمان ئامادە کردووە بۆ ستەمکاران کە لە هەموو لایەکەوە دەورەیان دەدات و دیواری بڵێسەی ئابڵوقەی داون، خۆ ئەگەر هاوار بکەن لە ئازار و تینوێەتیدا، ئەوە ئاو دەدرێن بە ئاوێکی گەرمی پیس و بۆن ناخۆش کە وەکو خڵتەی کانزایی تواوە وایە، ئەوەندەش گەرمە دەم و چاویان هەڵدەکوڕ و زێنێت و دەیبرژێنێت، ئای کە چەند خواردنەوەیەکی تاڵ و ناخۆشە، چەندە جێگە و ڕێگەیەکی پڕ لە ئازارە.

" بیروڕای ئازاد بە بنەمایەکی گەورە و گرنگ دادەندرێت بۆ پێکەوەژیان.

- یەکێکی تر لە بنما گشتی وهاوبەشەکان بۆ پێکەوەژیان هاوکارییە تعاون ئەگەر هاوکاری نەکرێتە بنەمای گرنگ پێکەوە ژیان نابێت یان سەخت دەبێت هەمووان

دەبێت لەسەر ئەوە هاوکاربین کە مافیا و چەتەگەری خراپە پێویستە ڕووبەڕووی ببینەوە و لەناو بچێت هاوکاری سیاسی و ئابوری هاوکاری مرۆیی و ژینگەی تا بتواندرێت مرۆڤ کەمترین زیانی بەربکەوێت.

- یەکێکی تر لە بنەما گشتی وهاوبەشەکان بۆ پێکەوەژیان مامەڵەکردن وەک خۆی تعامل بالمثل کاتێک زوڵمت لێ دەکرێت تەجاوز مەکە ئێستا ئەو بابەتە بۆتە جیهانی پێی دەوترێت مافی بەرگری لە خۆکردنی وڵاتان نەک مافی هێرش کردن .

- یەکێکی تر لە بنەما گشتی و هاوبەشەکان بۆ پێکەوەژیان پابەندبوون بە بەڵێنەکان چونکە لە شەرعدا بەڵێن شکاندن حەرامە خودا دەفەرموێت "ئەگەر لەگەڵ کافراکان هاوپەیمان بوون دروست نیە یارمەتی مسوڵمانانی ناو کافرەکان بدەن " نموونەی زۆر و جوان هەن لە بارەی بەڵێن لە نێوان مسوڵمان و کافران کە چەندە ئیسلام تەئکید دەکاتەوە لەسەر پابەندبوون بە بەڵێنەکان هەتا لە نێوان مسوڵمان و خودا لە نێوان مسوڵمان و مسوڵمان لە نێوان مسوڵمان و کافر ئەگەر بەڵێن بشکێندرێت واتە ڕاگەیاندنی شەڕ و ناخۆشی و جەنگ دواجار زیان بە پێکەوەژیان دەگەیەنێت، ئەمانە بەشێک بوون لە بنەما گشتی و هاوبەشەکان بۆ پێکەوەژیان بەکورتی تیشک خرایە سەریان .

پەراوێزەکانی بەرنامەی پازدەهەم:

(١)قال البخاري رحمه الله: [باب من قام لجنازة يهودي: حدثنا معاذ بن فضالة إلى أن قال: عن جابر بن عبد الله رضي الله عنهما قال: (مر بنا جنازة فقام لها النبي صلى الله عليه وسلم فقمنا معه فقلنا: يا رسول الله! إنها جنازة يهودي؟ قال: إذا رأيتم الجنازة فقوموا)].

(٢)عن ابن عمر رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: "دخلت امرأة النار في هرة ربطتها فلم تطعمها ولم تدعها تأكل من خشاش الأرض". [صحيح البخاري: ٣٠٧١].

(٣)في الصحيحين من حديث أبي هريرة رضي الله عنه أنه صلى الله عليه وسلم قال: (بينما بغي من بغايا بني إسرائيل تمشي، فمرت على بئر ماء فشربت، وبينما هي كذلك مر بها كلب يلهث يأكل الثرى من العطش، فعادت إلى بئر الماء؛ فملأت موقها، -أي: خفها- ماءً، فسقت الكلب فغفر الله لها)

(٤)أخرج أبو داود (٥٢٣٩): "من قطع سدرة صوب الله رأسه في النار". أنظر الصحيحة (٦١٤).

١٦- بەرنامەی شازدەهەم:

ئیسلام و حوکمڕانی:

کەمینەکان لەناو وڵاتی مسوڵمانان:

عومەر کە جولەکەیەکی بەسالاچووی بینی کە سوالی دەکرد فەرموی:ما أنصفناك يا شيخ .. أخذنا منك الجزية شابا ثم ضيعناك شيخا ..ثم أمسك الخليفة بيد ذلك اليهودي وأخذه إلى بيته و أطعمة مما يأكل .. و أرسل إلى خازن بيت المال و قال له : أفرض لهذا و أمثاله ما يغنيه و يغني عياله ..

فخصص له راتبا شهريا يكفيه و يكفي عياله من بيت مال المسلمين و أوقف عنه الجزية إلى الأبد ..

-كتاب أحكام أهل الذمة الابن قيم الجوزية

-كتاب الأموال - لأبي عبيد القاسم بن سلام

کەمینەی قەومی هەیە کەمینەی دینی هەیە ئەو کەمینانەن کە پێک هاتوون لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا کە پابەندی دینی ئیسلام نین و لەسەر دینێکی ترن بە ژمارە کە من، بە درێژای مێژووی ئیسلام لەناو ئیسلامدا کەمینە بوونی هەبووە و ڕێزیان گیراوە و ئەرکیان پێ دراوە تا ئێستاش بەردەوامەو بابەتێکی

جیهانیە، لە بنچینەدا کە لە ئیسلامدا دەڵێت تعارفوا واتە پێکەوەژیان و یەکتر ناسین و مامەڵەیەکی باش لەگەڵ بەرامبەردا"

لَّا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (الممتحنة٨)

دڵنیاش بن کە خوا قەدەغەی ئەوەتان لێ ناکات کە چاك ڕەفتاری و دادپەروەری بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا جەنگیان دژ نەکردون و دژایەتی ئاینیان نەکردون و لە شوێنەوارتان دەریان نەکردون، چونکە بەڕاستی خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت.

دەبێت چاکەیان لەگەڵ بکەین و لەگەڵیان دادگەربین هاوپەیمانیان بکەین و پابەندی بەڵێنەکان بین ماڵ و گیان و ناموسیان و کەسایەتیان کەرامەتیان پارێزراوبێت، چۆن پێویستە ئەوانەی باسکران بە گشتی لەگەڵ کۆی مرۆڤایەتی جێ بەجێ بکرێن، پێویستە لەگەڵ کەمینەکان باشتر بچەسپێت و کاری لەسەر بکرێت، ئەمە بۆ ئەوە گرنگە هەم دینی ئیسلام پارێزراو دەبێت و باشتر سەردەکە وێ و ڕەنگە بەوهۆیەوە ئەوانیش بێنە ناو بازنەی ئیسلامەوە، بۆیە پێویستە ئامانج لە پەیوەندیەکان فەرامۆش نەکرێت، مادام ئەوان هاونیشتمانین و وەک ئەوانی تر ئەرکێکیان پێ دەسپێدرێت وڕای دەپەڕێنن لە بەرامبەردا پێویستە لە ڕووی مادی و مەعنەوی و لۆجستییەوە مافیان بۆ دابین بکرێت.

- لە بنچینەدا پەیوەندی مرۆڤەکان یەکتر ناسینە.

- لە بنچینەدا پەیوەندی مرۆڤەکان ئاشتییە.

- لە بنچینەدا پەیوەندی مرۆڤەکان هاوکاری کردن و چاکەکردنە.

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ (البقرة٨٣)

یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە کاتێك پەیمانمان وەرگرت لە نەوەی ئیسرائیل کە جگە لە خوا کەسی تر نەپەرستن و لەگەڵ دایك و باوکدا چاکەکار بن، هەروەها لەگەڵ خزمان و هەتیوان و هەژارانیشدا و گوفتاری چاك و جوان ڕوو بە خەڵکی بڵێین، هەروەها نوێژەکانتان بە چاکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش بدەن، پاشان ئێوە (لە جیاتی گوێڕایەڵی) پشتتان تێکرد، جگە لە کەمێکتان نەبێت، لە کاتێکدا زۆربەتان (لەو هەموو ئامۆژگارییە بەسوودانە) ڕوو وەردەچەرخێنن و پشتی تێدەکەن.

- لە بنچینەدا پەیوەندی مرۆڤەکان پێویستە چاکەیان لەگەڵ بکەین هاوپەیمانیان لەگەڵ بکەین ماڵ و ژیان و کەسایەتی و پیرۆزییەکانیان بپارێزرێت، لە گشتیدا پێویستە ئەو پەیوەندییە مرۆڤایەتییە بەرامبەر کەمینەکان بە هەموو پێوەرەکان جێ بەجێ بکرێت بەبێ جیاوازی، چونکە کەمینەکان لە وڵاتە

زۆرینەکاندا خۆیان بە غەریبە دەزانن لە دۆخێکی دەرونی جیاواز دا دەژین بۆیە پێویستە ژینگەیەکی ئارامیان بۆ فەراهەم بکرێت.

یەکێک لە ئامانجەکان سودی ئەوەیە جگە لەوەی بە قازانج بۆ دینی ئیسلام دەگەڕێتەوە ڕەنگە لەم ڕێگەیەوە کەسانێکی زۆر بێنە ناو چوارچێوەی ئیسلامەوە بۆ نموونە لە سەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیز خەڵکی زۆر بەرەو پیری ئیسلامەوە هاتن گوتیان جا ئەگەر خەڵکی وا بەلێشاو مسوڵمان ببن ئەی جزیە لە کێ وەربگرین، فەرمووی:

(نحن هداة لا جباة)(١) لەبەر ئەوەی ئەوان وەک هاونیشتمانی ئەرکیان هەیە پێویستە مافەکانیشیان بۆ دابین بکرێت.

ئەمڕۆ ئەوەی زۆر جێگای مشتومڕە لەناو کۆمەڵگادا ئەو پرسیارەیە کە ئایا تا چەند گونجاوە کەمینەیەک لەناو دەوڵەتێکی ئیسلامدا مومارەسەی دینی خۆی بکات؟

لە هیچ شوێنێکی قورئاندا نەهاتووە باس لەوە بکات زوڵمیان لێ بکرێت و بچەوسێندرێنەوە.

لە کاتێکدا ئەوان ناشیرینترین ڕەفتاریان بەرامبەر پێغەمبەر(د.خ) کردوە(أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَالَّذِينَ مِن بَعْدِهِمْ لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا اللَّهُ

جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَرَدُّوا أَيْدِيَهُمْ فِي أَفْوَاهِهِمْ وَقَالُوا إِنَّا كَفَرْنَا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ وَإِنَّا لَفِي شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَنَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ (ابراهيم ٩)

باشە، ئایا هەواڵی قەومە پێشووەکانتان پێ نەگەشتووە، قەومی (نوح و عاد و ثمود)، ئەوانەش کە لە دوای ئەوان هاتوون، تەنها خوا نەبێت کەس نازانێت چەندە بوون و چیان بەسەر هاتووە، ئەوانە فرستادەکانیان بە بەڵگەی زۆرەوە هاتن دووپاتیان دەکردەوە کە پێغەمبەری پەروەردگارن، کەچی خوا نەناسان یان بە دەستیان ئاماژەیان دەکرد بۆ پێغەمبەران کە بێدەنگ بن، یاخود دەستیان دەبرد بۆ دەمی خۆیان و (دەیانکردە فیکە و هۆسە و گاڵتەجاڕی) و دەیانوت: بێگومان ئێمە باوەڕمان بەم پەیام و بەرنامەیە نیە کە بە ئێوەدا ڕەوانە کراوە، بەڕاستی ئێمەش لە دوو دڵیەکدان کە خەڵکیش دەخاتە گومانەوە لەوەی کە ئێوە بەنگەوازی ئێمەی بۆ دەکەن.

زۆرناشیرینە دەست بە دەمی خەڵکەوە بگریت لە کاتێکدا داوای مافی خۆی بکات لەبەر ئەوەی ئیسلام بڕوای بە ئازادی پێکەوەژیان هەیە ئاساییە ئەو بڵێت من مەسیحیم یان یەهودیم یان بوزیم ئەمە سەرەتایترین مافە خودای گەورە بۆ خۆی دەفەرموێت:

أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ (الحج ٣٩)

مۆڵەت دراوە بەو ئیماندارانەی شەڕیان پێدەگێرن، کە بجەنگن و بەرهەڵستی بکەن چونکە بەڕاستی ستەم لێکراون، بێگومان خوا دەسەڵاتی هەیە کە سەریان بخات و سەرکەوتنیان پێببەخشێت...

الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ (الحج٤٠)

ئەوانەی کە بە ناحەق لە وڵاتیان دەربەدەر کران (تەنها تاوانیان ئەوەبوو) کە دەیانوت: پەروەردگارمان (أللە) یە، خۆ ئەگەر خوا خەڵکی نەدا بەیەکداو حەق دژی بەتاڵ نەوەستێت، هەرچی شوێنی خواپەرستی جوولەکە و گاور هەیە لە خەڵوەتگە و کڵێسا و کەنیسە، هەروەها مزگەوتانیش کە ناوی خوای زۆر تێدا دەبرێت، هەمووی کاول دەکرێت، سوێند بێت بێگومان خوا ئەو کەسە سەردەخات کە پشتگیری ئاین و بەرنامەکەی دەکات و هەواڵی سەرخستنی دەدات، بەڕاستی خوا زۆر بەهێز و باڵادەستە.

- یەکێکەی تر لە ئامانجەکانی دین پاراستنی پیرۆزییەکانی خەڵکە لە هەندێک نوسەر لە کتێبە ئاینییەکانیاندا ئاماژەیان بەوەکردوە کە ئەو شار و دەوڵەتانەی کە مسوڵمانان خۆیان دروستان کردوە ڕێگە پێدراو نیە پەرستگای دینەکانی تری تێدابێت، ئەم بیرکردنەوەیە هەڵەیە بەڵگەی ئایەت و حەدیست بۆ ئەمە چیە؟(٢)

پێغەمبەری خودا (د.خ) کە هاتووە جولەکەی لێ بووە، نەیگوت ئێوە چۆڵی بکەن بەجێی بهێڵن بۆ من، هات دەستوری لەگەڵ نوسینەوە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕێکخستن، عەمری کوڕی عاس کە چووە بۆ میسر هەرەمەکانی هەر لێ بوو بۆچی نەیڕوخاندو جەستەی فیرعەونەکانی فڕێنەدا؟، پێغەمبەری خودا (د.خ) بتەکانی لە دڵدا شکاند نەک لەسەر زەوی، کاتێک بت لە دڵدا شکا ڕاستەوخۆ بوونی لەسەر زەوی نامێنێت، سیانزە ساڵ لە مەکە بوو دەستکاری بتەکانی نەکرد(٣) لێرەدا شەڕی فکری و دینی زۆر گرنگە و ڕۆڵی گەورەی خۆی دەگێڕێت، کەمینەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئیسلامدا مافە تایبەتی و گشتی و ئیداریەکانیان پارێزراوە هەتا ڕێگە پێ دراوە لە حکومەتدا وەزارەتیان پێ بدرێت بەڵام وەزارەتە زۆر هەستیارەکان نا، چونکە پێویست ناکات، بۆ نموونە وەزارەتی ئەوقاف یان وەزارەتێکی دینی یان هەستیار بدرێت بە مەسیحییەک، پێدانی پۆست بە غەیرە دینە کەمینەکان لەناو پارتی ئیسلامی سیاسیدا ڕەنگە ڕێگە پێدراو نەبێت چونکە ئەوان سیاسەت دەکەن، نزیکەی چل ساڵ دەبێت ئیسلام گەرورەترین زەڕبەی خواردوە بە دەست پەیدابوونی بزوتنەوەی فکری دینی جۆراوجۆر لە جیاتی پەرەسەندن و بڵاوبونەوەی دین، دین بەرتەسک بۆتەوە بەدەست ئەمانەوە خەڵکیان پێ مسوڵمان نابێت و ناتوانن دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنن ئەوەی کێشەکەی قوڵتر کردۆتەوە دروست بوونی جەدەلی فکری دینی جیاوازە لە سەر ئەمە دژایەتی یەکتری دەکەن یەکتر تەکفیر کردن و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لە کونی

ژوورێدا ئەمە زیان لە دینی ئیسلام دەدات بەشێک لەوانەی پەرە بەم بزوتنەوە فکرییە هەڵەیە دەدەن لە ژێر سێبەر و ئاڵای وڵاتێکی ئەورووپیدا ئەم وتارانە دەدەن کە لەوێدا زینا یاسایە ڕیبا یاسایە نیکاحی محاریم یاسایە، هەرچی تاوان هەیە یاسایە لەژێر ئەم سێبەرەدا دەژیت پێی ئاساییە بەڵام مسوڵمانێک بەشداریەکی سیاسی پەرلەمانی یا حکومی دەکەیت بە مەبەستی چاکسازی ئەمە بەتۆ ڕەوا نابینێت.

پابەندیەکانی کەمینەکان وەکو هاونیشتمانی پێویستە پەیوەست بێت بە ئەرکەکانیەوە چۆن پێشتر باسمان کرد کە مافەکانی چین و دەبێت پێی بدرێت مادام مافی پێدەدرێت لە بەرامبەردا دەبێت ئەرکەکانیشی جێبەجێ بکات، چۆن مسوڵمان باج دەدات دەبێت ئەویش باج بدات نابێت جاسوسی بەسەر وڵاتەوە بکات و ئەمنی سیاسی و نیشتمانی بپارێزێت، نەبێتە بەشێک لە دووژمن و فەساد دروست نەکات.

ئەوان لە جیاتی زەکات دەبێت جزیيە بدەن وەک ڕێکارێک بۆ ئیلتزاماتێکی دینی و ملکەچی بۆ دەوڵەت و لەبەرامبەر پاراستنی گیان و ماڵیان لێیان وەردەگیرێت(٤).

ئەگەر بەنزیکی لێکچواندنێک بکەین جزیە وەک جنسیەی ئێستا بووە، چۆن هاوڵاتیەک دەچێتە وڵاتێکی ئەورووپی داوای جنسیە و ئیقامەی مانەوە دەکات.

پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت

(من قتل معاهدا لم يريح رائحة الجنة)(٥) هەرکەسێک کەسێکی معاهید بکوژێت بۆنی بەهەشت ناکات

ئەمڕۆهەندێک لە برا مسوڵمانەکان بنچینەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتان کردۆتە شەڕوهەرا ئەمە بۆ ڕوودەدات؟ چونکە بە هەڵە لە هەندێک دەق تێگەیشتوون قورئان دەفەرموێت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَىٰ أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (المائدة٥١)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکە و گاور مەکەنە یار و یاوەر و پشتیوانی خۆتان ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و پشتگیری یەکترن، ئەو کەسەی پشت بەوان ببەستێت، ئەوە هەر لەوانە و (حسابی ئەوانی بۆ دەکرێت) بەڕاستی خوا هیدایەتی قەومی ستەمکار نادات...

لێرەدا تۆ بێی تەنازول لە هەموو شتەکانی خۆت بکەی و بچیتە سەر ڕێچکەی ئەوان ئەمە هەڵەیە، بەڵام ڕێککەوتن لەسەر بنەما باشەکان لەگەڵ یەهود و نەسارا ڕێگەپێ دراوە وەک چۆن پێغەمبەر(د.خ) ئەنجامی داوە.

لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم

بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (المجادلة ٢٢)

کەسانێکت دەست ناکەوێت باوەڕ بهێنن بە خواو بە ڕۆژی دوایی، لە کاتێکدا کەسانێکیان خۆش بوێت کە دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەیان کردبێت، ئەگەرچی ئەو دوژمنانە باو و باپیریان بن یان نەوەیان بن یان برایان بن یان عەشیرەتیان بن، ئەوانەی کە بەو شێوەیەن (ئیمان و باوەڕیان لە هەموو کەسێک لا بە نرختر و پیرۆزترە)، خوا ئیمان و باوەڕی لە دڵیاندا چەسپاندووە و جێگیری کردووە و لە بەهرەو میهرەبانی تایبەتی خۆی، وە بە هێز و گیانێکی تایبەتی لە لایەن خۆیەوە (مەبەست قورئان و ئیمانە) پشتگیری کردوون و یارمەتی داون، سەرنجامیش دەیانخاتە باخەکانی بەهەشتەوە کە چەندەها ڕووبار بەژێر درەخت و کۆشکەکانیدا تێ دەپەڕێت، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی بە بڕاوەدا، ئەوانە خوا لێیان ڕازیە و ئەوانیش لە خوا ڕازین، ئا ئەوانە دەستەو تاقم و حزب و لایەنی خوای گەورەن، ئاگادارین کە بەڕاستی هەر لایەن و حزب و دەستە و تاقمی خوا سەرکەوتوو و سەرفرازن.

مسوڵمانان بەڕاستی مەبدەئی بوون ئەگەر دایک و باوکی داوایان لە کوڕەکەیان کردووە لە ئیسلام پەشیمان ببێتەوە پەشیمان نەبۆتەوە بە مەبدەئی کردویەتی.

عەبدوڵای بنی ابی صرح دووجار هەڵگەڕایەوە دواجار پێغەمبەر(د.خ) عەفوی کرد.(٦)

بەڵام کاتێک مسوڵمان دەبێتە مافیا سنوری بۆ دانراوە قورئان عەقوبەی بۆ داناوە :

إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَافٍ أَوْ يُنفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (المائدة ٣٣)

بێگومان پاداشتی ئەوانەی کە دەنجێگن و دوژمنایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن و بە گەرمی هەوڵ دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی فەساد و بەد ڕەوشتی لە زەویدا هەر ئەوەیە: (ئەوانەیان کە خەڵکیان کوشتووە) دەبێت بکوژرێن، (ئەوانەش کە خەڵکیان کوشتووە و جەردەییشیان کردووە) دەبێت لە خاچ بدرێن، (ئەوانەیان تەنها جەردەیی دەکەن) دەست و قاچێکیان بە پێچەوانەوە ببڕدرێت، (ئەوانەیان کە مەترسیان لێدەکرێت) ئەوە دوور بخرێنەوە لە وڵات، ئەو سزایە خەجاڵەتی و سەرشۆڕیە بۆیان لە دنیادا، لە قیامەتیشدا سزای سەخت و گەورەیان بۆ هەیە.

عمری کوڕی خەتاب ڕەزای لەسەر بێت جولەکەیەکی دیت سواڵی دەکرد پیر و بەسالاچووبوو وتی تۆ بۆ سواڵ دەکەی؟ گوتی تا گەنج بووم جزیەم داوە ئێستاش دەبێت سواڵ بکەم هیچم نیە.

عمر گوتی وەڵا لەگەڵت بێ ئەنساف نابم بڕیاریدا هەرچی وەک ئەو کەسە وابێت دەبێت هەق و مووچەی بۆ ببڕێتەوە.(٧)

پەراوێزەکانی بەرنامەی شازدەهەم:

(١)ئەم گوتە پاڵدراوەتە لای خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب.

(٢)ئەم ڕێکارانە پشت بەو مەرجانە دەبەسنن کە ئیبن قەیم ناوی ناون مەرجەکانی عومەر بۆ ئەهلی زیممە بەڵام ئەو گێڕدرووە لاوازە

ضعف الألباني إسناد الشروط العمرية في الإرواء الغليل (٥\ ١٠٣)

(٣)تەنانەت کە مسوڵمانەکان لەساڵی حەوتەمی کۆچی هاتن عەمرەی قەزایان بەجێ هێناو سێ ڕۆژ کافرەکانی مەکە مەکەیان بۆ چۆڵ کردن و پەیامبەرعلیه السلام لەگەڵ هەزار و پێنج سەد لە بە سدارانی حودەیبیە و چەندکەسی گەڕاوە لە حەبەشە لە جەعفەر و هاوەڵانی تەوافی کەعبە و سەفا و مەڕوەو نوێژیان کردوە لە لای کەعبەیەک کە هەموو دەور و پشتی بت و سەنەم بووە، بتەکانی ئەساف و نائیلە لەسەر سەفاومەڕوا بوون، بتی هوبەل لەناو کەعبەدا بوو کە پەیامبەر و موسڵمانان تەوافیان بەدەورەدادەکردو للّدەوری دەسوڕانەوە.کەسیان هیچ بت وسەنەمێکیان نەشکاند.

بەڵام ئەم ڕوداوە بۆ کافرەکانی دەرخست کە ئەم بتانە هیچ کاریگەری و دەسەڵاتێکیان نیە، ئەوە تا هیچ زیانێکیان بەو مسوڵمانانە نەگەیاند، هەر ئەوەبوو هەیبەتی بتەکانی لە دارونی کافرەکاندا شکاند و دوای ساڵێک لە عەمرەی قەزا لە

ساڵی هەشتەمی کۆچی مەکە فەتح کراو بت و بتخانەی تەفر و نوناکرا و زۆربەی بتەکان یان سەرانی قوڕەیش و خێڵەکان خۆیان شکاندیانن یان خالدی کوڕی وەلید و ئەبوسوفیان کە ساڵێک لوەوپێش بت پەرست بوون شکاندیانن.

(٤)وەک بە دەلی خزمەتی سەربازی و بەرپرسیارێتی لەبەرامبەر پووراستنی خۆیان و ئازادی دینداری و چالاکی کۆملایەتی و بازرگانی لێیان وەردەگیرێ، چونکە ئەبوعوبەیدە کاتێ نەی توانی لە هێرشێکی ڕۆمەکان شارێک بپارێزێ، جزیەکڵی بۆ گێڕانا و لە شارەکەش چوە دەرەوا و چۆڵیکرد.

(٥)مَن قَتَلَ نَفْسًا مُعاهَدًا لَمْ يَرِحْ رائِحَةَ الجَنَّةِ، وإنَّ رِيحَها لَيُوجَدُ مِن مَسِيرَةِ أرْبَعِينَ عامًا.

الراوي : عبدالله بن عمرو ا المحدث : البخاري ا المصدر : صحيح البخاري ا الصفحة أو الرقم : ٦٩١٤ ا خلاصة حكم المحدث : [صحيح] ا التخريج : من أفراد البخاري على مسلم

(٦)روى النسائي (٤٠٦٩) وأبو داود (٤٣٥٨) عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ : كَانَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ سَعْدِ بْنِ أَبِي سَرْحٍ يَكْتُبُ لِرَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم فَأَزَلَّهُ الشَّيْطَانُ فَلَحِقَ بِالْكُفَّارِ فَأَمَرَ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم أَنْ يُقْتَلَ يَوْمَ الْفَتْحِ فَاسْتَجَارَ لَهُ عُثْمَانُ بْنُ عَفَّانَ فَأَجَارَهُ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم "حسَّنه الألباني في "صحيح النسائي"

(٧)رواه غير واحد من أهل العلم ـ منهم أبو عبيد القاسم بن سلام في كتاب الأموال، وابن زنجويه في كتاب الأموال ـ وتناقله كثير من أهل العلم ـ منهم الإمام السيوطي في جامع الأحاديث، وابن القيم في أحكام أهل الذمة وصاحب كنز العمال ـ ولم نقف على من تكلم في سنده من أهل العلم، لكن ذكر هؤلاء العلماء المحققين له واستشهادهم به وبناء الأحكام عليه يدل على أن له أصلا صحيحا.

زۆرێک لە زانایان ئەم گێڕدراوەوگێڕدراوەی دیکەشیان کردۆتە بەڵگە بۆ ئەوە کە عومەر یەکەم کەس بووە موچەی خانەنشینی بۆ پەک کوتە و بەساڵاچوان و خاوەن پێداویستی تایبەت و بیمەی بۆ بێکاران داناوە..

١٧- بەرنامەی حەڤدەهەم:

ئیسلام و حوکمڕانی:

مسوڵمانە کەمینەکان لەناو وڵاتانی غەیرە ئیسلامیدا:

"هەریەک لە بوخێتی موتیعی لە تەکمیلەی مەجموعی نەوەوی لە شەرحی موهەزەبی شیرازی و عبدالقادرعۆدە لە تەشریعی جینائی لە ئیسلامدا دەڵێن دروستە جالیەی ئیسلامی جزیە بدەنە حکومەتە هیندۆسی وبوزی و بێدینەکان بەرامبەرئەوەی بهێڵرێ مسوڵمانان لەو وڵاتانە مزگەوت و قوتابخانە و حوجرەی سەربەخۆ و شوێنی بازاڕ و سەربڕین و دابینکردنی پێداویستی شەرعی خۆیان هەبێ و لەخزمەتی سەربازی و بۆنەی تری ئەو وڵانانە چاوپۆشیان لێ بکرێ کە بەشداری نەکەن..

مرۆڤایەتی هەروا ژیاوە ئەگە ر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی میسرچۆن قبتیەکان هەبوونە لە پاڵیشیدا بەنوئیسڕائیلیەکان هەبوونە بەڵام چەوساوەیان گەیشتۆتە لوتکە لەناو دەوڵەتی ڕۆم و فارسدا کەمینە هەبوونە بەڵام لەگەڵ هاتنی ئیسلام ماجەرای مێژوو گۆڕا، بابەتی پێکەوەژیان هاتە ئاراوە وەک مرۆڤ.

وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا (الاسراء ٧٠)

سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووەو بەسەر وشکانی و دەریادا (بە جۆرەها هۆکاری گواستنەوە) هەڵمان گرتوون و لە ڕزق و ڕۆزی پوخت و چاکی جۆراو جۆر بەهرەوەرمان کردوون (لە خۆراك و پۆشاك و ماڵ و ناوماڵ و.. هتد) بەڕاستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدی هێنراوانەدا کە دروستمان کردوون (لە هەموو ڕوویەکەوە، تا قەدرو ڕێزی خۆیان بزانن).

لەسەر ئەو بنچینەیە مامەڵە دەکرێت، کاتێک پێغەمبەر(د.خ) هاتە مەدینە وەک دین کەمینە و ئەقەلییە بوو لەوپەڕی چەوسانەوەدا بوو لەم دۆخەشدابوو کەچێ بەرامبەرەکانی نەسڕیەوە هات ڕێککەوتنامەی لەگەڵ مۆر کردن بۆیە گرنگە ئەم بابەتە لە ڕووی قانونی و مافی مرۆڤ و سیاسیەوە بارزبکرێت دیراسەی زۆری لەسەر بکرێت(١) لە ئێستادا ٣٥٪ ی مسوڵمانان کەمینەن لە جیهاندا(٢) ئەگەر چاو بخشێنینەوە بەسەر مێژووی مسوڵمانان لە کەمینەبوونیاندا بزانین چۆن بە درێژایی مێژوو لە گەڵیاندا مامەڵەکراوە ئەم بابەتە گرنگە ئەگەر یەکێک لە دەوڵەتە گەورەکان لە ڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە وەربگرین بۆ نموونە هیندستان کە ژمارەی دانیشتوانی لە یەک ملیارد و سێ سەد ملیۆن تێپەڕی کردووە ڕێژەی مسوڵمانان ١٤٪ ئاینی ئەو وڵاتە پێک دەهێنن کە دەکاتە ١٧٢ملیۆن، کەمتر لە١٪ماف و ئیمتیازاتیان پێ دەدرێت لە ڕووی ئیداری و بەڕێوەبردنی وڵات، پێش ئینگلیز و دوای

ئینگلیزیش کارێکی خراپ بە مسوڵمانان کرا بەتایبەت لە لایەن هیندۆسەکانەوە، لە لایەکی ترلە کشیمر خراپتر بە لێدان و سوتاندنی مسوڵمانان و مزگەوت دەچەوسێندرێنەوە، ئەگەر سەیری سین بکەین ڕێژەی مسوڵمان ١١٪ یە باس لەوە دەکرێت لەم چەند ساڵەی دوایدا دوو ملیۆن مرۆڤ خزێندراوەتە گرتوخانەکان، بۆت نیە حیجاب بکەی، بۆت نیە بەڕۆژوو بیت و ڕێشت هەبێت، لە سین فەزاحەتێکی گەورە زوڵم و ستەمێکی گەورە دەرهەق بە مسوڵمانان دەکرێت، لە کاتێک ئەوان شانازی بە پێشکەوتنەوە دەکەن، لە ڕووسیا مسوڵمان ١٥٪ ئاینی ئەو وڵاتە پێک دەهێنن زورینەیان ئەرسەدۆکیسن بە هەر حاڵ کەمێک دۆخە لەوێدا ئاسای تر بەڵام وەک هاوڵاتیەکی ئەو وڵاتە ماف و ئیمتیازاتی نیە، لە ئەفریقا ڕێژەی مسوڵمانان لە ٤ملیۆن زیاترە کەچی کۆچی بەزۆر کوشتن لەناوبردن لێدان و هەڵکوتانە سەر مسوڵمانان بەردەوامە، ٦ملیۆن مسوڵمان لە وڵاتی فلیپین دەژین بەڵام حاڵی مسوڵمانان لەوپەڕی خراپ دایە حکومەت پاڵپشتی هێزی چەکدار دەکات بۆ لەناوبردنیان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دینیدا ئەمە ڕووەدات، سەیری سڕبیا و میانمار بکەین خراپتر ڕووەدات کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە مسوڵمانان دەکرێت، بە بەرچاوی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ و نەتەوەیەکگرتوەکان ڕۆژانە مسوڵمانان زیندەبەچاڵ دەکرێن، دەسوتێندرێن بە دڕندانەترین شێوە شەهید دەکرێن هەتا ڕێگە بە منداڵ بوونیان نادرێت، شەڕی خواردن و برسی کردنیان بەرامبەر دەکرێت، تا کۆچ بکەن، چیرۆکە تراژیدییەکان لە کۆتا نایەن، ڕۆژانە لە سۆشیاڵ

میدیا و تەلەفزیۆنەکان بڵاوەکرێنەوە، ئەم دۆخە لە چەند وڵاتانی ئەورووپی جیاوازترە و بەو شێوە دڕندانە ڕێگری لە دین و مسوڵمانان ناکرێت، کاتێک عمری کوڕی خەتاب فتحی قودسی کرد ئامادە نەبوو نوێژ لە کەنیسەدا بکات گوتی نەکا مەسیحیەکان بڵێن کەنیسەی داگیر کردوە، گوتی کێ دەمێنێتەوە لە مەسیحیەکان ئازادە و دین و کەنیسەهی خۆیەتی.(٣)، ئەبوو عوبەیدە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرابوو چەند ناوچەیەک بپارێزێت لە دەستەڵاتی ڕۆمەکان کاتێک ڕۆمەکان هێرشیان کرد مەسیحیەکان وتیان بمان پارێزە هەموو ئەو جزیانەی لێیان وەرگیرابوو بۆیان گەڕێندرایەوە ئەوانیش وتیان جزیە وەرگرتنی ئێوەمان پێ خۆشترە لەوەی ڕۆم حکومەمان بکات(٤).،

لە سەردەمی عمری کوڕی عەبولعەزیز کە مسوڵمانان چونە وڵاتێک بەبێ ئەوەی ئاگاداریان بکەنەوە ئەوانیش سکاڵایان تۆمارکرد مسوڵمانان دۆڕاندیان بڕیاردرا قەرەبووی زیانە مادیی و گیانیەکانیان بۆ بکرێتەوە ئەمەوای کرد شارەکە هەمووی مسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند(٥).

، ناکرێت بڵێن کە لە کاتی جەنگدا هیچ شتێکی خراپ ڕووی نەداوە، چونکە جەنگ بووە، خەلیفەی وا هەبووە باش بووە، هەبووە لە سەردەمی ئەودا شتی خراپ ڕوویداوە ، بەڵام لە گشتیدا کەمینەکان لەناو زۆرینەی مسڵمانانداپارێزراو و مافیان پێ دراوە.

بە پێچەوانەوە کەمینە مسوڵمانەکان لەناو زۆرینەی غیرە مسوڵمان پارێزراو نەبوونە و مافیان خوراوە و چەوسێندراونەتەوە.

ئەمڕۆ لەناو جیهانی ئیسلامیدا نەک کەمینە مسوڵمانەکان مافەکانیان پارێزراونیە بەڵکو زۆرینە مسوڵمانەکان لەناو وڵاتێکدا کە سەرکردەکانیان عەلمانین ناهێڵن زۆرینە مسوڵمان بحەسێنەوە، ناهێڵن زۆرینە مسوڵمان بە ئازادی بسوڕێنەوە ناهێڵن بە ئازادی دەنگ بدەن ناهێڵن بە ئازادی دینداری ڕاستەقینە بکەن بە دەستی ئەوان بە بڕیاری ئەوان مسوڵمان دەکوژرێت دەچەوسێندرێتەوە بە گشتی مسوڵمانان چ لەوڵاتانی عەلمانی یان بەناو ئیسلامی کەمینە بووبن یان زۆرینە هەر غەدریان لێ کراوە مافی خۆیان پێ نەدراوە، لە ئەمڕۆدا مسوڵمانان وڵاتانی خۆیان جێ دەهێڵن کۆچ دەکەن بەرەو وڵاتانی ئەورووپا.

یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە بە ئامانج خەڵک هەژار دەکەن، گەندەڵی پەرەپێ دەدەن، خەڵک بێ هیوا دەکەن، جەور و ستەم ئەنجام دەدەن تا مسوڵمان لە چنگ ئەو دۆخە خراپە ڕابکات ئەمە کاری مسوڵمانی عەلمانی ستەمکارە.

لێرەدا مسوڵمان بە پلەی یەکەم تاوانبارن پاشان سەرکردەکان، ئەوە مسوڵمانانن دین و وڵات و قەوارەی خۆمان خۆش ناوێت و شانازی پێوەناکەین و بەرگری لێ ناکەین، جوان وێنای ناکەین، ئەوە ئێمەین ڕازین بە پەرتەوازەیی و پاشکۆیی، لە هەمان کاتدا دوژمن رۆژ بەڕۆژە دەمارگیری و پلانی بەهێزتری هەیە دژ بە گەلانی

مسوڵمان، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆژئاواو وڵاتانی ئەوروپا هەر ترسی خۆیان هەیە لە مسوڵمانان، ئەوان بە پلەی یەکەم ترسیان هەیە لە (ئاین ،عەقڵ ، ڕوح، واقع، پێشکەوتن، کرانەوە) چونکە دەزانن دین لەگەڵ ئەمانە چەندە گونجاوە هەر تاکێک لە ئەوان دیراسە و مومارەسەی یەکێک لە ئەمانە بکات قبوڵی دینی ئیسلام دەکات، تاکێکی ڕۆژئاوایی یەک سەعات دینی ئیسلامی بە جوانی بۆ ڕوون بکەوە ئیسلام دەبێت.

ئەوروپیەکان ترسیان لە هەستانەوەیەکی گەورەی گەلی ئیسلام هەیە، چونکە ئێستا گەلانی ئیسلام هەم لە ڕۆژئاوا بێزارن هەم لە سەرکردەکانی خۆیان بێ زارن، هەر ڕۆژێک دەرفەتێک هەبێت ئەم هەستانەوەیە ڕووەدات، ئەگەر بەهاری عەرەبی بەردەوامی هەبوایە گۆڕانکار یەکی گەورە لە لادانی سەرکردە خۆسەپێنەکان بەدی دەهێنا، بۆیە ترسەکەیان بە پلەی یەکەم لە ئیسلامە، دووەم ترسیان لەو هێزە نوستووە هەیە لەبەر ئەوەی کەرەستەکان لەبەر دەستن وەک: "جوگرافیا ، دین، مێژوو، شارستانیەت، ئابوری، ئاپۆڕای خەڵک..... تەنها قیادە و کاریزمانییە.

نایەکسانییەکان زۆرن لە جۆری مامەڵە لە نێوان مسوڵمانان لەگەڵ کەمینەکانی تردا، وە بە پێچەوانەوە مامەڵەی ئەوان لەگەڵ کەمینەی مسوڵمانان.

ئەگەر دۆخی ئەمڕۆ بەراوردبکەین لەگەڵ دەوەڵەتی مەدینە جیاوازییەکان زۆر زۆرن، نەک وڵاتانی غەیرە دین، بگرە ئەو وڵاتانەی خۆیان بە دەوڵەتێکی ئیسلامی

دەزانن و دەستوریشیان ئیسلامیە نەیان توانیوە مافی مسوڵمانان وەک پێویست دابین بکەن.

وڵاتی ئیسلامی هەیە ئابورییان زۆر بەهێزە وەک کوەیت، قەتەر، تورکیا، ئێران....بەڵام هێشتا وەک پێویست لە خەمی مسوڵمانانی ژێر دەستە نین، ئەگەر باسی کوردستانی خۆمان بکەین هەمان شێوەیە، ئەگەر سەیر بکەی خاکەکەی چەندە دەوڵمەندە بە نەوت و غاز و مادە کانزاییەکان ؟ چ داهاتێکی زۆری هەیە؟، کەچی پڕە لە گەندەڵی و ڕێگرتن لە پێش کەوتن ! تا وەک ئەو وڵاتانەی ناوم هێنان لە پێشکەوتن نەگەین بە ئەوان.

جارێکیان سەرۆکی یەکێک لە حزبەکانم بینی قسەم لەگەڵ کرد باسی لەوە کرد قسەیان لەگەڵ کۆمپانیای بیانی کردووە تا ژینگەی هەرێم بپارێزێت بە جۆرێک پاشماوەکان لە یەکتر جیابکاتەوە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوە، ڕیسایکلین ئەنجام بدات لە بەرامبەردا لە جیاتی پارەی بدەنی پارەشیان دەداتێ، بەڵام وازی لێ هێناوە چونکە بەرپرسێک مەرجی ئەوەی داناوە کە دەبێت پشکی هەبێت !!

بۆیە ئەم دەستەڵاتەی ئێستا هەیە هەمووی دەستەڵاتی پشک پشکێنەیە.

ئەمە وایکردوە هەلی کار کەم بێتەوە وخەڵکی کۆچ بکات.

کۆچ کردن کۆمەڵێک هۆکاری هەیە:

- کۆچی ناچاری هەیە وەک چۆن مسوڵمانان کۆچیان کرد بۆ حەبەشە .

- کۆچ بە هۆکاری بانگخوازی هەیە.

- کۆچ بە هۆکاری بازرگانی هەیە.

- کۆچ بە هۆکاری چارەسەری نەخۆشی هەیە.

-کۆچ بۆ خوێندن هەیە.

چەندین هۆکاری ترهەن دواجار بە هەر هۆکارێک بێت کۆچ کردن بۆ وڵاتانی غەیرە دین بەس بە هۆکاری ناشەرعی نەبێت هیچ ڕێگرییەک نیە تا کۆچ نەکەی بۆ وڵاتانی نائیسلامی، چونکە ئەمڕۆ بچیتە هەر وڵاتێکی جیهان بە هۆی ئەو تێکەڵاویەی کە هەیە، بانگەوازهەیە، دین هەیە، مزگەوت هەیە، مەرکەزی ئیسلامی هەیە، قانون و ماف هەیە، دەتوانی دینداری خۆت بکەی و ئاگاداری دین و ئەخلاقی خۆت ببیت، کۆچ لەبەر هۆکاری زوڵم و زۆرداری و سیاسەتێکی فاسدوگەندەڵ ئاساییە لەبەر ئەوەی کۆچ بۆ دوو شوێن دەکرێت یان بۆ وڵاتی مسوڵمانان یان بۆ وڵاتی ئەمان و ئاسایش وکەرامەتت پارێزراوبێ، بۆیە مسوڵمانان کۆچیان کرد بۆ حەبەشە لەبەر ئەوەی لەوێ ژیان و گیانیان پارێزراو بوو.

کە مسوڵمان چونە ئەوێش پێویستە ڕێز لە قانونیان لە دینیان لە کەلتوریان بگرن، نەبیتە مەترسی لەسەر ئەمنیەتی ناوخۆو و دەرەوەیان، دەبێ ژینگەی ئەوێ وەک بە دیلی ئیسلام وەرنەگرێت چونکە لە ناچاریان کۆچی کردووە(٦).

پەراوێزەکانی بەرنامەی حەڤدەهەم:

(١)ئەو بابەتەم لە ڕێخۆشکردن دا باسکردوە، بێگومان وەک مامۆستا ئاماژەی پێکردوە پێویستە ئەو بابەتە زیاتر زەق بکرێتەوە و تۆێژینەوەی زیاتری لەسەر بکرێ.

(٢)هەر یەک لە بوخێتی موتیعی لە تەکمیلەی مەجموعی نەوەوی لە شەرحی موهەزەبی شیرازی و عبدالقادرعۆدە لە تەشریعی جینائی لە ئیسلامدا دەڵێن دروستە جالیەی ئیسلامی جزیە بدەنە حکومەتە هیندۆسی و بوزی و بێدینەکان بەرامبەرئەوەی بهێڵرێ مسوڵمانان لەو وڵاتانە مزگەوت و قوتابخانە و حوجرەی سەربەخۆ و شوێنی بازاڕ و سەربڕین و دابینکردنی پێداویستی شەرعی خۆیان هەبێ و لە خزمەتی سەربازی و بۆنەی تری ئەو وڵانانە چاوپۆشیان لێ بکرێ کە بەشداری نەکەن..

(٣)أورد ابن كثير في البداية والنهاية .. فقد ذكرت كتب التاريخ أن عمر رضي الله عنه امتنع عن الصلاة في الكنيسة حتى لا يسلبها المسلمون من الرهبان بحجة صلاة عمر فيها.

وهناك روايات اخرى انه صلى فيها تحية المسجد.

(٤) سەیری ئەم سەرچاوانە بکە بۆئەوڕوداوە:

- غير المسلمين في المجتمع الإسلامي ص: ٣١- ٣٥

و الخراج؛ لأبي يوسف، ص: ١٣٩ ، وفتوح البلدان؛ للإمام أبي الحسن البلاذري، ص: ١٣٧، ١٤٣ والدعوة إلى الإسلام، توماس أرنولد ص: ٥٣، ٥٤.

(٥) ئەم چیرۆکە هەندێک نوسەر بۆ فەتحی شاری سەمەرقەند باسیان کردوە، بەڵام پێ ناچێ ڕاست بێ، چونکە ئەو سەرکردەی ئەوان باسی دەکەن قوتەیبەی باهلیە و خەلیفەکەش عومەری کوڕی عبدالعزیزە، بەڵام قوتەیبە لە ساڵی٩٦ک مردوە پێش ئەوەی عومەر بێتە خەلیفە، وە سەمەرقەندیش لە ساڵی٩٣ک فەتح کراوە.

(٦) ئەمڕۆ بیرۆکەی حوکمڕانی ڕەشید لە ڕۆژئاواوە خۆری هاڵاتووە، چونکە ئێستائەوان خاوەنی هێز و نەخشە و پلان و بڕیاری جیهانن، بۆیە ئەوان بە دەستێک بەرهەم و بەدەستەکەی تر بیرۆکە و دیزاینەری خۆیان بەسەر دامەزراوەکانی جیهاندا دەسەپێنن، ئەم تەوژمە سنوربڕە و بازدەرە بەسەر کیشوەرەکان و ژیار و دینەکاندا چاودێری تایبەتماندی هیچ سیستەمێکی پارێزکاری کروشمە هەڵاتوو لە شیو و دۆڵێکی ئەم جیهانەدا ناکا، بە بیانوی ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگایانە هێشتا کاڵن و پێنەگەیون و جارێ بێتزای دیموکراتیەت و هەمبەرگری لیبڕاڵیزمیان پێ هەرس ناکرێ، ئەم پاساوانە ڕۆژیان بەسەرچوو، ڕۆژئاوا دەڵێ ببە بازاڕی من و لێشاوی بەرهەمەکانم لە باوەش گرەو پاشان داوای مافی خۆشت بەوسیستەمەومیکانیزمەی داماوە داوای مافەکانت بکە. کە بە دروشمی وەرگرەوداوابکە=Take and demand کورتیان کردۆتەوە.

پێدەچێ ئەمەش دروشمێکی تری ڕۆژئاوابێ و وەک دروشمەکۆنەکەی پەرتکەوزاڵ بە ماوەیەک بەم دروشمەش ببنەشوان و سەرکێشمان.

ئەم سیاسەتی مەرجدارە، بەو مەرجەدەرگاکانی قەرز و کاڵاو وە بەرهێنان بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم دەکاتەوە بەو مەرجەی ئەوانیش هەموو دەرگادا خراوەکان بکەنەوە بەڕویانداو کۆڵانە تەسکەکان فراوان بکەن.

وەک ئەوان ڕوو لە تایبەتکردنی هەموو کەرتەکان و ڕێدان بەفرەحیزبی و هەڵبژاردن لەکاتی خۆی و دژایەتی گەندەڵی و بێکاری و چارەسەری کێشەکانی وابەستە بە مافەکان بکەن.

واتە کە لە سەردەمی عوسمانی و پاشایەتیدا ڕۆژئاوایەکان مافی کریستیان و جولەکە و هەندێ بابەتی تریان کرد بێتە ئەسپی تەڕوادە و بیانوی دەست تێوەردان لەو ڵاتان، ئێستابە بیانووی پاراستنی مافی کچەکان و ژنەکان و منااڵەکان و بێکارەکان و هەموو هاوڵاتیەکان دێن و دست تێوەردان دەکەن و زۆربەی جەماوەریش چەپڵەیان بۆ لێ دەدا..

هەندێ لە هێڵە سەرەکیەکانی حوکمڕانی ڕاشد لێرە و لە ڕۆژئاواش، لە فاتیکان و لە مەدینەش هەر هەمان پێوەرن.

وەکو دادگەری، گێڕانەوەی ماف بۆ ماف لێ زەوت کراوەکان و بەشداری هاوڵاتی لە چاکسازی سیاسی فەرمانڕەوا تا حکومەت توشی لادان نەبێ، ئازادیەکان بەکردەیی بونیان هەبێ نەک بۆ تەنفیس بن، یەکسانی هەبێ، داهات وەک لێشاوڕوو لە هەندێ ماڵ نەکا کە لە بەر سەرمایەی زۆرهەڵاوسان دروست کاو هەندێک ماڵیش قەترەیان بۆ نەچێ، واتە قڕی و پڕی نەمێنێ..

هەموو ئەمانە کاتی خۆی لە هەندێ قۆناغەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ڕەچاودەکرا، کەچی ئەمڕۆ ڕۆژئاوا شەڕی سەپاندنی دەکا بەسەر جیهانی ئیسلامیدا، مسوڵمانەکان زۆربەیان وەک پیلان و

بەدڕدۆنگی بۆ ڕۆژئاوا دەڕوانن، دەسەڵاتدارە گەندەڵەکانی جیهانی ئیسلامیش ئەم ئاڕاستەیان بە دڵەوتا پێیان بکرێ خەڵکی بەرامبەر هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بەدگومان دەکەن.

وەک بڵێی عەدالەت و ماف و یەکسانی مادام لای کافرانەوە بێ ئێمە دەبێ ڕەواج بەستەم و زۆرداری بدەین.

ئەی کاتی ئەوەنە هاتووە کە کۆمەڵگای ئیسلامی بە حوکمڕان و کۆمەڵگاوە، بە ئۆپۆزسیۆن و دەوڵەتەوە هەموومان ئەو بەهایانە جارێکی تر لە ماڵەکەی خۆمان و بۆ ماڵەکانی تریش هاور دەبکەین، لە جیاتی ترس و لێوەلەر زەلێهاتن ئێمەش دەست پێشخەری بکەین ؟؟!!

ئەدی ئیسلام نەبوو کە دەرونەکانی لەسەر زوهد و تەزکیە ڕاهێنان و داوێن و زمان و دڵەکانی پڕکردن لە خۆشەویستی و پاکی و باشی و دەستەکانی ڕۆشنکردن و هەنگاوەکانی بە گوڕکردن؟؟!!

دەبێ مسوڵمانان بوێرانە بێنە مەیدان و بزانن مسوڵمانانی پێشین هەر لە پێشەواکەیانەوە تا خەلیفەکانی هەر داهێنان و نوێبونەوە و پەرەسەندنێک هەبووبێ ئەوان وەریان گرتوە و لەگەڵ بنەماکانی دین گونجاندویانە، دەبێ، ئەوانیش بەسەر دەوڵەتی حاکم و کاریزماو کەسایەتی و بنەماڵەدابازدەن و گرنگی بەداوڵەتیی دامەزراو و دەزگاو مکانیزم و میتۆد و خزمەتگوزاری بدەن، باهەرسەیری ئەوە نەکەن، ئەو حاکم و حزبە نەتەوەوزمان و دینی چیە؟ با سەیری ئەوە بکەن چیان دەداتێ و چیان بۆ دەکاو نەخشەی داهاتوی بۆ خۆیان و منالەکانیان چیە؟

١٨- بەرنامەی هەژدەهەم:

ئیسلام و حوکمڕانی:

پێناسەی تاغوت و جۆرەکانی بێ زیادەڕەوی:

وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ ﴾ [إبراهيم: ٤٢

((اتَّقُوا الظُّلْمَ، فإنَّ الظُّلْمَ ظُلُماتٌ يومَ القِيامَةِ..

وَدَعْوَةُ الْمَظْلُومِ يَرْفَعُهَا فَوْقَ الْغَمَامِ، وَتُفَتَّحُ لَهَا أَبْوَابُ السَّمَاءِ، وَيَقُولُ الرَّبُّ عَزَّ وَجَلَّ: وَعِزَّتِي لأَنْصُرَنَّكِ وَلَوْ بَعْدَ حِينٍ))

تاغوت (زۆردار)

بابەتی تاغوت هەم پەیوەستە بە بواری عەقیدە هەم بە بواری ئیدارە و سیاسەت و پێکەوەژیان، بۆیە گرنگە ئێمە لەو چەمکە تێ بگەین زۆرێک لە خڵک بە هۆکاری هەڵەتێگەشتن بە کەمتەرخەمی یان زیادەڕەوی لە چەمکەکە توشی گرفت دەبنەوە یان ئەوەتا بە هۆکاری زیادەڕەیی تەکفیرکردنی کۆمەڵگا لێ دەکەوێتەوە یان توشی شل ڕەوی کۆمەڵگاو ڕازی بوون بە هەموو شتێکی لێ دەکەوێتەوە هیچ هێڵێکی سور ناهێڵێتەوە کە ئەمەش ڕاست نیە.

ئەگەر تەماشا بکەین تاغوت واتە تێپەڕاندن و تەجاوز کردن خودا دەفەرموێت "

إِنَّا لَمَّا طَغَى الْمَاءُ حَمَلْنَاكُمْ فِي الْجَارِيَةِ (الحاقة ١١)

بەڕاستی ئێمە کاتێك ئاو لە سنوور دەرچوو (لە کاتی تۆفانەکەی نوح دا) ئێوەمان لە کەشتیدا هەڵگرت (باو و باپیرانی ئێوە).

لە کاتێکدا ئاوەکە لە سنوری خۆی تێپەڕی خودا دەفەرموێت ئاوەکە نوغیانی کرد.

خودا لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت "

كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَىٰ (العلق ٦)

نەخێر (لەگەڵ ئەو هەموو چاکە و ڕێزەدا کە خوا بە خشیویەتی بە ئینسان) بەڕاستی خەڵکی سەرکەشی دەکەن، یاخی دەبن، ستەم دەکەن.

مرۆڤ تێپەڕاندن دەکات زیادەڕەوی دەکات ناتوانێت تەوازن ڕابوەستێت کاتێک بەشێک لە مرۆڤەکان خۆی بە تێر و دەستەڵاتدار زانی سنورەکان دەبەزێنێت، لەبەر ئەوە قانون دانان و سنورکێشان بۆ بابەتەکان و ژیان گرنگە.

تاغوت لە ڕوی چەمکەوە وەک ئیبن قەیم دەفەرموێت" کل ما تجاوزه به عبدحده " هەرچی سنورێک کە مرۆڤ بی پەڕێنێت پێی دەڵێن طغیان(١) .

بەو مانەیە لە بەشێک لە ئایەتەکان هاتووە خودا دەفەرموێت"

اذْهَبَا إِلَىٰ فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَىٰ (طه ٤٣)

هەردووکتان بچن بۆ لای فیرعەون، چونکە بەڕاستی ئەو لە سنوور دەرچووە و لە مەرزی بەندایەتی ترازاوە..

ئەی موسا بڕۆ بۆ لای فیرعەون کە فیرعەون تێ پەڕاندنی کردوە تێ پەڕاندنەکەی گەیشتە ئەو ئاستەی بە خەڵک بڵێت " نەمزانیوە جگە لە من پەرستراوێکی ترتان هەبێت ئەمە ئەو پەڕی تەجاوزە خودا دەفەرموێت "

وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ

(النحل٣٦)

سوێند بە خوا بێگومان ئێمە لە ناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانەکردووە و پێیان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێت: تەنها خوا بپەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر، جا هەبوو لەو خەڵکە (کە بیر و هۆش و ژیری خۆی خستەکار و بە شوێن ڕاستیدا دەگەڕا) خوایش هیدایەتی دەدا، هەشیان بوو خۆی شایستەی گومڕایی دەکرد و بە سەریدا دەچەسپا، کەوابوو بگەڕێن بەسەر زەویدا و سەرنج بدەن، بزانن چۆن بوو سەرەنجامی ئەو کەسانەی بڕوایان بە بەرنامەی ئێمە نەبوو.

کەواتە لە بەرامبەر یەکتاپەرستی و ناسینی خودا و دینی خودا تاغوتێک هەیە کە مل بۆ ئەمانە کەچ ناکات دژیان دەوەستێتەوە خودا دەفەرموێت"

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا (النساء٦٠)

ئایا نەتڕوانیووەتە ئەو (دووروانەی) لافی ئەوە لێ دەدەن گوایە بەڕاستی باوەڕیان هێناوە بەوەی کە بۆ تۆ ڕەوانەکراوە و بەوەش کە پێش تۆ ڕەوانەکراوە (بۆ پێغەمبەران)! کەچی دەیانەوێت ڕووبکەنە زۆردار و جادووگەر و خوانەناسان تا دادوەریان لە نێواندا بکەن و چارەسەری کێشەکانیان بکەن، لە کاتێکدا بە ڕاستی فەرمانیان پێدراوە کە باوەڕیان بە (تاغوت) نەبێت، شەیتانیش دەیەوێت گومڕایان بکات بە گومڕاییەکی دوور و بێ سنوور.

جولەکەکە ڕازی بوو بێتە بەر باری پێغەمبەری خودا(د.خ) بەڵام مونافیقەکە ڕازی نەبوو، کەواتە ئەوانەی ڕازی نەبوون بە حاکمایەتی پێغەمبەری خودا(د.خ) کەواتە ئەمانە طاغوتن.

کەواتە لێرەدا تاغوت بریتییە لەوەی کە تۆ دژی پێغەمبەری خودا(د.خ) کەسێکی تر ببێتە حاکم هەروەک خودا دەفەرموێت:

فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا (النساء٦٥)

نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕووەدا لە نێوانیاندا تۆ نەکەن بە دادوەر و گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵ و دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەک دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی کە داوەریت لەسەر کردووە و دەبێت بە تەواویی تەسلیم بن و ڕازیی بن.

یان دەفەرموێ:

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا هَٰؤُلَاءِ أَهْدَىٰ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا سَبِيلًا (النساء ٥١)

ئایا نەتڕوانیوەتە ئەوانەی کە بەشێک لە کتێبی ئاسمانی پێدراوە (کەچی لەگەڵ ئەوەشدا) باوەڕیان بە فاڵچی و جادووگەر و بت و پەیکەر و شەیتان و... هەیە و دەربارەی ئەوانەی کە بێ باوەڕن دەڵێن: ئەوانە چاکترن و ڕێبازی ڕاستتریان گرتووە، تا ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان (بە ئاینی ئیسلام هێناوە).

لێرەدا ئەمانە هەر بە ناو ئەهلی کتابن دەنا گوێیان بەوە نەداوە کە سوجدە بۆ دار و بەرد دەبەن گوێشیان لەوە نەبوو کە ناهەقیان کردە هەق و هەقیان کردە ناهەق

کەواتە پاڵپشتی کردنی ناهەق بۆ خۆی تاغوتە لەبەر ئەوەی قورئان و خودا ناویان هەقە دژایەتیان تاغوتە.

لە ڕووی شەرعی و چەمکەکەیەوە دەتوانین بڵێین تاغوت هەموو جۆرێکی تەجاوز و تێپەڕاندن دەگرێتەوە دواجار تاغوت لە بەرامبەر یەکتاپەرستیی و ئیماندایە دەتوانرێت بڵێین تاغوت بریتیە لە تەحاکوم لە شتێک دژی پێغەمبەری خودا(د.خ) دەتوانرێت بگوترێت تاغوت واتە وەستانەوە بەرامبەر بە هەق و هەق شاردنەوە.

بە شێوەیەکی گشتی تاغوت دەکەن بە سێ بەشی سەرەکی:

- تاغوت لە حوکم و فەرمانڕەوایی

- تاغوت لە عیبادەت و پەرستش

- تاغوت لە تاعەت و گوێ ڕایەڵی.

-تاغوت لە حوکمدا بریتییە لەوەی کە دەستورێک یاسایەک پێچەوانەو دژ و ناکۆک بە شەریعەتی خودا ڕاست بکەیەوە بیکەیتە دین لە خەڵک

- تاغوت لە عیبادەتدا ئەوەیە کە تۆ خۆت ئەوەندە بچوک بکەیتەوە کە بەندایەتی مخلوق بکەی چونکە هیچ مەخلوقێک شایەنی بەندایەتی کردن نیە، هەموو جۆرەکانی مرۆڤ کردن بە خودا خۆ بچووک کردنەوە و ستەم لە خۆکردنە کەواتە

لێرەدا تاغوت بەمانای شرک وهاوەڵدانان بۆ خودا دێت گوێڕایەڵی کەسێک بکەی لە دژی فەرمانەکانی خودا و دین ئەمە تاغوتە لە خودا پەرستیدا.

سنور بەزاندن لە حکومدا جۆری زۆرە نموونە کەسێک ڕازی نیە بە حوکمی خودا بە دیلی بۆ دەدۆزێتەوە ئەمە تاغوتی هەرە گەورەیە هەندێکی ترهەن کار بە شەریعەت دەکەن و پێی ڕازین و شەریعەت ڕەت ناکەنەوە بەڵام پێی وایە ئەم شەریعەتە کەم و کوڕی هەیە ئەمەش تاغوتە هەر چەجدە پێی وابێت شەریعەتی ئیسلام تەواو بۆ جێبەجێ کردن هاتووە بەڵام دەکرێت شەریعەتێکی تریش هەمان حوکمی هەبێت ئەمەش تاغوتە هەر یاسایەک دژبێت نەک یاسا گشتیەکانی ژیان وەک ڕێگاوبان پێشکەوتنەکان و بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ژیان و کۆمەڵگا ئاساییە و بێ شەرعی نیە جگە لە یاسایەک دژ بە خوداودین یاساکانی ڕێکخستنی مرۆڤایەتی ڕێگەپێدراون.

انتم اعلم باموردنیاکم(٢)

ئەمە دژ بەوەنیە چۆن پەرلەمان بە سیستمێکی سیاسی هەڵدەبژێردرێت؟ دەستورەکە چۆن دەبێت؟ گرنگ ئەوەیە لە هێڵە گشتیەکان لانەدات و دژ بە دین نەبێت دەستور کۆمەڵ قواعدی قانونین کە پەیوەندی نێوان سێ دەستەڵات ڕێکدەخات - دەستەڵاتی جێبەجێ کردن

- ودەستەڵاتی تەشریعی

- وەدەستەڵاتی دادوەری دەستەڵاتی تەشریعی پشت بەستو بە قانونی دەستوری یاساکانی ژیانی ڕۆژانە دەردەکات و نابێت هیچ ڕێسایەک دەربچێت پێچەوانەی دەستوربێت لێرەدا هەر سەرۆکێک بێت ئێمزا لەسەر دەستورێک بکات کە یاسای دژ بە دین و خودای تێدابێت ئەو کاتە ئەو سەرکردە بە تاغوت هەژمار دەکرێت.

خۆشبەختانە لە کوردستان ئەمە نیە لە کاتێکدا کۆمەڵێک هەن هەر لەسەر کردەکانەوە تا چایچیەک بە تاغوت هەژماردەکەن نموونە زۆرن وەک ڕێکخراوە ئیسلامییە توند ئاژۆکان وەک ڕێکخراوی قاعیدە ئەمانە بزوتنەوەی شارستانیەتی ئیسلامیان گەڕاندەوە دواوە و وێنایەکی ناشیرینی ئیسلام نیشان دەدەن لە دونیای دەرەوە کاتێک لە وڵاتانی ئەوروپا ناوی ئیسلام دەهێنی فکریان بۆ تیرۆریست دەچێت، کۆمەڵ کۆمەڵ لە ژێر ئاڵای ئیسلام دەردەکەون بە ناوی ڕیش و سیمای ئیسلامەوە هەوڵی ناشیرین کردنی ئیسلام دەدەن، دەکرێت هەموو تاغوتێک زاڵم بێت مەرج نیە هەموو زاڵمێک تاغوت بێت بە مانا گەورەکەی بە مانا زمانەوانیەکەی هەموو زاڵمێک تاغوتە چونکە سنور دەبەزێنێت سادەتر بڵێین دەکرێت مسوڵمانێک زاڵم بێت بە جۆرێک مسوڵمان هەیە لەگەڵ هاوژینەکەی منداڵەکەی یا باوکی زاڵمە سەرکردەی ئیسلامیش هەبووە زاڵم بووە کە ئەمەش خراپ شکاوەتەوە بەسەر ئیسلامدا کە نموونە لە مێژوودا زۆرە لەژێر دەستەڵاتی ئەمەویدا عەبدوڵای کوڕی زوبێر گەورە زانای ئیسلام لە ترسی کوشتنی چەندین جار خۆی شاردۆتەوە کە

دواجار وتی وەڵا پێم شەرمە چی ترخۆم بشارمەوە با لە سێدارەم بدەن چیتر خۆم ناشارمەوە، بۆیە ناکرێت بەرگری لە دەستەڵاتی حەجاج و یەزیدوابن زیاد و نموونەی ئەوانە بکرێت و پینە و پەڕۆیان بۆ بکرێت، دواجار زاڵم هەر زاڵمە چونکە زوڵم بە مانای تاریکی و سنوربەزاندن و کەم و کوڕی دێت

"ولم تظلم منه شئ = ولم تنقص منه شئ "

- زوڵم کەم و کوڕییە لە پیاوەتی

- کەم و کوڕییە لە دینداری.

- کەم وکوڕییە لە دادپەروەری

- کەم وکوڕییە لە کەسایەتی.

ئەم جۆرە لە دواکەوتوییە لە وڵاتانی ئێستای پێشکەوتوی ئەوروپاش هەبوە لە کوشتن و بڕین جەنگی خاچ پەرستەکان کە سەد ساڵی خایاند نموونەیەکی ئاشکرای مێژووە هەروەها شەڕی ئەرسەدۆکس و کاسۆلیکەکان.

لە لایەکی تر ئەوروپا بە درێژای دووسەد ساڵ بەردەوام جەنگ و شەڕ و کوشتاری تێدابووە تا ڕێککەوتنامەی و ێسباریە ١٨٦٤.

هەروەها جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم بە ملیۆنان مرۆڤ گیانیان لە دەستدا.

ئەگەر سەیر بکەی لە دو جەنگی جیهاندا ئیسلام بە شداری نەکردووە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیسلام بەشێک نیە لە تیرۆروەک دوژمنان پەنجە بۆ ئیسلام ڕادەکێشن دواجار لە ئیسلامدا مێژوو موقەدەس نیە وەحی موقەدەسە.

کوفر بە تاغوت جیاوازە لە تەکفیری تاغوت لێرەدا تاک مافی خۆیەتی بڕوای بە دەسەتلاتی دادوەرێک نەبێت، بەڵام مافی ئەوەی نیە تەکفیری بکات چونکە تەکفیرکردن حوکمێکی تڕە تفکیر حوکمێکی شەرعییە حوکمێکی عەقڵی نیە، دەبێت ئیقامەی حوجە هەبێت، دەبێت دەلیل هەبێت .

یەک قاعیدەی سادە بابەتەکە ڕوونتر دەکاتەوە "من ثبت اسلامه بیقین لا یخرج منه الا بیقین "(٣) بەتایبەت لە ئەمڕۆدا کەم کەس هەیە توشی زوڵم نەبێت .

حوکم کردن بە دەستورێک کە پێچەوانەی ئیسلام نەبێت ئەرکی تاکی مسوڵمان لێرەدا ئەوەیە هەوڵی گۆڕین و ڕاستکردنەوەی ماددە دەستوریەکان بدات کە دژن یان هەڵەی تێدایە چونکە ڕاستەوخۆ ناتوانرێت ڕەت بکرێتەوە و بە خێرای بگۆڕدرێت چونکە ڕیشەیەکی مێژووی هەیە وەئەرکی مسوڵمانە دەستەڵات بگۆڕێت بە دەستەڵاتێکی شەرعی تەواو بە جۆرێک جێگای هەموانی بێ جیاوازی تێدا ببێتەوە لە کۆتیادا دەگەینە ئەو قەناعەتەی بازنەی حکومڕانی لە ئیسلادا بازنەیەکی مڕۆڤایەتییە نەک ئیسلامی .

پەڕاوێزەکانی بەرنامەی هەژدەهەم:

(١)وقال الإمام إبن القيم رحمه الله [الطاغوت كل ماتجاوز به العبد حده من معبود أو متبوع أو مطاع فطاغوت كل قوم من يتحاكمون إليه غير الله ورسوله أو يعبدونه من دون الله أو يتبعونه على غير بصيرة من الله أو يطيعونه فيما لا يعلمون أنه طاعة لله فهذه طواغيت العالم إذا تأملتها وتأملت أحوال الناس معها رأيت أكثرهم انصرفوا عن عبادة الله إلى عبادة الطاغوت وعن التحاكم إلى الله وإلى الرسول إلى التحاكم إلى الطاغوت وعن طاعته ومتابعة رسوله إلى طاعة الطاغوت ومتابعته] .

{ إعلام الموقعين المجلد الأول٨٥ }

(٢)سمعَ أصواتًا فقالَ ما هذا الصَّوتُ قالوا النَّخلُ يؤبِّرونَها فقالَ لَو لَم يفعَلوا لصلُحَ فلم يؤبِّروا عامَئذٍ فصارَ شَيصًا فذَكَروا للنَّبيِّ صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ فقالَ إن كانَ شيئًا من أمرِ دُنْياكم فشأنُكُم بهِ وإن كانَ من أمرِ دينِكُم فإليَّ

الراوي : عائشة أم المؤمنين ا المحدث : الألباني ا المصدر : صحيح ابن ماجه ا الصفحة أو الرقم : ٢٠١٩ ا خلاصة حكم المحدث : صحيح

قەڕافی هەڵس و کەوتەکانی پەیامبەردوو بەش دەکا بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە:

پۆلێن کردنی شهاب الدینی قەرافی١٢٢٨-١٢٨٥ز بۆ هەلس و کەوتو گوفتار و کردار و بریار و فەرمان و یاساغ کردن و رونکردنەوە و ئامۆژگاری و راسپاردە و ئاراستە کردنە

کانی پێغەمبەر علیه السلام له کتێبی: الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام. دا:

تێبینی: ئەم بەشانە ی لێرە باسکراون قورئان ناگرێتەوە و تەنیا باسی سونەتە گوفتاری و کرداری و تقریریەکانی پێغەمبەرە علیه السلام کە فەرمویەتی یان کردویەتی.

یەکەم: ئەو حوکم و فرمانانەی وەك رسول و پەیامبەری خاوەن شەریعەت فەرمویەتی و کردویەتی.

دووەم: ئەو حوکم و فرمانانەی وەك نەبی و هەواڵدەرو هەواڵ پێدراو فەرمویەتی و کردویەتی، لە. ناویشیاندا، ئەو حوکم و فرمانانەی وەك هەوالدەر و ئایندەناس و دوارۆژی ئوممەتەکەی و مرۆڤایەتی لە مەولا و داستان و مەلاحمەکانی ئاخر زەمان فەرمویەتی, هەروەها، ئەو حوکم و فرمانانەی وەك هەوالدەری میژووی و لە چوارچیوەی باسی کرداره باش و خراپەکانی ئوممەتانی پیشوو فەرمویەتی.

هەموو ئەمانە نبوەت و هەواڵدانن.

سێیەم: ئەو حوکم و فرمانانەی وەك قازی وادادوەر فەرمویەتی و کردویەتی کە بەشێکە لە دەسەڵاتی دادوەری.

چوارەم: ئەو حوکم و فرمانانەی وەك موفتی فەرمویەتی و کردویەتی کە بەشێکە لە دەسەڵاتی موجتەهید و هەڵێنجەری شارەزالەدەقەکان.

پێنجەم: ئەو حوکم و فرمانانەی وەك سوڵتان و دەسەڵاتدار و دەسەڵاتی جێبەجێکردن فەرمویەتی و کردویەتی، لەوانەش دەستوری مەدینە و ڕێکخستنی کار و باری شاری مەدینە و

ئەو شوێنانەی لە ژێر دەستی دابوون، هەروەها ئەو فەرمودەیکە دەفەرموێ کێشانە کێشانەی مەکەیە و پێوانە پێوانەی مەدینەیە، بەڵام ئەوە بۆ چەندسەدەیە پێوانە و کێشانە کیلۆگرام و کیلۆمەتر و میلی ئەورووپین .

شەشەم: ئەو حوکم و فرمانانەی وەك سەرکردەی سەربازی فەرمویەتی و کردویەتی. وەک بڕیاری دانانی سەربازگەو شەڕگەو نەخشە سەربازیەکان کە هەندێ جار لە چوارچێوەی فێڵ و تەڵەکەی جەنگ و فڕوفێڵ و تاکتیکی جەنگ بوو، بە وەحی نەبوو، لە مەدا ڕاوێژی یارانی وەردەگرت.

وە هەندێ جارسەربەستی دەکردن لە هەڵسوکەوت وەک سریەکەی محمدی کوڕی ئەسلەمەو نەخشەی جەنگی بەدر و سریەکەی ئەبو بەسیر و کردارەکەی نەعیمی کوڕی مەسعود بۆ لەبەر یەک هەڵوەشاندنی هاوپەیمانی جولەکە و قوڕەیش وغەتفانیەکان، ئەوەی بە سێیەکی خورمای مەدینە نەکرا، بەڵام بە لێزانی پیاوێک سەری گرت.

حەوتەم:

ئەو حوکم و فرمانانەی وەك موسلح و ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی فەرمویەتی و کردویەتی. وەک ڕێکخست و ئاشتەوایی نێوان تیرە و بنەماڵە و خێزانەکان لە شەڕ و لە ئاشتیدا،وەک بەخشینی سێیەکی خورمای مەدینە بە غەتفانیەکان تا لە هاوپەیمانی جولەکە و قوڕەیش دەرچن و گەمارۆی مەدینە بەجێبێڵن

هەشتەم: ئەو حوکم و فرمانانەی وەك پەروەردەکار و شارەزای نوشداری و پزیشکی فەرمویەتی و کردویەتی، ئەمەش وەک قەدەغەکردنی پیتاندنی دارخورماکان کە لە سەردەمی

پێش پێش ئیسلام دەکرا، بەڵام کە پەیامبەر فەرموی مەیکەن، ئەو ساڵە دارخورماکان بەرهەمیان نەبوو بۆیە بۆ ساڵی داهاتوو فەرموی ئێوە زاناترن بە کار و باری دنیا.

(٣)ئیبن عبدالبەڕ دەڵێ: (كُلُّ مَنْ ثَبَت له عَقْدُ الإسلامِ في وَقتٍ بإجماعٍ مِنْ المُسلمينَ، ثمَّ أذنَبَ ذَنبًا أو تأوَّلَ تأويلًا، فاختَلَفوا بعدُ في خُروجِه من الإسلامِ؛ لم يكنْ لاختِلافِهم بعدَ إجماعِهم معنًى يُوجِبُ حُجَّةً، ولا يُخرَجُ مِنْ الإسلامِ المُتَّفَقِ عليه إلَّا باتِّفاقٍ آخَرَ، أو سُنَّةٍ ثابتةٍ لا مُعارِضَ لها=هەرکەسێ لە ساتێک لەساتەکانی ژیانی بە کۆڕای مسوڵمانان خاوەنی ئیمان و عەقیدەیەکی ڕاست بوو، بەڵام پاش ئەوە تاوانێکی کرد، یان تەئویلێکی هەڵەی بۆ بابەتێکی دین کڕد، بەهۆی ئەم تاوان وتەئویلە مسوڵمانان ڕایان جیاواز بوو لە بارەی ئەو کەسە ئایا لە دین دەرچووە یان نا، ئەم ڕاجیاوازیەیان هیچ نیە بەرامبەر کۆڕابوونی یەکەم جاریان، جیاوازی بیروڕایان کۆڕاییەکەیان ناسڕێتەوە، بۆیە ئەو کەسە تا ئیجماعێکی وەک ئیجماعی یەکەمی لەسەر نەبێ لە ئیسلام ناچێتە دەر) .

ئیبن تەیمیە دەڵێ: (مَنْ ثَبَت إسلامُه بيَقينٍ لم يَزُلْ ذلك عنه بالشَّكِّ، بل لا يزولُ إلَّا بعد إقامةِ الحُجَّةِ، وإزالةِ الشُّبهةِ=هەر کەسێ ئیسلامەتیەکەی بە یەقین سەلمێنرابێ، ناتوانرێ بە شک و گومان لێ بسێنرێتەوە، بەڵکو دەبێ ئیقامەی حوجەی لەسەر بکرێ وهەموو شوبهەکانی بڕەوێنرێنەوە).

ئیبن نوجەیم دەڵێ (لە تەحاوی دەگێڕدرێتەوەکە: مرۆڤ لە بازنەی ئیمان ناچێتەدەر تانکولی لەو بنەمایانە نەکا کە بەهۆیانەوە هانۆتە ناو بازنەی ئیمانەوە، بەو نکولیە دەگەینە یەقین کە ئەو لەو دینا هەڵگڕاوەتەوە، چونکە ئیسلام کە چەسپا بە گومان و شک هەڵناوەشێتەوە)....

مُحمَّدُ عبدِ الوهَّاب دەڵێ: (مَنْ أظهَرَ الإسلامَ وظَنَنَّا أنَّه أتى بناقضٍ، لا نُكَفِّرُه بالظَّنِّ؛ لأنَّ اليَقينَ لا يَرفَعُه الظَّنُّ=هەر کەسێ بە ئاشکرا ئیسلامی لە ڕوخسار دیاربوو، بەڵام گومانمان هەبوو لێی کە ئیمانەکەی هەڵوەشاندۆتەوە، ناکرێ بەم گومانە کافری کەین، چونکە گومان ناتوانێ یەقین لاببا).

ابنُ عُثَيمين دەڵێ: (الأصلُ فيمن يَنتَسِبُ للإسلامِ بَقاءُ إسلامِه حتى يُتحَقَّقَ زوالُ ذلك عنه بمُقتضى الدَّليلِ الشَّرعيِّ، ولا يجوزُ التَّساهُلُ في تكفيرِه=ئەسڵ و بنچینە لەوانەی مسوڵمانن چەسپاندنی مسوڵمان بوونیانە هەتا بەڵگەی دژنیامان دەست دەکەوێ کە ئەو ئیسلامەتیەیان هەڵوەشاندۆتەوە، چونکە ناۆرێ ئاسانکاری لە کافرکردن بێ بەڵگەو بە گومان بکرێ) .

ناوەڕۆک

هێڵە گشتیەکانی حوکمڕانی لە ئیسلامدا:..... ٣

پێشەکی..... ٤

١- بەرنامەی یەکەم:..... ٤٩

٢- بەرنامەی دووەم: ٧٠

٣- بەرنامەی سێ یەم: ٧٩

٤- بەرنامەی چوارەم:..... ٩٢

٥- بەرنامەی پێنجەم:..... ١٠٣

٦- بەرنامەی شەشەم:..... ١٣٦

٧-بەرنامەی حەوتەم: ١٤٩

٨- بەرنامەی هەشتەم: ١٦٢

٩- بەرنامەی نۆیەم: ١٧٥

١٠- بەرنامەی دەیەم: ١٨٨

١١- بەرنامەی یازدەهەم:..... ٢٠١

١٢- بەرنامەی دوازدەهەم: ٢١١

١٣- بەرنامەی سێزدەهەم: ٢٢٤

١٤- بەرنامەی چواردەهەم: ٢٣١

١٥- بەرنامەی پازدەهەم: ٢٤٣

١٦- بەرنامەی شازدەهەم: ٢٥٥

١٧- بەرنامەی حەڤدەهەم: ٢٦٩

١٨- بەرنامەی هەژدەهەم: ٢٨١